Crescent Petroleum
شرکة نفط الهلال
پتر لە چل ساڵ
بەشداری کردن لە پرۆسەی گەشەپێدانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

## زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان دەستیان پێچەوانەی دڵیانە



**رووداو-سلێمانی**

محەممەد حەکیم، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند"زۆرجار پەرلەمانتاران راوبۆچوونە تایبەتیەکانی خۆیان بۆ دەرنابڕدرێت و دەستیان پێچەوانەی دڵیانە". بەڵام لەهەمانکاتیشدا دەڵێ ئەو شەرمنییە زۆربەی دەگاکانی کوردستانی گرتووەتەوە.

بەپێی ئەنجامەکانی راپرسییەکی پەیمانگای کوردستان بۆ پرسە سیاسییەکان، 52%ی بەشدارانی راپرسییەکە، پەرلەمان بەنوێنەری حیزب دەزانن. فەرید ئەسەسەردی سەرۆکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستانیش دەڵێ" ئەوەندەی من تێبینیم کردبێ، تائێستا نوێنەرانی حیزب لە پەرلەمانی کوردستان نەیانتوانیوە بیسەلمێنن کە نوێنەرایەتی گەل دەکەن".

لاپەڕە 4

## رۆژین سوورە لەسەر تورکی



**رووداو-TDN**

بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی (تورکیش دەیلی نیوز)، کورد و تورک هەردووکیان رکیان لە هونەرمەندی کورد، رۆژین دەبێتەوە لەبەرئەوەی کورد دەڵێن "زۆر تورکییە"، لە هەمانکاتدا تورکیش حەزی لێناکەن لەبەر ئەوەی "زۆر کوردە". بەڵام رۆژین گوتی ئەو هەر بەردەوام دەبێ لەسەر گۆرانی گوتن بە تورکی و دەڵێت" زۆربەی خەڵک دەیانەوێت توندڕەو بم، بەڵام هونەر توندڕەویی نییە"، ئەوە لەکاتێکدایە هەروەک خۆیشی دەڵێ زۆر سەختە بۆ هونەرمەندێک لە تورکیا بڵێ من کوردم یان بە کوردی گۆرانی بڵێ.

لاپەڕە 10

ژمارە (31)
دووشەممە 2008/11/10
19ی گەلاڕێزانی 2708
(750) دینار
Rûdaw
رووداو
www.rudaw.net
خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

# لەگەڵ هاتنەوەی مام جەلال بۆ سلێمانی گفتوگۆ لەسەر پرۆژەکەی رەوتی ریفۆرم دەکرێت

## مستەفا سەیدقادر: نەوشیروان مستەفا نەدەبوو دەست لەکار بکێشێتەوە

**رووداو- سلێمانی**

مستەفا سەیدقادر، ئەندامی مەکتەبی سیاسی رایگەیاند کە مام جەلال "هەندێک" لەخاڵەکانی یاداشتەکەیانی قبوڵ بوو، گوتیشی ئەو و سێ ئەندامی دیکەی مەکتەبی سیاسی، کەبە باڵی ریفۆرم ناسراون، خەریکی ئامادەکردنی پرۆژەیەکن بۆ ئەوەی لەکاتی هاتنەوەی مام جەلال لەنێوەڕاستی ئەو مانگەدا گفتوگۆی لەسەر بکرێ بۆ "چاککردنەوەی" دۆخی ناوخۆی یەکێتی.

مستەفاسەیدقادر،لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو)رایگەیاند ئەویاداشتەی سێ ئەندامی مەکتەبی سیاسی (عوسمانی حاجی مەحمود، عومەری سەید عەلی، جەلال جەوهەر) لە بارەی دۆخی ناوخۆی یەکێتی، پێشکێشی مام جەلالیان کرد بەپێچەوانەی هەواڵە بڵاوکراوەکان کە گوایە سەردانەکەیان سەرکەوتوونەبووەو مام جەلال لە یاداشتەکەیان تووڕەبووەوە گوتی " زۆر لە خاڵەکانی یاداشتەکەی ئێمەی پێ قبوڵ و باش بوو، بەگەرمیش پێشوازی لێکردین". هەروەها گوتیشی زۆر ئەندامی دیکەی مەکتەبی سیاسی " بە کاک کۆسرەتیشەوە زۆربەی زۆری ئەو خاڵانەی ئێمە لە یاداشتەکەماندا خستوومانەتە روو پێیان باش بوو".

هەروەها گوتیشی ئەوان ئەو چوار کەسە ئێستا خەریکی ئامادەکردنی پرۆژەیەکن بۆئەوەی لەکاتی هاتنەوەی مام جەلال بۆ سلێمانی لەنێوەڕاستی ئەو مانگەدا گفتوگۆی لەسەر بکرێ " لەسەر ئەو یاداشتەی ئێمە پێشکشمان کرد و ئەو پرۆژەیەی ئێستا ئامادەی دەکەین، زنجیرەیەک کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و ئۆرگانەکانی یەکێتی دەکرێ".

مستەفا سەید قادر،ئەوەشی بە (رووداو) راگەیاند کە چوونی هەردوو سەرکردەی پێشووی یەکێتی مولازم عومەر و عومەر شێخموس بۆ لای مام جەلال، پێش سەفەرەکەی ئەوان بۆ بەغدا پەیوەندی بەوانەوە نەبووە" ئەوان زیاتر بۆ پەیوەندی نێوان کاک نەوشیروان و هەڤاڵ مام جەلال چووبون"، گوتیشی لەو سەردانەوەی مام جەلال بۆ سلێمانی لەگەڵ نەوشیروان مستەفاش دادەنیشێ.

هەرچەندە هەندێ سەرچاوەی یەکێتی دەڵێن ئەوە کۆبوونەوەیەکی یەکلاکەرەوە دەبێت لەنێوان مام جەلال و نەوشیروان دا، بۆ یەکلایی کردنەوەی دۆخی نەوشیروان مستەفا. مستەفا سەید قادر کە دەڵێ ئەوان گرووپ نین پێشبینیەکی روونی لەبارەی ئەو دانیشتنە هاوبەشەی نێوان مام جەلال و جێگرە دەست لەکارکێشاوەکەی نییە و دەڵێ "هیچ شتێک لەسیاسەتدا موتلەق نییە".

بەڵام سەبارەت بە رۆڵی نەوشیروان و دەست لەکارکێشانەوەی گوتی " من هەمیشە کاک نەوشیروان بە یەکێک لەتوانا گەورەو گرنگەکانی یەکێتی دەزانم، کاتی خۆی کە وازیشی هێنا، پێموابوو نەدەبوایە وازبێنێ".

بەڵام نەوشیروان مستەفا لە هەڤپەیڤینێکیدا لەگەڵ گۆڤاری (گوڵان) دا گوتی ئەو دوای دەست لە کارکێشانەوەکەی هەستی بەوەکرد کە بریاری هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی رەنجدەران بریارێکی "هەڵە"بوو، بەڵام سەرچاوەکان پێشبینی ناکەن مام جەلال بەداوایەکی لەو جۆرەی نەوشیروان مستەفا واتە کە وەک رێکخراوێک بێتەوە نێو یەکێتی رازیبێت، ئەگەر نەوشیروان داوای ئەوە بکات.

**دەقی هەڤپەیڤینەکە لەلاپەڕە (14)دا بخوێنەوە**

### خۆپیشاندان و مانگرتنی قوتابیان بەردەوامە و حکومەتیش بێدەنگە.. ل 7



وەزارەتی خوێندنی باڵا، وەزارەتی پەروەردە بە هۆکاری وەرنەگیرانی 10 هەزار قوتابی دەرچووی ئامادەیی دادەنێ (فۆتۆ:رووداو)

# پرۆژەی بردنی 500 گەنجی کوردستان بۆ کچانی لیبیا سەرنەکەوت

## عومەرئاغا: زیاتر لە 200 کەس لەهەولێر پەیوەندییان بە بەغداوە کردووە

**تایبەت بە رووداو**

عومەرئاغا، بۆ (رووداو)ی ئاشکراکرد کە پرۆژەی هەبوو ساڵانە 500گەنجی کوردستان بۆ مارەکردنی کچانی لیبیا بباتە ئەو وڵاتە، بەڵام بەهۆی خەبەر لێدانی پرۆژەکە بەهۆی رێنەدانی تورکیا سەرنەکەوت. لەلایەکی دیکەوە رایگەیاند کە "پتر لە 200 کۆنە موستەشار و پێشمەرگە" لەهەولێرەوە پەیوەندییان بەبەغداوە کردووە.



عومەرئاغا، سەرۆکی پارتی پارێزگارانی کوردستان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو)دا، دەڵێ، حکومەتی مالیکی پەیوەندی بەویشەوە کردووە بۆ بەشداریکردن لە ئەنجوومەنەکانی ئیسناد، بەڵام ئەو ئامادەنەبوو بەو داواکارییەیان رازیبێ و دەڵێ "زۆر پەیوەندی کرایە و خەڵکیان لێرەوە بردیتە بەغدایێ و هاتووەتەوە و قەول و شەرتیان پێداون و چ رۆژێ ئیشیان پێ بوو بانگی دەکەن. زۆریشیان کەسی نزیکی پارتی و یەکێتین. من ناڵێم کێن، ئەوە ئیشی من نییە، ئەوە ئیشی ئاسایشە"، عومەراغا دەڵێ بریاریداوە "هیچ رۆژێک خیانەت لە میللەتی کورد ناکەم"، لەهەمانکاتدا دەڵێ بۆ ئەوەی هەموو سەرۆک عەشیرەتەکان بەهیچ کەسێکی دوژمنێکی کوردستان هەڵنەخەڵەتێن پێشنیار دەکات دەزگایەکیان بۆ بکرێتەوەو مانگانە 15تاوەکو 20 ملیۆنیان پێبدرێ و هەندێ دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیشیان لە ناوچە و ناحیەکانی کوردستان پێبدرێ.

لەلایەکی دیکەوە عومەراغا، کە لەساڵی 1993 لە رێگەی باڵیۆزی لیبیا لە لەندەن پەیوەندی لەگەڵ لیبیا و موعممەر قەزافی سەرۆکی ئەو وڵاتە پەیداکرد،باس لە پرۆژەیەک دەکات کە لە یەکێک لە سەفەرەکانیدا بۆ لیبیا لەگەڵ یەکێتی ئافرەتانی لیبیا پێکیهێنا ئەوان "گوتیان ژن دوو ملیۆن و نیو لە پیاوان زیاترن، حەزدەکەین بتوانی هەندێک گەنجی عێراقی بینی"، بەوشێوەیە عومەراغا بەڵێنی پێدان ساڵانە 500 گەنجیان لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ ببات، کەهاتبووەوە لەو سەفەرە دەستی کردبوو بە رێکخستنی کارەکانی بردنی یەکەم وەجبە " هاتم یەکەمجار موافەقەتی تورکیام وەرگرت کە وەک تێپەڕبوون بە خاکی تورکیایان دا ببەم، بەمەرجێک لە تورکیا نەمیننەوەو یەکسەر سواری تەیارەی ببن بۆ لیبیا، بەڵام هەر لێرە خەبەریان لێدام، لەبەرئەوەش تورکیا لێنەگەڕا بچینە ناو خاکەکەی"، بەوشێوەیە کارەکەی سەری نەگرت و لەسەرسنوور گەڕانەوە.

**بڕوانە لاپەڕە (9)**

# ئیئتیلافی شیعە هەڕەشە لە مالیکی دەکات

**تایبەت بە رووداو**

سەرۆک وەزیرانی عێراق رایگەیاند "بەبێ بوونی حکومەتێکی ناوەندیی بەهێز هەرێم و پارێزگای فیدرالی بوونیان نابێت"، بەڵام سەرۆکی فراکسیۆنی ئیئتیلافی شیعە لە پەرلەمانی عێراق بە (رووداو)ی راگەیاند کورد بە"هەڵە" لەو لێدوانەی مالیکی تێدەگەن و گوتیشی " نە مالیکی و نە کەسێکی دیکەش بۆی نییە لە فیدرالی پاشگەز ببێتەوە".

د.نوری مالیکی کە لە رۆژی 2008/11/8 دا لە کۆڕی رێکخراوی دەستەبژێر و توانا عێراقییەکاندا، ئەو لێدوانەی دا،جارێکیتر کوردی نیگەران کردووە لە چارەنووسی سیستەمی فیدرالی لە عێراق و، د.بەرهەم ساڵحی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق، بەتووندی وەڵامی مالیکی دایەوەو گوتی "بەهێزی عێراق بە هێزی سەربازیی و تاکڕەوی و خۆسەپاندن نابێت، دەبێت ئەوەش بزانین کە سروشتی دیموکراتی و فیدرالیی عێراق لە دەستووردا یەکلایی بووەتەوە".

د.مەحمود عوسمان بەسەرنجدان لە هەردوو لێدوانی سەرۆک وەزیرانی عێراق و جێگرەکەی " ئەو دووجۆرە بیرکردنەوەیە تاکەی دەتوانن پێکەوە قسەبکەن؟" د.مەحمود عوسمان ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (رووداو) گوتی ئەو چونکە عەقلیەتی مالیکی دەناسێ ئەو لێدوانەی بۆ ئەو شتێکی لەناکاو نەبووە. لەهەمانکاتدا مالیکی بەلادان لە دەستوور و سیستەمی فیدرالی تۆمەتبارکرد"نوری مالیکی کە دەڵێت دەبێ دەسەڵاتی هەرێمەکان سنووردار بێت و ئەگەر دەسەڵاتێک لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندیی دا دیارنەبوو بۆ کامەیانە لە دەستووردا، ئەوا دەبێت بۆ حکومەتی ناوەندیی بێت، ئەوە راست نییە و پێچەوانەی سیستەمی فیدرالی و دەستووری عێراقە ".

هادی عامری،کە یەکێکە لەسەرکردەکانی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیی عێراق بەسەرۆکایەتی عەبدولعەزیز حەکیم و سەرۆکی فراکسیۆنی ئیئتیلافیشە بەوەکالەت لە پەرلەمانی عێراق، لەلێدوانێکیدا بۆ (رووداو)سەبارەت ئەو قسانەی مالیکی گوتی " باوەڕ ناکەم بەڕێز مالیکی هەوڵبدات سیستەمی فیدرالی هەڵبوەشێنێتەوە، کاتێک باسی پێویستی بەهێزیی حکومەتی ناوەندیی واتە فیدرالی دەکات، مەبەستی ئەوەیە کە ناکرێ سیستەمێکی فیدرالی دابمەزرێ بەبێ بەهێزبوونی حکومەتی فیدرالی بەغدا"، گوتیشی ئەوە بڕوای مالیکییە و زۆرجار کورد بە "هەڵە" لەو لێدوانانەی مالیکی دەگەن و، لەهەمانکاتیشدا هادی عامری کە سەرۆکی لیژنەی ئەمن و بەرگریی پەرلەمانیشە گوتی "نە مالیکی و نە کەسێکی دیکەش بۆی نییە لە فیدرالی پاشگەز ببێتەوە، چونکە دەستوور پەسندی کردووەو ئەگەر بە پێچەوانەی دەستوور بجوڵێتەوە هەموومان دژی دەوەستین، لەبەر ئەوەش مومکین نییە مالیکی کارێکی وا بکات"، گوتیشی "دەسەڵاتی هەرێمەکان و حکومەتی فیدرالی لە دەستووری فیدرالیدا دیاریکراون" .

فریدریک مالم، ئەندامی پەرلەمانی سوێد:

# مەبەست لە بۆمبارانکردنی قەندیل کەرکووکە



**تایبەت بە رووداو**

ئەندامێکی پەرلەمانی سوید داوا لەکورد دەکات خوێنی تازە و خەڵکی گەنج بێنێتە ناو بواری دیپلۆماسی و نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بە "سەرۆک وەزیرانێکی لێهاتوو" ناو دەبات.

فێردرێک مالم ئەندام پەرلەمانی سوێد لە حیزبی لیبراڵ کە بۆ تاووتوێکردنی کردنەوەی باڵیۆزخانەی سوێد هاتووەتە عێراق، داوا لە دەسەڵاتدارانی کورد دەکات خوێنی تازە بۆ بواری دیپلۆماسی بهێننە مەیدان، چونکە " شەڕی گەریلایی نەماوەو نەوەی شاخ وەڵامی پێداویستییەکانی داهاتووی پێ نییە" .

لە دیدارێکدا لەگەڵ (رووداو) مالم روونیکردەوە کە مەبەست لە هێرشی تورکیا بۆسەر بنکەکانی PKK لە قەندیل فشارخستنە سەر کوردە بۆدەستبەرداربوون لە کەرکووک "بۆمبارانکردنی قەندیل بۆمبارانکردنێکی دیپلۆماسییە بەرامبەر بەکورد و حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو کێشەیەش پەیوەندی بە قەندیلەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە کەرکووکەوە هەیە".

ئەو ئەندام پەرلەمانەی سوێد ستایشی نێچیرڤان بارزنی کردو گوتی " سەرۆک وەزیرانێکی لێهاتووە، بەڵام زۆرینەی خەڵکی دەورەبەری بە تەمەنن، ناکرێت تەواوی حکومەت لە سەر باڵی کەسێک بمێنێتەوە، دەبێ خەڵکی دیکەش وەک ئەو بن".

**دەقی چاوپێکەوتنەکە لە ژمارەی داهاتووی (رووداو)دا بخوێنەوە**

بەڕێوەبەری نووسینگەی بەریتانیا لە هەولێر:

# کوردستان کێشەی نەخشەکێشان و جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی هەیە نەک پارە

**تایبەت بە رووداو**

بەڕێوەبەری نووسینگەی بەریتانیا لە هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئەوان "زۆر زۆر نیگەرانن" لەوەی بەهۆی لێکتێنەگەیشتن و رووداوێکەوە ئەو تەنگژانەی لەنێوان حکومەتی کوردستان و حکومەتی بەغدادا هەن "بارودۆخەکە ئاڵۆزتر بێت و بگاتە تووندوتیژی".

رۆبەرت وڵسن بەڕێوەبەری نووسینگەی هەولێری باڵیۆزخانەی بەریتانیا، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو)دا رایگەیاند کە کارێکی ئەوان کاری دیپلۆماسییە لەگەڵ بەرسانی هەرێمی کوردستان و گوتیشی" زۆر گرنگە بۆ ئێمە کە گفتوگۆو راگۆڕینەوە لەگەڵ بەرپرسانی کوردستان بکەین چونکە رۆڵێکی گرینگ لە عێراقی نوێدا دەگێڕن و هەندێکجار پشتیان پێدەبەستین بۆ وەدەستهێنانی پشتگیریی سیاسی لەو پرسانەی کە بەلای ئێمەوە گرنگن". هەروەها گوتیشی هەوڵدەدەن "رۆڵێکی بنیاتنەرانە" بینین لە نێوان هەولێر و بەغدادا لەئەنجامی ئەو کێشانەی بەهۆی "بەهەڵە لێکگەیشتن"ەوە لەنێوانیاندا دروستدەبن.

رۆبەرت وڵسن، کە لەساڵی 1995 ەوە بەردەوام سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە، دوای مانگێکی دیکە کارەکەی دەچێتە باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا دەڵێت" من و بەرپرسانی بەریتانی دیکە هەست بەوەدەکەین کە کار کردن لە کوردستان ئاسانترە". وڵسن گوتی کاری ئەوان لە هەولێر وەک ئەمریکی و کۆرییەکان ئاوەدانکردنەوە نەبووە، بەڵکو ئەوەیە "کە پسپۆر دابین بکەین بۆ چاودێریکردنی پڕۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە"، گوتیشی "، چونکە بەبڕوای وڵسن " ئێستا کوردستان، کێشەی پارەی نییە، بەڵکو کێشەی نەخشەکێشان و جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی هەیە".

**دەقی هەڤپەیڤینەکە لە لاپەڕە (6) بخوێنەوە**



## ڕاپۆرتە هەواڵ

### سەرمایەدارانی سوریا زانکۆیەکی پزیشکی لە کوردستان دەکەنەوە

ڕووداو - هەولێر

◆ د.هیمداد عەبدولقەهار، بەڕێوەبەری خوێندنی ئەهلی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە چەند بزنسمانێکی سووری داوای کردنەوەی زانکۆیەکی پزیشکیان کردووە بەناوی (زانکۆی پزیشکی مرۆیی) "ئێمەش مەرجمان بۆ داناون، کە دەبێ نەخۆشخانەیەکی 100-200 قەرەوێڵەیی تایبەت بە زانکۆکە بکەنەوە، ئەوکات مۆڵەتیان پێدەدەین"، ناوبراو لە درێژەی لێدوانەکەی گوتی "ئەوان بە مەرجەکانی ئێمە ڕازیبوون، ئێستا کارەکانیان لە دەستەی وەبەرهێنانە بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی وەبەرهێنان".

# پارتی و یەکێتی دەڵێن بێ مەنەتن لە ئاشکرا کردنی بودجەکەیان

**عەلی حەمەساڵح**
**ڕووداو-هەولێر**

هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی ڕەتیدەکەنەوە ئەوان ڕێگربن لە ڕێکخستن و ئاشکراکردنی بودجەکانیان، سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانیش یاسای ڕێکخستنی بودجەی حیزبەکانی ناردووەتە ئەنجوومەنی وەزیران.

هێشتا بودجەی حیزبەکان بەگشتیی و بودجەی یەکێتی و پارتی بەتایبەتی کە لەلایەن حکومەتەوە دەدرێت نازانرێت چەندە، جگە لە یەکێتی و پارتی، حیزبەکانی دیکە هەمیشە بە ئاشکرا گلەیی لە کەمی بودجەکانیان دەکەن.

بەپێی یاسای حیزبەکان کە لە ساڵی 1992 لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، حکومەت دەبێ بودجە بداتە حیزبە یاساییەکان لە هەرێمی کوردستان . ساڵی ڕابردوو، 59 ئەندامی پەرلەمانی کوردستان پرۆژەیەکیان بۆ دیاریکردنی بودجەی



حیزبەکان پێشکێشی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردو لەمانگی 4 ی2008یشدا، بۆ جارێکی دیکە 57 ئەندام پەرلەمان هەمان پرۆژەیان پێشکێش کردەوە.

غەفوور مەخموری، کە یەکێکە لەو ئەندام پەرلەمانانەی ئەو داوایەی ئیمزا کردووە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەپەرلەماندا خوێندنەوەی یەکەم بۆ یاسای ڕێکخستنی بودجەی حیزبەکان کراوە، بەڵام بەحوکمی ململانێی حیزبی و ناکۆکی سیاسی، تائێستا پرۆژەکە نەهاتووەتەوە پەرلەمان بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێت".

بەپێی گوتەی مەخمووری فراکسیۆنە سەرەکییەکانی پەرلەمان داوایان لەهەندێک لەئەندامانی خۆیان کرد واژۆکانیان بکێشنەوەو پەشیمان ببنەوە "بەداخەوە دەیانەوێت نەکرێت و ئەوەش دەبێتە هۆی ناڕوونی لە سەرچاوەی دارایی حیزبەکاندا".

شیروان حەیدەری، سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد لەپەرلەمانی کوردستان، کە یەکێکە لە دوو فراکسیۆنە سەرەکییەکەی پەرلەمان ڕەتیکردەوە کە ئەوان فشاریان خستبێتە سەر هیچ ئەندامێکی فراکسیۆنەکەیان بۆکێشانەوەی واژۆکانیان "مەکتەبی سیاسی پارتی بەهیچ شێوەیەک داوایان لەئێمە نەکردووە کە ڕێگری بکەین لەبەردەم ڕێکخستن و دیاریکردنی بودجەی حیزبەکاندا".

## دەرنەکردنی یاسای ڕێکخستنی بودجەی حیزبەکان لە پەرلەمان دەبێنە هۆی ناڕوونی لە سەرچاوەی دارایی حیزبەکاندا

غەفوور مەخمووری

پەرلەمانتاران لەپڕۆژە یاساکەیاندا داوایانکردووە ئەو بوودجەیەی کە دەدرێتە حیزبەکان، بەپێی پێوەری کورسییەکانی پەرلەمان و ئەو دەنگانەی حیزبەکان لەهەڵبژاردنەکاندا هێناویانە دیاریبکرێت. بەڵام لەوبارەشەوە ناکۆکییەک هەیە لەنێو حیزبەکاندا،چونکە ئەوانەی بەشداریی خەباتی شاخیان کردووە داوا دەکەن بەشداریی ئەو خەباتە و ژمارەی شەهیدانیش لەبەرچاو بگیرێ بۆ دیاریکردنی بودجەی حیزبەکان.

پەرلەمانی کوردستان، پرۆژەکەی داوەتە ئەنجوومەنی وەزیران . شێروان حەیدەری،کە لە هەمانکاتدا سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانیشە دەڵێت"چوار مانگە پرۆژەکە ڕەوانەی ئەنجوومەنی وەزیران کراوە، بەڵام ئەوان تا ئێستا وەڵامیان نەداوەتەوە".

بەشێکی زۆری حیزبە کوردستانییەکان پێیان وابووە هۆکاری دیارینەکردنی بودجەی حیزبەکان، بەهۆی فشاری یەکێتی و پارتییە. بەڵام عیماد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی،ئەوەی ڕەتکردەوە کە ئەوان ڕێگرین لە ڕێکخستنی بودجەی حیزبەکان لە پەرلەمانی کوردستان و، گوتی "هیچ باکمان لەوە نییە بودجەی حیزبەکان بەپێی یاسا دیاری بکرێت و ئاشکرا بکرێت".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، پشتیوانی خۆی بۆ ئاشکرا کردنی بودجەی حیزبەکان دەربڕی "ئەو حیزبانەی دەنگیان لەهەڵبژاردنەکاندا هێناوەو لەپەرلەماندا بەشدارن و چالاکی سیاسی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیان هەیە پێویستە بەپێی یاسا بودجەیان هەبێت ".

بەپێی هەندێ زانیاری کۆکراوە، بودجەی بەشێک لەحیزبە کوردستانییەکان ئاشکرایەو تائێستاش مانگانە لەهەردوو ئیدارەی پێشووی هەولێرو سلێمانی وەردەگرن،بەڵام بودجەی یەکێتی و پارتی و هەندێ حیزبی دیکە هێشتا نەزانراوە. بەپێی زانیارییەکان یەکگرتوو200 ملیۆن دینار (125 ملیۆن دینار لەهەولێر، 75 ملیۆن دینار لەسلێمانی)، سۆسیالست 230 ملیۆن دینار لە سلێمانی، کۆمەڵ 120 هەزار دۆلار ( 70هەزار دۆلار لەسلێمانی، 50 هەزار دۆلار لەهەولێر)، زەحمەتکێشان 120 ملیۆن دینار لە سلێمانی، بەیت نەهرێن 10 هەزار دۆلار لەهەولێر وەردەگرێت.

جگە لەو پرۆژە یاسایەی کە لەلایەن 57 ئەندام پەرلەمانەوە پێشکەش بەسەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە، هەرچوار حیزبەکەش یەکگرتووو، کۆمەڵ، زەحمەتکێشان و سۆسیالستیش لەو پرۆژەیەدا کە چوار مانگ پێش ئێستا پێشکێشی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیان کرد، لەیەکێک لەداواکارییەکاندا داوای ڕێکخستن و زیادکردنی بودجەی حیزبەکانیان کردبوو .

محەممەدی حاجی مەحمود، سکرتێری حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"لە 2008/10/8 لیژنەیەک پێکهێندراوە بۆ سەر لەنوێ پێداچوونەوەی بودجەی حیزبەکان و ئاشکراکردنی بودجەکان لەپەرلەمان بەبودجەی پارتی و یەکێتیشەوە".

لەگەڵ ئەوەی حیزبە سیاسییەکانی دیکە پێیانوایە ئەوە یەکێتی و پارتین ئاستەنگن لەبەردەم ڕێکخستن و ئاشکراکردنی بودجەی حیزبەکاندا، بەڵام مەحمود محەممەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی پێداگیری لەسەر ئەوە دەکات کە دەبێت یاسایەک هەبێت بۆ چۆنیەتی دانی بودجەو یارمەتی بەحیزبەکان،وەک زۆربەی وڵاتانی دونیا .گوتیشی " حیزب کە لەکوردستان دادەمەزرێت بەپێی یاسا مافی خۆیەتی کە داوای یارمەتی بکات، بەڵام دەبێت یاساو ڕێسایەک هەبێت کە چەندێتی و چۆنێتی ئەو یارمەتیانە دیاری بکات".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی پارتی دەڵێت"زۆرینەی حیزبەکان بودجە لەهەردوولا وەردەگرن، واتە دوو بودجەیان هەیە، دەبێ ئەمە یەکبخرێ چونکە وەزارەتی دارایی دەبێتە یەک".

بەپێی گوتەی مەحمود محەممەد ئەو حیزبانەی کەسکاڵا لەکەمی بودجەکانیان دەکەن، سەرچاوەی دیکەی داهاتیشیان هەیە "لەوانەیە شتی تایبەتیشیان لەلایەن کەسایەتییە دیارەکانی



## زۆرینەی حیزبەکان دوو بودجەیان هەیە، دەبێ یەکبخرێ چونکە وەزارەتی دارایی دەبێتە یەک

مەحمود محەممەد

ناو ئەو دوو حیزبەوە هەبێت"،هەروەها ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە"ئێمە وەک پارتی لەگەڵ ڕێکخستنەوەو ئاشکراکردنی بودجەی حیزبەکانین بەپێی یاساکەی پەرلەمان و هیچ نکوڵی و گرفتمان لەو بارەوە نییە، بودجەی ئێمە لای حکومەتە، چۆن ئاشکرای دەکات با بیکات".

### بودجەی هەندێک لە حیزبە کوردستانییەکان

–یەکگرتووی ئیسلامی 200 ملیۆن دینار (125 ملیۆن دینار لەهەولێر، 75 ملیۆن دینار لە سلێمانی).
– حیزبی سۆسیالیست 230 ملیۆن (لەئیدارەی پێشووی سلێمانی).
– کۆمەڵی ئیسلامی 120 هەزار دۆلار، ( 70هەزار دۆلار لەسلێمانی، 50 هەزار دۆلار لەهەولێر).
– حیزبی زەحمەتکێشان 120 ملیۆن دینار (لەئیدارەی پێشووی سلێمانی).
– حیزبی بێت نەهرێن 10 هەزار دۆلار .

### بەرپرسی مەڵبەندی 12ی یەکێتی لەخانەقین:

# پێشبینی دەکەم 6 کورسی ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە بەدەستبێنین



**بیلال سەعید**
**ڕووداو-خانەقین**

بەرپرسی مەڵبەندی خانەقینی یەکێتی، لەو باوەڕەدایە کورد لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە 5 تا 6 کورسی بەدەستبێنێت و دەڵێت "کار بۆ ئەوەش دەکەین 7 کورسییەکەی جاران بەدەستبێنینەوە"، هەروەها گوتی "چەندین عەرەبی دۆستمان هەن، ئەگەر هاوکاری بکرێن، دەنگ بەلیستی کوردی دەدەن".

وا بڕیارە لەکۆتایی ئەمساڵ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق ئەنجامبدرێت. لەساڵی 2005 جگە لە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، حیزبەکانی دیکەی کوردستان بە لیستێک هاوبەش بەشداریی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای دیالەیان کردو کورد لەکۆی 41 کورسی 7 کورسی بەدەستهێنا، بەڵام ئەوکات سوننەکان زۆر بەکەمی بەشداری هەڵبژاردنیان کرد.

هەرچەندە ئەو هەڵبژاردنە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ناگرێتەوە، بەڵام ناوچە کێشە لەسەرانە دەگرێتەوە کە تا ئێستا نەگەڕاونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان .

سەبارەت بەئامادەکارییەکانی کورد بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لەسنووری دیالە، سەلاح کوێخا، بەرپرسی مەڵبەندی 12ی ڕێکخستنی یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە لەدوایین کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی لە هاوینەهەواری دوکان باس لەو پرسە کراوە و دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی ڕاسپێردراون کە لەنزیکەوە سەرپەرشتی ئەو هەڵبژاردنە بکەن و گوتیشی "هەموو تواناکانمان یەکخستووە و کۆبوونەوەی بەردەوامان هەیە و قایمقامی خانەقینیش بەشداری کۆبوونەوەکان دەکات".

ئەمجارە کە کورسییەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە بەپێی یاسای تازەی هەڵبژاردنی پارێزگاکان کەمکراونەتەوە بۆ 29 کورسی و سوننەکانیش تێیدا بەشدار دەبن، بەڵام سەلاح کوێخا دەڵێت "پێشبینی دەکەم لیستی کوردستانی 5تاوەکو 6 کورسی ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە بەدەستبێنێت و، کار بۆ ئەوەش دەکەین 7 کورسییەکەی پێشووبەدەستبێنینەوە".

بەشداری حیزبە کوردییەکانی دیکە لە لیستیکوردستانیدابۆهەڵبژاردنیئەنجوومەنی پارێزگای دیالە وەک بەشدارییەکی ڕەمزی لێهاتبوو لەسەرەتادا، چونکە یەکێتی و پارتی 6 کورسییەکەی یەکەمیان لەنێوان خۆیاندا بەشکردبوو، کە بەپێی پێشبینی سەلاح کوێخا ئەو لیستە هەر 5 تاوەکو 6 کورسی بەدەستدێنێ .بەڵام سەلاح کوێخا دەڵێ گۆڕانکاری لە لیستەکەدا کراوە "گۆڕانکاری لەلیستەکە کراوە، چوار کورسی یەکەم دوو بۆ یەکێتی و دوو بۆ پارتی دانراون، لەپێنجەم کورسیشەوە بۆ حیزبەکانی دیکە دانراوە".

بەڵام پێشبینی ئەوە دەکرێ کشانەوەی هێزی پێشمەرگە لە زۆر شوێنی پارێزگای دیالە و کەمی خزمەتگوزارییەکان لەناوچەکە بەتایبەتیش لەناوچەی جەلەولا و سەعدیە،کاردانەوەی هەبێ بۆ دەنگەکانی لیستی کوردستانی.بەرپرسی مەڵبەندیش دان بەکەمی خزمەتگوزارییەکان لەو ناوچانە دادەنێ و دەڵێ "ئەوەی پێویستبوو بکرێ، نەکراوە، بەڵام شتیش کراوە، بۆ نموونە لەجەلەولا 10 بیری ئیرتەوازی لێدراوە کە کاک مەلا بەختیار پارەکەی داوە، 7پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ ناو شاری جەلەولا دەرچووە لەسەعدیە 300 ملیۆن دینار بۆ چەند پرۆژەیەک تەرخانکراوە".

سەبارەت ئەگەری دەنگدانی عەرەبەکانی ناوچەکە بەلیستی هاوپەیمانی کوردستان، بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی لەخانەقین ئاماژەی بەوەدا کە بەشێکی زۆری عەرەبەکانی ناوچەکە هاوسۆزن لەگەڵ کورد و گوتیشی " ئەگەر یارمەتیان بدرێت دەنگ بەلیستی کوردستانی دەدەن، بەتایبەتیش لیستەکە نوێنەری تورکمان و عەرەبی تێدایە".

هەروەها ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا، کەچەند سەرۆک عەشیرەتێکی عەرەب بەشدارییان لە کۆبوونەوەی 2008/11/1 ی مەڵبەندەکەیان کرد و مەکتەبی سیاسی یەکێتیش بڕیاریداوە کۆنگرەیەک بۆ عەشیرەتە عەرەبەکانی ناوچەکە ببەستێت و سەرجەم خەرجییەکانی کۆنگرەکەش لە ئەستۆ بگرێت.

لەکاتێکدا هەڵبژاردنی تازە نزیکدەبێتەوە، ڕەخنەگرتن لە دەزگاکانی پارێزگای دیالەش بەردەوامە، سەلاح کوێخا لە درێژەی هەڤپەیڤینەکەیدا لەگەڵ (ڕووداو)دا لەوبارەوە گوتی" سەرجەم ئیدارەکانی ئەم شارە لەلایەن دیالەوە دینارێکی عێراقیان بۆ خەرجنەکراوە، ئێمە بەشێک لە بودجەی خۆمان بۆ تەرخانکردوون".

گەندەڵی ئیداری لەخانەقین قسەو خواسێکی گەرمی هاووڵاتییانی ناوچەکەیە، بەڵام سلاح کوێخا ڕەتیکردەوە کە سەرچاوەی گەندەڵییەکان ئەوان بن و بەڵکو پەنجەی تۆمەتی بۆ پارێزگای دیالە درێژکردو گوتی "لەکۆبوونەوەیەک بەپارێزگای دیالەم گوت، تۆڕێکی مافیا هەیە، ئەویش گوتی ڕاستە وایە، من سەرجەم ژمارەو داتاکانم لەسەر گەندەڵی پارێزگا لەلایە، ئەگەر ئەمجارە پارێزگاری دیالە سەردانی خانەقین بکات، دەیخەمە بەردەستی".

***دەقی ئەو هەڤپەیڤنە لە (ڕووداونێت www.rudaw.net)دا بخوێنەوە**



# لەکوردستان واستە بۆ حەجیش دەکرێ

## مەلایەک: "حەجی بەواستە بێ شەرعییە"

**ڕووداو-هەولێر**

ئامینە تەها، 55 ساڵ، دانیشتووی سلێمانی، ماوەی 3 ساڵە لە ڕێگەی وەزارەتی ئەوقافەوە ناوی خۆی تۆمار دەکات، تا سەفەری حەج بکات، بەڵام بەخت یاوەری نابێت و لەتیروپشک ناوی دەرناچێت. ئامینە بەنیگەرانییەوە دەڵێت "سێ ساڵە ناو دەنووسم، پێم دەڵێن ناوت دەرنەچووە، بەڵام خەڵک هەیە هەر ئەوساڵەی دەیەوێت بچێت بۆ حەج دەینێرن".

لەکاتێکدا ئامینە سێ ساڵە چاوەڕێی دەرچوونی ناوەکەی دەکات بۆ حەج، بە دەیان کەس بەبێ ئەوەی ناویان لە تیروپشک دەربچێت، لەڕێگەی وەزارەتی ئەوقافەوە سەفەری حەج دەکەن. مامۆستایەکی ئاینیش بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "حەجی بەواستە بێ شەرعییە".

چەندین کەس بەبێ ئەوەی ناویان لەتیروپشکی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی دەربچێت، لە ڕێگەی وەزارەتی ئەوقافەوە سەفەری حەج دەکەن و بەڕێوەبەری حەج و عومرەش بەکارێکی ئاسایی ناو دەبات و دەڵێت "مادام لەبەغدا وەکیل وەزیرێک یان پەرلەمانتارێک بتوانێت 100 کەس ڕەوانەی حەج بکات، بۆچی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان نەتوانێ پێنج کەس بنێرێت، بۆچی هەر فەرمانبەرێکی ئەنجوومەنی وەزیرانی بەغدا بتوانێت 10 کەس بنێرێت، بەڵام هی ئێمە نەتوانێت کەس بنێرێت".

بڕیارە ڕۆژی 2008/11/14 یەکەم گەشتی حاجیانی کورد لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانییەوە بۆ بەغداو لەوێشەوە بۆ عەرەبستانی سعودیە دەست پێبکات. بۆ ئەمساڵیش 31 هەزار هاووڵاتی لەکوردستان ناوی خۆیان تۆمار کردبوو بۆ حەج، دوای ڕاکێشانی تیروپشک 3527 کەس ناویان لەتیروپشکدا دەرچوو، بەڵام پشکی دیاریکراوی کوردستان 4250 حاجییە.

سەلاح شێخ فەتاح، بەڕێوەبەری حەج و عومرە لە وەزارەتی ئەوقاف ئەوەی ئاشکرا کرد کە بەشێک لەو ناوانەی لەتیروپشک دەرنەچوون بە نووسراوی تایبەتی بەرپرسان ڕەوانەی حەج دەکرێن، ئەمەشی بە "ڕۆتین" ناوبردو گوتی "لەوانەیە کارەکە بۆ کۆمەڵێک کەس بەتایبەت کرابێت، ئەمەش زۆر واریدەو شتێکی ڕۆتینییە".

سەبارەت بەو شوێنانەش کە ئەو پشتگیرییە تایبەتیانە بۆ خوازیارانی حەج دەکەن، شێخ سەلاح گوتی "بەنووسراوی فەرمی 50 کەسم لەبەغداوە بۆ هاتووە کە کوردن و لەوانەیە پەیوەندییەکی تایبەتیان لەگەڵ دەستەی باڵای حەجی عێراقیدا هەبێت یان پەیوەندییان لەگەڵ یەکێک لەبەرپرسانی خۆماندا هەبێت".بەڵام شێخ سەلاح دەڵێ "ئەو نوسراوانەی وەک واسیتە دەکرێن مەرج نییە هەموویان جێبەجێبکرێن".

جگە لەو 50 کەسەی لەڕێگەی دەستەی باڵای حەجی عێراقییەوە دەچنە حەج، چەندین کەسی دیکەش ناویان تۆمار کراوە بۆ سەفەری حەج، بەبێ ئەوەی لەتیروپشکدا ناویان دەربچێت.

شێخ سەلاح، وردەکاریی چۆنیەتی سەفەرکردنی بەشێک لەو کەسانەی بۆ (ڕووداو) باسکردو گوتی "ئەو ناوە زیادانەی باسدەکرێن بریتین لە180 حەملەدارو یاریدەر، 5 ئەندامی لێژنەی فتوا، 7 کەس لەلێژنەی ڕاگەیاندن، 60 کەس لە لێژنەی ئیداری، 15 دکتۆر، 60 مورشید، 10 کەسی لێژنەی باڵای حەج، 10 کەسی یەدەگ لە گەرمیان، چەند کەسێکیشمان وەکو یەدەگ لەشارەکان داناوە".

ئەو بەرپرسەی وەزارەتی ئەوقاف هەرچەندە ناو و ژمارەی ئەو کەسانە دیاری ناکات کە بە ڕێگەی تایبەت سەفەری حەج دەکەن، بەڵام دەڵێت "دەیان نووسراوی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و کۆمەڵەو سەندیکاکانمان لەلایە کە داوای نوێنەر دەکەن، بۆ نموونە کۆمەڵەی کورتە باڵاکان نووسراویان کردووەو دەڵێن حەز دەکەین وەک ڕێزلێنانێک بۆ کۆمەڵەکەمان دوو کەسمان سەفەر بکات، برایانی شەبەک و فەیلی و یەکێتی ئافرەتانیش داوادەکەن نوێنەریان هەبێت". شێخ سەلاح دەڵێ یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ ئەوەی چاویان لە ژنان بێت لە حەج داوادەکەن نوێنەریان هەبێت.

چەندین کۆمپانیا ناوی ئامادەکراوە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی فەرمی خەڵک ببەنە حەج، لەهەولێر 29 کۆمپانیا، لەدهۆک 19 کۆمپانیا، لەگەرمیان 9 کۆمپانیا و لەسلێمانیش 27 کۆمپانیا لەلایەن وەزارەتی ئەوقافەوە مۆڵەتیان پێدراوە، هەر کۆمپانیایەکیش سەرپەرشتی 50 حاجی دەکات.

خاوەن کۆمپانیاکان بێ ئاگایی خۆیان لەحەجی بەواستە نیشاندەدەن و دەڵێن ئەوان تەنیا بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی ئەوقاف کار دەکەن. سەید عەبدوڵڵا ڕواندزی خاوەنی کۆمپانیای ئەلسعودیە، کە تا ئێستا 13جار وەک حەملەدار سەفەری حەجی کردووە، تەنیا ئاماژەی بەو ئامادەکارییانەدا کە بۆ حەجی ئەمساڵ کردوویەتی.

سەید عەبدوڵڵا گوتی "پۆشاکمان بۆ حاجییەکان کڕیوە کە ئاڵای کوردستان و ناوی کوردستانی لەسەرە، فڕۆکەو گرتنی هۆتێل لەئەستۆی وەزارەتی ئەوقافە، ئەوان پێماندەڵێن کەی حاجییەکان ئامادەبکەین، لەهەر جێگایەکیش حاجییەکان لە سعودییە ونبوون، ژمارە تەلەفۆنی خۆمم پێداون، بۆ ئەوەی بیاندۆزمەوە".

مامۆستایانی ئاینی، ڕایدەگەیێنن کە حەجی بە واستە "بێ شەرعییە". مەلا مەغدید عەبدولکەریم، پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی حاجی بەکر لەهەولێر گوتی "حەج هی ئەوە نییە بەواسیتە بۆی بچیت و پێش خەڵکی دیکە بکەویت، دەیان کەس هەیە ساڵانە ناوی خۆیان دەنووسن کە ناویان دەرناچێت زۆر نیگەران دەبن، کەسانێکش کە دێن بەواسیتە دەچن بۆ حەج، بێ شەرعییەو خێری ئەو حەجەی ناگاتێ، کە بەبێ واستەو لەسەر ئەرکی خۆی دەڕوات".

### ڕاستکردنەوە

لەو چاوپێکەوتنەی کەلە ژمارەی ڕابردووی ڕۆژنامەکەمان لەگەڵ بەرپرسی ئیدارەی گەرمیان سەعید ئەحمەد ناسراو بەمەلا سەعید کراوە بەداخەوە بەهەڵە لەجیاتی وێنەی مەلا سەعید وێنەی شێخ ڕووناک سەرۆکی عەشیرەتی داودە بڵاوکرابووەوە، بۆیە داوای لێبوردن دەکەین.

(ڕووداو)

ڕیپۆرتاژ



**میلیشیاکانی حکومەتی بەغدا فاشیلن**



ڕووداو- PUKmedia

◆ د.فوئاد مەعسوم، سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق، لەکاتی بەشداریکردنی لە( کۆنفرانسی هێز و گرووپە چەکدارەکان لە عێراق) لە شارۆچکەی دوکان ڕایگەیاند کە دروستکردنی میلیشیای چەکدار لەلایەن حکومەتی بەغدا بۆ بەکارهێنانی بۆ مەرامەکانی، مافی حکومەت نییە و گوتیشی "ئەوە ئەزموونێکی ئازاردەرە و هەر لەسەرەتاشیەوە فاشیلە".

## مارگرێت هیوبەر، باڵیۆزی کەنەدا لە ئوردن و عێراق:

# ناتوانین بە کۆمپانیاکانی کەنەدا بڵێین وەرنە کوردستان

**مارگرێت هیوبەر Margaret Huber**

- لە شاری نیاگارای کەنەدا لەدایکبووە.
- لە ساڵی 1973ەوە لە وەزارەتی دەرەوە کاردەکات.
- لە واشنتن، نیویۆرک، مانێلا، بروکسل، چیک وسلۆڤاکیا، ئیسلاماباد کاریکردووە.
- ماستەری لە کارگێڕی لە زانستگەی ئۆتاوا لە کەنەدا وکارسازی وبازرگانی لە زانستگەی هارڤەردی ئەمەریکا وەرگرتووە.
- ئێستا بالیۆزی کەنەدایە لە ئوردن وعێراق.

**ڕووداو-هەولێر**

باڵیۆزی کەنەدا لە عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند هەرچەندە هێشتا بارودۆخی عێراق وەک پێویست ئارام نییە، بەڵام ئێستا خەریکی ئەوەن باڵیۆزخانە لە بەغدا بکەنەوە.

مارگرێت هیوبەر Margaret Huber باڵیۆزی کەنەدا لە ئوردن کە لەهەمانکاتدا بالیۆزی کەنەداشە لە عێراق، لە هەڤپەیڤینێکی تایبەت بە ( ڕووداو)دا ڕایگەیاند کە هێشتا هیچ کاتێکی دیاریکراو بۆ کردنەوەی باڵیۆزخانەی کەنەدا لەبەغدا دەستنیشان نەکراوە.

کەنەدا، وڵاتێکی ئەمەریکای باکوورەو پتر بە بێلایەنی سیاسی ناسراوە. هەرچەندە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تاکە دراوسێی کەنەدایەو پەیوەندییەکی بەهێزی سیاسی و ئابووری وکۆمەڵایەتی هەردوو وڵات بەیەکەوە دەبەستێتەوە کە تەنانەت هاووڵاتیانی هەردوولا دەتوانن بەرێگەی زەوینی بە بێ پاسپۆرت هاتووچۆی یەکتر بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ساڵی 2003 کەنەدا ئامادە نەبوو وەکو هاوپەیمانێکی ئەمەریکا بەشداری لە شەڕی دژی ڕژێمی سەدام دا بکات .بۆیە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکە ئامادەبوونێکی ئەوتۆی لە عێراقدا نییە.

باڵیۆزی کەنەدا لە عێراق و ئوردن کە ئەوە چەند جارێکە سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات، لە کاتی قسەکردنیدا بۆ (ڕووداو) هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە کەنەدا بەیەکچاو تەماشای هەموو لایەنە عێراقییەکان دەکات. کە باسی هەرێمی کوردستانیشی دەکرد هەمیشە جەختی لەوە دەکردەوە بڵێت "وەک بەشێک لە عێراق". ئەم جەختکردنەوەیەی کەنەدا پتر لەوەوە دێت کە لە کەنەداش دەنگی جوداخوازی هەن لە هەرێمی (کێبێک)ی فەرەنسی زمان.

کەنەدا لە پاش ڕووسیا، دووەم گەورەترین وڵاتی دنیایە لە ڕووی جوگرافیەوەو فرە کولتوورترین وڵاتی دنیایە، لە 10 هەرێم و سێ ناوچە پێکهاتووەو سیستەمێکی فیدرالی سەرکەوتووی هەیە، ئەگەرچی هەرێمەکان سەربەخۆییەکی زۆریان هەیەو سیستەمی فیدرالی کەنەدا پتر لە کۆنفیدرالی دەچێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەیەکی دیاری خەڵکی کیبێک داوای جیابوونەوە لە کەنەدا دەکەن ولەدوا ڕاپرسیدا کەساڵی 1995 ئەنجامدرا 49.42% خەڵکی کێبێک دەنگیان بە جیابووەنەوەدا.

ئەگەرلە وڵاتێکی دیموکرات وپێشکەوتووی وەکو کەنەدا کەلە ڕووی یاساییەوە هەموو هاووڵاتییەک یەکسانە، خەڵکێک داوای جیابوونەوە بکەن، بۆچی گلەیی لە کورد دەکرێت ئەگەر نەتوانێت لەگەڵ عەرەبدا لە عێراقێکدا بژی کە دەیان ساڵی دیکەش دیموکراسی تێدا جێگیر نابێت. مارگرێت هوبەر باڵیۆزی کەنەدا لە ئوردن وعێراق لەمبارەیەوە دەڵێ " کەنەدا وڵاتێکی ئازادەو هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە ڕای خۆی بڵێ، چەندین ساڵە خەڵکێک هەن لە کەنەدا باس لە جیابوونەوە دەکەن، بەڵام کەنەدادیەکان بە گشتی هەمیشە بیر لە یەکگرتوویی دەکەنەوەو دەیانەوێ وڵاتێکی یەکگرتوویان هەبێت".

دەربارەی ئەوەی وەک نوێنەری وڵاتێکی فیدراڵ چ پێشنیازێکی بۆ عێراقییەکان هەیە، بەتایبەتیش کە سەرکردایەتی کورد پێداگیری لەسەر سیستەمی فیدرالی دەکات لە عێراقدا، باڵیۆزی کەنەدا لە ئوردن وعێراق گوتی " من ناتوانم هیچ ئامۆژگاری وپێشنیازێک بدەم، عێراقییەکان دەبێ خۆیان لەسەر نموونەیەکی دەسەڵات ڕێکبکەون ".

بالیۆزی کەنەدا خۆشحاڵی خۆی دەربڕی کە هەندێک کۆمپانیای کەنەدی وەک تێلسمان و وێستێرن زاگرۆس و بۆمباردێی لە کوردستان وعێراق کاردەکەن، بەڵام لە هەمانکاتیشدا گوتی لە کەنەدا بازرگانی ئازادەو ئەوان ناتوانن بە کۆمپانیاکان بڵێن لێرە کار بکەن و لەوێ کار مەکەن " کۆمپانیا دەتوانێ کۆمپانیای دیکە ڕابکێشێت، بوونی کۆمپانیای گەورە وا لە کۆمپانیاکانی دیکە دەکات کە ئەوانیش بێن لێرە وەبەرهێنان بکەن".

لەبارەی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان و، بوونی بەیەکێک لەتەوەری دیدارەکانی لەگەڵ بەرپرسانی کوردستان، بالیۆزی کەنەدا ئەگەرچی ئاماژەی بەوەدا کە لە گەڵ بەپرسانی کوردستان باسی ڕەوشی مافی مرۆڤی کردووە، بەڵام خۆی دوورگرت لەوەی بەشێوەیەکی تایبەتی باس لە بەرەوپێشچوون یان خراپبوونی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان بکات " پێویستە هەموو لایەک خۆمان دووربگرین لەو کردەوەو ڕەفتارانەی کە دەبینە هۆی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و دەبێ بەردەوام کاربکەین لەپێناو ڕێزگرتن لەماف وئازادییەکانی مرۆڤ، چونکە بەبێ ئەمە ناتوانین کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو بنیات بنێین".

تا ئێستا ئامارێکی فەرمی لەبارەی ژمارەی کورد لە کەنەدا نییە، بەڵام بەپێی هەندێ مەزەندە ژمارەیان نزیکەی 15-20 هەزار کورد دەبێت،کە هەندێکیان لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەغدا گەڕاونەتەوە. باڵیۆزی کەنەدا خۆشحاڵی خۆی بەرامبەر ئەوە نیشاندا کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان وعێراقدا کۆمەڵێک هاووڵاتی کەنەدایی پۆستی گرنگیان بەدەستەوەیەو هیوای خواست نموونەیەکی باشی دەسەڵات بەڕێوەبردن بن" پەیامم بۆ هاووڵاتیانی کەنەدا کە گەڕاونەتەوە عێراق و کوردستان ئەوەیە خزمەتی کۆمەڵگەکەیان بکەن و نموونەی دەسەڵات بەڕێوەبردنێکی باش بن و ببنە پردی پەیوەندی مرۆڤایەتی".

## لە عێراقێکی سیما ئیسلامیدا

# کریستیانەکانی کەرکووک لە توندوتیژی دەترسێن

**سەماح سەمەد**

**ڕووداو-کەرکووک**

زۆرخێزانی کریستیان (مسیحی)دانیشتووی مووسڵ بەرەو کەرکووک هاتوون،دوای ئەوەی شەپۆلێکی توندتیژی لەو شارە و شارەکانی دیکەی عێراقدا دژی کریستیانەکان دەستیپێکرد.

توندوتیژیی دژ بە کریستیانەکان، کە لە کلدان و ئاشووری و سریانی پێکهاتوون، کریستیانەکانی کەرکووکیشی ترساندووەو، زۆریان لە زەقبوونەوەی توندڕەوەی ئایینی ئیسلامی تۆقیون،بەتایبەتیش کە چەند کریستیان و کوردی ئێزدی بە هۆی جیاوازی ئاینییەوە لە موسڵ، وەک جیهاد کوژران و سیدی کوشتنەکانیشیان لەلایەن ڕێکخراوی قاعیدەوە بڵاوکرانەوە.هەروەها چەند کڵێسایەکیان لە موسڵ و بەغدا تەقێنرانەوە و چەند قەشەیەکیشیان لەلایەن ئەو گرووپە چەکدارانەوە کوژران.

ئەو هێرشە بەرنامەڕێژانەی چەند هەفتەی ڕابردوو لە موسڵ، هاوکات بوون لەگەڵ ئەو مشتومڕەی لەبارەی ڕەتکردنەوەی ماددەی 50 لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەکرا، کە تایبەتە بە مافی نوێنەرایەتی کەمینەکان لە ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا و،لادانی ئەو مادەیە و دواتریش ڕازینەبوونی هەردوو فراکسیۆنی تەوافوق و ئیئتیلافی شیعە لە پەرلەمانی عێراق بەو ڕێژانەی لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بۆ کریستیان و کەمینەکانی دیکە دیاریکرابوون، کە نوێنەری کریستیانەکانیان لە سێ نوێنەرەوە کردە یەک نوێنەر لە ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ و بەغدا،ئەوەش بووەتە جێی نارەزایی کریستیانەکان.

ئەدوەر ئۆراها، کە کریستیانە و یاریدەدەری پارێزگاری کەرکووکە، ئاماژەی بەوەدا کە ئەو هێرشانەی کرانە سەرکریستیانەکان لە مووسڵ هەوڵێکی دووبارەی گرووپە تیرۆریستییەکانە بۆ چاندنی تۆوی دووبەرەکی و تایفەگەری لە نێوان ئایین و نەتەوەکاندا و گوتیشی "ئێمە وەک کریستیان وەک خەڵکانێکی پەیوەندیدار ئەو قسانە بە درۆ دەخەینەوە کە گوایە کورد بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆی ئەو تەنگژەیەی دروستکردووە".

ئۆراها ئاماژەی بەوە دا کە کریستیان و کورد پەیوەندییەکی هەمیشەیی و بەرژەوەندیی کۆمەڵایەتی و نەتەوەییان لە نێواندایە "حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ خۆی ڕۆڵەکانی کریستیانی لە ئامێز گرتووە و مافی بۆ دابین کردوون، تەنانەت لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانیشدا دانی بە مافی کریستیانەکاندا ناوەو مافی ئۆتۆنۆمیشی لەو شوێنانەدا بۆ بڕیارداون کە تێیدا زۆرینەن".

یاریدەدەری پارێزگاری کەرکووک ئاماژەی بەوەشدا کە ژمارەی ئەو خێزانە کریستیانانەی لە مووسڵ دەربەدەر کراون گەیشتووەتە 2350 خێزان کە لە نێویاند 25 خێزان کە ژمارەیان تەنیا 100 کەسە هاتوونەتە کەرکووک.

ژمارەی کریستیانەکانی کەرکووک 12 هەزار کەسە، لە کۆی زیاتر لە یەک ملیۆن کەسی دانیشتووی شارەکە، کە بەسەر پێنج تایەفەدا دابەش دەبن و زۆرینەشیان کلدان و ئاشوورین، کە هەردووکیان بەزمانی سریانی دەدوێن.

ترس و نیگەرانی سەرجەم کریستیانەکانی گرتووەتەوە تەنانەت ئەوانەی لە کەرکووکیشدا نیشتەجێن، هەندێکیان وا خەریکن خۆیان ئامادە دەکەن تا بە یەکجاری وڵات جێ بهێڵن، بۆ ئەوەی، وەک جینا خۆشابا 32 ساڵ دەڵێ بگەنە ژیانێکی ئارامی هەمیشەیی. جینا کارمەندی کۆمپانیایەکی ئەهلییە لە کەرکووک و پێیوایە "لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدامەوە پێکەوەژیانی موسڵمان و کریستیانەکان تێکچووە، هەرچەندە ئەوساش ڕەوشمان لە ئێستا باشتر نەبوو، بەڵام دەستی ئەو گرووپە چەکدارانەمان پێ نەدەگەیشت، کە ئایین و ئیسلامیان کردووەتە پاساو".

جینا لەبەرئەوتوندڕەوییە ترس دایگرتووەو دەڵێ"دەبێ لە نزیکترین دەرفەتدا خۆمان ڕزگار بکەین، ئەگەر نا وەک کریستیانەکانی مووسڵ دەبینە قوربانیی دەستی گرووپە چەکدارەکان".

ڕامی یوحەننا، 45 ساڵ، یەکێکە لەو کریستیانانەی لە مووسڵ ڕایکردووەتە کەرکووک، ئەو هەندێ سیاسەتمەدارای تۆمەتبار کردن کە لە پشت ئەو شەپۆلە توندوتیژییەی دژ بە کریستیانەکان بن.لەوبارەوە گومانی لە کوردیش هەبوو"بە دووری نازانم کە کورد و خەڵکی دی دەستیان لەم کارەدا هەبێت، چونکە هەڵبژاردن بەڕێوەیە و هەر لایەنەش دەیەوێ لە هەڵبژاردندا زۆرترین دەنگ بۆ نوێنەرانی کۆبکاتەوە".

هەروەها گوتی"ئەم کارە چ کورد کردبێتی یان خەڵکی دیکە، گرنگ ئەوەیە کریستیان لە عیراقدا لە مەترسیدان، دەبێ ژیانێکی ئارام بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن، تەنیا چارەسەریش ڕاکردنە بەرەو دەرەوەی عێراق".

شێخ عەبدوڵڵا فازڵ بەرپرسی نووسینگەی کۆچ و کۆچبەران لە پارێزگای کەرکووک، ڕایگەیاند کە ژمارەی ئەوخێزانە کریستیانانەی لە مووسڵەوە کۆچیان کردووەتە کەرکووک 26 خێزانن، کە هەموویان لە نووسینگەی کۆچ و کۆچبەراندا ناونووس کراون و، ئەو فەرمانگەیە بە هاوکاریی ڕێکخراوێکی مرۆیی جیهانی کۆمەکی دارایی و فریاگوزاریی بەسەردا دابەشکردوون.

شێخ عەبدوڵڵا گوتی"کۆششی ئێمە بەردەوامە بۆ پشتیوان کردن لەو خێزانانە، ماوەی چەند هەفتەیەک ناوی هیچ خێزانێکی تازەمان تۆمار نەکردووە، هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئاسایش و ئارامی بۆ ناوچەکانیان گەڕاوەتەوە".

پاش ئەو پرۆسەی کۆچ پێکردنە، دەرفەتێکی گەورەتر لە بەردەمی کریستیانەکانی عیراقدا کراوەتەوە بۆ ئەوەی مافی پەنابەریی مرۆییان لە زۆر وڵاتی ڕۆژئاوایی وەربگرن، جیاواز لە موسڵمانی عێراق.

مەتران لویس ساکۆ سەرۆکی ئەسقەفەکانی کلدان لە کەرکووک گوتی " کریستیانیش وەک خەڵکی دیکەی عیراق، بە هۆی نەبوونی یاسا و بێ سەروبەرییەوە، لە ڕفاندن و توندوتیژیی تایەفەگەری دەترسن". گوتیشی"ئەو چەوساندنەوە و ڕاوەدوونان و کوشتنەی بەرەو ڕوومان دەبێتەوە ئامانجی سیاسیی لە پشتە، ئەوەی پەلامارمان دەدات بەدوای دەسکەوتدا دەگەڕێت، ئامانجیش یان ناچارکردنی کریستیانە تا کۆچ بکەن یان دەیانەوێ پاڵمان پێوە بنێن تا لەگەڵ لایەنانێکدا ببینە هاوپەیمان کە ئەجیندای ئەوانمان پێ پەسند نییە". بەڵام نە جۆری ئەو ئەجیندانە و نە ئەوانەی لە پشتیانەوەن دیاری نەکرد.

ساکۆ دووپاتیکردەوە"لە مووسڵ و کەرکووک و بەغد و بەسرادا کەوتینە بەر هێرش و پەلامار، کە لە ئاکامدا 250 هەزار کەسمان لێ دەربەدەر بوون و تووشی دووسەد حاڵەتی تەقینەوە و ڕفاندن هاتین، کە تێیاندا زیاتر لە دوو سەد کەس کوژران".

مەیس بنیامین، 27 ساڵ، نیگەرانیی خۆی بەرامبەر زاڵبوونی ناسنامە و سیمای ئیسلامی بەسەر سەراپای عێراقدا و لە نێویشیدا کەرکووک دەربڕی، کە ئەمەش دەبێتە مایەی بەرزبوونەوەی ئاستی ترس و نیگەرانی لە لای کریستیانەکان و ناچار دەبن شار و ماڵی خۆیان جێ بهێڵن و بەرەو شوێنانی ئارامتر بچن"تەنانەت ئەو کریستیانانەی لە هەرێمی ئارامی کوردستانیشدان بەرەو وڵاتانی ئەورووپا کۆچ دەکەن، لەبەر ئەگەری زاڵبوونی ئیسلامیان لە ئایندەدا بەسەر هەرێمەکەدا، کە دواتر لەوێشدا تەنگ بە کریستیان هەڵدەچنن".

وەک کریستیانانای دی، ئەمیش خزم و کەسی لە هەندەراندا هەیە، کە بەم جۆرە کۆچی خۆی و خانەوادەکەی بۆ دەرەوەی وڵات ئاسان دەکات. مەیس گوتی"ئەگەر ڕەوشەکە هێشتا خراپتر بێت،ئەوکات بە خێزانەوە ناچار دەبین کۆچ بکەین".

وێڕای ئەوەی تا ئێستا کریستیانەکانی دانیشتووی شاری فرە ئایین و فرە نەتەوەی کەرکووک، بە هێمنی و پارێزەوە ڕێوڕەسمی ئایینیی خۆیان بەڕێوە دەبەن. لەبارەی ئامانجی ئەو هێرشەی پاکتاوی نەژادیی دژ بەوان و ئەو لایەنەی لە پشتییەوە وەستاوە، کریستیانەکان ڕا و بۆچوونی جیاجیایان هەیە.

سەرچاوەیەک لە پۆلیسی کەرکووکەوە ڕایگەیاند، هەرچی لە تواناییاندا بێت بۆ پاراستنی کڵێسە و شوێنی خوداپەرستیی کریستیانەکان دەیکەن،گوتیشی هیچ جۆرە جیاکارییەک لە کەرکووک دژبە کریستیانەکان لە ئارادا نییە. گوتیشی"هەموو توانایەکی خۆمان دەخەینە گەڕ بۆ دابین کردنی ئاسایش بۆ هەر تاکە کەسێکی دانیشتووی شارەکە".



ڕێوڕەسمی ئاینی کریستیانەکان لە کەرکووک (فۆتۆ:ڕووداو)

ڕیپۆرتاژ

د.محەممەد ئیحسان:

## ئێمە هاووڵاتیانی کەربەلا لە کوردێکی تورکیا بە نزیکتر لەخۆمان دەزانین



ڕووداو-نون

◆ د.محەممەد ئیحسان وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، ڕایگەیاند کە هەرێمی کوردستان مەحاڵە لە عێراق جیا ببێتەوە. لە لێدوانێکدا ماڵپەڕی (نون) گوتی "مەحاڵە دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێ، بۆیە هەرێمی کوردستان لە عێراق جیانابێتەوە"، وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان گوتیشی "هاووڵاتییەکی کەربەلاو هەر پارێزگەیەکی عێراقی بۆ ئێمە لە کوردێکی تورکیا نزیکترە".



نەوزاد مەحمود
nawzad2000@yahoo.com



دوای حەڤدەساڵ پەرلەمان شەرم لەچی دەکات

# "زۆربەی پەرلەمانتاران دەستیان پێچەوانەی دڵیانە"

**ڕووداو- سلێمانی**

لە ڕاپرسییەکی پەیمانگای کوردستان بۆ پرسە سیاسییەکان لەبارەی پەرلەمانی کوردستانەوە، 52%ی بەشدارانی ڕاپرسییەکە، پەرلەمان بەنوێنەری حیزب دەزانن و 35%یش لەو باوەڕەدان کە پەرلەمان تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە چاودێری و لێپرسینەوە لەکارەکانی حکومەت بکات . بەڵام پەرلەمانتارانی کوردستان خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ ئەو شەرمنییە سیاسییە هەیە کە تائێستا پەرلەمانی کوردستان لێی دەرباز نەبووە، بەڵام زۆرینەیان پێیانوایە ڕەچاوکردنی بارودۆخی هەرێمی کوردستان ئەوە دەخوازێت پەرلەمان بەوشێوەیە مامەڵە بکات.

محەممەد حەکیم،ئەندامی پەرلەمان لەسەر لیستی کۆمەڵی ئیسلامی، شەرمنی پەرلەمان سەت لەسەت بۆخودی پەرلەمان ناگەڕێتەوە" حیزب بەشێوەیەکی ڕەها دەستی بەسەر هەموو بوارەکاندا گرتووە، ئەوە لە نێو پەرلەمانی کوردستانیشدا ڕەنگیداوەتەوەو زۆرجار پەرلەمانتاران راوبۆچونە تایبەتیەکانی خۆیان بۆ دەرنابڕدرێت و دەستیان پێچەوانەی دڵیانە" . بەڵام فەرید ئەسەسەرد، سەرۆکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان

## تائێستا نوێنەرانی حیزب لەپەرلەمانی کوردستان، نەیانتوانیوەبیسەلمێنن کەنوێنەرایەتی گەل دەکەن

فەرید ئەسەسەرد

و ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەشێوەیەکی دیکە باس لە دۆخی پەرلەمانی کوردستان دەکات و دەڵێ"پەرلەمان تائێستا دەزگایەکی راوێژکارییەو ڕۆڵی خۆی وەک دەزگایەکی سەربەخۆ نەگێڕاوەو زیاتر ملکەچی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنە" . هەروەها بە ڕاشکاوییەوە گوتی" ئەوەندەی من تێبینیم کردبێ، تائێستا نوێنەرانی حیزب لە پەرلەمانی کوردستان نەیانتوانیوە بیسەلمێنن که نوێنەرایەتی گەل دەکەن" .

یەکێک لە هۆکارەکانی بێ ئومێدبوونی خەڵک لەپەرلەمان بەربڵاوی باسوخواسی گەندەڵییە لە کوردستان، بەبێ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان تا ئێستا دانیشتنێکی بۆ ئەوە تەرخانکردبێ و، تائێستا پەرلەمان خۆی بۆ نە جوڵاندووە. ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان، نیگەرانی خۆی لەوە نیشانداو گوتی " بەداخەوە تائێستا وەزیرێک بەناوی لێپرسینەوە لەگەڵ کردن بانگی پەرلەمان نەکراوە، بەڵکو کە دێنە پەرلەمانیش زیاتر ئامۆژگاریکار و قسەکەر دێن" . هەروەها دەڵێ " وەک ئەوەی هێڵێکی سوور بۆ پەرلەمان دیاری کرابێت، ناتوانێت جدی بێت لەچاودێریکردن و لێپرسینەوە " .

ژمارەی پەرلەمانتارانی کوردستان 111ئەندامەو لەماوەی ئەو دووساڵەدا، 58یاساو بڕیاری دەرکردووە .لەراپرسییەکی پەیمانگای کوردستان بۆ پرسەسیاسیەکان کە بنکەکەی لە کوردستانە و، لە ڕۆژی 2تا2008/7/12 لە هەرسێ پارێزگاکەو نۆ شارۆچکەی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە، بەپێی ئەنجامەکانی ئەو ڕاپرسییە 69%ی بەشداربووانی نازانن ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان چەندەو 60%حەزدەکەن سەردانی پەرلەمان بکەن و بەچاوی خۆیان هۆڵی کۆبونەوەکان ببینن و 58.92%لەکارەکانی پەرلەمان ئاگادارنین .

زۆر لە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، تەنانەت هەندێ لە پەرلەمانتارانی کوردیش پەرلەمانی عێراق بە زۆر چالاکتر لە پەرلەمانی کوردستان دادەنێن، لەکاتێکدا بەغدا خوێناویترین شاری جیهانە. دکتۆر مەحمود عوسمان، ئەندامی پەرلەمانی عێراق دەڵێ"مەجالی موناقەشەو قسەکردن زیاتر لەپەرلەمانی بەغدا هەیە، واقعی کوردستان، دووحیزبەکە سەیتەرەیان بەسەردا کردووەو بڕیاری حیزب، بڕیاری پەرلەمانیشە" . مەحمود عوسمان زیاتر لەوە وتی"هەربڕیارێک دوو حیزبەکە لەسەری کۆک بن، تێپەڕینی لەپەرلەمان ئاسانە" . خاڵێک لەخاڵە جیاوازەکانی پەرلەمانی بەغداشی ڕوونکردەوە" بەڵام پەرلەمانی بەغدا، جگە لەلیستی حیزبەکان خەڵکانی سەربەخۆشی تێدایە و ئەوانە موناقەشەی گەرم دەکەن" . بەڕای ئەو پەرلەمانتارەی بەغدا، ڕۆژنامەکانی بەغداش ئازایانەتر قسەلەسەر دیاردەکان دەکەن و جیاوازن لەڕۆژنامەکانی هەرێمی کوردستان .بەڵام ئارێز عەبدوڵڵا، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بەپێچەوانەی ڕای مەحمود عوسمانەوە، ئارێز عەبدوڵلا لەوباوەڕەدایە کەململانێ لەناو پەرلەمانی عێراق کەمترەو تەئکید لەوەش دەکاتەوە کەپەرلەمانی کوردستان شەرمن نییە، وتیشی " ئێمە هەندێک جار هەڵوێست وەردەگرین و قسەدەکەین، کەچی دەنگمان ناڕوات و میدیاکانی خۆمان هەرباسی پەرلەمانی عێراق و چالاکییەکانی ئەوان دەکەن " . بەڵام لە هەمانکاتدا ئەو پەرلەمانتارە کە سەر بە فراکسیۆنی سەوزە، دەڵێ نابێ لایەنی حیزبی وەزیرێک ببێتە هۆی بانگنەکردنی لەلایەن ئەندامانی هەمان حیزب لە پەرلەماندا "پەرلەمانتار دەبێ شەرم لەو متمانەیە بکات، کەخەڵک پێیداوە" .

ئارێزعەبدوڵڵا، لەهەمانکاتدا نایشارێتەوە، کە سفربوونی ئاستی ململانێ لە ناو پەرلەماندا، پەیوەندی بەواقیعی سیاسی هەرێمی کوردستان و پێکهاتەی پەرلەمانەوە هەیە " پەرلەمان لەسەر بنچینەی پێکهاتن و ڕێککەوتنە لەنێوان دووحیزبەکەدادروستبووە، ئەوەش شتێکی ئاساییە وەک هەموو وڵاتانی دونیا، کەحیزب نوێنەرانی خۆی بۆ پەرلەمان دیاری دەکات" .بەڵام جەختی لەوەش کردەوە کە پەرلەمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق چالاکترە. پەخشان زەنگەنەش ئەو سستییەی پەرلەمان بەشەرمنی سیاسی نازانێ و دەڵێ "ئەوە وابەستەبوونە بەکولتورو دابو نەریتەوە " . زەنگەنە وتیشی " زۆر ئاساییە و ئەو قۆناخەش تێدەپەڕێ" . بەڵام فەرید ئەسەسەرد دەڵێ "ڕێککەوتنێکی ستراتیژی لەنێوان هەردوو حیزب هەیەو، بەهۆی ئەو ڕێککەوتنەوە، ململانێ لەناو هەموو دەزگاکانی ئەو دووحیزبەدا ڕاگیراوە، بەپەرلەمانیشەوە" .

زۆر لەپەرلەمانتاران، ساڵی رابردوو بەساڵی زێڕینی پەرلەمانی کوردستان دادەنێن، لەبەر ئەوەی 47 یاسا دەنگی لەسەر دراوەو 15 وەزیریش بانگ کرانە پەرلەمان لەساڵی 2007 . لەراپرسییەکەی پەیمانگای کوردستان بۆ پرسە سیاسییەکان، تەنها 6.36%ی بەشداربووانی ئەو ڕاپرسییە پێیانوایە کەپەرلەمان لەساڵی زێڕینی خۆیدا گرنگی بەکێشەی خەڵک داوە. بەرزان عەبدوڵڵا هەورامی، دوای ئەوەی کە ڕاپرسییەکانی هەرێمی کوردستان بە شێوازێکی هەڕەمەکی ناودەبات و هاوکات ڕاشیدەگەیێنێ، کە خەڵک وەک پێویست ئاگایان لە کاروچالاکییەکانی پەرلەمان نییەو میدیاکانیش، بەردەوام لەبایەخی کاروچالاکییەکانی کەم دەکەنەوە. هەورامی دەڵێ "ئەو وەزیرانە بۆ ڕوونکردنەوە بانگکراون و ناتوانم بڵێم بۆ موحاسەبە بووە" . بەڵام دڵنیایە لەئایندەدا پەرلەمان چالاکتر دەبێ . ئارێز عەبدوڵڵاش وتی"ئێمە ئێستا بناخەیەکی زۆرباشمان لەپەرلەمان داناوە بۆنەوەی داهاتوو، کەدێنە پەرلەمانەوە" .

## ئێمە هەندێک جار هەڵوێست وەردەگرین و قسەدەکەین، کەچی میدیاکانی خۆمان هەرباسی پەرلەمانی عێراق و چالاکییەکانی ئەوان دەکەن

ئارێز عەبدوڵڵا

ئەسەسەرد هەڵوێستی ئوسامە نوجێفی پەرلەمانتاری عێراقی لەسەر لیستی ئەلعێراقیە بەنموونە دێنێتەوە ودەڵێ"نوجێفی لەبەرامبەر کورد هەندێک هەڵوێستی دژی ڕاگەیاند، کەپێچەوانەی هەڵوێستی حیزبەکەی خۆشیەتی، بەڵام پارلەمانتاری کورد ناتوانێ بەو شێوەیە کاربکات". ئارێز عەبدوڵڵا، وەڵامی ئەو بۆچوونەی ئەسەسەرد دەداتەوە دەڵێ"لیستی عەللاوی، ئەسڵەن لیست نییەو حیزب نییە، چونکە هەموو جۆرە خەڵکێکی دیموکرات و شۆفێنی و ئەوانەی تێدا کۆبووەتەوەو دیسپلینی تێدانییەو لەبەر ئەوە ئاساییە، نوجێفی بەپێچەوانەوە قسەبکات" .

پەرلەمان،کەی چالاک دەبێ ئەوەیە ئەو پرسیارەی کە خەریکە خەڵک لەبیری دەکات، بەهۆی بێ ئومێدبوونی. محەممەد حەکیم ئەندامی پەرلەمان لەلیستی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێ "پەرلەمان هەوڵی زۆری داوە، بەڵام حکومەت و دووحیزبەکەش خۆیان دەزانن کەپەرلەمان هیچی وای بەدەستەوە نییە گوشاری پێ دروست بکات".بەڵگەی یاسای بودجەی 200یش دێنێتەوە کە چۆن مەرجی ئەوەیان دانا کە دەبێ پێشینەی خانووبەرە بدرێ بە هاووڵاتیان " بۆیە پەرلەمان کەمتەرخەم نەبووە بۆ خەڵک " .

شێخ ڕووناک، سەرۆکی عەشیرەتی داودە:

# ئەگەر کورد بەشداری لەکردنەوەی فەوجی ئیسناد نەکات عەرەب و تورکمان کەرکووک کۆنتڕۆڵ دەکەن



شێخ ڕووناک

– لەساڵی 1949 لەقەزای دوبز لەدایکبووەو سەرۆکی عەشیرەتی داودەیە
– لەساڵی 1964–1968 سەرپەل بووە لەشۆڕشی ئەیلول.
– ساڵی 1986 1991– موستەشاری فەوجی 138 بووە.
– ساڵی 1991 بەشداری ڕاپەڕینی کردووەو ئامر بەتالیۆنی پارتی بووە.
– ساڵی 1993 وازی لەپارتی هێناوەو لە هەولێر دانیشتووە.
– 15 ڕۆژ دوای ئازادکردنی شاری کەرکووک ، گەڕاوەتەوە کەرکووک.

## پارتی و یەکێتی رازی نەبن فەوجی ئیسناد ناکەینەوە

**ڕووداو-کەرکووک**

شێخ ڕووناک، سەرۆکی عەشیرەتی داودە لەکەرکووک ڕەتیکردەوە کە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر دامەزراندنی فەوجی پاڵپشتی (ئیسناد) لەگەڵ نوری مالیکی دانیشتبن یان نامەی نوری مالکییان پێگەیشتبێت و گوتی "هەموو ئەو قسانەی باس لەدروستکردنی فەوجی ئیسناد دەکەن لە کەرکووک، تەنیا ڕاگەیاندنە"، ڕاشیگەیاند "ئەگەر پارتی و یەکێتی رازی نەبن بەکردنەوەی ئەو فەوجانە، نایکەینەوە" .

دوای ئەوەی نووری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند کە چەند فەوجێکی پاڵپشتی بۆ سەرۆک عەشیرەتەکان دادەمەزرێنێ، دەنگۆی ئەوە بڵاو بووەوە کە چەند سەرۆک عەشیرەتێکی کورد لەشاری کەرکووک بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ نوێنەری نووری مالیکی کۆبوونەتەوە.

شێخ ڕووناک، کە یەکێکە لەوسەرۆک عەشیرەتانە هەموو ئەو قسانەی باس لەدامەزراندنی فەوجی ئیسناد دەکەن لەکەرکووک ڕەتکردەوەو ڕایگەیاند "ئەو پروپاگەندە کەسانێک کردیان لەکاکەییەکان کە ناخۆشییان لەگەڵ ئاغاکانی کاکەییدا بوو، ئەگەر نا تا ئێستا هیچ نووسراوێکی ڕەسمی بۆ کەرکووک نەهاتووە بۆ کردنەوەی ئەو فەوجانە" .

هەر چەندە شێخ ڕووناک ڕەتیکردەوە کە چاویان بەمالیکی یان نوێنەری مالیکی کەوتبێت، بەڵام ڕەفعەت عەبدوڵڵا، بەرپرسی مەڵبەندی دووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هەندێک سەرچاوەی خۆمان هەیە لەبەغدا بەنهێنی پێیان ڕاگەیاندوین کە نوێنەری مالکی هاتووەتە کەرکووک و لەگەڵیاندا دانیشتووە" .

دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی کردنەوەی فەوجی ئیسناد لەکەرکووک، یەکێتی و پارتی بەیاننامەیەکی هاوبەشیان دەرکرد دژی کردنەوەی ئەو فەوجانە، ڕەفعەت عەبدوڵڵا، پێشتر ئەو کوردانەی کە دەچنە ناو ئەو فەوجانە بە"خائین" لەقەڵەم دابوو، ناوبراو گوتی "ئەوانە سەردانیان کردین، گوتیان ئەوە فەوجی ئیسناد نییە، ئەنجوومەنی ئیسنادە، بۆیە ئێمەش سەرپشکمان کردن" .

شێخ ڕووناک هەر چەندە دامەزراندنی ئەو فەوجانە بەشێوەیەکی فەرمی لەکەرکووک ڕەتدەکاتەوە، بەڵام زانیاری لەبارەی ئەو فەوجانە دایە (ڕووداو) و گوتی "ئەو فەوجانە بۆ سەرۆک عەشیرەتەکان لە پارێزگاکانی عێراق دەکرێتەوە، دەڵێن لەکەرکووکیش دەکرێتەوە، بەڵام تا ئێستا کەس وەرینەگرتووەو کەسیش ناوی نەنووسیوە، فەوجەکانیش چەکداری تێدا نییە" .

هەر چەندە دەگوترێت کاکەییەکانی کەرکووک، فەوجیان وەرگرتووە، بەڵام شێخ ڕووناک کە دۆستێکی نزیکی کاکەییەکانی کەرکووکە بەتایبەتی ئاغاکانیان، ئەو قسانەی ڕەتکردەوەو گوتی "دیعایە هەیە کە کاکەییەکان فەوجیان وەرگرتووە، وەڵڵاهی ئەسڵی نییە من هەموو کاکەییەکان دەبینم و لەگەڵیاندام شتی وا نییە ئەوە جووتیارانی ناوچەکەن کە نا حەزییان لەگەڵ ئاغاکانی کاکەییەکان هەیە، ئەو شتەیان لەسەر ئاغاکان گەورە کردووە" .

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، وا بڕیارە 24 فەوجی ئیسناد لەکەرکووک بکرێنەوە (4 بۆ تورکمان و 10 بۆ کورد و 10ش بۆ عەرەب)، هەروەها مووچەی مانگانەی چەکدارێکی ئاسایی 600 هەزار دینارە، بەڵام شێخ ڕووناک ئەو قسانەی ڕەتکردەوەو گوتی "دیعایە هەیە 40 فەوج بکرێتەوە لەکەرکووک، بەڵام ئەوەش هەر دیعایەیە، چونکە تا ئێستا هیچ سەرچاوەیەکی ڕەسمی باسی نەکردووە، دەڵێن ئەندامی سادە 600 هەزار دینار وەردەگرێ، بەڵام ئەوەش تا ئێستا دیار نییە لەبەر ئەوەی تا ئێستا ناوی کەس نەنووسراوە" .

دوای ئەوەی پارتی و یەکێتی لەکەرکووک بەیاننامەیەکی ناڕەزاییان دژی ئەو سەرۆک عەشیرەتانە دەرکرد، سەرۆک عەشیرەتەکان سەردانی لق و مەڵبەندیان کرد بۆ ئەوەی ڕوونکردنەوەیان لەبارەی ئەو فەوجانە پێبدەن.

شێخ ڕووناک گوتی "کە سەردانمان کردن بۆمان ڕوونکردنەوە کە ئەو شتە ئەسڵ و ئەساسی نییە و کەس لەگەڵ نوری مالیکی و نوێنەری مالیکی دانەنیشتووە، هەروەها پێشمانگوتن ئەگەر ئەو فەوجانە بکرێنەوە کورد بەشداری بکات باشە، چونکە ئەگەر کورد بەشدار نەبێ، عەرەب و تورکمان فەوجەکان وەردەگرن و کۆنتڕۆڵی کەرکووک دەکەن" .

لەکاتێکدا مەترسی ئەوە دەکرێ ئەو فەوجە ئیسنادە کوردییانە وەک فەوجە کوردییەکانی سەردەمی بەعس ببنە پاڵپشتی حکومەتی بەغدا دژی کورد، شێخ ڕووناک بە باشی دەزانێ پارتی و یەکێتی ڕازی بن، کە کورد ئەو فەوجانە وەربگرێت و دەڵێت "ئەگەر ئەو فەوجانە وەربگرین باشترە، چونکە ئێمە کەسانی سەر بە پارتی و یەکێتی دەنووسین، پەیمانیشیان پێدەدەین لەفەرمانی کورد لانەدەین، بەڵام ئەگەر ترسی پارتی و یەکێتی لەوەیە مالیکی دەست بەسەر کەرکووکدا بگرێت، ئەو کات کەسانێک لەکورد فەوجەکان پێکدێنن کە بۆ هیچ شتێک بەگوێی پارتی و یەکێتی ناکەن" .

شێخ ڕووناک وەک خۆی باسیکرد لەدوای ڕاپەڕینی 1991 حکومەتی بەعس دەستی بەسەر سەرجەم ماڵ و موڵکەکەی داگرتووە، لەساڵی 1993 کە گەڕاوەتەوە کەرکووک داوای ماڵ و موڵکەکەی کردووە، بەڵام عیزەت دووری پێیگوتووە ببێتە عەرەب، بۆ ئەوەی ماڵ و موڵکەکەی وەربگرێتەوە، بەڵام ئەو ڕازی نەبووە، ناوبراو گوتی " من شەخسی خۆم هەموو ماڵ و سەروەتی خۆم لەپێناو کورد داناوە، ئێستا چ پێویست دەکات خیانەت لەکورد بکەم" .

ئەگەر پارتی و یەکێتی سوور بن لەسەر بەشداری کورد لەو فەوجە ئیسنادانە، ئاخۆ هەڵوێستی شێخ ڕووناک چی دەبێت، ناوبراو دەڵێت "ئەگەر پارتی و یەکێتی ڕازی نەبن، لەو باوەڕەدام کەس بەشداری لەو فەوجە ئیسنادانەدا ناکات" . گوتیشی "دواتریش ئەو فەوجانە چەکداری تێدا نییە" .

دوای دەرچوونی بڕیاری لەسێدارەدان بۆ تاوانبارانی ئەنفال، دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لیستێکی 423 کەسی بڵاو کردەوە کەتۆمەتبارن بە بەشداریکردن لەپرۆسەی ئەنفال و دەبێ لەبەردەم دادگا ئامادە بن لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێ، ناوی شێخ ڕووناکیش یەکێکە لەو 423 ناوە، بەڵام ناوبراو ڕەتیکردەوە کە دەستی لە ئەنفالدا هەبووبێ.

شێخ ڕووناک کە لەسەروبەندی شاڵاوەکانی ئەنفال، موستەشاری فەوجی 134 بووە، ڕەتیکردەوە خۆی و فەوجەکەی بەشداری شاڵاوەکانی ئەنفالیان کردبێ و گوتی "من هیچم نەکردووە، بەجزشدایەک لەکوردستان دەگەڕام، تا ئێستا زللەیەکیشم لەکەس نەداوە، لەفەوجیش ئەوەندە دەوامم نەدەکرد مانگی ڕۆژێک یان دوو ڕۆژ دەوامم دەکرد" .

سەبارەت بەبەشداری فەوجەکەشی لەشاڵاوەکانی ئەنفال ناوبراو گوتی "فەوجەکەشم بەشداری نەکردووە، کاتێک سوپا ڕۆیشتووە، فەوجەکەی ئێمە چووەتە شوێنێک دوو ڕۆژ ماوەتەوەو ڕۆیشتووە" .

**کوردستانی**

**ورکیا ڕۆژنامەنووسێک لەسەر ناوهێنانی(کوردستان) دەداتە دادگا**



**ڕووداو-ئامەد**

◆ داواکاری گشتیی کۆماری تورکیا لە شاری ئامەد(دیاربەکر) سکاڵانامەیەکی لەدژی عادل زۆزانی نووسەری ڕۆژنامەی(ئازادیا وەلات)و بێژەری تەلەڤزیۆنی Gun tv تۆمارکرد لەبەرئەوەی لەکاتی ئاخافتنی لەرۆژی 2008/10/6 لە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی Roj tv دا هەردوو دەستەواژەی (کوردستان) و (گەریلا)ی بەکارهێنابوون. زۆزانی گوتی ئەو دوو دەستەواژەیە هەن و دووشتی واقعین.

# ئەردۆغان فتوای کوشتنی کوردیدا

## باکووری کوردستان بە خۆپێشاندانی ناڕەزایی پێشوازی لەسەرۆک وەزیرانی تورک دەکات



ئەردۆغان لە کاتی گەیشتنی بۆ جۆلەمێرگ باکووری کوردستان

(فۆتۆ:AFP)

**هێمن خۆشناو**
**ڕووداو-هەولێر**

پەیوەندی نێوان کورد و تورک لە تورکیا، ئاراستەیەکی مەترسیداری وەرگرتووەو سەرۆک وەزیرانی تورکیا دەڵێ "ئیدی تاکەی سەبر گرتن" و سەرۆکی DTPیش دەڵێ ئەوە فتوای ئەردۆغانە بۆ کوشتنی کورد.ئەوەش لەکاتێکدایە کە 500 خۆپێشاندەری کورد گیراون و دەیانی دیکەش بریندارکراون کە زۆریان منداڵن.

بەهۆی بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەشکەنجەدانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری دەستگیر کراوی PKK، شارەکانی باکووری کوردستان بەدەیان خۆپیشاندانیان بەخۆوە بینی و پۆلیسیش زۆر بەتووندی بەرپەرچی خۆپیشاندەرانی دایەوە و لەئەنجامدا چەند کەسێک بریندار بوون و کەسێکیش بەگوللەی پۆلیس کوژرا.

ساڵی 1999 کاتێک عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەکینیا ڕفێنرا و خرایە زیندانی دوورگەی ئیمرالیەوە، لەتورکیاو زۆربەی وڵاتانی دنیا چەندین خۆپێشاندانی گەورە لەدژی تورکیا ئەنجامدران و زۆر ڕووداوی توندوتیژانەشی لێکەوتەوە . لەدوو هەفتەی ڕابردووشدا، دوای ئەوەی پارێزەرانی ئۆجەلان ڕایانگەیاند کە ئۆجەلان ئەشکەنجەدراوە، شەپۆلێکی خۆپێشاندانی ناڕەزایی دەربڕین باکووری کوردستان و تورکیا و ئەورووپای گرتەوە. تەنانەت لە کاتی سەردانی هەفتەی ڕابردووی سەرۆک وەزیرانی تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بۆ باکووری کوردستان، لایەنگرانی PKK و جەماوەری پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات DTP بەخۆپێشاندان، ناڕەزایی خۆی بەرامبەر ڕەجەب تەیب ئەردۆغان نیشاندا، ئەوەش بۆ ئەردۆغان شکستێکی هەڵبژاردن بوو، چونکە ئەردۆغان دەیەوێ دەنگەکانی حیزبەکەی لە باکووری کوردستان زیادبکات و DTPیش دەیەوێ بە پێشاندانی پارتی داد و گەشەپێدان AKP وەک حیزبێکی دژبە خواستەکانی کورد، لایەنگرانی لە باکووری کوردستان نەهێڵێت.

لەنێو ئەو ناڕەزاییە جەماوەرییەدا، ئەردۆغان سەردانەکانی بۆ شارەکانی باکووری لە جیاتی سیمای جەماوەری کە خواستی خۆی بوو، بەناچاری لە ژێر چاودێرییەکی توندی ئەمنیدا بەپەلە کۆتایی پێهێنان.

لە خۆپێشاندانێکی هەفتەی ڕابردووی ناڕەزایی کوردانی نیشتەجێی ئیستەنبول دا،پۆلیسی تورک بە گوولە وەڵامی خۆپیشاندەرانی دایەوە. ئەردۆغانیش لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسێکدا لەبارەی تەقەکردن لە خۆپێشاندەران گوتی" من داوای سەبروئارامی لە هاووڵاتیان دەکەم، بەڵام ئەو سەبرە هەتا کەی بەردەوام دەبێ نازانم؟ ئەگەر بازاڕو کۆگای خەڵکی بسووتێنرێن و هەوڵی کوشتنیان بدرێت ئەوانیش ناچارن بەرگری لەخۆیان بکەن".

ئەحمەد تورک، سەرۆکی DTP بە توندی ڕەخنەی لەم قسانەی ئەردۆغان گرت و بە "فتوای کوشتنی



کوردان"ی لەقەڵەمدا و گوتی" قسەکانی ئەردۆغان کە گوتی سەبرگرتن سنووری هەیەو خەڵک هەقی خۆیەتی بەرگری لەخۆی بکات، ئەوە فتوادانە بۆ کوشتنی کوردان".

لەکاتێکدا ئەردۆغان پەنجەی تاوانباری بۆ خۆنیشاندەرانی کورد ڕادەکێشێ، هاووڵاتیانی کورد و بەرپرسانی DTP لە شارەکانی تورکیا پۆلیس و حکومەت بە لایەنگیری کردنی تورکە شۆڤێنیستەکان تۆمەتبار دەکەن و دەڵێن حکومەت پشتیوانی لە هێرشی ئەو شۆڤێنیانە دەکات بۆ سەر ماڵ و دوکان و منداڵان و کرێکارانی کورد لە شارەکانی تورکیا.

عەبدولقادر بۆغا، سەرۆکی لقی ئیستەنبۆلی کۆمەڵەی مافی مرۆڤ IHAD، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ئەشکەنجەدانی ئۆجەلان، بە "دەستدرێژیکردنە سەر موقەدەساتی کورد" وەسفدەکات و ئەو خۆپێشاندانانەش بە (ڕاپەڕین) ناودەباو دەڵێ "ئەو ڕاپەڕینەی ئێستا جیاوازە لەوانی پێشووتر".

ئۆجەلان، کە ماوەی 9 ساڵە لەزیندانی تاکە کەسی ئیمراڵیدایە، ساڵی 1949 لەگوندی ئۆمەرلی سەر بەقەزای خەلفەتی لەهەرێمی ڕوحای باکووری کوردستان لەدایکبووە، لەسەرەتای لاوێتیدا کاریگەری ئاینی لەسەر بووە، دوای ئاشنابوونی بە بنەماکانی سۆسیالیزم و فەلسەفەی ماتریالیزم، وەک کەسێکی چەپ دەناسرێت، لەسەرەتای حەفتاکاندا لەزانکۆی ئەنقەرە دەست بەکاری سیاسی دەکات، لەگەڵ چەند خوێندکارێکدا لەساڵی 1978 لەگوندی (فیس)ی سەر بەشاری دیاربەکر پارتی کرێکارانی کوردستان دادەمەزرێنن.

دەسەڵاتدارانی تورک زۆر بەتوندی ئەو دەنگۆیانە ڕەتدەکەنەوە کە باس لەئەشکەنجەدانی ئۆجەلان دەکەن، ئۆڕال چالاشار نووسەری ڕۆژنامەی (ڕادیکال)ی تورکی دەڵێت "ئەو بانگەشانەی باس لەئەشکەنجەکردنی ئۆجەلان دەکەن لە ڕاستییەوە دوورن"، ناوبراو لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (ڕووداو) گوتی "ناتوانم بڵێم ئەو خۆپیشاندانانە سروشتێکی ڕاپەڕینیان

### ئەو هەڵسوکەوتەی پۆلیس بۆ ئێستا و دوارۆژی تورکیا مەترسیدارە

**ڕۆژنامەنووسێکی تورک**

گرتووە، بەڵام ئەگەر دەوڵەت دان بەناسنامەی کورد نەنێت، بێگومان ئەو خۆپیشاندانانە ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری بەخۆوە دەبینن".

ئەگەرچی سروشتی پۆلیسی تورک، سروشتێکی توندڕەوانەیە و بەپێی لێدوانی وەزیری ناوخۆی تورکیا 9000پۆلیس و ئەندامی دەزگا ئەمنییەکان، سکالایان لەسەرە، بەڵام ئەمجارەیان جیاواز لەهەموو جارەکانی پێشتر، زۆر بەتووندی بەرەنگاری خۆپیشاندەرانی کورد بووەوە. منداڵان لەو توندوتیژییە پشکی شێریان بەرکەوت، چونکە تائێستا 35 منداڵ بەشێوەی جۆراو جۆر بریندارەبوونەو گەنجێکی تەمەن 25 ساڵانیش بەناوی ئەحمەد ئۆزکان لەناوچەی بازید بە گوللەی پۆلیس کوژرا.

### ئەو خۆپێشاندنانەی ئێستا ڕاپەڕینن

**عەبدولقادر بۆغا، سەرۆکی لقی ئیستەنبۆلی کۆمەڵەی مافی مرۆڤ**

لەگەڕەکی باڕۆیۆسی شاری ئەدەنە، منداڵێک کە بەشداری خۆپێشاندان ببوو، گوللەیەکی پلاستیکی بەرچاو کەوت. لەسێرتیش منداڵێک بەناوی فەیزوڵڵا ئەنە لەلایەن پۆلیسەوە سەرو قاچی شکێنرا. باوکی فەیزوڵڵا ڕایگەیاند کوڕەکەی بۆ دەرس خوێندن دەچووە لای هاوڕێیەکی، بەڵام لەڕێگادا لەلایەن پۆلیس دەستدرێژی کراوەتە سەر. هەروەها لەگەڕەکی گازی جۆلەمێرگ، بەبۆمبای گازی هێرش کرایە سەر خێزانێکی 8 کەسی لەئەنجامدا منداڵێکی تەمەن 6 مانگە ژەهراوی بوو و گواسترایەوە نەخۆشخانە. تا ئێستا ئامارێکی ورد لەبەردەستدا نییە لەبارەی ژمارەی دەستگیر کراوان و بریندارانی ئەو خۆپیشاندانانە، عەبولقادر بۆغا پێیوایە لەتورکیا زۆر زەحمەتە ژمارەی بریندار و دەستگیرکراوەکان دەستنیشان بکرێت، چونکە زۆربەی بریندارەکان لەترسی دەستگیر کردن ناچنە نەخۆشخانەکانی تورکیا، بەڵام دەڵێ "بەگوێرەی زانیارییەکان نزیکەی-450 500 کەس دەستگیرکراون". سەبارەت بەژمارەی منداڵانی دەستگیر کراویش بۆغا گوتی " لە ئیستەنبوڵ تەنیا لەشەوێکدا پێنج منداڵ دەستگیرکران، لەوانەیە تا ئێستا 50 منداڵ دەستگیر کرابن".

**50**
**منداڵی خۆنیشاندەر دەستگیرکراون**

ئۆڕال چالشار ئەم هەڵسوکەوتەی پۆلیس بە"مەترسیدار بۆ ئێستاو دوارۆژی تورکیا" دەبینێت و هەروەها پێیوایە، ئەو کاردانەوەیەی پۆلیس ڕادەی توندوتیژی زیاتر دەکات"ئەو ڕەفتارەی پۆلیس توندوتیژی لێدەکەوێتەوە".

سەرۆکی لقی ئیستەنبۆلی IHADیش سەبارەت بەکاردانەوەی پۆلیس دەڵێت "بەبێ ڕەچاوکردنی مافی مرۆڤ پۆلیس جیاوازی لەنێوان ژن و منداڵ و پەکەوتە ناکات و بێ بەزەییانە ڕەفتاریان لەگەڵ دەکات، هەروەها هەڵدەکوتێتە سەر ماڵی ئەو هاووڵاتییانەی کە لەکامێراکاندا دەردەکەون و ئەشکەنجەیان دەدات و پەلکێشی زیندانیان دەکات".هەر لەو چوارچێوەیەدا پۆلیس هێرشی کردە سەر ماڵی پەرلەمانتارێکی DTP لە ئیستەنبول.

هەروەها ئایهان کوچوک، سەرۆکی ڕێکخراوی مەزلومدەر لەلێدوانێکی بۆ (ڕووداو) گوتی پێویستە پۆلیس شارستانیانەتر هەڵسوکەوت لەگەڵ خۆپیشاندەران بکات"پۆلیس بەشێوەیەک ڕەفتار دەکات وەک ئەوەی خۆپیشاندەران خەڵکی تورکیا نەبن و دوژمنی تورکیا بن".

دوای 48 ساڵ

# سووتاندنی 300 منداڵی ئامودە لە لایەن سوریا لەبیر کورد نەچووەتەوە

**تایبەت بە ڕووداو**

پارتە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان (کوردستانی بندەستی سوریا) لەخۆ ئامادەکردندان بۆ یادکردنەوەی 48ەمین ساڵوەگەڕی کارەساتەکەی سینەمای ئامووده، کە نزیکەی 300 زارۆکی کورد بەهۆی گڕگرتنی سینەماکەوە سووتان، بەڵام ترسیان هەیە ڕژێمی سووریا ڕووبەڕووی ئەو چالاکییە مەدەنیانەیان ببێتەوە.

ڕۆژی 1960/11/13 بەڕێوەبەری ناحیەی ئامووده‌ی سەر بە قەزای قامشلۆ، داوای لەهەردوو بەڕێوەبەری قوتابخانەی موتەنەبی و غەزالی کرد کە 500 قوتابی هەردوو قوتابخانەیان ببەن بۆ سەیر کردنی فیلمی (تاوانی نیوە شەو-جریمة نصف اللیل) کە بەبۆنەی هەفتەی کۆمەک کۆکردنەوە لە سووریا بۆ گەلی جەزائیر، پێشاندەدرا. هەرچەندە خاوەنی سینەماکە گوتی سینەماکەی هەر تەنیا شوێنی 150 کەسی تێدادەبێتەوەو مەکینەکەی ناتوانێ ئەو فیلمە بۆ ئەوماوە درێژە نمایش بکات چونکە دەسووتێ، بەڵام بەڕێوەبەری ناحیە و پۆلیس سوور بوون لەسەر بردنی ئەو منداڵانە بۆ ناو هۆڵی بچووکی سینەماکە.

دوای نیو کاژێر لەنمایشکردنی فیلمەکە،کە ماوەکەی یەک کاژێر و نیو بوو،سەرەتا پەردەی سینەماکە گڕی گرت و هەموو سینەماکەی گرتەوە .لەکاتی گڕگرتنی سینەمادا حکومەت نەک فریای منداڵەکان نەکەوت، تەنانەت ڕێگەی لە دایک و باوکانیش گرت کە دەرگای سینەماکە بکەنەوە بۆ هێنانەدەرەوەی منداڵەکانیان، لەئەنجامدا نزیکەی 300 منداڵ بە سووتان و خنکان بەهۆی دووکەڵی ئاگرەکەوە گیانیان لەدەستدا، تاوەکو دایک و باوکان بەفشاری خۆیان دەرگایان شکاند و ئەوانی دیکەیان ڕزگار کردن.

شارەدێی ئامودە سەر بەقەزای قامشلۆی باشووری ڕۆژئاوای کوردستانەء، ژمارەی دانیشتوانەکەی نزیکەی 60 هەزار کەس دەبێت، شارۆچکەکە هەر لە کۆنەوە مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری و کوردایەتی بووە.

کاربەدەستانی سووریا تا ئێستاش سووتانی سینەماکە بە "قەزاو قەدەر" ناو دەبەن،ئەوکاتیش هیچ بەرپرسێکی خۆی لەسەر ئەو تاوانە نەدا بە دادگا. بەڵام پارت و ڕێکخراوە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دوای تێپەڕبوونی 48 ساڵ بەسەر ئەو کارەساتەدا، تا ئێستاش گومانیان هەیەو پێیانوایە ئەمەش یەکێکبوو لە پیلانگێڕییەکانی سووریا بۆ پاکتاوی ڕەگەزی کورد لەو وڵاتە.

بەتایبەتیش چونکە ڕۆژئاوای کوردستان ئەوکات لەژێرباری نائاساییدابوو، بەڕێوەبەری ناحییەکەش مولازمێکی شۆڤێنیستی عەرەب بوو.

ئەندازیار جمشید عەبدولکەریم کە ئەوکات قوتابی پۆلی شەشەمی سەرەتایی بوو، یەکێک بوو لەومنداڵانەی لەکارەساتەکە ڕزگارییبوو، ئاماژە بەوەدەدا کە هۆڵی سینەماکە تەنها جێی 100-150 کەس دەبووەوە کەچی ئەو شەوە 500 منداڵیان بردە ژووەرەوە.

جەمشید کە ئێستا کەسایەتییەکی سیاسی نیشتەجێی ئەورووپایە، لەبارەی چۆنیەتی ڕوودانی کارەساتەکە دەڵێ " دوای ماوەیەکی کورت لە ئیشکردنی فیلمەکە سینەماکە یەکسەر گڕی گرت، دیواری سینەماکە کە بەنایلۆن داپۆشرابوون و بە ماددەیەکی کیمیاوی بۆیە کرابوون دەمودەست گڕی گرت، هاوارو قیژەی منداڵان دنیای پڕکرد، هەر زوو کەسوکارمان بە هەڵەداوان بۆ ڕزگارکردنمان هاتن کەچی پۆلیس بەبیانووی پاراستنی گیانیان نەیانهێشت بێن ڕزگارمان بکەن، ئەوەبوو پتر لە 200 منداڵ بوونە قوربانی وگیانیان لەدەستدا".

جەمشید ئاماژە بەوە دەدات کەلەدوای کارەساتەکە شاری ئامووده یەکپارچە بووە شیوەن وپرسە، بەڕێوەبەری ناحیەو بەرپرسانی دیکەی ڕژێمی سوریا هەر ئەوشەوە لە ترسی ڕق وتۆڵەی خەڵکی ڕایانکردو تا سێ ڕۆژ دوای ڕووداوەکە نەگەڕانەوە، ئەویش دوای ئەوەی بەڵێنیان بە خەڵکەکەدا هەرچی داواکارییەکیان هەیە بۆیان جێبەجێبکەن،خەڵکیش داوای ئازادکردنی هەندێ لەگیراوەکانیان کردبوو لە زیندانی مەززە لە دیمەشق، بەڵام بەرپرسانی سوریا بەڵێنەکەیان بەجێ نەهێنا.

عەبدولباقی یوسف، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی یەکێتی کورد لە سوریا، کە ئێستا لەباشووری کوردستان دادەنیشێت، پێیوایە مەرامێکی سیاسی لەپشت سووتانی سینەماکەوە بوو "بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی تاوەکو ئێستا لەبارەی سووتانی سینەماکە کراون، دەیسەلمێنن دەستێکی شاراوە لەپشت ڕووداوەکە هەبوو"، هەروەها گوتیشی "لەبەر ئەوەی ئەو شارۆچکەیە لەو سەردەمەدا ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لەهۆشیارکردنەوەو بڵاوکردنەوەی هزری نەتەوەیی، پێدەچێت ئەو کارە بەمەرامێکی سیاسی لە ئامووده ئەنجامدرابێت".

نابراو ئەو دەستە شاراوەیە بە"دەستی حکومەت" ناو دەبات و قسەکانیشی زیاتر بەوە پشت ڕاستدەکاتەوە کە " کوڕی بەڕێوەبەری ناحیە لەگەڵ منداڵەکان لەناو سینەماکەدا بووە،بەڵام بەر




وێنەی پەیکەر و چەند قوربانییەکی کارەساتی سینەمای ئامودە

لەگڕگرتنی سینەماکە ڕەوانەی ماڵەوە کرابوووەوە ".

دوای تێپەڕبوونی 48 ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوە، ئەگەرچی لەم ساڵانەی دوایی یادی ئەم کارەساتە دەکرێتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا هەموو ڕەهەندەکان و دەستە شاراوەکانی لە پشت ئەم ڕووداوە ئاشکرا نەکراون.

فەوزی شەنگال، کۆردیناتۆری گشتی پارتی ویفاقی کورد لە سوریا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە بەبێ لێکۆڵینەوەیەکی بێلایەن و نێودەوڵەتی مومکین نییە ڕاستی ئەم ڕووداوە ئاشکرا بکرێت" ئەم ڕووداوە ئەلقەیەک بوو لە پلانگێڕییەکانی دەوڵەت و سیستەمی بەعس، بۆیە دەبێت پەردە لەسەر ڕووە شاراوەکانی ئەم ڕووداوە هەڵبدرێتەوە، ئەمەش تەنیا بە لێکۆڵینەوەیەکی نێودەوڵەتی دێتە دی".

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی حیزبی یەکێتی کورد پێیوایە ئامانج لەو کارەساتە پاکتاوکردنی نەوەیەکی ئەم شارەبوو" ئەو کەسانەی لەو کارەساتە ڕزگاربوون ئێستا زۆربەیان دکتۆر و خاوەن بڕوانامەی گرنگن". لەم ساڵانەی دواییدا یادکردنەوەی ئەم کارەساتە لە ساڵرۆژی ڕوودانیدا بووەتە نەریتێک لەناوەوە و دەرەوەی ڕۆژئاوای کوردستان و سوریا، بە شێوازی جۆراوجۆر لەلایەن جەماوەر و پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکان یادی دەکرێتەوە. خێرۆ عەباس، کە هونەرمەندێکی ڕۆژئاوای کوردستانە و نیشتەجێی ئەڵمانیایە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەویش گۆرانییەکی کلیپکراوی بۆ یادی 48 ساڵەی کارەساتەکە ئامادەکردووە.

فەوزی شەنگال پێیوایە لە دوای دەرکردنی بڕیاری ژمارە 49 کە" بە گوێرەی ئەم بڕیارە کورد لە سوریا بە درێژایی بیست و پێنج کیلۆمەتر بۆیان نییە زەوی و زار لەناوچە سنوورییەکان بکڕن یادکردنەوەی ئەم کارەساتە زەحمەت دەبێت"، لەبرئەوەی وەک ئەو گوتی لە دوای دەرکردنی ئەو بڕیارە شڵەژانێک لە ڕۆژئاوای کوردستان پەیدابووە .شەنگال جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەوان لەو یادەدا بۆ زیاتر تیشک خستنە سەر ئەو تاوانە هەوڵدەدەن سیمنار ساز بکەن و لاوانیش بە خۆپیشاندان و چالاکی ترەوە ئەو یادە گەشاوەتر بکەن.

عەبدولباقی یوسف پێیوایە ئەو ڕووداوە کارەساتێکی گەورەیە و ساڵ بە ساڵ زیاتر دەبێتە مایەی گرنگی پێدانی خەڵک " لە ڕابردوو زۆر کەم دەربارەی ئەم ڕووداوە دەزانرا، خەڵک دەترسا باسی بکات و بەشداری یادکردنەوەی بکات، بەڵام ئێستا خەڵک و حیزبە کوردییەکان یادی دەکەنەوە".

ڕووداو

# کاروباری سیاسی



ڕووداو - بەغدا

◆ یونادم یوسف کەننا، ئەندامی پەرلەمانی عێراق و سکرتێری بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەوان بەکەمکردنەوەی ژمارەی کورسییەکانیان لەسێ کورسی بۆ یەک کورسی لەئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ و بەغدا و بەسرا و کەرکووک ڕازینین و گوتی "بۆچوونی هەموو گرووپە مەسیحییەکان ئەوەیە بەشداری هەڵبژاردنەکان نەکەین". بەهۆی دژایەتی هەردوو لیستی ئیئتیلاف و تەوافوق ڕێژەی کورسی پێکهاتە ئاینیی و نەتەوەییەکان کەمکرایەوە.

## مەسیحییەکان هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بایکۆت دەکەن



### بەڕێوەبەری نووسینگەی هەولێری باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە عێراق:

# بەریتانیا لە ئەگەری توونودتیژبوونی پەیوەندی نێوان کوردستان و بەغدا دڵتەنگە

**نووسینگەی هەولێری باڵیۆزخانەی عێراق لە مانگی کانوونی دووەمی 2007 لە هەولێر کراوەتەوە، ڕۆبەرت وڵسن بەڕێوەبەریەتی کە پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ سەرکردەکانی هەرێمی کوردستاندا هەیە، بۆیەکەمجار لەساڵی 1995 سەردانی باشووری کوردستانی کردووە. ڕۆبەرت وڵسن دەڵێ ئەوان زۆرجار بۆ گەیشتنە مەبەستەکانیان سوود لە پشتیوانی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان وەردەگرن. ڕۆبەرت وڵسن، کە دوای مانگێکی دیکە دەچێتە باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا، باسی پەیوەندی بەریتانیا- هەرێمی کوردستان و سروشتی کاری نووسینگەکەیان بۆ (ڕووداو) دەکات:**

**ڕووداو-هەولێر**

## هەندێکجار پشت بە پشتیوانی بەرپرسانی کوردستان دەبەستین بۆ ئەو پرسانەی لە عێراقدا بۆ ئێمە گرنگن

**ڕووداو: کاری نووسینگەی بەریتانیا لە هەولێر چییە؟**

**ڕۆبەرت وڵسن:** دیارە ئەمە نووسینگەیە نەک کۆنسوڵگەری. کاری کۆنسوڵگەری یارمەتیدانی خەڵکی بەریتانیایە لە وڵاتەکان، بەڵام ڕێژەیەکی کەم خەڵکی بەریتانی لێرە دەژین. لەبەرئەوە بە فەرمی ئێمە نووسینگەی باڵیۆزخانەی بەریتانیاین نەک کۆنسوڵگەری. نووسینگەکەمان ئێستا لە هۆتێلی خانزادە، بەڵام هیوادارین بە زووترین کات وەک نووسینگەی وڵاتانی دیکە شوێنێکی گونجاو بدۆزینەوە. من بۆ ماوەیەکی کاتی و تەنها بۆ مانگێک لێرە دەبم و دواتر دەگەڕێمەوە بەغدا. بوونی نووسینگەکەمان لەهەولێر بەهۆی ئەو پەیوەندییە دێرینەیە کە لەگەڵ سەرکردایەتی کورد هەمانە،ئێمە لەساڵانی نەوەتەکان بەردەوام سەردانی کوردستانمان دەکرد، ئێمە زۆر خۆشحاڵین بەو سەقامگیری و میواندۆستیەی لێرە هەیە. من و بەرپرسە بەریتانییەکانی دیکە هەست بەوەدەکەین کە کار کردن لە کوردستان ئاسانترە و، دەتوانین بەراشکاوانە گفتوگۆ لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمی کوردستان بکەین تەنانەت لەوکاتانەشدا کە بیروبۆچوونەکانیشمان جیاوازن . زۆر گرنگە بۆ ئێمە کە ڕاگۆڕینەوەو گفتوگۆ لەگەڵ بەرپرسانی کوردستان بکەین چونکە ڕۆڵێکی گرنگ لە عێراقی نوێدا دەگێڕن و، هەندێکجار پشتیان پێدەبەستین بۆ وەدەستهێنانی پشتگیریی سیاسی لەو پرسانەدا کە بەلای ئێمەوە گرنگن. هەندێکجار پێویستە قسە لەگەڵ بەرپرسانی کوردستان بکەین بە هۆی ئەو بەهەڵە لێکگەیشتنەی لە نێوان هەولێر وبەغدا دروست دەبێت، ئێمە دەمانەوێ ڕۆڵێکی بنیاتنەرانە ببینین و پێمانخۆشە پەیوەندی نێوان کوردستان وعێراق زۆر باش بێت. ئامانجێکی دیکەی نووسینگەکەمان ئەوەیە دەمانەوێ پەیوەندی ئابووری و بازرگانیمان هەبێت لەگەڵ کوردستان .

**ڕووداو: هیچ کارێکتان کردووە بۆ هێنانی کۆمپانیا و بازرگانانی بەریتانی بۆ هەرێمی کوردستان؟**

**ڕۆبەرت وڵسن:** بەڵێ بەشێوەیەکی سنووردار ئەو کارەمان کردووە. لەڕاستیدا پێوەندی بازرگانی ئێمە لەگەڵ عێراق و بەتایبەتی لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەلایەن باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە شاری عەممانی ئوردنەوە بەڕێوەدەچێت.ئێستا کە قسە دەکەین، شاندێکی بازرگانی بەریتانی کە لە 20 کۆمپانیا پێکهاتووە بەڕێوەیە بۆ کوردستان و سەردانی شارەکانی هەولێر و سلێمانی دەکەن.بڕیارە ئەو شاندە لەگەڵ کاربەدەستان و بازرگانانی کورد کۆببێتەوەو باسی هەلی کارکردن لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی بکەن. هەروەها نوێنەری بازرگانی باڵیۆزخانەی بەریتانیا لەعەمانیش لەگەڵ ئەو شاندەدایە. هەروەها ئێمەش یارمەتی ئەو بازرگانانە دەدەین کە دەیانەوێت لە هەرێمی کوردستان کار بکەن.

**ڕووداو: چەند ساڵێک لەمەوبەر، شاندێکی بازرگانی دیکەی بەریتانی سەردانی کوردستانی کرد، بەڵام هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبوو، ئایا ئەم گەشتە لەویتر جیاواز دەبێ؟**

**ڕۆبەرت وڵسن :** هیوادارین کە جیاواز بێت. خۆی لە ڕاستیدا گەشتەکانی دیکە تەنیا بۆ زانیاری وەرگرتن بوون و بۆ ئەوەبوو کە کۆمپانیا و بازرگانەکانی بەریتانیا بزانن بازرگانی لە عێراق چۆن دەکرێت. کۆمپانیا بەریتانییەکان زانیاری باشیان لەو سەردانانە دەستکەوت، هیوادارین ئەمجارە سەرکەوتوو بن.

**ڕووداو: هیچ کەموکورتییەک لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەبووە لە نەهاتنی کۆمپانیا بەریتانییەکان بۆ کوردستان؟**

**ڕۆبەرت وڵسن :** لە ڕاستیدا حکوومەتی هەرێمی کوردستان زۆر باش بوو و لەو بارەوە هاوکاری زۆری کردووین، بارودۆخەکەشیان زۆر ئاسانکردووە بۆ بازرگانانی بیانی کە بێن بازرگانی لە کوردستان بکەن.بەڵام بەڕای من یەکێک لەو کێشانەی کە لە سەرانسەری عێراق و بەکوردستانیشەوە هەیە ئەوەیە کە خزمەتگوزاری بانک و سیستەمی دڵنیایی نییە. دەزانم ئەو کێشەیە دەبێ لە بەغدا چارەسەر بکرێت، بەڵام کاریگەرییەکی خراپی لەسەر ڕاکێشانی بازرگانی و بازرگانان هەیە. لەبەرئەوە هەندێ کێشە لە بواری ژێرخانی بازرگانیدا هەن،پێویستە چارەسەر بکرێن. هیوادارم سیاسەتمەدارانی کورد کاریگەری خۆیان لە بەغدا بەکاربێنن بۆ پەسەندکردنی ئەو یاسایانەی پێوەندییان بە بازرگانی و سیستەمی بانکییەوە هەیە. بە ڕای من کارێکی باشبوو کە پەرلەمانی کوردستان یاسای وەبەرهێنانی پەسەند کرد، ئەوە هەنگاوێکی گرنگ بوو. هەروەها هەرێمی کوردستان لەبەر ئارامی بارودۆخەکەی، لە ڕووی بازرگانییەوە لە ناوچەکانی دیکەی عێراق لەپێشترە. بەپێی ئەو ئەزموونەی عێراق پێیدا ڕۆیشتووە، بازرگانی بە خاوی دەست پێدەکات و پاشان بەرەبەرە خێراتر دەبێت.

**ڕووداو: بۆچی تا ئێستا چالاکییەکانتان لە کوردستان زۆر بەرچاو نەبوونە؟**

**ڕۆبەرت وڵسن :** زۆربەی چالاکییەکانمان سیاسی بوون. چاوپێکەوتن و کۆبوونەوەمان لەگەڵ سەرکردایەتی کورد کردووە.ئەمەش بەمەبەستی باشتر تێگەیشتنی بارودۆخی

## بەریتانیا لە ژنکوژی کوردستان نیگەرانە

کورد، ئێمە بیروڕای بەرپرسانی کورد دەگەیێنینە هاوکارانمان لە بەغدا و لەندەن. هەروەها زۆر خەڵکی سیاسی و ئابووری سەردانمان دەکەن. جگە لەوەش کاتێک شاندی بەریتانی ویەکێتی ئەورووپا سەردانی ئێرە دەکەن، ئێمە هاوکاریان دەکەین.

**ڕووداو: ڕۆڵی ئێوە لە تیمی هەرێمی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان RRT دا کە تیمێکی هاوبەشی ئەمریکا وتیپی زەیتونی کۆریایە، چییە؟**

**ڕۆبەرت وڵسن:** پێموانییە ئامانجی سەرەکی ئێمە لە هەرێمی کوردستان ئاوەدانکردنەوە بووبێت. زۆربەی کارەکانی ئێمە زیاتر لە باشووری عێراق و شاری بەسرە بووە. لەبەرئەوە کاری ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بەرپرسیاریێتی ئەمریکا و تیمی زەیتون بووە. ڕاستە هەرێمی کوردستان پێویستی بە پرۆژە و کاری ئاوەدانکردنەوە هەیە، بەڵام لە هەمانکاتدا ناوچەکانی دیکەی عێراق زیاتر پێویستیان بە ئاوەدانکردنەوەیە. هەروەها لەبەرئەوەی ئێستا عێراق داهاتی نەوتی خۆی هەیە و بەشێکی دەگاتە هەرێمی کوردستان، ئێمە ڕۆڵی خۆمان لەوە نابینینەوە کە پارە بدەین بۆ پرۆژەی ئاوەدانکردنەوە، یاخود کاری ئاوەدانکردنەوە ئەنجامبدەین، بەڵکو ڕۆڵی ئێمە ئەوەیە کە پسپۆر دابین بکەین بۆ چاودێریکردنی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە. ئێستا کوردستان، کێشەی پارەی نییە، بەڵکو کێشەی نەخشەکێشان و جێبەجێکردنی پرۆژەکانی هەیە.

**ڕووداو: ئێستا هاوکات لەگەڵ بەردەوامی گفتوگۆکانی ئەمریکا و عێراق لەسەر مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی ستراتیژی نێوان ئەمریکا و عێراق، ئێوەش دەتانەوێ ڕێککەوتنێکی وا لەگەڵ عێراق مۆربکەن، ئایا ئێوە هیچ کاتێکتان دیاریکردووە بۆ کشانەوەی هێزەکانتان لە عێراق؟**

**ڕۆبەرت وڵسن:** بەڵێ، ئێمە لە مانگی حوزەیرانی ڕابردووەوە گفتوگۆمان لەگەڵ کاربەدەستانی عێراق کردووە و دووجار کۆبوونەوەمان لەگەڵدا ئەنجامدان کە من ئامادەی هەردوو کۆبوونەوەکە بووم، لەو کاتەشدا ئەمەریکییەکان حەزیان دەکرد هەتا کۆتایی هاوین بگەنە ڕێککەوتن. ئێمە پێمان باشبوو کە چاوەڕێ بکەین، تاوەکو گفتوگۆکانی ئەمەریکا تەواو دەبێت، لەبەرئەوەی بەگشتیی مەرجەکانی ئێمە زۆر لە مەرجانەی ئەمەریکاوە نزیکن. سەبارەت بە دیاریکردنی کاتی کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیا لە عێراقیش، گۆردن براونی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا لە وتارەکەی مانگی تەممووزی ڕابردوودا ڕایگەیاند کە لە نیوەی دووەمی ساڵی 2009 گۆڕانکاری لە مانەوەی سوپای بەریتانیا لە عێراق دا دەکرێت، کە دەبێ ئەمەش بە وردی لەگەڵ بەرپرسانی بەغدا باس بکەین.

**ڕووداو: بۆچوونتان بەرامبەر ئەو ناکۆکی وتەنگژانە چییە کە کەوتوونەتە نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا؟**

**ڕۆبەرت وڵسن :** ئێمە دوو نیگەرانیمان هەیە: یەکەمیان، ئەوەیە کە ئێمە زۆر زۆر نیگەرانین لەوەی ڕەنگە بەهۆی ڕووداوێکەوە یاخود لێکنەگەیشتنێک بارودۆخەکە ئاڵۆزتر بێت و بگاتە توندوتیژی. هەرچەندە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پارتە کوردییەکان و حکوومەتی بەغداش باش دەزانن کە دروستبوونی کارێکی وا دەبێتە کارەسات. مانگی 7 و8 گرژییەکی زۆر لە کەرکووک وخانەقین دروستبوو، جێگەی خۆشحاڵییە کە سەرکردایەتی هەردوولا گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە دەبێ کۆنترۆڵی بارودۆخە بکەن. نیگەرانی دووەم، ئەوەیە کە ئەو ناکۆکییە تێکەڵاوی چەند مەسەلەیەکی دیکە بووە، وەکو مەسەلەی یاسای نەوت و گاز و دابەشکردنی داهات و ماددەی 140 . ئەمەش بووەتە هۆی خاوبوونەوەی پرۆسەی پێشخستنی باری ئابووری عێراق بەگشتیی و دروستبوونی بێهیوایی و نیگەرانی خەڵک، کاتێک خەڵکیش تووشی نیگەرانی دەبێ، دەبێتە هۆی دروستبوونی ناسەقامگیری. پێویستە هەردوولا هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانیان بدەن. لەوانەیە هەندێ مەسەلە پێویستیان بەوە بێت کە ئێستا چارەسەری بکەن و هەندێکیشیان پێوستیان بەوە بێت 5 تا 10 ساڵ دوابخرێن. بەڵام مانەوەی کێشەکان ڕێ لە پێشڤەچوونی عێراق دەگرێت.

**ڕووداو: هەندێ لە سیاسەتمەدارانی بەغدا، پێیانوایە کە ڕەنگە بەردەوامی ئەو تەنگژانە و زیاترکردنەوەی ڕۆڵی سوپا ببێتە هۆی دروست بوونی کودەتای سەربازی لەبەغدا؟**

**ڕۆبەرت وڵسن:** لە ڕاستیدا زۆر شت دەگوترێت لە سیاسەتی عێراقدا، بەڵام زۆربەیان ئاماژەی سیاسین نەک بەڵگەی ڕاستەقینەی پلان داڕێژراو. هیوادارم کاری لەو جۆرە ڕوونەدات. خەڵکی عێراق زۆر ئازاری چێشتووە بۆ ئەوەی ئەو دیموکراسییە بەدەست بێنێت. دیارە ئەوە دیموکراسییەکی تەواو نییە و پرۆسەی بنیاتنانی دیموکراسی تاوەکو ماوەیەکی دوورودرێژیش هەر تەواو نابێت، بەڵام دەبێ بەرگەی بگرن و چاوەڕێ بن. هەموو جارێک نموونەیەکم دێتەوە بیر، ئەویش کاتێک لە ساڵانی 2003 و 2004 لە بەسرە بووم و شاندێکی ئافرەتان سەردانیان کردین، کە هەموویان لەچک و دەستکێش و پەچەیان بەستبوو، ئەو کات ئایەتوڵڵا سیستانی سوور بوو لەسەر ئەوەی هەڵبژاردن زوو ئەنجامبدرێت، یەکێک لەو ئافرەتانە گوتی" باشترە هەڵبژاردن زوو ئەنجامبدرێت، ئێمە هیچ شتێک لەبارەی دیموکراسییەوە نازانین، جاری یەکەم و دووەم کارەساتاویی دەبێ، بەڵام دواجار لە هەڵەکانمانەوە فێر دەبین و بارودۆخەکە بەرەو باشی دەڕوات". ئەو بیروڕایەم زۆر لا پەسەند بوو، ئەمە قسەی کەسێک بوو کە باکگراوندێکی پارێزکارانەی هەبوو. کە ڕەنگە لە عێراقیش نەچووبێتەوە دەرەوە، تا لەوە بگات کە دیموکراسی دەبێ فێری ببیت و ئەزموونی لێ وەربگری.

**ڕووداو: بۆچی بەریتانیا زۆر بە زەحمەت ڤیزا دەداتە خەڵکی کوردستان وعێراق؟**

**ڕۆبەرت وڵسن :** (بە پێکەنینەوە) ڤیزای بەریتانی بۆ هەمووان زەحمەتە، هیچ جیاکارییەک لەمبارەیەوە نییە، ئەوەندەی ئاگادارم جارێ وەک پێویست ڤیزادان بۆ عێراقییەکان دەستەبەر نییە، بەڵام هیوادارم لە داهاتوودا باشتر ببێت.

**ڕووداو: لەم دواییەدا، حکومەتی بەریتانیا، چەندان جار پەناخوازی کوردی بەزۆر لە بەریتانیاوە ناردوونەتەوە، ئایا لەوبارەوە قسەتان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان نەکردووە؟**

**ڕۆبەرت وڵسن:** ئێمە پرۆگرامێکمان هەیە بۆ ئەو پەنابەرە کوردانەی لە بەریتانیان و دەیانەوێ بە ئارەزووی خۆیان بگەڕێنەوە، هەوڵدەدەین خۆمان لەوە بەدوور بگرین کەبە زۆر خەڵک بگەڕێنینەوە،حکومەت و دەسەڵاتی کوردستانیش زۆر هاوکاربوونە. ڕاستە پەناخوازی کوردمان ناردووەتەوە،بەڵام هەوڵدەدەین هاتنەوەکە ئارەزوومەندانە بێت.

**ڕووداو : ڕات بەرامبەر گوندی ئینگلیزی چییە کە لە هەولێر دروستکراوە**

**ڕۆبەرت وڵسن:** بەداخەوە لەبەر نەبوونی کات تائێستا گوندی ئینگلیزم نەبینیوە.

**ڕووداو: تۆ ساڵێک لە بەسرا بووی وباسی شاندێکی ژنی شیعەشت کرد کە هاتوونەتە لات، ڕات بەرامبەر ژنی کورد و ژنی عەرەب چییە؟**

**ڕۆبەرت وڵسن:** من زۆر لە وڵاتانی عەرەب گەڕاوم، لە کوردستان کارێکی جوانە کە ژن ئازادی زێتری هەیە لەوەی سەری داپۆشێت یان نا، بەلای منەوە هیچ کێشەیەک نییە ئەگەر ژن بۆ خۆی حەز بکات سەری داپۆشێت، بەڵام ئەگەر بە زۆر بێت ئەوە چەوساندنەوەیەو دژی ئازادییە .

**ڕووداو: زۆرجار لە ڕاگەیاندنی بەریتانیدا باسی ژنکوژی لە کوردستان دەکرێت وچەند ژنێکی کوردیش لەلایەن کەسوکاریانەوە لەبەریتانیا کوژراون، لەمبارەیەوە هەڵسەنگاندنت بۆ ڕەوشی ژنان لە کوردستان چۆنە؟**

**ڕۆبەرت وڵسن:** بەڕاستی ئەوە جێی نیگەرانی بەریتانیایە، نێردراوی مافی مرۆڤی بەریتانی ئان کلوید کە ماوە ماوە سەردانی کوردستان دەکات ئەو پرسە لەگەڵ بەرپرسانی کوردستان باس دەکات، بۆیە هیوادارین کۆتایی بە ژنکوژی بێت.

# پاتریارک پێیخۆشە بگەڕێتەوە هەریر

## "کورد دەستی لە دەرکردنی خێزانە کریستیانەکانی موسڵ دا نەبوو"

**شەوقی کانەبی**

**ڕووداو- هەریر**

پاتریارک ماردنخا، پاتریارکی کەنیسەی ڕۆژهەڵاتی ئاشووری کە مەرجەعی باڵای گشت ئاشووریەکانی جیهانە، لەسەردانێکیدا بۆ کوردستان سەری زێدی خۆی لەشارۆچکەی هەریر دا کە 73 ساڵ بەر لەئێستا لەوێ لەدایکبووە، لەدیدارێکی تایبەتدا لەگەڵ (ڕووداو) ئاماژەی بەدۆستایەتی لەمێژینەی گەلی کوردو ئاشووری کردو ئەو تۆمەتانەشی ڕەتکردەوە کە دەستی کورد لەپشت دەرکردنی مەسیحییەکانەوە بووبێت، گوتی "دەرکردنی مەسیحیەکان ئامانجێکی سیاسی لەپشتەوە بوو".

ماردنخا کە ئێستا لەویلایەتی شیکاگۆی ئەمریکا نیشتەجێیە، بۆ ئاگاداربوون لەبارودۆخی ژیانی مەسیحییەکان و دانانی بەردی بناخەی پاتریارکی ئاشووری لەهەولێر و سازدانی کۆبوونەوەیەکی گەورەی پاتریارکیەتی ئاشووری جیهان بە ناوی کۆبوونەوەی (سنحادوس) کە لەمەترانیەی دهۆک سازدرا، بە سەردانێک هاتووەتە کوردستان.

ماردنخا هەر جارێک بێتە کوردستان سەر لەزێدی خۆی لەگوندی دەربەندۆکی سەر بە شارۆچکەی هەریر دەدات، کە هەرچەندە ئێستا هیچ مەسیحی و ئاشووریەک لەوێ نەماون، بەڵام غوربەتی دڵی خۆی بە بینینی ئەو ناوچەیە دەشکێنێت و، دەچێتە ماڵی محەمەد قادر ئاغای سوورچی، وەک یەکێک لەهاوڕێکانی سەردەمی منداڵی خۆی "کە دێمە ئێرە هەموو ئەو پیرەمێردانە دەبینم کە ئەو کات هاوڕێی سەردەمی منداڵیم بوونەو ئێستا پێیان شاد دەبمەوەو دڵم پێیان خۆش دەبێت، ئێرە بۆ من شوێنێکی نامۆ نیەو وەک ماڵی خۆم وایە".

بەپێی زانیاری سەرچاوە مێژووییەکان لەسەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهان ڕێژەیەکی زۆری مەسیحییەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەبەر زوڵم و زۆری ئیمپراتۆریەکە بۆ شوێنی جیا جیا ڕایانکرد، بەشێکی ئەو مەسیحیانەش هاتنە کوردستان و لەو ڕێژەیەش 1000 ماڵیان لەشارۆچکەی هەریرو گوندەکانی دەوروبەری گیرسانەوە و لەلایەن ئینگلیزەکانەوە نیشتەجێکران.

پیرەمێردێکی شارۆچکەی ناوبرا دەڵێت "پێکەوە ژیانێکی زۆر باش لەنێوان موسڵمانەکان و مەسیحییەکان هەبوو، بەڵام هەر لەساڵی 1963 کاتی هاتنە سەر حوکمی ڕژێمی بەعس لەعێراق هەوڵی دەرکردنی مەسیحیەکان لەهەریر دەدرا، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ فشاریان لەسەر زیاتر دەبوو، بەعس لەیەکەم هەوڵیدا کڵێسایەکی مەسیحییەکانی بە بیانووی دروستکردنی شەقام لەهەریر ڕووخاند".

ئەم پیرە پیاوە کە تەمەنی نزیک بە 100 ساڵ دەبێت گوتیشی" لەساڵی 1963 مەسیحیەکان بە کۆمەڵ ناچار کران شارۆچکەی هەریرو گوندەکانی دەوروبەریشی بەجێبێڵن، لەو هەڵمەتەش حکومەتی بەعس و هەندێک لەپیاوانی بەعسی نیشتەجێی هەریر بەشداربوون، هەندێک لەمەسیحیەکان موڵکەکانیان بە موسڵمانانی نیشتەجێی هەریر فرۆشت و هەندێکیشیان موڵکەکانیان لەلایەن خەڵکی ئەو ناوچەیە دەستی بە سەردا گیرا".

پاتریارک ماردنخا ئەمڕۆ بەرزترین پۆستی ئایینی ئاشووریەکانی جیهانی هەیە، بەم چەشنەش ماردنخا دەبێتە یەکەم هاووڵاتی کوردستان کە بگاتە پایەی پاتریارکیەتی ئاشووری.

بوونی ئاشوورییەکان لەهەریر مێژوویێکی کۆنە، بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا ئاشووریەکان نیازیان هەیە جارێکی دیکە بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان لەهەریر و دەوروبەری لەکاتێکدا کوردستان ئارامترین شوێنی عێراقە بۆ مەسیحییەکان، پاتریاک ئەمە بەدوور نازانێت کە هاووڵاتیانی ئاشووری بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان لەهەریرو، دەڵێت "ئەگەر بارودۆخ هاوکار بێت ئێمەش پێمان خۆشە بگەڕێینەوە سەر خاکی خۆمان لەهەریر".

پاتریارک ماردنخا، دوور لەقسەی هەڵبەسترا و بەچاوی خۆی ڕەوشی ژیانی مەسیحییەکانی بینی لەهەرێمی کوردستان بەتایبەتی ئەوانەی لەدەشتی موسڵ و خوارووی عێراق لەترسی گیانی خۆیان ڕایان کردووەو هاتوونەتە کوردستان، ماردنخا گوتی ئەوان و گەلی ئاشووری لەهەڵوێستی سەرکردایەتی سیاسی کورد ڕازین "ئەو تۆمەتانە ڕاست نین کە دەڵێن دەستی کورد لەپشتی دەرکردنی مەسیحیەکانەوە بوو بێت".

پاتریارکی کەنیسەی ڕۆژهەڵاتی ئاشووری گوتیشی "پەیوەندی گەلی ئاشووری و گەلی کورد پەیوەندییەکی دێرین و برایانەیە، دەرکردنی مەسیحیەکانیش ئامانجێکی سیاسی لەپشتەوە بوو".



**پاتریارک ماردنخا**

**- لەساڵی 1935 لەگوندی دەربەندۆکی سەر بە شارۆکەی هەریری پارێزگەی هەولێر لەدایکبووە**

**- لەساڵی 1947 هاتووەتە هەریرو بە ماوەی 10 ساڵ قۆناخەکانی شەماشەو قەشایەتی لەهەریر تەواو کردووەو بووەتە مەتران.**

**- لەساڵی 1957چووەتە ئێران و هەموو پلەو قۆناخەکانی کلێسای ئاشووری بڕیوە.**

**- ئێستا لە ئەمەریکا نیشتەجێیە.**



خۆپیشاندانێکی نارەزایی قوتابیان لە هەولێر (فۆتۆ: ڕووداو)

## بۆ دیاریکردنی چارەنووسی 10 هەزار قوتابی

# 5 وەزیر بانگهێشتی پەرلەمان دەکرێن

**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو-هەولێر**

وەک چەندین قوتابی دیکە، ڕۆشنا ئەحمەد، ساڵی ڕابردوو لەپۆلی شەشەمی وێژەیی خۆی هێشتەوە بەو ئومێدەی نمرەیەکی بەرز بێنێ و لەکۆلیژێکی بەرز وەربگیرێت،بەڵام ئەو کە ئەمساڵ ڕێژەی نمرەکانی 64ی بەدەستهێناوەو ناوی لە هیچ شوێنێک دەرنەچووە تووشی شۆک بووە. ڕۆشنا دەڵێ " 13 ساڵی خوێندنم بەخۆڕایی ڕۆیشت".

ڕۆژی 2008/11/5 ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان ناوی قوتابییە وەرگیراوەکانی زانکۆو پەیمانگەکانی ئاشکرا کرد کە لەکۆی 31393 قوتابی، تەنیا 21401 قوتابی وەرگیران. ئەو قوتابیانەی تێکڕای نمرەکانیان لەبەشی زانستی 55% کەمتر بوو لەهیچ زانکۆو پەیمانگایەک وەرنەگیراون،دەرچووانی بەشی وێژەییش ئەوانەی نمرەکانیان لە 65% کەمتر بوو وەرنەگیراون.

یەک ڕۆژ دوای ئاشکراکردنی ناوەکان بەسەتان قوتابی کە ناویان نەگەڕابووەوە خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵا ڕێکخست و، داوای دیاریکردنی چارەنووسی خۆیانیان کرد.

بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ئەو 10 هەزار قوتابییە وەرنەگیراوە، پەرلەمانی کوردستان بڕیاریداوە ئەم هەفتەیە پێنج وەزیر بانگهێشتی پەرلەمان بکات.، کە بریتین لە وەزیری خوێندنی باڵا، پەروەردە، پلاندانان، کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و پلاندانان.

نازناز محەممەد، سەرۆکی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لەپەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە لیژنەکەیان نووسراوێکی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بەرز کردووەتەوە تا بانگهێشتی ئەو 5 وەزیرە بکات، بۆ ئەوەی کۆبوونەوەیان لەگەڵ بکرێ، کە بەرنامەی حکومەت چییە، بۆ ئەو ژمارە زۆرەی قوتابی کەدەردەچن و لەهیچ شوێنێک وەرناگیرێن.

ئەو پەرلەمانتارە ئاماژەی بەوەدا لەبەر ئەوەی هەموو ساڵێک ژمارەی قوتابی زیاد دەکات، وەرنەگرتنی قوتابییان دەبێتە نەریت، بۆیە "نابێت حکومەت بێ بەرنامە بێت، ڕێگەی دیکە بۆ ئەو قوتابییانە هەیە، وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی دەبێت بۆ ئەو قوتابیانە خولی فێرکردنی کار بکاتەوە".

گوتیشی " دەبێت پەرلەمان لەو هەفتەیەدا بانگهێشتی ئەو وەزیرانە بکات، ئەگینا هەوڵی خۆمان دەدەینەوە".

مرواری فەتاح، کە دەرچووی بەشی وێژەییە تێکڕای نمرەکانی 65% ە، ناوی نەگەڕاوەتەوە، گلەیی لەپەرلەمانی کوردستان کرد کە بۆچی بەدەم داواکارییەکانیانەوە ناچن، مرواری باسی لەقوتابیانی پارچەکانی دیکەی کوردستان کرد کە بەنمرەیەکی کەم لەزانکۆکانی ئێرە وەرگیراون "کەچی ئێمە خەڵکی ئەم وڵاتەین پشتگوێ خراوین".

د.محەمەد سابیر، بەڕێوەبەری گشتی خوێندن و پلاندانان لەوەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند هێشتا لەلێکۆڵینەوە دان، تا ژمارەیەکی زیاتر قوتابی وەربگرن "ئەگەر لەتواناماندا بێت بەدڵنیاییەوە ژمارەیەکی زیاتر وەردەگرین".

ناوبراو هۆکاری وەرنەگرتنی ئەو ڕێژەیە زۆرەی قوتابیان بۆ وەزارەتی پەروەردە گەڕاندەوە کە ساڵی ڕابردوو بڕیاری داخستنی پەیمانگاکانی مەڵبەندی مامۆستایان و خانەی مامۆستایانی دا "چونکە ئەو پەیمانگایانە نزیکەی 4-5 هەزار قوتابییان وەردەگرت".

بەبڕوای د.محەممەد، زانکۆو پەیمانگەکانی کوردستان لەوە زیاتر لەتوانیان دا نییە قوتابی وەربگرن، بەڵکو زۆر لەتوانای خۆیان زیاتر وەرگرتووە "زانکۆو پەیمانگەکانی کوردستان توانای 10-12هەزار قوتابی هەیە، بەڵام 22 هەزار قوتابیمان وەرگرتووە".

## وەزارەتی خوێندنی باڵا لەسەر کردنەوەی کۆلیژە پزیشکییە ئەهلییەکان و قوتابیانیش لەسەر مانگرتن

# هەردوولا سوورن لە سەر بڕیارەکەیان



**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو-هەولێر**

وەک چەندین قوتابی دیکەی کۆلیژە پزیشکییەکان، یاسین مەناف، 25 ساڵ، ناڕازییە لەبەرامبەر کردنەوەی هەردوو بەشی دەرمانسازی لەزانکۆی جیهانی ئەهلی و بەشی پزیشکی ددان لەکۆلیژی ئیشقی ئەهلی،لەبەرئەوەی بە بڕوای ئەو، کردنەوەی ئەو بەشە پزیشکییانە لەو قۆناخەدا پێویست نین "چونکە حکومەت تا ئێستا نەیتوانیوە کەموکوڕییەکانی کۆلیژە حکومییەکان پڕ بکاتەوە".

یاسین، ئەوکاتەی بەوباوەڕەوە لە ڕۆژی 2008/11/3 لەگەڵ قوتابیانی دیکەی کۆلیژەکەی لە نێو خۆپیشاندان دا بوو، گوتی"ئەگەر گوێ لەداواکارییەکانمان نەگرن، چیتر دەوام ناکەین و کۆلیژەکانمان دادەخەین".

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی کردنەوەی ئەو دوو بەشە پزیشکییە ئەهلییە، کۆلیژە پزیشکییەکانی زانکۆی هەولێری پزیشکی لەڕۆژی 2008/9/16 یاداشتێکی نارەزاییان ئاراستەی وەزارەتی خوێندنی باڵاو لایەنە پەیوەندیدارەکان کرد و داوای داخستنی ئەو دوو کۆلیژەیان کرد، بەڵام هیچ لایەک وەڵامی نەدانەوە، بۆیە ڕۆژی 2008/11/3 خۆپیشاندانێکیان سازکرد، ئێستاش مانیان گرتووەو ناچنە هۆڵەکانی خوێندن.ئەو خۆپێشاندانە لە هەمانکاتدا سلێمانیشی گرتەوە.

ناسر عەبدوڵڵا، قوتابی قۆناخی سێیەمی کۆلێژی دەرمانسازی هەولێر بەهەمان شێوە ناڕازییە، چونکە بەبڕوای ئەو کردنەوەی ئەو بەشە پزیشکیانە لەکۆلیژ و زانکۆ ئەهلییەکان "دەبێتە هۆکارێک بۆ پەیدابوونی پزیشکی ناشارەزا".ئەو قوتابییە ناڕازییانە مەترسی ئەوەیان هەیە قوتابییە دەوڵەمەندەکان بەنمرەی نزم لەو زانکۆ ئەهلیانە وەربگیرێن و مامۆستاکانیش بۆ پارەی زیاتر ڕوویکەنە ئەو زانکۆیانەو زانکۆ حکومییەکان پەکیان بکەوێت.

بەڵام د.هیمداد عەبدولقەهار، بەڕێوەبەری خوێندنی ئەهلی لەوەزارەتی خوێندنی باڵا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەوان چەندین مەرجی زانستییان داناوە بۆ کردنەوەی ئەو بەشە پزیشکییە ئەهلیانە "دوای ئەوەی پێداویستی تەواو هەبوو لەلایەن کۆلیژە ئەهلییەکان بۆ کردنەوەی بەشە پزیشکییەکان، ئێمەش بەپێی ڕێنمایی زانستی مۆڵەتمان بەکردنەوەی بەشی پزیشکیدا لەکۆلیژە ئەهلییەکان".

تا ئێستا 7 کۆلیژ و زانکۆ لە کوردستان کراونەتەوە، کە بریتین لە: کۆلیژی جیهان، کۆلیژی ئیشق، زانکۆی لوبنانی-فەرەنسی، زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، زانکۆی ئەمریکی، کۆلیژی دهۆکی زانکۆیی، لقی زانکۆی دیجلەش کە بەمزوانە دەکرێتەوە.

وەزارەتی خوێندنی باڵا سێ مەرجی سەرەکی هەیە بۆ کردنەوەی ئەو بەشە پزیشکیانە، لەوانەش بوونی پرۆگرامی خوێندن، کادیری وانە گوتنەوە، لەگەڵ پێداویستی و تاقیگە.

د.هیمداد گوتی "پرۆگرامەکانی ئەو دوو کۆلیژەمان بۆ هەردوو کۆلیژی دەرمانسازی و ددانسازی زانکۆی هەولێری پزیشکی نارد، ئەوان ڕازی بوون بەو پرۆگرامە، لەڕووی مامۆستای وانە گوتنەوەش هیچ کەموکوڕییان نییە، هەروەها لیستی کەلوپەل و پێداویستی تاقیگەکانیان نیشاندایـن، عەرزی ئەو کۆمپانیایانەشیان بۆ هێناین کە شتەکانیان بۆ دابین دەکەن، لەوەش هیچ کەموکوڕییەکیان نییە".

### هۆیەکانی خۆپیشاندان و مانگرتنی قوتابیان

- دەرچووانی کۆلیژە پزیشکییەکان دژی دامەزراندنی گرێبەستن.
- قوتابییانی کۆلیژە پزیشکییەکان دژی کردنەوەی کۆلیژە پزیشکییە ئەهلییەکانن.
- قوتابیانی کۆلیژەکانی ئێواران دژی بڕیاری کۆکردنەوەی کۆلێژەکانیان لە زانکۆیەکی تازەدا مانیان گرتووە، دەڵێن بەوشێوە بڕوانامەکەیان باوەڕپێکراو نابێ
- 10 هەزار دەرچووی ئامادەیی کە وەرنەگیراون داوای دیاریکردنی چارەنووسیان دەکەن.



ڕێژەی وەرگرتنی قوتابییانیش لەو دوو کۆلیژە ئەهلییە، لەدەسەڵاتی وەزارەتی خوێندنی باڵادایە وەک د.هیمداد گوتی "بۆ کۆلیژی دەرمانسازی زانکۆی جیهان 65 قوتابیمان داناوە و بۆ کۆلیژی پزیشکی ددانی ئیشقیش 50 قوتابی".

سەبارەت بەمەرجی وەرگرتنیش، بەڕێوەبەری خوێندنی ئەهلی گوتی "ئەو قوتابییەی داواکاری پێشکێشی ئەو دوو بەشە دەکەن نابێ تێکرای نمرەکانی لەپۆلی شەشەمی ئامادەیی لە 80% کەمتر بێ، هەروەها دەبێ لەهەرسێ وانەی کیمیا، فیزیا، زیندەوەرزانی تێکڕای نمرەکانیان لە 70% کەمتر نەبێ و لەخولی یەکەمی تاقیکردنەوەکانیش لەو سێ وانەیە دەرچووبێ".

لەکاتێکدا قوتابیان سوورن لەسەر داخستنی ئەو دووبەشە پزیشکییە و دەڵێن ئەگەر دانەخرێن ئێمە کۆلیژەکانی خۆمان دادەخەین و دەوام ناکەین، د.هیمداد دەڵێت "هەر کۆلیژو زانکۆیەکی ئەهلی مەرجە زانستییەکانی ئێمە جێبەجێ بکات، ڕێگەی پێدەدەین بەشی پزیشکی بکاتەوە". گوتیشی "من دڵنیام ئاستی کۆلیژە پزیشکییە ئەهلییەکان زۆر بەرزتر دەبێ لەئاستی کۆلیژە پزیشکییە حکومییەکان".

زانکۆی‌هەولێری‌پزیشکی‌ڕازییە‌بەکردنەوەی ئەو بەشانە، بەڵام ئەوانیش مەرجی خۆیان هەیە، لەوانەش ڕەچاوکردنی لایەنی زانستی و شێوازی وەرگرتنی قوتابیان.

د.پشتیوان هاشم بەزاز، سەرۆکی زانکۆی هەولێری پزیشکی بە (ڕووداو) ڕاگەیاند کە ئەوان جگە لەڕەچاوکردنی لایەنی زانستی و شێوازی وەرگرتنی قوتابییان پێداگیریان لەسەر ئەوەشکردووە کە "ئەگەر بڕیاری هەڵوەشانەوەی ئەو بەشە پزیشکییە ئەهلییانە درا، ئەوا زانکۆی هەولێری پزیشکی بەهیچ شێوەیەک ئامادە نییە ئەو قوتابیانە وەربگرێت".

د.پشتیوان وێڕای ئەوەی پشتگیری لەداواکاری قوتابییەکانی ناکات، لەهەمانکاتدا پێیوایە قوتابیان بەشێوەیەکی هەڵە مامەڵە لەگەڵ کێشەکە دەکەن "قوتابیانمان پێداگیری لەسەر شتێک دەکەن کەمافی ئەوان نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشداین پرسیان پێبکرێت لەو شتانەی کە کاریگەری لەسەر ئەوان هەیە".

سەرۆکی زانکۆی هەولێری پزیشکی مەترسی خۆشی لەدەوام نەکردنی ئەو قوتابییانە نەشاردەوەو گوتی "زانکۆکەمان ئەندامە لەکۆمەڵەی پزیشکی جیهانی ئەم کۆمەڵەیەش هەندێک ستانداری جیهانی هەیە، ئەگەر قوتابی بۆ ماوەیەک لەخوێندن دابڕا، لەئایندەدا ویستی لەوڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا بخوێنێت، بەپێی ستانداردی ئەو کۆمەڵەیە ڕێگەی پێنادرێت، بۆیە دەوام نەکردنی ئەو کۆلێژانە تەنیا گرفتێکی ناوخۆیی نییە، بەڵکو گرفتێکی جیهانی بۆ ئێمە دروست دەکات".

پێدەچێت کردنەوەی ئەو کۆلیژانە لەدەسەڵاتی قوتابییان دەرچووبێت، چونکە بڕیارەکە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیران دراوە، هەروەک د.محەمەد قەرەداخی، سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران گوتی "کردنەوەی کۆلیژ و زانکۆی ئەهلی بەپێی ویست و خواستی قوتابی نییە، چونکە کردنەوەیان بۆ بەرژەوەندی گشتی میللەتە".

بەرپرسانی زانکۆ ئەهلییەکان لەو باوەڕەدان زانکۆ ئەهلییەکان ئاستی زانستیان لەزانکۆ حکومییەکان کەمتر نییە. کۆلیژی ئیشقی ئەهلی، یەکێکە لەو کۆلیژانەی کە ئەمساڵ بڕیاریداوە هەردوو بەشی پزیشکی ددان و ئەندازیاری کۆمپیوتەر بکاتەوە، ئومێد حەمەدئەمین، سکرتێری گشتی زانکۆی ناوبراو پێیوایە کردنەوەی کۆلێژی ئەهلی لەلایەن کەرتی تایبەت پرۆسەی پەروەردەوخوێندن لەکوردستان بەرەو پێشەوە دەبا و لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) پێوەرەکانی وەرگرتنی قوتابیانی لە کۆلیژەکانیان ڕوونکردەوەو گوتی "ئێمە بۆ وەرگرتن و خوێندن ڕەچاوی سەرجەم ئەو ڕێنماییانە دەکەین کە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە بۆمان دانراون".

لەلایەکی دیکەوە، مانگرتنی دەرچووانی کۆلیژە پزیشکییەکانی هەولێر و سلێمانیش بەردەوامە دژی دامەزراندنیان بە گرێبەست و داوا دەکەن یەکسەر بەشێوەیەکی هەمیشەیی دابمەزرێندرێن.ئەویش دوای ئەوەی ئەمساڵ وەزارەتی تەندورستی بڕیاریدا ئەو دەرچووانە بەشێوەی گرێبەست بۆ ماوەی 5 ساڵ دابمەزرێندرێن، دوای ئەو ماوەیە بکرێنە فەرمانبەری هەمیشەیی.

ئەو دەرچووانەی کۆلیژە پزیشکییەکان کەچەند جارێک چەند شەقامێکی هەولێر و سلێمانیان داخستووە دەڵێن بەپێی یاساکانی عێراقی بەهیچ شێوەیەک نابێت پزیشک بەگرێبەستی کاتی دابمەزرێت بۆ سەلماندنی قسەکانیشیان ئاماژە بەمادەی 5ی بڕگەی دووەمی یاسای (التدرج الگبی)دەدەن و دەڵێن "پزیشک دەتوانێت دابمەزرێت بەشێوەیەکی گرێبەست دوای تەواو کردنی ماوەی دووساڵی لەدامەزراندنی وەک پزیشکی نیشتەجێ لەدەرەوەی شار، واتە بەپێی یاساکە پزیشک بۆیە هەیە دوای تەواو کردنی ئەم ماوەیە گرێبەست لەگەڵ هەموو وەزارەتەکان ببەستێ جگە لەوەزارەتی تەندروستی".

> **مانگرتنی درێژی قوتابیانی زانکۆکەمان گرفتێکی جیهانیمان بۆ دروستدەکات و بەهۆیەوە ناتوانن لەدەرەوە بخوێنن**
>
> سەرۆکی زانکۆی پزیشکیی هەولێر

# "زانکۆی سەلاحەدین پەلەی کرد"

## کۆلیژەکانی ئێوارانی زانکۆی دهۆک و سلێمانیش دەکرێنە کۆلیژی زانکۆیی



**ڕووداو-هەولێر**

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی خوێندنی باڵا، قوتابیانی کۆلیژەکانی ئێواران دڵنیا دەکاتەوە کە ئەو کۆلیژە زانکۆییەی بۆ کۆکردنەوەی کۆلیژەکانی ئێوارانی زانکۆی سەلاحەددین دەکرێتەوە "باوەڕ پێکراوەو بەشێکی دانەبڕاو دەبێ لەزانکۆی سەلاحەدین" و ڕاشیگەیاند کۆلیژەکانی ئێوارانی زانکۆی سلێمانی و دهۆکیش لەکۆلیژێکی زانکۆییدا کۆدەکرێنەوە.

بەپێی بڕیاری ژمارە 2227ی ئەنجوومەنی وەزیران، کە لە 2008/8/4 دەرچووە، لە ساڵی خوێندنی 2008-2009 کۆلیژەکانی ئێواران وەک خۆیان دەمێننەوە تاوەکو هەموو پێداویستییەکانی کۆلیژی زانکۆیی ئامادە دەکرێن.

کردنەوەی کۆلیژێکی زانکۆیی بۆ کۆلیژەکانی ئێواران، قوتابیانی ئەو کۆلێژانەی خستووەتە دڵەڕاوکێوەو ئاماژە بەوە دەدەن کە ئەو کۆلیژە زانکۆییە باوەڕ پێنەکراوە و بەوشێوەیە دەبنە خاوەن بڕوانامەیەکی باوەڕپێنەکراو لەدەرەوە،بەسەرچاوەگرتن لەو بڕوایە مەبەستەش دەستیان دایە مانگرتن و پاشانیش خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵا ساز کرد.

کاروان عوسمان،قوتابی قۆناخی چوارەمی بەشی ڕامیاری ئێواران، کە یەکێکبوو لەخۆپیشاندەرەکان، پێیوایە ئەو بڕیارە لە ئیمتیازاتی بڕوانامەکەیان کەم دەکاتەوە "جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئێمەو بەیانیان دادەنێت، ئەوەش جێگەی قبوڵ کردن نییە چونکە ئەو کاتەی ئێمە هاتینە ئەو کۆلیژە بەو مەرجانە ڕازی بووین کە دایان نابوو، لەبەرانبەر ئەو ئیمتیازاتانەی کە خۆمان دەمانەوێت".

ئەو کۆلیژانەی کە بڕیار وایە پێکەوە بکرێنە کۆلێژێکی زانکۆیی بریتین لەکۆلێژەکانی: زمان، ئەدەبیات، کارگێڕی و ئابووری، یاساو ڕامیاری، کە لە 12بەش پێکهاتوون.

قوتابیانی خۆنیشاندەر لەو یاداشتنامەیەی ئاراستەی وەزارەتی خوێندنی باڵایان کردووە، داوایانکردووە، ئەو بڕیارە ڕابگیرێت و "چارەنوسی قوتابیانی قۆناخی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم وەک خۆی بمێنێتەوەو ئەو بڕیارە نەیان گرێتەوە". هەروەها داوادەکەن لەماوەی هەفتەیەک وەڵامیان بدرێتەوە، ئەگینا ڕێوشوێنی دیموکراسی و یاسایی دەگرنە بەر بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان.

د.محەممەد سابیر بەڕێوەبەری گشتی خوێندن و پلاندانان لەوەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ئەو بڕیارە بەپێشنیازی سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین دەرچووە "پەیوەندی بەوەزارەتی خوێندنی باڵاوە نییە".

بەڵام د.سەعید سلیڤانەیی، سەرۆکی زانکۆی سەحەلاددین بەوەکالەت، ڕەتیکردەوە بڕیارەکە لەلای ئەوان دەرچووبێت و گوتی "بڕیارەکە لەوەزارەت دەرچووە"، گوتیشی "ئەو قوتابیانەی پێشتر وەرگیراون هەر سەر بەزانکۆی سەلاحەدین دەمێننەوە، تا بڕوانامە وەردەگرن".

هەرچەندە بەرپرسانی زانکۆ و وەزارەتی خوێندنی باڵا جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەو کۆلیژە زانکۆییە لەچوارچێوەی زانکۆی سەلاحەددین دەمێنێتەوەو باوەڕپێکراویشە، بەڵام قوتابیان پێیانوایە "ئەوە تەنیا بۆ چەواشەکردنە".

هەروەها بەرپرسانی خوێندنی باڵا دەڵێن ئەو بڕیارە ساڵی ئایندە جێبەجێ دەکرێت وکرێی خوێندنیش وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

هاوڕێ بەختیار، 21 ساڵ، قۆناخی دووەمی کۆلیژی یاساو ڕامیاری گوتی "ئەو بڕیارە لەناکاو دەرچوو، ئاگادارین وەکو کۆلێژی ئەهلی لە قەڵەم دراوین، نەک سەر بەزانکۆی سەلاحەدین، تەنیا بۆ چەواشەکاری دەڵێن سەر بەزانکۆی سەلاحەددینن".

قوتابیانی ئەو کۆلێژە بەردەوام ئەوەیان دووپات دەکردەوە کە مان گرتنەکەیان ناشکێنن تا داواکارییەکانیان جێبەجێ نەکرێت، هاوڕێ ئاماژەی بەوەدا کە دەبوایە بەر لەوەی قوتابی لەو کۆلێژانە وەربگیرێن، برشیارەکەیان پێڕاگەیاندبان وگوتی "بەنیازین هەموومان پێکەوە بەشداری خۆپیشاندانێکی فراوانتر بکەین، هەرچەندە حەز ناکەین وانەکانمان بەفیڕۆ بڕوات، بەڵام لەمانگرتن بەردەوام دەبین".

د.مستەفا زەنگەنە، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی خوێندنی باڵا پێیوایە کردنەوەی ئەو کۆلیژە لەبەرژەوەندی قوتابییانی ئێواراندایە چونکە "کۆلیژەکانی ئێواران تا ئێستا ستافیان نییە، مامۆستاکانی بەیانی وەک وانەبێژ وانە دەڵێنەوە، ئێستاش کە نرخی گوتنەوەی وانە کەمبووەتەوە وەکو جاران وانە ناڵێنەوە، بۆیە ئەگەر ئەو کۆلیژانە لەیەک کۆلیژدا کۆبکرێنەوە، ئەوکات ستافێکی سەربەخۆی دەبێت".

زەنگەنە قوتابیانی دڵنیا کردەوە کە ئەو کۆلیژە زانکۆییە سەر بەزانکۆی سەلاحەددین دەبێت و باوەڕپێکراویشە، گوتیشی "قوتابیان شتەکەیان بۆ ڕوون نەکراوەتەوە، وا دەزانن بڕیارەکە یەکسەر جێبەجێ دەکرێ، ئەو کۆلێژانە وەکو خۆی دەمێننەوە، تاوەکو هەموو پێداویستییەکانی کۆلیژەکە دابین دەکرێ".

ناوبراو ئەوەشی بۆ قسەکانی زیاد کرد "بۆ کۆلیژە ئێوارەکانی زانکۆی دهۆک و سلێمانیش کۆلیژی زانکۆیی دەکرێتەوە، بەڵام سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین پەلەی کرد لەبڕیارەکە".

# کاروباری دەرەوە

## ئۆباما سارکۆزی تووشی هەڵە دەکات



ڕووداو - میدیابار

◆ لەو نامە پیرۆزباییەی کە نیکۆلای سارکۆزی سەرۆکی فەرەنسا ئاراستەی باراک ئۆباما کرد بەبۆنەی هەڵبژاردنی بە سەرۆکی ئەمەریکا، سارکۆزی ناوی یەکەمی ئۆبامای بە هەڵە نووسی. بۆ نیشاندنی دڵخۆشی بەرامبەر دەرچوونی باراک ئۆباما سەرۆکی فەرەنسی ویستی بە دەستخەتی خۆی لەسەر ئەو نامە پیرۆزباییە چاپکراوەی ئاراستەی ئۆبامای کرد بنووسێت " ئازیزم باراک "، بەڵام لە جیاتی Barack نووسیبووی Barak.

# هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی باراک ئۆباما

**ڕووداو–واشنتن**

**لە 20ی کانوونی دووەمی 2009ەوە باراک حسێن ئۆباما وەک سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەست بەکار دەبێت. سەرەتا لەگەڵ تەنگژەی ئابووریدا بەرەو ڕوو دەبێتەوە، ئەو تەنگژەیەی لەوەتەی 1929ەوە بەسەر جیهاندا نەهاتووە:**

### ئابووری:

ئۆباما بەڵێنیداوە باجی 95%ی خەڵکی ئەمریکا کەم بکاتەوە و باجی ئەو خێزانانەش کە داهاتی ساڵانەیان دەگاتە 250 هەزار دۆلار زیاد دەکات، هەروەها پێشنیازی کردووە 500 دۆلار باجی سەر فەرمانبەران و هەزار دۆلار لە باجی سەر خێزان کەم بکرێتەوە. سەرباری ئەوەی باج لەسەر ئەو خانەنشینانە ناهێڵێ کە داهاتیان ناگاتە پێنج هەزار دۆلار.

پێشنیازی کردووە سندووقێک بە سەرمایەی 50 ملیار دۆلار بکرێتەوە بۆ پشتیوانیکردن لە ئابووریی وڵات و بۆ ئەوەی پترلە یەک ملیۆن ئەمریکایی کار و فەرمانی خۆیان لەدەست نەدەن، هەروەها پلانێکی دیکەشی پێشنیاز کردووە کە بە بڕی 60 ملیار دۆلار پشتیوانی لە ئابووریی ئەمریکا بکرێت.

### سیاسەتی دەرەوە:

بەڵێنی داوە شەڕ لە عیراق رابگرێت و یەکسەر سوپا لەعێراق بکێشێتەوە، بە مەرجێک هێزێکی ئەمریکایی لە عێراقدا بمێنێتەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی یاخی بوون و پاراستنی ئەمریکییەکان.

ئۆباما یەکێکە لەوبەرپرسە ئەمەریکاییانەی کە هەر لەسەرەتاوە دژی شەڕی ئەمەریکا بوو لە عێراق، لەدوای خۆپالاوتنیشی بۆ سەرۆکایەتی ئەمەریکا بەردەوام لە لێدوانەکانیدا جەختی لەسەر کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکای لەعێراق دەکردەوە بەجۆرێک کە لەدوای دەستبەکاربوونی ڕاستەوخۆ دەست بەکشانەوەی هیزەکانی ئەمەریکا بکات و تا کۆتایی ساڵی 2009 تەواوی هێزەکان بکشێنێتەوە. بەڵام ڕۆژی 2008/11/1 ئۆباما لەدیداریکیدا لەگەڵ کەناڵی CNN ڕوونیکردەوە کەمەبەستی لە کشانەوە " کشانەوەیەکی بەرپر سانەیە" کە ڕەنگە 18 تا 24 مانگ بخایێنێت.

لە پەیوەند لەگەڵ ئێراندا ئۆباما پشتگیری لە دەست پێکردنی گفتوگۆیەکی بێ مەرج لەگەڵ ئێراندا دەکات، چونکە وای دەبینێ کە مایەی هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر ئەمریکا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ڕوونیشیکردەوە، سەرەتا گفتوگۆ لە ئاستێکی نزمدا دەست پێدەکات، دەشڵێ کە پرۆژەیەک دەخاتە بەردەمی ئێران ئەگەر دەست لە پرۆگرامی ئەتۆمیی خۆی هەڵبگرێت و یارمەتیدانی "تیرۆر" رابگرێت، ئەمریکا دەرگا بەڕووی ئێراندا دەکاتەوە، وەک وەرگرتنی ئێران لە ڕێکخراوەی بازرگانی نێودەوڵەتی و ڕەخساندنی پرۆژەی وەبەرهێنان و هەوڵدان بە ئاراستەی گرێدانی پەیوەندییەکی دیپلۆماسیی ئاسایی لە نێوان هەردوو وڵاتدا.

ئۆباما دووپاتیشی دەکاتەوە کە پابەندییەکانی ئەمریکا بەرامبەر بە ئیسرائیل "گفتوگۆی لەسەر ناکرێت". هەروەها دووپاتی دەکاتەوە کە ئەگەر "حەماس" و حیزبوڵڵا" واز لە "تیرۆر" نەهێنن، گۆشەگیر دەکرێن و پێویستە دان بە مافی هەبوونی ئیسرائیلدا بنرێ.

رەخنەی لە ئاواییەکانی جوو لەسەر خاکی فەلەستین گرت، گوتیشی کە ئەمانە نابنە یارمەتیدەر بۆ سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی، پشتگیریی خۆی بۆ ئەو سیاسەتانە دەربڕی کە دەبێتە مایەی بەهێز بوونی فەلەستینییە میانڕەوەکان. هیواداریشە زیندانی گوانتانامۆ دابخرێت.

داوا دەکات گوشاری زیاتر بخرێتە سەر مۆسکۆ تا هێشتا زیاتر دیموکرات و شەفاف بێت، هەروەها دەڵێ بە ستراتیژێک کە هەموو ناوچەکە بگرێتەوە بەرەو ڕووی ئەو سەرکێشییانە دەبێتەوە کە ڕووسیا سەرچاوەکەیانە.

### کورد و ئەرمەن:

پەیوەندی نێوان تورکیاو ئەمەریکا لەماوەی دووەمی سەرۆکایەتی جۆرج بوشدا بەرەوساردی ڕۆیشت بەتایبەتیش دوای ئەوەی تورکیا ڕێگەی بە هێزەکانی ئەمەریکا نەدا کە بەخاکی تورکیادا بێنە هەرێمی کوردستان وعێراق، لەم چەند ساڵانەی دواییش بەرپرسانی تورکیا هەمیشە گلەییان لە ئەمەریکا کردووە کە وەک پێویست هاوکاری تورکیا ناکات لە دژی PKK، بگرە هەندێجار بەرپرسانی سەربازی تورک ئەمەریکایان بە پشتگیریکردن وچەکپێدانی PKKش تۆمەتبارکردووە. بەپێی چەند ڕاپرسییەکی ئەم دواییەش ڕێژەی ڕق لێبوونەوە لە ئەمریکا لە نێو خەڵکی تورکیادا لەهەموو کاتێک بەرزترە و تەنها 12% بۆچوونێکی دۆستانەیان بەرامبەر ئەمەریکا هەیە.

ڕۆژی 2008/10/25 باراک ئۆباماو جۆوبایدنی جێگرەکەی ڕاگەیێنراوێکیان سەبارەت بە پەیوەندی لەگەڵ تورکیا بڵاوکردەوەو باسیان لە گرینگی پێگەی تورکیا وەک "پێشکەوتووترین وڵاتی دیموکراتی ئیسلامی وهاوپەیمانی ئەمەریکا لە ناتۆ" کرد، لە ڕاگەیێنراوەکەدا هاتبوو" هەڵەکانی بەڕێوەبەرایەتی بوش لەعێراق بوونەتە هۆی ئەوەی هەڕەشەی تیرۆریستی بەرامبەر تورکیا لەلایەن پارتی کرێکارانی جوداخواز سەرهەڵبدات، ئەنجامەکەشی ئەوەیە کە تورکیای هاوپەیمانی ستراتیجیمان لەناتۆ کە پێشکەوتووترین دیموکراسییە لە جیهانی ئیسلامیدا بەرەو بەرهەڵستیکردنی ڕۆژئاوا بچێت".

ڕاگەیێنراوەکەی باراک–بایدن داوای بەهێزکردنی پەیوەندیی بازرگانی نێوان تورکیا وهەرێمی کوردستان کردبوو بەبێ هیچ ئاماژەدانێک بە حکومەتی بەغدا، کە ئەمەش ببووە مایەی سەرسوڕمانی ناوەندە دیپلوماسییەکانی ئەنقەرە، بەتایبەتیش چونکە تورکیا هەمیشە مەترسی جیابوونەوەی هەرێمی کوردستانی هەیە لە عێراق.

تورکیا ئەگەرچی ڕەخنەو گلەیی زۆری لە بەڕێوەبەرایەتی جۆرج بوش هەبوو، بەڵام بەرامبەر هاتنی ئۆباماش زۆر هەست بەدڵنیایی ناکات، چونکە ئۆباما پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ لۆبی توندڕەوی ئەرمەنی لە ئەمەریکا هەیە و دانیشی بە جینۆسایدکردنی ئەرمەنییەکان لەسەردەستی تورکەکان ناوە وواژۆشی کردووە. بوونی تورکەکانیش لە سیبروس (قوبرس) بە داگیرکاری دەزانێت.

سەرۆک وەزیرانی تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، وەک پەیامێک بۆ ئۆباما کە بەڵێنی دانان بە جینۆسایدکردنی ئەرمەنەکان لە تورکیا نەهێنێتەدی، لەیەکەم لێدوانیدا لەبارەی هەڵبژاردنی ئۆباما گوتی" پەیوەندی نێوان تورکیاو ئەمەریکا بە گۆڕینی بەڕێوەبەرایەتی ناگۆڕێت، هیوادارین هەندێک لە بۆچوونەکانی ئۆباما تەنها بۆچوونی کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن بن ".



### کۆشکی سپی

– لە 1792/10/13 دەست بەدروستکردنی کراوەو لە 1800/11/1 تەواو بووە و، لەلایەن ئەندازیاری ئێرلەندی جەیمس هوبان دیزاین کراوە.
– شوێنەکەی لەلایەن یەکەمین سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج واشنتن دەستنیشانکراوە.
– جۆن ئادەمز یەکەمین سەرۆک بووە کەچووەتە ناوی.
– ساڵی 1814 لەلایەن هێزەکانی بەریتانییەوە سووتێنراوەو دوای نۆژەنکردنەوەو بۆ یەکردنەوەی بە ڕەنگی سپی ناوی (کۆشکی سپی) لێنراوە.
– جگە لە نووسینگەی فەرمی سەرۆک (Oval Office)، کۆشکی سپی لە6 نهۆم و 132 ژوور، 35 گەرماو، هۆڵێکی سینەما، یاریگەی تێنس، یاریگەی بۆلینگ، مەلەوانگەیەک پێکهاتووە. ڕۆژانە 5000 کەس سەردانی دەکات.

### دەسەڵاتەکانی سەرۆکی ئەمەریکا

**ڕووداو–AFP**

هەرچەندە سەرۆکی ئەمەریکا بەهێزترین پیاوی دنیایە، بەڵام دەسەڵاتێکی ڕەهای نییەو بەپێی دەستوور سنووری دەسەڵاتەکانی دیارکراوە.

بە پێی دەستوور " دەسەڵاتی بەڕێوەبردن هەمووی لەدەست سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادایە"، ماوەی سەرۆکایەتییەکەشی 4 ساڵە کە دەتوانێ بۆ 4 ساڵی دیکەش خۆی بپاڵێوێت. سەرۆکی ئەمەریکا فەرماندەی باڵای هێزە چەکدارەکانیشە. مافی جێبەجێکردنی سزاکان و لێخۆشبوونی هەیە. دەتوانێ بە ڕاوێژکردن لەگەڵ ئەنجوومەنی پیران پەیماننامە ببەستێت، بە ڕەزامەندی زۆرینەی ئەندامانی ئەنجوومەنی پیران سەرۆک دەتوانێت باڵوێزو دادوەرەکانی دادگای باڵا دابمەزرێنێ.

بەپێی دەستوور سەرۆک کۆمار مافی ڤیتۆکردنی یاساکانی کۆنگرێسی هەیە، بەڵام ئەگەر زۆرینەی 3/1 ی ئەندامانی هەردوو ئەنجوومەنی پیران ونوێنەران دەنگیان بۆ یاسایەک دا ئەوا ڤیتۆی سەرۆک کۆمار ناتوانێ هەڵیبوەشێنێتەوە.

دەتوانرێ سەرۆک کۆمار لەکاربخرێ ئەگەر بە خیانەت وگەندەڵی وتاوان تاوانباربکرێ وتۆمەتەکەی لەسەر بچەسپێ. ئەنجوومەنی نوێنەران دووجار تۆمەتی ئاراستەی سەرۆکی ئەمەریکا کردووە، جارێکیان ساڵی 1968 دژی سەرۆک ئەندرۆ جۆنسن، ئەویتریان ساڵی 1998 دژی بیل کیلنتن، بەڵام لەهەردوو جارەکەدا ئەنجوومەنی پیران سەرۆکی بێتاوان کردووە.

سەرۆک ناتوانێ کۆنگرێس هەڵبوشێنێتەوە هەروەها ناتوانێ بەبێ ڕەزامەندی کۆنگرێس شەڕ ڕابگەیێنێت، بەڵام زۆرجار ناردنی هێزی ئەمەریکا بۆ دەرەوە بۆ شەڕ لە دەسەڵاتی سەرۆک بووە.



ئۆباما و مالیای کچی

(فۆتۆ:AFP)

# هەندێ کورد دەترسێن ئۆباما پشتگوێیان بخات

نێزیکەی شەش ساڵە، لەوەتەی ئەمەریکا هاتووەتە عێراقەوە ناوی جۆرج دەبلیو بوش بووەتە ناوێکی ئاشنا بۆ عێراقییەکان. ئەمڕۆ عێراق بیر لە ژیان لەگەڵ باراک ئۆباما دەکاتەوە، کە یەکەم ئەفریکایی–ئەمریکاییە ببێتە سەرۆکی ئەو وڵاتە، هەروەکو چاوەڕوان دەکرێت ناوبراو کۆنترۆڵی کۆتایی یارییەکەی ئەمەریکا لە عێراق دەکات.

عێراقییەکان بیریان لەوە دەکردەوە کە ئایا سەرکەوتنی ئۆباما هێمایەکە بۆ کشانەوەی سوپای ئەمەریکا لە عێراق یاخود هیچ گۆڕانکارییەک ڕوونادات. لەسەر شەقامەکانی عێراق لە بەغدا بۆ کوردستان خەڵکەکە بیریان لە دەرئەنجامی سەرکەوتنەکەی ئۆباما دەکردەوە.

جابر سەعید، تەمەن 38 ساڵ،کە لە چاپخانەیەکی شاری موسڵ کار دەکات لەو بارەیەوە گوتی" هیوادارین ئۆباما سوپای ئەمەریکا لە عێراق نەهێڵێت و خەڵکەکە لە دەست هێزی داگیرکار ڕزگار بکات".

هەندێ کەس ئۆبامایان بەوە تۆمەتبارکرد کە سیخوڕی ئیسرائیلە، کە پێدەچێت ئەوانە بێ ئاگابن لەوەی لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن ڕاستڕەوەکانی ئەمەریکا ئۆبامایان بەوە تۆمەتبار دەکرد کە سیخوڕی مسوڵمانەکانە و دژی ئیسرائیلە.

عەبدولقادر یونس، کە کۆمپانیایەکی ئەهلی هەیە لە شاری موسڵ، لەم بارەیەوە دەڵێ" سەرۆکی نوێ حەز بە لۆبیکردن دەکات لەگەڵ ئیسرائیل، ئەوەش ڕوون و ئاشکرا بوو، کاتێک ئۆباما سەردانی ئیسرائیلی کرد و لە دیواری گریان دوعای کرد و یارمولکی (ئەو کڵاوەی جوولەکەکان لەسەری دەکەن) لەسەرنا".

لە کوردستان هەندێ عێراقی بە سەرکەوتنی مێژوویی ئۆباما، هەستیان جووڵا، دوای 44 ساڵ لە قەدەخەکردنی جیاوازی کەمایەتی. لەم بارەیەوە توانا عوسمان، نووسەر لە شاری سلێمانی گوتی " ئەمەریکا لاپەڕەیەکی نوێی کردووەتەوە، ئەمڕۆ پیاوێکی ڕەش پێست گەیشتە کۆشکی سپی".

هەندێ کوردیش حەزیان دەکرد مەککەین و پەیلن سەرکەون، لەم بارەیەوە شادمان ڕەفیق کە کاری کۆمپیوتەر دەکات لە سلێمانی گوتی " سەرکەوتنی ئۆباما دڵی وەستاندم، حەزم لە سارا پەیلن دەکرد،ئەو سەرکردایەتی و سادەیی و ئازایەتی تێکەڵاو کردبوو، هەروەها جوان و شیرنیش بوو".

شادمان پێیوابوو کە مەکین و پەیلن پارێزگاریان لە شیعە و کوردی عێراق دەکرد، بەڵام مەترسی ئەوەی هەیە کە ڕەنگە ئۆباما پشتگوێیان بخات.

لە شاری کەرکووکی باروتاویی، خەڵکەکەی پاڵپشتی ئۆبامایان دەکرد، لەبەرئەوەی ئۆباما بەڵێنی داوە سوپای ئەمەریکا لە عێراق بکێشێتەوە، لەم بارەوە محەمەد، کە پیاوێکی تورکمانی تەمەن 54 ساڵە دەڵێ " سەرکەوتنی ئۆباما واتە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، ئەو بەڵێنەکانی کە بە خەڵکی ئەمەریکا و عێراقی داوە، جێبەجێ دەکات".

هەندێکیش وەکو پەند وەرگرتنێک تەماشای سەرکەوتنەکەی ئۆبامایان کرد، کە چۆن دەتوانیت بەسەر چەوساندنەوە و ڕەگەزپەرستیدا سەربکەویت. عەممار مەکایە، تەمەن 24 ساڵ کە دوکانی سەرتاشخانەی هەیە لە شاری بەغدا، لەو بارەوە گوتی" ئەمڕۆ ڕۆژێکی مێژووییە، ئەوەندەی من بزانم، هەتا ئێستا شەڕی نهێنی ڕەش و سپی پێستان هەیە و هەروەکو شەڕەکەی ئێرەی نێوان شیعە و سوننە، بەڵام سەرکەوتنی ئۆباما سەلماندی کە هیچ جیاوازییەک لە نێوان ڕەش و سپیدا نییە".

هەروەها ئەبو حەسەنی دوکانداریش بەبۆنەی سەرکەوتنی ئۆباماوە هەستی جووڵابوو "ئۆبامام خۆشدەوێت لەبەرئەوەی ڕەگی ئیسلامی تێدایە، زیاتریش خۆشمدەوێت لەبەرئەوەی ڕەش پێستە، ئەگەر مەکەین سەرکەوتنی بەدەست بێنایە، سوپای ئەمەریکای هەتا 2020 دەهێشتەوە".

لە پارێزگای ئەنبار، کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای عێراق و سوپای ئەمەریکا بەدرێژایی ساڵی 2006 شەڕیان تێدا دژی ڕێکخراوی قاعیدە کرد، تائێستاش دانیشتوانی لە بوش تووڕەن، لەم بارەیەوە خالید حەسەنی فەرمانبەری حکوومیی گوتی " سەرکەوتنی ئۆباما وەکو تۆڵەسەندنەوەیە بۆ ئێمە، دژی کۆمارییەکان کە شەڕێکی تاوانبارانەیان لە وڵاتەکەمان ئەنجامدا و وڵاتەکەیان وێرانکردین ".

هەندێکی دیکەش بوشیان تۆمەتبار کرد، کافیە حەمدی، تەمەن 70 ساڵ، کە ژنی ماڵەوەیە گوتی " دڵم ئاوی خواردەوە کە ئۆباما سەرکەوت و دەمەوێت داوای لێبکەم بوش بداتە دادگا، لەبەرئەوەی ئەو کوڕەکانمانی کوشت، وڵاتەکەمانی وێرانکرد و کوڕەکانی بەرەو دەرەوەی وڵات ئاوارە کردن".

**لە ڕۆژنامەی لۆسئەنجلس تایمزەوە**










خۆپێشاندانێکی کوردەکانی ئەمەریکا بۆ پشتگیریکردن لە ئۆباما

### عومەرئاغا سوورچی، سەرۆکی پارتی پارێزگارانی دیموکراتی کوردستان:

# ئەگەر عەرەب بەهێز ببنەوە تا حاجی ئۆمەرا دەماندەنە بەر شاپا

**سەرۆکی پارتی پارێزگارانی دیموکراتی کوردستان عومەرئاغای سوورچی لەم دیدارەدا ئەگەرچی دان بەوەدا دەنێ کە پتر لە 200 کەس لە هەولێر پەیوەندییان بە نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراقەوە کردووە بۆ چەک هەڵگرتن، بەڵام ئامادەش نەبوو ناوی کەسیان بدات وگوتی " هەولێرم هەمووی لەسەر تاپۆ بکەن ناوی کەستان پێناڵێم"، بۆ ئەوەی دیدارەکە چێژی خۆی لەدەستنەدات، بەشێوەزاری خۆی بلاوی دەکەینەوەو دەقی دیدارەکەش لە (Rudaw.net) دا بخوێنەوە.**

ڕووداو –هەولێر



**ڕووداو:حکومەتی عێراق هیچ پەیوەندی پێوەنەکردووی بۆ دروستکردنی سەحوەو ئیسناد ؟**

**عومەرئاغا:**کرابێ ونەکرابێ کە جەوابی نەبێ هیچ قیمەتی نییە . زۆر کرایە چۆن نەکرایە، زۆر کەس لێرە چووینە، بەس هەر کۆنە موستەشار چووینە؟ چ پێشمەرگە و چ کەسیتر لەناو حوکمەتێ نەچووینە؟ حکومەتی مالیکی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی دیکەش کردووە، ئەوان هەوڵدەدەن میللەتەکەی بێخەنە بەر دەستێ خۆ، بەڵام منیش بە برا گەورەکان دەڵێم با هەوڵبدەن لەگەڵ میللەتی خۆ بکەن بەیەک و کۆی بکەنەوە، کە نە عەرەب و نە فارس و نە ئەمریکا و نە ئینگلیز تەئسیرمان لێنەکات. ئەگەر ئێمە یەکبین، هەموو کەس قەدر و قیمەتمان دەزانی. بەڵام ئەگەر پارتی و یەکێتی بڵێن ئەوە فلانە شتە و ئەوە کۆنە فرسانە حاڵیان لە حاڵی جاران خراترەبی، ئەوەی لە من بزانن. زۆر پەیوەندی کرایە و خەڵکیان لێرەوە بردیتە بەغدایێ و هاتووەتەوە و قەول و شەرتیان پێداون و چ ڕۆژێ ئیشیان پێ بوو بانگی دەکەن. زۆریشیان کەسی نزیکی پارتی و یەکێتین. من ناڵێم کێن، ئەوە ئیشی

هەیە؟

**عومەرئاغا:** وەللا زۆر پێشمەرگەش وەڵامی مالیکیان داوەتەوە، خۆ هەر موستەشارەکان نین، بەڵام ئیشی من نییە ناوەکانتان پێبڵێم، هەولێرم هەموو لەسەر تاپۆ بکەن ناوی کەستان پێناڵێم . بەڵام خەتا لەپارتی و یەکێتییە ئەگەر هاوکاری ئەوانە بکەن کەس بەلای مالکیدا ناچیت .پێویستە حکومەت بایەخ بە سەرۆک عەشیرەتەکان بدات وپارەی دیوەخانەیان بداتێ.

**ڕووداو: بەڵام ئەوەی تۆ داوای دەکەی زیندووکردنەوەی سیستەمی عەشایرییە؟**

**عومەر ئاغا:**هەی، جا ئەنگۆ بۆ دژی سیستەمی عەشایێرین؟

**ڕووداو: ئاخر عەشیرەتگەری دژی قانوون ویاسایە؟**

**عومەرئاغا:** بە خوای ئەنگۆ جوان لەگەڵ قانوون ڕۆیشتوون!، قانوون هەر نەماوە. بەپێچەوانەوە عەشایەر لەگەڵ قانوون دەڕوا، بۆ نموونە ئەگەر لەناحیەیەک عەشیرەت هاوکاری بەڕێوەبەری ناحیە بکەن ئەوە هیچ کێشەیەک نامێنێ و ئیشەکەشی وەک ئاو دەڕوا . لەزەمانی نوری سەعیدی ئەو هابوو

## کاک نێچیرڤان هەولێری کردیتە شارێک لە دنیادا شاری وانییە

من نییە، ئەوە ئیشی ئاسایشە. من بە جەنابی کاک مەسعود و مام جەلالی دەڵێم زۆر چاو بدەنە میللەتی و فەرق نەکەن و حیزبایەتی نەکەن، ئیمڕۆ پێویستە کوردایەتی بکەن، بۆ ئەوەی هیچ جێگایەک نەتوانێ دەستمان لۆ درێژ بکات و خەلکیش لە دوویانە، ئەوان کوردایەتی بکەن هەموو خەڵک لە دوویانە، کوردایەتیش نەکەن هێدی هێدی کەس لە دوویان نامینی. نەڵێن کۆنە موستەشار، ئێستا موستەشار هەیە لەلای پارتی و یەکێتی زۆر زۆر لەو کەسانە بە قەدر و قیممەتترە لەوانەی پێشمەرگایەتیان کردییە. ئەوانە زۆرن و زۆر تەعاونی کوردایەتیش دەکەن. بە رای من ئەوە نەمینی ئەوە کۆنە موستەشارە. دەبی شەملی کورد بگەیێنینە یەکتر، کورد ببی بەیەک و خیانەت لە کورد پەیدا نەبیت و ببیت بە دوو بەش، حکومەت دەستدرێژ بکات و ئەفواج قەید بکات،بەناوی سەحوە یان ناوێکی دیکە، من لەگەڵ ئەوەدانیم. زۆر لە گەلی کورد هەڵەی زۆربووە، نەک هەر موستەشار، زۆری دیکەش، هەبوو پێشمەرگە بوو عیلاقاتی زۆر

.ئەگەر ئەو سەرۆک عەشیرەتانە لە دەزگایەکدا کۆبکرێنەوە ناچن بەدوو مالیکی بکەون.

**ڕووداو:پێتباشە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش فەوجیان بۆ بکاتەوە؟**

**عومەرئاغا:**نەخێر من باسی فەوجم نەکردووە، سەرۆک عەشیرەت دیارە، نەک بچن مریشەکەکی بینن کلکی کەڵەبابی بۆ دابنێن، ئەوە چییە وەڵڵا برادەری فلان حیزبە، پێویستە پارتی و یەکێتی بڵێنە سەرۆکی عەشیرەت ئەوە 20 ملیۆن دینار مانگانە لۆ تو لۆ دیوەخانێ، پێنج شەش کەس حیمایە لۆ تو، سیلاحی هەلگری لەناو کوردستانێ کێوە دەچی ئازادی.

**ڕووداو: رات بەرامبەر جەوهەر هەرکی چییە کە حیزبێکی داناوەو دەڵێ دەبێ پارتی و یەکێتی بڕووخێنم؟**

**عومەرئاغا:** کاتی خۆی جەوهەر هەرکی و ئەرشەد زێباری ولەتیف زێباری لە ئوردن هاتنە لام،داوام لێکردن کە ئەو کارەی نەکەن چونکە ئەمڕۆ شتێک بۆ کورد ڕێککەوتووە وگەیشتووەتە قۆناخێکی زۆر باش وجارێکیتر

**ڕووداو:گوتت دووسەت کەس پەیوەندی بەحکومەتی مالیکییەوە کردووە..**

**عومەرئاغا:**وەڵڵا پتریش..

**ڕووداو:بەڵام پارتی و یەکێتی هەر لە سەرەتای دروستبوونی مەسەلەی سەحوەوە گوتیان ئەو کوردەی ببێتە سەحوە خائینە، بۆ ئەنجوومەنەکانی ئیسنادیش هەمان رایان هەبوو، چۆن ئەو هەموو کەسە پەیوەندی کردووە؟**

**عومەرئاغا:** ئەوانە ئەو وەختی دەبنە خائین کە پارتی و یەکێتی بە عەدالەت ئیش نەکەن. ئەتو بەوەی برێی جاش، دەچیتە لای مالیکی و مالیکیش پێی نالێ جاش. ئێستا نابی پێیانبلێن جاش، ئەدی هەر ئەوان نەبوون لە ئینتیفازەی دەگە پێشمەرگەی شەڕیان دژی حکومەت کرد، بۆچی هەتا کەنگی پێیاندەڵێن جاش ؟ . بۆچی هەموو ئەو حیزبانە وەکو یەک تەماشا ناکەن . بۆخۆیان کەیفیان لێ بی ڕۆژێ دوو حیزبا دادەنێن و دوواش تەفنیش دەکەن. ئەگەر عەدالەت هەبوو، هەرچی موستەشار و پێشمەرگەیە ئەگەر چووە لای مالیکی با سەری ببڕن، بەڵام کە عەدالەت نەبی هیچ. ئەگەر هەرچی تەعاون دەگە ئەجنەبی بکات یارەبی سندانی بگاتێ. یارەبی ئیمانی نەمینی و ببیتە ئینسانەکی زۆر کم.

**ڕووداو:تۆ لەگەڵ ئەوەدای کەرکووک بە هێز وەربگیرێتەوە؟**

**عومەرئاغا:**وەڵلاهی دە حوکمەتێ را نابینم، مەگەر موستەقبەلەکی دیکە. ئەگەر مەلامستەفای رەحمەتی رازیبا وەک ئەوەی ئێستا دەڵێن، بە س هەولێر و دهۆک و سلێمانیتان دەدەینێ، مەلا مستەفا بەزمان بوو زۆر زیاتریشی وەردەگرت. بەڵام ئەوڕۆ ڕۆژی پارەیە، پارە لە گۆڕێ یە و دەوری هەیە، شتی دیکە لە گۆڕێ نییە.

**ڕووداو:ئێستا کێشە زۆرن لەنێوان بەغدا و هەولێر، هەندێک کەس دەڵێن عەرەب هەموو وەکو یەکن و مالیکیش وەک سەدام دژی کوردە؟**

**عومەرئاغا:** وەڵڵا خەراترە، حکومەتی سەدامی چێتر بوو، سەدام دەیگوت کورد و عەرەب برانە. راستی نەدەکرد، بەڵام هیچ عەرەبێک راست ناکات و هەموو جارێشم گۆتیتە برادەران، کە عەرەب وەکی شوڕبوون برانە، کە تووند بوونەوە دەماندەنە بەر شاپا تا حاجی ئۆمەرا. بەسەری پێغەمبەری ئێستا لەوەش خەراترە، ئەوەی زۆر چاک بزانن عەرەب قەت دەگەمە نابیتە یەک و بستێک عەردیشن ناداتێ و بشمانداتێ موەقەتە. بۆ مەسەلەی تورکمانانیش دەگەر مەدا بن چێترە، نەک بچین محارەبەیان بکەین. بچن

باشترە یان سەرۆک عەشیرەتەکان؟

**عومەرئاغا:**ئەحزاب با هەبی، ئەحزابی گەورە و گچکەش هەیە لە هەموو دنیا، بێ حیزب نابی، ئەوحیزبانە چاویشیان بدرێتێ باشە، بەس ئەوی لەسەر ئەویدی تەفزیل نەکەین. ئەمما سەرۆک عەشیرەت لە 10ملیۆن تا 15 ملیۆنی بدێ مانگانە وەک دیوەخانە، هەریەکی دوو نەفەر سێ نەفەری موسەلەحی هەبی. نووسراوێک تەوجیە بکرێ لە سەرۆک وەزیرانەوە بۆ مەسئولە ئیدارییەکان کە تەعاون بکەن لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتان بەسورەتەکی سەحیح. با ئەو سەرۆک عەشیرەتە دەسەڵاتی هەبی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ناو عەشیرەتەکەی چارەسەر بکات، ئەگەر هەر نەبی لەگەڵ مودیرناحیەی.

**ڕووداو: پەیوەندیت لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکان چۆنە، محەممەدی حاجی مەحمود و ئەوانی دیکە؟**

**عومەرئاغا:**پەیوەندییەن لەگەڵ هەموو حیزبەکان خۆشە. محەممەدی حاجی مەحمود برامە و هەندی چاوێ خۆم خۆشەوێت، پیاوێکە لە دونیا تاکی نییە. قادر عەزیز و عەلی باپیر و مامۆستا سەلاحەدینم خۆشەوێ و حیزبی باشن، هەروەها خدرشیوعیشم خۆشەوێ. دەگەڵ شیوعیان هەر ئێکجار برادەرم، لەگەڵ حیزبە تورکمان و مەسیحییەکانیش برادەرم.

**ڕووداو:وادیارە پەیوەندیت لەگەڵ معەممەر قەزافیش هەیە، چۆن ئەو پەیوەندییەت دروستکرد؟**

**عومەرئاغا:**ئەمن وەختی خۆی لە لەندەی (لەندەن) بووم، لە ساڵی 1993،لە مەتعەمی پاشایی دانیشتبووم، کاک نەوشیروان مستەفام دەعوەت کردبوو، برایم ئەحمەد مەکتوبەکی لۆ نووسیبووم گۆتی مجەلەیەکی دەردەکەین، هەندەک پارەن بدێ، گۆتم سەرچاوان و پارەکەم دا. کاتی خۆی ئەو شتانەم بەدزی دەکردن، هەندەک جاران عومەر دەبابە تەلەفۆنی دەکرد دەگەرە من، پێمدەگۆت کاکە ئەمن لێرەمە دەگە حکومەتێ دا، دەم نا دەم تەلەفۆنێ دەگە من ئەکەی، ئەوە کوە بی؟، رەحمەتی خوای لێ بی زۆرم خۆشئەویست . ڕۆژەک ئەمن لەگەل کاک نەوشیروانی لە سەر مێزەکی دانیشتبووم، سەعد سالح جەبریش لەگەڵ سێ ژنان لە سەر مێزەکی لە تەنیشتە مە دانیشتبوو، لە رۆخەمەش مێزەکیدی هەبوو، ئەو مێزە سەفیری لیبیای بوو، بەخۆی و ماڵ و خێزانی بوو، ئەو برادەرەی دەگەرە من،سەری هێنامە بن گوێ وگۆتی ئەوە سەفیری لیبیایە، گۆتم باشە، کە هەستاین بانگی مەتعەمچیەکەم کرد گۆتم حسابی ئەوسێ مێزانەم لۆ بینە، گۆتی قبول ناکەن، گۆتم حەقت نەبی بینە کنە من، ئەگەر قبولیان نەکرد، سبەی دێم پارەت لێوەرەگرمەوە. گۆتی پێی نەلێم؟ گۆتم نە، چونکە ئەگەر پێتگۆت ئەو قبول ناکات، ئەویش چوو قایمەی هەرسێک مێزی هینا و پارەی هەرسێک مێزانم دا. ڕۆژی پاشتر سەفیری لیبیا منی دۆزیەوەو منی دەعوەتکرد، بەوشێوەیە بووە برادەرم. زۆری پێنەچوو بووە وەزیری دەرەوەی لیبیا، راست لە دوومنی نارد. کەچووم موعەممەر قەزافی رازیبوو کە بچم لەگەڵی دابنیشم و بووە برادەرەکی چاکم و گۆتی هەندەک کتێبی ئەخزەر ببە، منیش هینامە سلێمانی و تەرجومەم کرد و هەمووم لە سلێمانیێ بڵاوکردەوە . ئەویش لەهەموو موناسەباتان دەعوەتی دەکردم و لەسەر حیسابی وان دەچووینە وێندەرێ.

**ڕووداو: ئەی پەیوەندی تۆ و یەکێتی**

## ئیشی پەرلەمان نییە بچی دەست لە کاری خوای بدات

تورکیام وەرگرت کە وەک تێپەڕبوون بە خاکی تورکیایان دا ببەم، بەمەرجێک لە تورکیا نەمیینەوەو یەکسەر سواری تەیارەی ببن بۆ لیبیا، بەڵام هەر لێرە خەبەریان لێدام، لەبەرئەوەش تورکیا لێنەگەڕا بچینە ناو خاکەکەی . لێنەگەڕان ئەگەرنا ساڵێ پێنج سەت کەسم دەبرد .

**ڕوودا:تورکیا لێنەگەڕا؟**

**عومەرئاغا:**لێرە نەوعە خەبەرەکیان لێدام، لەبەر هەندێ تورکیا لێنەگەڕا.

**ڕوودا:لێرە پێیانگوتی نابێ ئەو کەسانە ببەی؟**

**عومەرئاغا:**ئەوەیان پێنەگوتم، بەڵام لە حدودی ئێمەیان گەڕاندەوە، زەرەریان لێدام، خۆزیا هەر لێرە پێیانبگۆتبام.

**ڕوودا:بەردەوام هاوکاری پێشمەرگەت دەکرد کە موستەشار بووی؟**

**عومەرئاغا:** ناڵێم زۆر پارەم لۆ دەناردن، بەڵام کە پێشمەرگە گەڕانەوە من هیچ قسوریم بۆ هیچ لایەکی نەکردییە . ئەوکاتی مام جەلال دەعوەتەکی کرد، گۆتم هەر حیزبێک بنێری بۆ لام بیەوێ پارەی بدەمێ لە 250هەزار دیناری کەمتر نادەمێ، بەڵام دەبی بەخۆت بنێری،من سەربەخۆ پارەی نادەمە کەس. ئینجا هەندێک ئەحزاب هەبوو چەند جار بەناوی وی دەهاتنە لام .

**ڕوودا:عومەر دەبابە زۆر تەلەفۆنی بۆ دەکردی؟**

**عومەرئاغا:** عومەر دەبابە زۆرجاران لە لەندەی تەلەفۆنی بۆ دەکردم، برایم ئەحمەد مجەلەیەکی دەردەکرد، گۆتی دەمانەوێ هاوکاریمان بکەی،دەیانزانی من پارەم هەیە لە لەندەی و ئەملا و ئەولا، زۆر تەلەفۆنی بۆ منە کردن . منیش پێمدەگوت سەرچاوان پارە حازرە، تەلەفۆنم لۆ یەکێکی خۆ کرد لەوێ تەلەبە بوو، گۆتم بڕۆن ئەوەندە پارەی لۆ ببەن.

**ڕوودا:پەیوەندیت لەگەڵ نەوشیروانی چۆنە؟**

**عومەرئاغا:**زۆرباشە . نەوشیروانم هەندی چاوێ خۆ خۆشەوێ. پیاوەکی باشە، من نەمدیت دزی بکات، یان غەدر بکات .جیرانیشم بوو .

**ڕوودا:چۆن تەماشای پرۆژەی نەوشیروان مستەفا دەکەی کە دەیەوێ چاکسازی لە ناو یەکێتی بکات؟**

**عومەرئاغا:**نەجاحەتی دەوینی، ئەگەر ئیمکانیەتی هەبی. شەرتی ئیمکانیەتە .

چونکە پیاوێکی چاکە. عەمەلیاتەکم لە ئوردن کرد، هات سەری لێدام لە ئوردن . منیش دوای گەڕانەوەی ئەوجارە، کاک قادر عەزیز تەلەفۆنی بۆ کردم، گوتی کاک کۆسرەت دەیەوێ بتبینی، منیش لەگەڵ کاکە حەمە و کاک قادر چووینە لای .کاک کۆسرەت پیاوێکی دەرگا کراوەیە، کەس مەنع ناکات و هەرچی لە دەستیشی بێت بۆت دەکات . بەڵام مام جەلال هەندە مەجالی نەدایتێ ئەگەرنا هەر شتێکی لەدەسبێ بۆ فەقیری دەیکات. بەنزینخانەیەک لە کۆیێ بوو 17 کەسی لێ تەعین کردبوو، کە گلەییان لێکردبوو پێیگوتبوون ئەنگۆ رازینین پێشمەرگەیەکی کۆن بە فەڕاشیش دابنێم.

**ڕوودا:رات چییە لەسەر مەسەلەی فرەژنی کە ئێستا پەرلەمانی کوردستان گفتوگۆی لەسەر دەکات؟**

**عومەرئاغا:**وەڵلاهی بە من بی، حوکمەت خۆی دەستەکی تێوەربدا . من حەزم لێیە

## ئامادەم هەرچی هەمە بیدەمە کاک نەوشیروان بەڵام وەریناگرێت

پەرلەمان خۆی بەو شتانەوە ماندی نەکات، شتی دیکە هەیە زەروریتر بۆ میللەتی خۆی پێوە خەریک بکات . بابێتە ناو بازاڕ ئەوندە گران نەبی، کرێی خانی ئەوها نەبی، پێشمەرگە دووسەت هەزار دیناری وەرنەگری، ئەوە ئیشی پەرلەمانییە کە نەوێری بەحس بکات، ئەوە ئیشی پەرلەمان نییە بچی دەست لە کاری خوای بدات .

**ڕوودا:بەڵام رێکخراوەکانی ژنان دەڵێن ئەو پیاوەی لە ژنێک زیاتر بینی ڕێزی ژن ناگری؟**

**عومەرئاغا:**وەڵلا ئەمن بەخۆم سێ ژنم هێنایە، بەوەش خەتایەکی ئەوەندە گەورەم کردییە لە دونیایێ نەبیتەوە. زۆر پەشیمانم . بەڵام من خەتاکە دێخمە ملی ژنان، ئەمڕۆ حکومەت هەیە و دیاریشە کاک نێچیرڤان دەیەوێ لای ژنان بگری، با حکومەت مەنع بکات هەر ژنێک پیاوێک زەحتی لێبکات کە بە زۆر بیداتە پیاوێک با ئەو پیاوە حەپس بکرێ و سزا بدرێ، بەڵام ئەگەر ژنێک بیەوێ پیاوێک بکات ئەگەر چوار ژنیشی هەبێ، من و تو نابی عیلاقەمان پێوەبی . یان ژنەک مندالی نابێ. ئەو شتانە کاری خوان و دەستیان تێنەدرێ باشەو وەکو خۆیان بمیننەوە، چونکە هەر چوار دەورمان حوکمەتی ئیسلامین و لێمان لە هەنجەتن، شتێکمان لەسەر دەردەینن لە دونیایێ نەبی، خۆ ئێمە هێشتا حوکمەت نین. لەهەموو جێیان ئەگەر ژن دانەنرێن نابنە وەزیر، هەتا خۆ بەخۆیان دەنگ نادەنە یەکتری، ئەگینا خۆ ژن زیاترن لە پیاوان. ئەوە حەقی خۆیانە، بەڵام دەبێ ڕێزی شەریعەتیش بگیرێ . ئەڵمانیا ئەوە چەند ساڵە هەوڵدەدات رێ بۆ دوو ژنی بکاتەوە، چونکی هەر کە قومبلەیەک دەتەقێ 50 پیاو وەبەردەکەون، بەڵام ژنەک وەبەر ناکەوێ.ئێستا لە بەغدایێ ملیۆنەک بێوەژن هەنە چی بکەن؟، باشە باشتر نییە دەگەر پیاوەکیدابی نەک شتی خەراب بکات .

## پارەم دا ئیبراهیم ئەحمەد بۆ دەرکردنی موجەلەیەک

بە قوەت بوو لەگەل سەدام و حکومەت، لەناو پێشمەرگەش گەورەبوو و جێگای هەبوو، زۆر موستەشاریش هەبوو تەعاونی زۆر زۆر گەورەی دەگە پێشمەرگەی دەکرد.

**ڕوودا:کە پەیوەندیان پێوە کردی چۆن وەڵامت دانەوە؟**

**عومەرئاغا:**جوابی من ئەوەبوو، ئینشاڵڵا قەتعییەن رۆژەک دانایێ ئەمن خیانەت دەگەل مللەتی کورد بکەم، من عومرم گەورەبووە،جگە لە عومریش، ئەی ئەو جیلانەی کە داهاتوون، ئەو زروفەی ئێستا بۆ کوردستان هاتییە کەنگی من دیتییە شاری هەلێرێ ببیتە ئەو شارە گەورەیە، کەنگی لە سەردەمی حکومەتی بەعس ئەو جادەو ڕێگاوبان وبینایە بەرزەو ئەو نەفەقانە هەبوون؟. بەڕاستی کاک نێچیرڤان هەولێری کردیتە شارێک کە لە دنیادا نییە بۆیە من پشتیوانی دەکەم وپێمخۆشە هەموو دەمێ لە مەنسەبێکی وەهابی کەدەستی بڕوا تا خزمەتی میللەتی کورد بکا. هیچ کەسێکیش ناتوانی کار لەمن بکاو وام لێبکا وەگەر حکومەتی عەرەب یان عێراق یان ئێران یان تورکیا وسوریا بکەوم . من لەگەل حکومەتی خۆمدام نەک لەبەر مام جەلال وکاک مەسعودی بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەمن کوردم و واجبە لەسەر من لەگەڵ حکومەتی خۆم بم. بەڵام هیوادارم ئێوەش واز لە موستەشارەکان بهێنن چونکە چەندین موستەشار لەو گۆڕە کەوتینە وخەڵکیتر لە پێشترە، هی واهەیە پێشمەرگەیەکی زۆریشی لەدەورپشتە کەچی پەیوەندی لەگەڵ ئەم وئەو هەیە.

**ڕوودا: دەگوترێ زۆر موستەشار وەڵامی نامەی مالیکیان داوەتەوەو بەڵێنیان پێداوە هاوکاری بکەن، لەمبارەیەوە هیچ زانیارییەکت**

کورد ناگەڕێتەوە دواوە .کاتی خۆیشی قسەیەکم بەجەوهەر هەرکی گوت کەچی جەوهەری برازام ئەو قسەیەی منی بۆ جەوهەرو لەتیفی برد و گوتی عومەر دەڵێ ئێوە جاش بوون ئێستا دەبنە پیرە کەر . ئەمن ڕێزی هەموو کەس دەگرم، ڕێزی جەوهەر هەرکی دەگرم کە برادەرمە و دۆستمە، ڕێزی لەتیف زێباریش دەگرم . بە من بی ئێستا ئەگەر کاک مەسعود کە سەرۆکی هەرێمە نامەیەکی لۆ جەوهەری بنێری، جەوهەر دێتە ئێرە، وەڵڵاهی سبیانێ کاک نێچیرڤان کەیفی لێبیت جەوهەر دێتە ئێرە، سبیانێ رەنگە من پێمبکرێ بیهینم، بەڵام ئەگەر بتوانم ئەوەی بیەوێ لۆی بکەم، بەڵام من هەوڕۆ ناتوانم هیچی لۆ بکەم چۆن دێت؟ باشە ئەگەر جەوهەر بچیتە ناو حوکمەتێ باشە؟، ئەوە سەحوە گەیشتە کەرکووکێ، خودا دەزانی لە هەولێرێ لە دووسەت کەسیش زیاتر عیلاقاتی دروستکردووە لەگەڵ حکومەتی عێراقێ، ئەکسەریەتیش کۆنە پێشمەرگەیە، لەبەرئەوەی ئیشیان تەواو نییە . ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بیەوێ کەس دەگەڵ عەرەب دا نییە، بەڵام باشە من حیزبم لێرە و هاتیمە دەگە حوکمەتێ و وەڵڵاهی بێجگە لە دیفاع لە حوکمەت نەمکردییە، بەڵام ئەگەر هەموو دونیایێ بینمە ئێرە نە کاک مەسعود و نە مام جەلال قبول ناکەن ئەز بچمە ناو سیاسەت، نە نائیبمان هەبی، نە وەزیرمان هەبی، هەشە چ کەسیشی نییە ناوی دەبینین . ئێستا ئەلعانۆکە هەندەک سەرۆک حیزب هەنە دوو نەفەریشیان نییە، وانائیبن لە مەجلیسێ هەیە. ئەوان باتشتی حەقیقی بکەن بە سورەتەکی سەحیح، بزانە ئیشی وان چۆن دەڕوات.

تورکیەی بینن و هەموو ڕۆژێ لە کوردا بدەت. تو ئەو خودایەی بۆ من عەیب نییە ببێمە PKK ی ئیرهابە، بمرم چێتر نییە؟ ئەگەر PKK ە ئیرهاب بی ئەدی پارتی و یەکێتیش لە دەرێ شەڕیان ناکرد دەگە حوکمەتێ؟چۆن دەبێ ئەتو برێی PKK ئیرهابە؟ ئەو بەتەڵانە شەڕی دەکەن لە تورکیەی چۆن دەبێ بڵێین ئیرهابە؟ ئەمن چ ئیلاقەم لە چەند موجاهیدی خەلقە، بلێم موجاهیدی خەلق ئیرهابە.

**ڕوودا: بەڵام دەڵێن موجاهدینی خەلق لەکاتی شکستهێنانی راپەڕینی 1991 خەڵکی مەدەنی کوردیان کوشتووە؟**

**عومەرئاغا:** ئەرێ وەڵڵا لێیان بێ ناموستر و خەراتر نینە، بەخوای زۆر خرابن. 10 زەلامێ منیان کوشتن لە ئالتون کۆپری. هێشتا چ پارتی و یەکێتی نەهاتبوونە خوارێ، ئێمە لە ئالتون کۆپری شەڕی وانمان کرد. چەند سیلاح و تشتێ مەیان برد و سەیارەیان لە من سۆتاند، ئەوان دەگە سەدامی دابوون، بەڵام دەڵێن ئەمە دیموکراتیەتمان دەوێ لۆ قەومی خۆمان، ئەو لەحیە و دیانەتەمان ناوێ .لەبەر هەندێ ئەوە ئیشی من نییە ئەمن ببێمە موجاهیدینی خەلق ئەتو ئیرهابی. موجاهیدینی خەلق دیفاعەکێ دەکات لۆ خۆی، چ عیلاقەشم نییە لەسەر ئیرانێ.

**ڕوودا:پارتی و یەکێتی هاوکاری حیزبەکەت دەکەن؟**

**عومەرئاغا:**پارتی هاوکاریەکم دەکات، هاوکارییەکی قوتی لایەموت. وەکی گیسکی حەیاسی نە بمری و نە بژی. ئەوە ساڵەکە پەیوەندیم لەگەڵ یەکێتی باشبووە، بەڵام بەس پارتی ئەو هاوکارییەم دەکات.

**ڕوودا:پێتوایە هاوکاری حیزبەکان بکرێ**

## کاک کۆسرەت هەرچی لەدەستی بێت بۆ خەڵکی دەکات

**ڕوودا:ئێستا ئەگەر نەوشیروان مستەفا پێویستی بە هاوکاری بێت، تۆ ئامادەی هاوکاری بکەی ؟**

**عومەرئاغا:**من ئامادەم، بەڵام ئەو وەرناگریت، لەلەندەی کە ئەوکات کوردایەتی نەمابوو،چەکم لە پێش دانا، منیش زۆر پارەم هەبوو، گۆتم چەندی دەنووسی لۆ خۆت بنووسە، یەک دەرهەمی وەرنەگرت، گوتی من ئیش دەکەم و بەوە دەژیم، ئێستاش ئەگەر داوام لێ بکات هەرچی هەمە دەیدەمێ.

**ڕوودا:ئەی رات لەسەر کۆسرەت رەسول چییە؟**

**عومەرئاغا:**کاک کۆسرەتم زۆر خۆشدەوێت،

ئافرەتانی لیبیا چۆن دروستبوو؟

**عومەرئاغا:** منیان هەمیشە لە فندەق مهاری کە ئێکەم فندەقە لە لیبیا،دایاندەنام وایان تەسەور دەکرد سەرۆک وەزیرم، ئەو معەمەر قەزافیە قەدرەکی وای لێدەنام نەبیتەوە. جارێک کە لەوێبووم گۆتیان وەڵڵا مەجموعەیەک ژن دەیانەوێ بتبینن، گۆتم با بەخێربێن، وەڵلا مەجموعەیەک ژن هاتن، گۆتیان لە لیبیا، ژن دوو ملیۆن و نیو لە پیاوان زیاترن، ژنیش دەبینی لە لیبیا عەسکەر و لیوا روکنن، گۆتیان ژنی ئێرە زۆر مەغدورن، حەزدەکەین بتوانی هەندێک گەنجی عێراقی بینی. گۆتم من هەموو ساڵێ 500 نەفەرتان بۆ دێنم . هاتم یەکەمجار موافەقەتی



## چۆپی دەیەوێ مادۆنا ببینێ

رووداو-هۆڵەندا

◆ چۆپی فەتاح، لە دیدارێکدا لەگەڵ ماڵپەری نێتکورد رایگەیاند کە ئەو زۆر سەرسامە بە گۆرانیبێژی ناسراوی ئەمەریکی مادۆناو گوتی " مادۆنا گۆرانیبێژێکی بەناووبانگەو حەز دەکەم بیبینم". چۆپی باسی هاوسەرەکەشی کردو گوتی " خۆشحاڵم کە هاوسەرگیریم لەگەڵ کوڕێکی زۆر باش کردووە".

### بلند ئیبراهیم، دێ پەیمانگەها هونەرێن جوان هێلیت

# من هزرا ژن ئینانێ یا د سەرێ خۆدا ئینایە دەر

رووداو-دهۆک

هونەرمەند بلند ئیبراهیم،د هەڤپەیڤنەکێدا دگەل (رووداو)دا داخویاکرن کو ئەو ئێدی نەشێت وەک ماموستا ل پەیمانگەها هونەرێن جوان وانان ببێژیت و دیار دکەت کو چ ئەلبوومەکێ دروست ناکەت هەکە پتر ژ 2 سترانێن شێوەزارێ سۆرانی تێدا نەبن.بلند هەروەسا ژ بۆ خوەندەڤانێن (رووداو) ئاشکرا دکەت، کو پشتی شکەستا ئەڤینا وی، بڕیاردایە هزرا ژنئینانێ ل مێشکێ خوە پاڤێت.

بلند ئیبراهیم،کو د دەمەکی کێم دا بووە خۆشتڤیێ گەنجێن کوردستانێ،نها کارێ وی یێ هونەرێ تمام کر".

بلندی بۆ (رووداو) ئاشکرا کر کو ل دەستپێکا سالا 2009 دێ دەست ب بەرهەڤیا بەرهەمێ 2009 کەت و ئاماژە ب وێ یەکێ کر کو ل دوماهیکا ئەڤساله دێ دوو کونسێرتان ل وەلاتێ سوێد گێڕیت، ل 13 و 2008/12/20.



هەرچەندە،پڕانیا سترانبێژێن باشوورێ کوردستانێ و هندەک ژ سترانبێژێن کورد ل ئەورووپاژی دچن تورکیا بۆ تۆمارکردن و چێکرنا موزیکێ و کلیپکردنا سترانێن خوە، لێ بلند نە دگەل هندییێ. بلند بۆ کارێ خوە یێ 2009 نەچاربوویە بچیتە تورکیا لێ دبێژی " ئەز بخوە نە دگەل هندێ مە بچمە تورکیا، ب تنێ 30 % ژ کارێ خوە ئەز ل تورکیا دکەم وەک کارێ گیتارێ و جاز و درامس، 70% کارێن دی ئەز ل دهۆکێ و باکوورێ کوردستانێ دکەم و، هەمی ئامێرێن دی یێن میوزیکی کەسێن کورد ل دهۆکێ و باکوورێ کوردستانێ بۆ سترانێن من دژەنن و ئەز چ جارا ناهێلم میوزیکا تورکی کارتێکرنێ ل سەر میوزیکا من بکەت".

بلند، دبێژە ئەو ل 10 کلیپێن خوە ژ 2 یان نەرازییە، کو ئەوژی (کەچکێ پر جوانێ، و سەیرانا جانا) ئەوژی ژ هندەک تشتێن وان.

بلند، وەهزردکەت کو وی ب ڕێژەیا 75%کەچک ب شێوەیەکی دروست د کلیپێن خوەدا ب کارئانینە و بۆ ڤێژی نمونەیا کلیپا (گەڕیانەک)

## حەز ژ دوو تشتا ناکەم ئێک موبایل و یا دووێ ئینتەرنێت

هەرچەندە کو دپڕانیا ئەلبوومێن وی دا 2 هتا 3هۆزانێن هۆزانڤان سەلمان شێخ مەمێ هەنە، لێ ئەو دبێژی "هەڤالینی یا ل دەف من هەی، بەلێ نە دهونەری دا".

بلند، ب گۆتنا سترانان ب شێوەزارێ سۆرانی ل دەڤ گەنجێن سۆرانی ئاخێڤژی یێ ناڤدارە،بلند سۆزەک د هەڤپەیڤینا خوەدا دگەل (رووداو) دا ئاشکرا کر و گۆت"ئەز چ ئەلبوومان دروست ناکەم ئەگەر پتر ژ 2 سترانێن سۆرانی تێدا نەبن". بلند دبێژە وی ددەستپێکێدا زەحمەتی دگۆتنا سترانێن سۆرانی دا ددیت لێ نۆکە ئەو باشترە.

( وەرە پەری، وەغەرا تە بوو کی ڤەیە، ئەڤە چەند ڤانە من دانە تە، تو نەهاتی ...) داخوازییەک یا ل دەف بلندی هەی،

## ئەز چ بەرهەما دروست ناکەم هەکە دوو سترانێن سۆرانی تێدا نەبن

هونەری وەختێ وی زێدەتر دگرە دبێژە"ژبەر گێڕانا کۆنسێرتان و چۆنا دەرڤەی هەرێما کوردستانێ بۆ کارێن هونەری ل ڤێ دوماهیکێ هندەک ئاریشە بۆ من پەیدابوون، ئەز نەشێم هند پێگرییێ ب دەوامێ بکەم، ژبەر هندێ من داخوازا مۆلەتێ ژ ڕێڤەبەریا پەیمانگەهێ کریە".

بلندیدلتەنگیا خوە هەمبەرهێلانا پەیمانگەهێ دیار کر و گۆت کو وی زۆر پێ نەخۆشە و قوتابییێن وی ژی پێ نەخۆشە، لێ هەکە چەند سالا ژی مۆلەتا بێ مووچە وەربگریت دێ پاشی هەر زڤریتەڤە بۆ پەیمانگەهێ.چونکی هەروەکو ئەودبێژی "پەیمانگەهێ بنگەهەک بو من دانا کو ئەز بزانم دێ چاوا د هونەرێ خۆدا پێنگاڤان هاڤێژم و ئەز فێرێ رێکا زانستی یا هونەری کرم"،بلند ب تەجروبەیا خوە گەهشتییە وێ باوەریێ کو پەیمانگە دلگەرمیا بەردەوامیێ و سەرکەفتنێ د دەتە ئەو کەسێن کو بەهرەیا هونەری و حەزا هونەری هەی "حەزا سترانێ و میوزیکێ ل دەف من هەبوو، بەلێ پەیمانگەهێ کەسایەتییەکا دی دا من و کەسایەتیا من یا

ب نموونە ئینا، کو سترانبێژا گەنجا باکوورێ کوردستانێ مەلەک دگەل ویدا بەشدارەو تێدا ب ئاوایەکی سیمبولی د بازارێن چار پارچێن کوردستانێ دا دگەڕێت.

هونەرمەند بلند ئیبراهیم، د دووسالێن چۆیی دا دوو کۆنسێرت ل بازارێ قامشلۆ ل رۆژئاڤایێ کوردستانێ پێشکشکرن و چۆ ئەلمانیاش، ئەو دبێژە مەبەستا وی ل ڤان کۆنسێرتان نە مەبەستەکا مادی بوو، لێ دهەمان وەختدا دبێژە"راستە ئارمانجا هونەرمەندییا مروڤایەتییە بەلێ کارێ وی یێ بازرگانی ژی یە و پێدڤیە هەردووکان بکەت".

ب باوەڕیا، پسپۆرێن وارێ هونەری، وەختەکی هونەر دگەهیتە گۆپیتکا خوە کو هونەرمەند ب داهاتێ هونەرا خوە بژین، بۆ وێ ژی پاراستنا هونەرێ وان پێویستە .بلنددبێژە کو ئەو تارادەکێ ب هونەرێ خوە دژیت"من چ بەرهەمەک دروست نەکریە کو هەمی نەهاتبە فرۆتن"، د هەمان وەختدا سوپاسیا نێچیرڤان بارزانی سەرۆکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ و تەمەر رەمەزان پارێزگارێ دهۆکێ کر کو پشتەڤانی و هاریکاریا وی کرینە.

ئەو سترانا بلند دبێژی ب هەستا خوە دبێژی، ئەو دبێژی بۆ چێکرنا سترانان دڤێت هونەرمەند خۆ بنیاسیت و بزانیت دەنگێ وی چییە.

هەر دڤی چارچۆڤەیدا ئەو چەند رەتکر کو ئەوهۆزانا ل سەر بنەمایێ هەڤالینێ هەلبژێریت، لێ نزا ئەو دگەل کێ دئاخفی.



بلند ئیبراهیم،بەرسڤا ڤێ پرسا خوەندەڤانێن (رووداو) ددەت و دبێژی "ئەز ب هەستا ئەڤیندارا سترانا دبێژم، هونەرمەند ژی وەکی هەر کەسەکێ ئەزمونێن خوەیێن ئەڤینیێ یێن هەین، خوشی و نەخوشی یێن هەین، بەلێ ئەگەر هونەرمەندی حەزێکرن کربیت یێ ب هەستا حەزێکرنێ و هەستا ئەڤیندارا حەسیای و وەختێ هوزانەکێ دبینیت خۆ تێدا دبینیت".

بلند دان ب وێ چەندێ داتینە کو وی حەز ژێکرن کرییە و دبێژە"بێگومان من حەز ژێکرن و ئەڤینداری کریە". بلند دبێژە ئەو د ئەڤینداریێ دا یێ سەرکەفتی بوو، لێ ئەو ئەڤیندارا خوە نەگەهشتنە ئێک "مەرج نینە دحەژێکرنێ دا ئەڤیندار بگەهنە ئێک، و ئەز دحەژێکرنێ دا یێ سەرکەفتیم، بەلێ ئەم ل دوماهیکێ نەگەهشتن ئێک".

ئێک دی ژ پرسیارێن، جەماوەرێ بلندی ئەوە کا ئەو دێ کەنگی ژیانا هەڤژینیێ پێکئینیت، بلند دبێژە هێشتا ئەو دەم نەهاتییە "رەنگە هونەرێ من ئەگەر بیت کو ب هەڤژین نەکەڤم و من هزرا ژن ئینانێ یا دسەرێ خودا ئینایە دەر ژبەر کو من کارێ خو دیت و وەختێ من یێ چاوایە و ئەزێ چ دکەم و ئەزێ دبینم دێ کارتێکرنێ ل من کەت".

بلندی ئەڤ چەندە ژی داخویاکرن بۆ (رووداو) کو ئەو حەز ژ دووتشتیان ناکەت "ئەز حەز ژ دوو تشتا ناکەم ئێک موبایل و یا دووێ ئینتەرنێت"، ئەو دبێژە کو ئەو زۆر ب زەنگلا موبایلێ نەرەحەت دبی و ئەو بەری بەرسڤ بدەت ل هەژمارا تەلەفۆنان تەماشە دکەت، هەروس دبێژی "زەنگلا مۆبایلا من زەنگلا تەلەفۆنا کلاسیکە و چ سترانێن من دمۆبایلا من دا نینە، بەلێ وەختێ ئەز ئاوازەکێ دروست دکەم، ئەز ددانێمە د موبایلێ دا".

### رۆژین، ئەو گۆرانیبێژەی تورک و کورد رقیان لێیەتی

# دەیانەوێ منیش ببمە توندڕەو



رووداو-TDN

لەکاتێکدا ئێستا پێوەندی نێوان تورک و کورد لە هەمووکات ئاڵۆزترە، کچە گۆرانیبێژێک دەیەوێت هەردوولا نێزیک بکاتەوە. بەبێ ئەوەی لایەنگری لایەک بکات، (رۆژین)ی گۆرانیبێژ بە هەردوو زمانی کوردی و تورکی گۆرانی دەڵێت، بەو هیوایەی ئەو گۆرانیانە پردێکی خۆشەویستی و تێگەیشتن لەنێوان هەردوولادا دروست بکەن.

کورد کەیفیان پێنایێت لەبەرئەوەی کورد دەڵێن "زۆر تورکییە"، لە هەمانکاتدا تورکیش حەزی لێناکەن لەبەر ئەوەی "زۆر کوردە". رۆژین باشترین نموونەیە بۆ کەسێک کە بەناچاری بۆ توندڕەوی رادەکێشرێت .

رۆژین کە لە دایکبووی شاری مێردینی باکووری کوردستانە لە تەمەنی 17 ساڵیدا بووە ئەندامی تیپی شانۆی نیشتمانی تورکیا و بەشداری 20 کاری هونەری ئەو تیپەی کردووە، بەڵام دواتر بە هۆی پێداگرتنی لەسەر ناسنامەکەی لە تیپەکە دەرکراوە.

رۆژین لەسەردانێکیدا بۆ باشووری کوردستان رایگەیاند کە لە تورکیا زۆر سەختە بۆ هونەرمەند کە بڵێ من کوردم یان گۆرانی بە کوردی بڵێ، "ئەگەر وابکەی دەزگاکانی تورکیا شەرتیان زۆرە و دژایەتیت دەکەن".

لەوەتەی یەکەم ئەلبومی گۆرانیی خۆی بە نێوی (ژان)لە ساڵی 2000 بڵاوکردووەتەوە، رۆژین گۆرانی دەڵێ، ئەویش نەک تەنیا بۆ ئەوەی بچێتە نێو دڵی گوێگرانەوە، بەڵکو بۆ سڕینەوەی ئەو ئاستەنگانەش کە لە مێشکی چەند کەمتەرخەمێکدا هەن. ناوبراو بە زۆر شێوە گۆرانی دەڵێت، بەڵام ئەوەی رۆژین لە گۆرانیبێژەکانی دیکە جیادەکاتەوە، ئەو زمانەیە کە رۆژین لە گۆرانییەکانیدا بەکاردێنێت.

ئەو لەسەرجەم ئەلبوومەکانیدا، بە هەردوو زمانی کوردی و تورکی گۆرانی دەڵێت. رۆژین دەزانێت کە خەڵکێکی زۆر رقیان لێ دەبێتەوە، لەبەر ئەوەش زۆر بیر لە کوشتنی (هرانت دینک)ی رۆژنامەنووسی ئەرمەنی هاووڵاتی تورکیا دەکاتەوە، کە ئەویش دەیویست هەردوو کولتووری ئەرمەنی و تورکی لێک نزیک بکاتەوە.

رۆژین لەوبارەوە بە رۆژنامەی تورکی (تورکیش دەیلی نیوز)ی راگەیاند" زۆربەی خەڵک دەیانەوێت توندڕەو بم، بەڵام هونەر توندڕەویی نییە، هونەر مرۆڤایەتییە".

رۆژین هیوادارە ببێتە پردێک لە نێوان هەردوو گەلی تورک و کورد دا، بەڵام لەهەمانکاتدا تووڕەیە لەو هەڵسوکەوتەی هەندێ خەڵک بەرامبەری ئەنجامدەدەن. لە درێژەی قسەکانیدا رۆژین دەڵێ" خەڵکێکی زۆر نامەی بۆ کۆمپانیای تۆمارکردنی ئەلبومەکانم ناردووە و پێشنیازیان کردووە کە بە یەک زمان گۆرانی بڵێم، بەڵام من هەرگیز لەو کارەی خۆم پاشگەز نابمەوە، هەتا هەتایە بە هەردوو زمان گۆرانی دەبێژم، ئەوان با هەر بڵێن من یەکێک نیم لەوان و نامەوێت ناچار بکرێم لایەنگری لایەنێک بکەم".

هەروەها رۆژین نارەزایی خۆی دەردەبرێت بەرامبەر پشتگوێخرانی لەلایەن دەزگا تورکییەکانەوە،رۆژین گلەیی ئەوەدەکات کە هەر کاتێک لە تەلەڤزیۆن گۆرانی دەڵێت، ئاگادار دەکرێتەوە بە کوردی گۆرانی نەڵێت، بەتایبەتیش ئەو داوایە ئەمساڵ هەر زۆربووە "تەنیا بیانووی ئەوان ئەوەیە ئەگەر بە کوردی گۆرانی بڵێم، ئەوا کێشە بۆ ئەوان دروست دەکەم، لەکاتێکدا هیچ یاساییەک نییە گۆرانی کوردی قەدەخەبکات، بەڵام ئەوان نایانەوێت پەخشی بکەن، لەوەو پێش چەندین جار لەسەر تەلەڤزیۆن گۆرانی کوردیم گوتووە، بەڵام ئەمساڵ هەر گوێم لەو بیانووە دەبێ".



## پڕشەنگ خەڵاتکرا

ڕووداو-نێتکورد

◆ لە ئاهەنگێکی تایبەتیدا کە شاژنی دانیمارک و چەند وەزیرێک تێیدا ئامادەبوون، خەڵاتی " تێکەڵبوون Integration " بە ژنێکی کورد بەناوی پڕشەنگ سەعید بەخشرا کەخەڵکی باشووری کوردستانەو لە بواری کۆمەڵایەتیدا کاردەکات ولەم ساڵانەی دواییدا هاوکاری پتر لە 1000 ژنی کردووە لە دانیمارک. حکومەتی دانیمارک ساڵانە ئەو خەڵاتە پێشکێشی چەند کەسێک دەکات.

# تەنیا کۆنگرێس دەتوانێ بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکا دابخات

**تایبەت بە ڕووداو**

عومەر شێخموس، سەرۆکی بەشی کوردی ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا دەڵێ لەنێو هەموو بەشەکانی دەنگی ئەمریکادا "تەنیا بەشی کوردی و بەشی تبت بە بڕیاری کۆنگرێسی ئەمریکا دامەزراون، ئەوەش زۆر گرنگە چونکە تەنیا کۆنگرێس دەتوانێ دایبخات نەک سەرۆکایەتی دەنگی ئەمریکا"،ئەو کە لەگەڵ هاوکارەکانی هەوڵیدا بەشی کوردی لە تەلەڤزیۆنی دەنگی ئەمریکادا بکرێتەوە،بەڵام دوای ئەوەی IBB ڕازینەبوو ئەویش گرێبەستەکەی خۆی لەگەڵ دەنگی ئەمریکادا نوێ نەکردەوە.

کە جاری یەکەم، لە ئێوارەی ڕۆژی 1992/4/24 دەنگێک لە ئەمریکاوە بە ڕێگەی شەپۆلە ڕادیۆییەکان گەیشتە بەر گوێی خەڵکی کوردستان و گوتی "ئێرە بەشی کوردی دەنگی ئەمریکایە"،کورد زۆر خۆشحالبوون و ئەوەیان بە نیشانەیەکی دیکەی بایەخدانی گەورەترین دەوڵەتی جیهان بە کورد دانا. هەرچەندە شێخموس بەشداریی دامەزراندنی بەشی کوردیی دەنگی ئەمریکای نەکرد، بەڵام دەزانێ کێ هەوڵی بۆ داوەو لەو نێوەشدا دەڵێ "دەبێ کورد هیچ جار ڕۆڵی دۆستە دڵسۆزە ئەمریکییەکەی د.پیتەرگالبرێس لە دامەزراندنی بەشی کوردی دەنگی ئەمریکا لەبیر نەکات، کە هاوکاری د. نەجمەدین کەریم و پرۆفیسۆر ئەسعەد خێلانی کرد لە دامەزراندنیدا".

بەشی کوردی دەنگی ئەمریکا کە بە ماوەی 15 دەقیقە دەستیپێکرد، دواتر بووە نیو کاژێر و ئینجا بووە یەک کاژێر و، ئێستا گەیشتووەتە 4 کاژێر و کارمەندەکانیشی بوون بە 23 کەس، کە لەساڵی 1992 بە شەش کارمەند دەستی پێکرد و یەکەم سەرۆک بەشیشی ئەمریکییەکی کوردی زان بوو بەناوی مایکل چاپەد.

عومەر شێخموس، لەمانگی ئاگۆستی 2001، لەسوێدەوە چووە ئەمریکا بۆ کارکردن لە بەشی کوردی دەنگی ئەمریکا و دواتر بووە سەرۆکی ئەو بەشە و لەساڵی 2003 کارەکەی لەوێ تەواوبوو دەڵێ " "من هەرچەندە دانیشتوی ئەمریکا نەبووم بەڵام لەناو 6 کەس منیان هەڵبژارد ئەویش لەبەر لێوەشاوەییم".

عومەر شێخموس دەڵێ، لەبەر ڕابردووی ئەو لەگەڵ یەکێتی دا وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەمریکا، یاداشتێکی نارەزایی دژی بوونی ئەو بە بەڕێوەبەری ئەو بەشە دا سەرۆکایەتی دەنگی ئەمریکا. سەرۆکایەتی دەنگی ئەمریکا دوای شەش مانگ بۆ لێکۆڵینەوە لیژنەیەکی پێکهێنا " لیژنەکە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لە بەرنامەکانمان بۆی دەرکەوت کە لایەنگیری نەکراوە، بەڵکو لەئەنجامی لێکۆڵینەوەدا دەرکەوت ئەو هەڤپەیڤینانەی لەگەڵ بەرپرسانی پارتی کردوومانن زۆر زیاترن لەو هەڤپەیڤینانەی لەگەڵ بەرپرسانی یەکێتیدا کردوومانن". هەروەها دەڵێ سەردانی فەلەکەدین کاکەیی بۆ دەنگی ئەمریکا بەتەواوی ئەو گومانەی لەسەر ئەو نەهێشت " فەلەکەدین کاکەیی لەبەردەم سەرۆکایەتی دەنگی ئەمریکا گوتی ئێمە هیچ گلەییەکمان لە بەشی کوردی دەنگی ئەمریکا نییە".

ساڵی 1992، ئەوکاتەی بەشی کوردی دامەزرا، دەنگی ئەمریکا لە 55 بەشی زمانی جیاجیا پێکدەهات و ئێستا بووەتە 44 بەش. عومەر شێخموس دەڵێ جگە لە دەوڵەتی تورکیا، بەشی عەرەبی دەنگی ئەمریکاش زۆر دژی دامەزراندنی بەشی کوردی بوو "چونکە بودجەی بەشی کوردی لەبودجەی بەشی عەرەبی وەرگیرا".

بەشی کوردی و بەشی تبت، کە تەنها دوو بەشن کە بەبڕیاری کۆنگرێسی ئەمریکا دامەزراون، بەپێی نێوەرۆکی بڕیاری دامەزراندنی بەشی کوردی کە لە کۆنگرێس دەرچووە، ئەم بەشە بۆ مەبەستی بڵاوکردنەوەی دەنگوباسە بۆ "باکووری عێراق"،بۆیەش وای بۆدەچێت کە کاتی خۆیشی هەر لەبەر ئەوە ئەمریکییەک کرایە سەرۆکی بەشەکە. بەڵام لەوبەشەدا تارادەیەک هەواڵی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش هەیە "ئێمە هەوڵماندەدا سنووری کاری خۆمان فراوان بکەین کە هەموو کوردستان بگرێتەوە".

تورکیا کاری خۆی لەو بوارەشدا دژی کورد، کرد کاتێک بووە ڕێگر لە بەردەم کردنەوەی بەشی کوردی لە تەلەڤزیۆنی دەنگی ئەمریکا. شێخموس دەڵێ بەپێی ڕاپرسییەکان گوێگرانیان زۆر لە ڕادیۆی سەوا و بی بی سی زیاتربوون لە کوردستان،بەڵام نەدەگەیشتنە ڕادیۆی نەوا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەیانزانی ئێستا ڕادیۆ هێندەی تەلەڤزیۆن کاریگەر و جەماوەری نییە، بۆیەش کە لە ساڵی 2002 بڕیاردرا 87 ملیۆن دۆلار بۆ کردنەوەی بەشی فارسی تەلەڤزیۆنی دەنگی ئەمریکا تەرخانبکرێ ئەوان پرۆژەیەکیان پێشکێشکرد کە 8 ملیۆن دۆلار لەو پارەیە بۆ پێشکێشکردنی بەرنامە بەزمانی کوردی بۆ ماوەی نیو کاژێر بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەرخانبکرێ "هەرچەندە سەرۆکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست قبوولی کرد، بەڵام دەستەیەکی بەرزتر هەیە کە پێیدەڵێن IBB و هەموو ڕادیۆو تەلەڤزیۆنەکانی ئەمریکای لەژێر دەسەڵاتدایە،ئەو داوایەی قبوڵ نەکرد، بەهۆی ڕازینەبوونی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ئەنجامی نارەزایی حکومەتی تورکیا".

عومەر شێخموس دەڵێ، ئەو هەوڵیدا لە ڕێگەی د.بەرهەم سالحەوە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕازیبکات، بەڵام نەکرا " بەخشکەیی بەرهەم سالحم هاندا و لەگەڵ کۆندولیزا ڕایسی وەزیری دەرەوە باسیکردبوو، بەڵام نەیانکرد وتیان با بۆ کاتێکی دیکە بێت".

بەشی کوردی دەنگی ئەمریکا لە ساڵی 2006 خەڵاتی باشترین بەشی دەنگی ئەمریکای وەرگرت، ڕازینەبوون بە داوای کردنەوەی بەشی کوردی لە تەلەڤزیۆن بووە هۆی دڵساردی کارمەندانی، بەڵام هەستکردنیان بە بەرپرسیارێتیێکی زۆرتر لە پێشەیی بوون، هەموو کارمەندانی بەشی کوردی ئەو ڕادیۆیەی هێشتووەتەوە، عومەر شێخموس دەڵێ "ئێمە بەگشتی بۆچوونێکی وامان هەبوو، کە ئەو بەشە بمێنێت باشترە لەوەی کە نەمێنێت"،لەهەمانکاتیشدا " ئایندەی بەشی کوردی لەمەترسیدا نییە، چونکە هەتا ڕەوشی عێراق و تورکیاو سوریاو ئێران بەوشێوەیە بێت پێویستیان بەم بەشە ڕادیۆیە دەبێت".



Back row (From left to right): Motabar Shirwani, Fakhria Dosky, Homer Dizeyee, Naze Gemo, Shayan Pasha, Haider Kerim
Front row (From left to right): Dakhil Shammo, Omar Sheikhmous, Balen Salih



### عومەر شێخموس

– ساڵی 1942 لەشاری ئامودەی ڕۆژئاوای کوردستان لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند لەدایکبووە.
– لەتەمەنی 16 ساڵی بووەتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا.
– لەساڵی 1959 بەهۆی ئەوەی بەرپرسی ڕێکخراوی حەلەبی ئەو حیزبە بووە گیراوەو ئەشکەنجە دراوە.
– لەساڵی 1962 چووەتە بەریتانیا، بەکالۆریسی لە بەشی زانستی سیاسی و پەیوەندی نێودەوڵەتی وەرگرتووە.
– دواتر چووەتە سوێد و لەوێ بووەتە مامۆستای زانکۆ.
– تاوەکوساڵی 1966 نوێنەری شۆرشی ئەیلول بووە لە بەریتانیا و سکرتێری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بووە لە ئەوروپا.
– لەساڵی 1975 یەکێک بووە لەدامەزرێنەرانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان.

# دەنگێ کوردی ل هۆلێن زانینگەهێن ئەڵمانیا بلند دبیت

**ڕووداو-ئەڵمانیا**

ژ بۆ بەردەوامیا پرۆسەیا خواندنێ، پتریا خوەندەکارێن زانینگەهان ل ئەڵمانیا و ژ وانا خوەندەکارێن کورد ژی نەچارن کار بکەن و د سەر ڤێ ڕەوشا ب زەحمەتا خواندنێ ڕە ژی، هندەک قوتابی و گرووپێن خوەندەکارێن کوردان، خەباتێن بەردەوام ژ بۆ پاراستن و ناساندنا کولتورێ کوردی ب قوتابی و خەلکێن بیانێ دکەن، ب ڕێکا سازکرنا شەڤ ئاهەنگا و ڕۆژێن کولتوری وهەروەسا زیندیکرناهەلکەفتێن تایبەتیێن کوردی، وەکە جەژنا نەورۆزێ..

فەوزی دلبەر، سەرۆکێ کۆمەلەیا ڕامان یا خوەندەکارێن کوردێن سووریێ دبێژیت، گەلەک قوتابیێن ئەڵمان و نەتەوێن دی کو ل ئەڵمانیا دخوینن نزانن کو ل سووریا، عێراق، ئیرانێ و تورکیا کورد هەنە و هزر دکەن کو خەلکێن ڤان وەلاتان هەمی عەرەب و ترک و فارسن"ئەڤجا ژ بەر کو ب زەحمەتە مرۆڤ چیرۆک و دیرۆکا خوە ژ وان هەموویان ڕا ببێژیت، لەوما مە هزر د سازکرنا چالاکیان دا کر کو تێدا دیرۆک، چاند و هونەرا کوردی نیشانی ڤی خەلکی بدەین". کۆمەلەیا ڕامان، کریە بەندەک د دەستوورێ خوە دە کو هەر سال ل وەرزێ پاییزێ ڕۆژا کولتورێ کوردی و ل بهارێ ژی جەژنا نەورۆزێ سازبکەت "ل ڕۆژا کولتورێ کوردی کو ل دەسپێکا وەرزێ خواندنێ دهێت ئەنجامدان، ئەم هەوڵددەین پتر خەلکێ بیانی مێڤان بکەین، چونکی د وێ ڕۆژێ دا ئەم سمینار، چالاکی و خوارن و تایبەتمەندیێن جڤاکا کوردستانێ نیشان ددەین و حەز دکەین خەلکێ بیانی مە بناسیت". کۆمەلەیا ڕامان ل نەورۆزێ ژی ب سەما و موزیکا کوردی جەژنا نەورۆزێ پیرۆز دکەن.

سەرۆکێ کۆمەلەیا ڕامان دلخوەشە کو سال بۆ سالێ مێڤانێن وان پتر دبن " ئەوێن بەشداری چالاکیێن مە دبن دبێژنە مە دێ کەنگی وان چالاکیان سازکەنەڤە، ئەڤە ژی نیشانەکە کو ئەم سەرکەفتینە". چاڤێ فەوزی ل هەڤکاریا دکەل کۆمەلێن دی یە بۆ سازکرنا چالاکیێن هەڤبەش " لێ هێشتا دەرفەت چێنەبوویە".

سیروان حەجی بەرکۆ، کو ڕۆژنامەڤانەو خوەندکارێ زانکۆیا بۆخۆمە و ل وێ دەرێ سەرۆکێ کۆمەلەیا (کوردستان.ئار.گێ)یە، دیارکر کو وان چەندین جاران داخواز ژ کۆمەلەیێن دی یێن خوەندەکارێن کورد کریە کو ب هەڤ ڕە کار بکەن "لێ دناڤا کوردان دا ب گشتی حەساسییەتەک ژ بۆ کارێ هەڤبەش هەیە، هەر یەک لۆکال و هەرێمی بیردکەت و ب حوکمێ تەجروبەیا من، مەسەلەیا کو خوەندەکار یان گەنجێن کوردان بگەهن هەڤ و کارەکێ هەڤبەش بکەن، ئەو تشتەکێ سەرنەکەفتی یە". کۆمەلەیا کوردستان ئار.گێ ژی کو ل هەموو پاییز و بهاران، چالاکیان ل زانینگەها بۆخوم سازدکەت، وەک سیروان دبێژە ئەڤ چالاکییە بوونە کەڤنەشوونی و خەلک چاڤەرێی وان دکەت و ژ بازارێن دوور دهێن "ژ بەر کو خەلک ژ شەڤ ئاهەنگێن سیاسی تێر و تورە بوونە، ئەو ب شەوق چاڤەرێی ڤان چالاکیێن مە دکەن".

ئاسف قادری، خوەندەکارێ کۆلیژا پزیشکی ل بۆن، کو زیرەکترین خوەندەکارێ کۆلیژا پزیشکییە ل سەر ئاستێ هەموو ئەڵمانیا، ل سەر مێڤانداریا هەڤالەکی خوە یێ کورد، ئامادەی ڕۆژا کولتورێ کوردی ببوو، هەستێ خۆ بەرامبەر کولتورێ کوردی نیشاندا بۆ (ڕووداو) نیشاندا و گۆت "من گەلەک پێ خوەش بوو کو ئەز ل ڤێرێ ئامادەبووم، ب ڕاستی بەریا ڤێ شەڤێ من تشتەک ژ گەلێ کورد نە دزانی، لێ نۆکە ئەز گەلەک تشتا ژ جڤاک و دیرۆکا پر دەردەسەریا کوردان دزانم". قادری، کو ئەڤە پێنج سالن خودان بەرزترین پلەیە ل هەموو ئەڵمانیا د خواندنا پزیشکیدا دبێژی "ئەز کەیفخوەشم کو دبینم لاوێن کوردان ژ بۆ پاراستن وناساندنا کولتورێ خوە دخەبتن".

د دەربارێ تایبەتمەندیێن ڤان چالاکییان دە، سیروان حەجی بەرکۆ دیارکر کو ئەڤ نێزیکی دەهـ سالانە ئەو ڤان چالاکییان ئەنجامددەن، ل دەسپێکێ وان هندەک زانیاری ل سەر ڕەوشا کورد و کوردستانێ نیشانی مێڤانان ددان و پاشی پرۆگراما موزیکێ دەستپێدکرن. لێ وەک بەرکۆ دیارکری، نها ڕەوش هاتییە گوهەرتن و هەر کەس دکارە زانیارییان ب دەست بخە و کەسێن بیانی ژی دەما ئامادەی چالاکیێن وان دبن و موزیکا کوردی ب دلێ وان بیت، دشێن پشتی وێ ل ژێدەران بگەریێن و زانیاریان دەربارێ کوردان بزانن "ئەم دخوازن کو گەنجێن کورد، خوەندەکار و نە خوەندەکار ل هەڤ بجڤن و گوهدارییا موزیکا کوردی یا نووژەن بکەن. ژ بۆ ڤێ ژی ئەم بێتر هونەرمەندێن گەنج دئینن. ئەم دخوازن چاندەکێ دروست بکن دووری چاندا چالاکیێن سیاسی یێن پرۆپاگەندەیی، یێن بژی فلان کەس و بمری فلان کەس". هەلبەت بەرەڤاژی زانینگەها بۆن و هند زانینگەهێن دی کو بەشداریکرنا دچالاکییان دا، بێبەرامبەر بوویە، لێ ل زانینگەها بۆخومێ دراڤەکێ کێم دهات وەرگرتن، کو بۆ خەرجیێن ئاهەنگێ تێن ب کارئانین ژبەر کو زانینگەها بوخومێ پارەیەکی کێم بۆ ڤێ چالاکیا کۆمەلەیا کوردستان ئار گێ دابین کردبوو.

خوناڤ عامودی کو زمانێن فارسی، عەرەبی و سیاسەتا ڕۆژهەلاتا ناڤین ل زانینگەها بۆخوم دخوینیت، هەر سال ل چالاکیێن قوتابیێن کورد ل زانینگەها بوخومێ ئامادەدبیت، ژبەر هاتنا هونەرمەندێن نوو یێن کورد بۆ ڤان شەڤە ئاهەنگان خوناڤ دبێژە "شەڤێن قوتابیان گەلەک خوەشترن ژ شەڤێن داوەتان، هەر ژ بەر ڤێ یەکێ ژی هەر سال مێڤانێن ڤان شەڤان زێدە دبن، هندەک گەنج ژ هولەندا و بەلجیکا ژی دهێن".



شەڤە ئاهەنگەکا خوەندکارێن کورد ل ئەڵمانیا (فۆتۆ: ڕووداو)

## کوردێکی موسڵ بە گۆرانییەکی ڕاپ گەیشتە ئەمەریکا

**جۆن فرێدلن**
**ئیلزابێت تاون**

گەشتەکەی سیپان حەسەن "بۆب" لە مەترسیدارترین شوێنی دنیاوە بۆ ئەم شارۆچکەیە "ئیلزابێت تاون"، کە ساڵی ڕابردوو لە لیستی ئارامترین 10 گەڕەکی ئەمەریکادا بوو، بەهۆی گۆرانییەکی ڕاپەوە دەستی پێکرد.

ئاوازدانان و دارشتنەوەی گۆرانییەکە کە بە ناوی (وەرنە یارییەکەوە)یە لەلایەن حەسەنی کوردەوە دانراوە و پێش ئەوەی سەدام دەستگیر بکرێت گۆرانیەکەی حەسەن خەڵکی هاندەدا بەدوای دیکتاتۆری عێراقدا بگەڕێن. کە خەڵاتی دەستگیرکردنی 25 ملیۆن دۆلار بوو.

وەکو زۆربەی گۆرانییەکانی ڕاپ، ئاوازەکەی تێکەڵاوییەکی میوزیکی ئەلەکترۆنی تێدایە، حەسەن لە گۆرانیەکەیدا دەڵێ " دوای ئەوەی سەدام دەستگیردەکەم ئۆتومبێلێکی ڕۆڵس ڕۆیس دەکڕم، کە شۆفێرەکەی فەڕەنسی بێت، ".

سەربازەکانی ئەمەریکا کە تازە هاتبوونە عێراق، حەزیان لە گۆرانییەکە کرد، هەروەها حەسەن ڕایگەیاند کە یارمەتی گرووپێکیدا کۆمەڵەی هاوڕێیەتی کورد و ئەمەریکی دابمەزرێنن.



حەسەن و هاوسەرەکەی لەگەڵ تۆمسن

حەسەن باجێکی تایبەتی بە کۆمپیوتەر بۆ ئەو گرووپە دروستکرد و پاشانیش لە شاری موسڵ چاویان بە ئەمەریکییەکان کەوت.حەسەن لەو بارەوە گوتی " ئەوان حەزیان بە هاوڕێیەتی ئێمە کرد".

حەسەن فیلمی ئەمەریکی دیتبوون وگوێی لە دەنگی گۆرانیبێژانی وەک لینیۆل ریتچی و سێلین دیۆن گرتبوو،بەڵام ئەو دەیویست زیاتر شارەزای کولتووری ئەمەریکی بێت.

پاشان بەرپرسە ئەمەریکییەکان حەسەن و هاوڕێکانیان کردە وەرگێڕی خۆیان.

یەکێک لەو سەربازانەی کە حەسەن کاری لەگەڵدا دەکرد گرێک تۆمسن بوو، کە پارێزەرێکی شارۆچکەی ئەلیزابێت تاون بوو لە ولایەتی کنتاکی، کەوەک سەربازی یەدەگی سوپای ئەمەریکا، بەشداری لە هەوڵەکانی سوپای ئەمەریکا دەکرد بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵگای مەدەنی لەو وڵاتەدا.

تۆمسن، یارمەتی حەسەن و هاوسەرەکەی ڕێناس و کوڕەکەیان محەممەدی دا کە بگەنە ئەمەریکا، بەڵام ئەوە کارێکی ئاسان نەبوو، هەروەها ئەو پارێزەرە خانوویەکی کرێی بۆ حەسەن و خانەوادەکەی دۆزییەوە، کە لە 10/24 گەیشتنە ئەمەریکا.

تۆمسن بەگشتی بە ڕێزەوە باسی کوردی دەکرد، بەتایبەتی حەسەنی تەمەن 32 ساڵ و ڕایگەیاند کە حەسەن وەکو برا بچووکیەتی.

هەروەها تۆمسن ڕایگەیاند کە بەهاکانی کورد زۆر نێزیکن لە بەهاکانی ئەمەریکاوە، بۆ نموونە کورد هەستی لێبووردەییان هەیە بەرامبەر جیاوازی ئایینی، لەم بارەیەوە تۆمسن گوتی " ئەو هەموو شتەی لە بارەی کوردەوە بینیم، ئەوەبوو کە ئەوان یا دروستکەری خانووبەرە بوون یان جەنگاوەر".

هەروەها ڕایگەیاند کە کورد گەشبینن بەرامبەر مەترسییەکان، بە وەفان و لەسەرەخۆن و لەپێش ساڵی 2003وە بەدەست سەدامەوە چەوساونەتەوە، ڕژێمەکەی سەدام گازی کیمیاوی بە کوردا کردووە و 16 ئەندامی خێزانی حەسەنی کوشتووە.

شەڕو کوشتار لە دوای ڕووخانی سەدام هەر بەردەوامبوو. زۆربەی ئەو وەرگێڕانەی لە شاری موسڵ کاریان دەکرد، سەربڕان، هەروەها کارە توندڕەوەکانی دیکەی تیرۆرستان لەو شارە ببوونە کارێکی باو.

لەگەڵ ئەوەی حەسەن لە ناوچە کوردییەکانی باکووری موسڵ ژیاوە و زۆربەی ژیانی لە بنکەی سەربازی بەسەربردووە و بە هاوکاری سەربازان ڕۆژانە چووەتەوە ماڵەوە.بەڵام حەسەن دەڵێ ئێستا ڕەوشی شاری موسڵ باشترە، بەڵام هیچ شتێک ناگاتە ئارامییەکەی شارۆچکەی ئەلیزابێت تاون.

تۆمسن بە حەسەنی ڕاگەیاند کە لەکاتی شەڕی نێوخۆیی ئەمریکا شەڕ لەو ناوچەیە هەبووە.هەروەها بە پێچەوانەی عێراقەوە، لێرە کارەبا بەردەوامە و گەشتکردن ئاسانترە.

ئێستاش حەسەن ئامێرێکی (سمارت فۆن)ی پێیە بۆ هەڵگرتنی گۆرانییە ڕاپەکانی.

پێش شەڕی عێراق،حەسەن ئاوازی لە میوزیکی نەوەی نوێوە بۆ تێکنۆ دادەنا و دەرهێنانی بەرهەمی تەلەڤزیۆنی دەکرد، لەهەمانکاتدا لەگەڵ هاوسەرەکەشی مامۆستای قۆناخی ناوەندی بوون.

**و:هاوار عەبدولڕەزاق**
**لە The News-Enterprise وە**

# ئارەزوو بۆ ئەوەی لەمنداڵەکەی جیا نەبێتەوە خۆی سووتاند



سۆران بەهائەدین
Soran2025@yahoo.com

**رووداو-هەولێر**

لە نەخۆشخانەی ئیمرجنسی لەسەر قەرەوێڵەیەک راکشابوو، پزیشکەکان خەریکی چارەسەرکردنی ئەو برینانەی بوون کە بەهۆی سووتانی تەواوی لاشەکەیەوە، ئەویان بێهۆش کردبوو. باوکی ئارەزوو کە لەبەردەم نەخۆشخانەکە چاوەڕوانی هەواڵی رەوشی کچەکەی دەکرد گوتی "ئارەزوو هەر لەمنداڵییەوە تا ئێستا خۆشی لەخۆی نەبینیوە".

دوای نیوەڕۆی رۆژی 2008/10/23 لەشارۆچکەی سۆران کچێک بەناوی ئارەزوو مستەفا، 19سالّ، دوای ئەوەی مێردەکەی هەڕەشەی تەڵاقدانی لێدەکات، دەبەیەک نەوتی بەخۆیدا کردو خۆی سووتاند، بەهۆی زۆری رێژەی سووتانەکەی کە 53%یە ماوەی هەفتەیەکە لەنەخۆشخانە لەهۆش خۆی چووە. دوای رووداوەکەش باوکی ئارەزوو سکاڵای یاسایی لەسەر هەر یەک لە مێردو خەزووری ئارەزوو تۆمار کرد و پۆلیسیش مێردی ئارەزووی دەسگیر کرد.

نەقیب خۆشەوی تەها، بەڕێوەبەری نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لەسۆران بە (رووداو)ی راگەیاند لە کە رۆژی 2008/11/4 مێردی ئارەزوو دەسگیرکراو گوتیشی "ئارەزوو لە نەخۆشخانە گوتوویەتی مێردەکەی قسەی پێگوتووەو ئەویش لەبەر ئەوە خۆی سووتاندووە، ئێستاش سکاڵای لەسەر مێردەکەی تۆمار کردووەو مێردەکەشی دەسگیر کراوە".

بەهۆی ناهەماهەنگی لەنێوان ئەو رێکخراوانەی لەبواری ژنان کار دەکەن و نەدرکاندنی زانیاری لەلایەن پۆلیس و نەخۆشخانەکانەوە لەبارەی سووتانی ژنان، تا ئێستا ئامارێکی باوەڕ پێکراوی سووتانی ژنان لەکوردستان نییە. زۆربەی ئەو ئامارانەی بڵاویش کراونەتەوە سەرچاوەکەیان رێکخراوەکانی ئافرەتان و رۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستان بوونە.

بەپێی ئاماری پەیمانگای پزیشکی دادوەری کوردستان، ساڵی رابردوو لە هەرسێ پارێزگای هەولێر، دهۆک و سلێمانی 486 ژن بەهۆی سووتانەوە گیانیان لەدەستداوە. هەروەها بەپێی ئامارەکانی ئەو پەیمانگایە رێژەی سووتان لەبەرزبوونەوەدایە: ساڵی 2006 لەهەرسێ پارێزگاکە 391 ژن بەسووتان مردوون، لەساڵی 2005یش لەهەردوو پارێزگای هەولێرو سلێمانی 310 ژن بەسووتان گیانیان لەدەستداوە.

مستەفا رەسوڵی باوکی ئارەزوو،چیرۆکی



نەهامەتی کچەکەی بۆ (رووداو) گێڕایەوە، گوتی ژیانی ئارەزوو لەیەکەم رۆژی بوونییەوە بە نەهامەتی دەستیپێکردووە، چونکە بەر لەوەی ئارەزوو لەدایک ببێت، ئەو و دایکی ئارەزوو لەیەکتری جیابوونەتەوە، هەر دوای لەدایکبوونیشی دایکی ئارەزوو، ئارەزوو بۆ مستەفا دەنێرێتەوە، تا ئەو یادگارییەشی لەلا نەمێنێتەوە.

ئارەزوو، ماوەی سێ ساڵە شووی کردووەو، کوڕێکی تەمەن دووساڵانی هەیە، بەگوێرەی گێڕانەوەی مستەفا پێشتر ئارەزوو و مێردەکەی لەسەر پارە کێشەیان هەبووەو هەتا ئێستا گرێبەستی هاوسەرگیریان لەدادگا نەکردووە "تا ئێستا زەواجی نەکردووە، مێردەکەی مانگانە یەک ملیۆن دینار وەردەگرێت، تا ئێستا کراسێکی بۆ ئارەزوو نەکڕیووە، بەڵام ئارەزوو لەبەر کوڕەکەی هەموو ئەو شتانەی قەبوڵ دەکرد".

بەپێی قسەی مستەفا، مێردی ئارەزوو لەسەر پارە کێشەی لەگەڵ ماڵی باوکی خۆیشی هەبوو، بۆیەش دواتر بە فشاری ماڵی باوکی ماڵی خۆی جیاکردەوە "مێردی ئارەزوو پارەی دیار نەبوو، پارەکەی لە شتی خراپ بەفیڕۆ دەدا و زۆر جار لە ئارەزووی داوە، تەنانەت باوکیشی لە ئارەزووی داوە، هەر لەبەرئەوەش ئارەزوو ئێستا لە نەخۆشخانەش لێیان دەترسێت".

سلێمان رەزا، 45 ساڵ، باوکی مێردی ئارەزوو، لەو کاتەی پۆلیس دەیانویست بەرەو زیندانی ببەن بۆ لێکۆڵینەوە، قسەی بۆ (رووداو) کرد و،باسی لە شپرزەیی حاڵی کوڕەکەی کرد بەهۆی قەرزدارییەوەو گوتی مێردی ئارەزوو "پێشمەرگەیە لە موسڵ، لە دەوام گەڕابووەوە، لەگەڵ براکەی بەکێشە هات و گوتی چیتر نایێمەوە ماڵ و، بە هاوسەرەکەیشی گوت بڕۆوە ماڵی باوکت"، ناوبراو نەشیشاردەوە کە بارزان نێوانی

## ئارەزوو تا هۆشی هەبوو هەر دەیگوت کوڕەکەی خۆم دەوێتەوە

باوکی ئارەزوو

خۆش نەبووە لەگەڵ هاوسەرەکەی " کاتێک زەرەری دەکرد نەک تەنیا لەخێزانەکەی لەئێمەش تووڕە دەبوو".

خەزووری ئارەزوو لەکاتی قسەکردنی ناوە ناوە خۆشەویستی خۆی بۆ ئارەزوو دەردەبڕی و لەهەمانکاتیشدا رەتیکردەوە کە لە ئارەزووی دابێت "ئەگەر قسەم پێ گوتبێت وەکو کچی خۆم قسەم پێ گوتووە، لەبەر ئەوەی ئەو کچە زۆر زۆر لە کوڕەکەم بۆ من باشتر بوو، هەرگیزیش لێم نەداوە".

پەروین رەسوڵ، کە دەکاتە پوری ئارەزوو و زڕ ایکی مێردی ئارەزووش، ئاگاداری تەواوی کێشەکەیان بوو و باسی لە ئازارەکانی ئارەزوو دەکرد لە نێوان ماڵە باوک و خەزوورانیدا "بارزان دەیگووت تەڵاقت دەدەم و باوکیشی رێگەی نەدەدا بێتەوە ماڵا". بەپێی گێڕانەوەی پەروین،مێردی ئارەزوو قەرزدار بووە و گوتویەتی ژنم پێناوێت "لەبەر ئەوەی خەرجی ماڵی پێ نەدەکرا، بەئارەزووی گوت لەیەکتر جیا ببینەوە باشترە، ئارەزووش لە زڕدایکی ترسابوو و نەیدەوێرا بچێتەوە ماڵی باوکی، مستەفا گوتبووی ئەگەر بێتەوە لام دەیکوژم یان دەبێت پارەم بدەنێ".

هەروەها پەروین گوتی "جارێک ئارەزوو بە سەفەر چووەوە ماڵی باوکی ویستیان بەشەو دەری بکەن و بینێرنەوە، بۆیە ئارەزوو لەبەر ئەو کێشانە، چەند جارێک هەوڵی دابوو حەب بخوات و خۆی بکوژێت، باوکیم ئاگادار کردەوە، بۆیە مستەفا تاوانی زۆرە، برای خۆمە خۆ لەخۆڕا تاوانباری ناکەم".

مستەفا بە هەموو شێوەیەک قسەکانی پەروینی رەتکردەوە کە ئاگاداری کێشەی ئارەزوو و مێردەکەی بێت، یان قسەی بە ئارەزوو گوت بێت، هۆکاری بێ ئاگاییەکەیشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ماڵیان لە ناوچەی ئەوان نەبووە "کە دەچوومە سەردانیان دەمگوت کێشەتان هەیە ئارەزوو حاشای لێدەکرد لەترسان، چونکە خێزانێکی دڕندەن".

دوای هاوسەری ئارەزوو ناتوانێت ژنەکەی بە خێو بکات هەڕەشەی تەڵاقدانی لێ دەکات، ئارەزوو نایەوێت وەک دایکی خۆی لەمنداڵەکەی جیابێتەوەو کوڕەکەی هاوشێوەی خۆی بێ دایک بێت، بۆیە رێگایەکی ترسناک تاقیدەکاتەوە، لەو کاتەی ماڵەوەیان هەموو سەرقاڵی نان خواردن دەبن دەچێتە حەمام و خۆی دەسووتێنێت.

پەروین باسی ئەو کاتەی دەکرد کە ئارەزوو خۆی سووتاند "هەموومان خەریکی نان خواردن بووین، ئارەزوو خۆی نانی بۆ دانایین، پاشان چوو ئاو بۆ مێردەکەی دابنێت تاوەکو خۆی بشوات، بەڵام خۆی سووتاند".

باوکی ئارەزوو کە لەبەردەم نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی شاری هەولێر دەهات و دەچوو، چاوەڕێی هەواڵی باری تەندروستی کچەکەی دەکرد، مێردی ئارەزووی بەهۆکاری سووتانی کچەکەی دەزانێت و دەڵێت " تەڵاقی لەئارەزوو خواردبوو، ئارەزووش نەیویست منداڵەکەی بەجێ بهێڵێت بۆیە خۆی سووتاند،لەنەخۆشخانە بەئارەزووم گوت بۆ ئەو کارەت کرد، گوتی زۆر غەدریان لێ دەکردم و ئازاریان دەدام".



ئارەزوو مستەفا

ئارەزوو دوای خۆ سووتاندنەکەی بۆ ماوەی 10 رۆژ توانای قسەکردنی هەبووە، بەڵام ئێستا بەهۆی کاریگەری برینی سووتانەکەی لەهۆش خۆی چووە، وەک باوکی ئارەزوو باسیکرد، ئارەزوو ئەو کارەی لەپێناو منداڵەکەیدا کردووە "ئارەزوو هەر دەیگووت ئەو کارەم لەبەر منداڵەکەم کرد".

باوکی ئارەزوو، گلەیی زۆریشی لەماڵی خەزووری ئارەزوو هەبوو، کە لەکاتی خۆسووتاندنی ئارەزوو بەهانای نەچوونە و بەدیارییەوە سەریان سوڕماوە "کە ئارەزوو خۆی سووتاندبوو هاواری کردبوو دەرو دراوسێیەکانی بەهانای هاتن و کوژاندبوویانەوە"، بەڵام باوکی مێردی ئارەزوو قسەکانی باوکی ئارەزووی رەتکردەوەو گوتی "هیچ کەسێک هەیە کەسێکی لەبەر چاو بسووتێت خۆی رابگرێت، شەرواڵەکەم لە کاتی کوژاندنەوەی ئاگرەکە سوتا، دواتر بە خێرایی گەیاندمانە نەخۆشخانەی سۆران".

لەگەڵ ئەوەی خەسووی ئارەزوو خوشکی باوکی بووە، بەڵام بەپێی قسەی مستەفا ئەویش هیچی لەدەست نەهاتووە " پەروین نەیدەوێرا لەسەرئارەزوو بێتە وەڵام، ماوەیەک لەمەو بەر لەسەر ئارەزوو لە پەروینیشیان دا".

هەرچەندە مستەفا سکاڵای لە دژی مێردی ئارەزوو و باوکی مێردەکەی تۆمار کردووە، بەڵام ئاماژەی بەوەدا ئەگەر خودا تەمەنی ئارەزووی درێژکرد ئامادەیە کچەکەی بگەڕێنێتەوە لای مێردەکەی بەو مەرجەی "ئارەزوو رازی بێت و ، لە رێگای دادگاوە مارە بکرێن، پاشان بەڵێن بدات کە چیدی ئازاری نەدات، ئەو سکاڵایەشم بۆ ئەوەبوو مافی کچەکەم بەخۆڕایی نەڕوات".

ئارەزوو کە ئێستا بێ هۆش کەوتووە لە نەخۆشخانە، وەک باوکی دەڵێ "تا هۆشی هەبوو هەر دەیگوت کوڕەکەی خۆم دەوێتەوە".

# "ئەو کاتەی مارەیان کردم لەکۆڵان یاریم دەکرد"

## پەرلەمانتارێک: یاسای باری کەسێتی رێگر دەبێ لە بەزۆر بەشوودانی کچان



ئازیز مەحمود
azizshane@yahoo.com

**رووداو- سلێمانی**

بۆ مریەمی تەمەن 50 ساڵ، مارە کردنی لەتەمەنێکی منداڵیداو بێ ئاگاداری خۆی، جگە لەگریان و نەهامەتی بۆ ژیانی هیچی دیکەی بەدواوە نەبوو، کاتێک گەورە بوو، باوکی لەبەرامبەر وەرگرتنی ژنێک دایە کوڕە دراوسێیەکیان.

مریەم، یەکێکە لەو ژنانەی دەبنە قوربانی نەریتە باوەکانی وەک دیاردەکانی ژن بەژنی، گەورە بە بچووک، مارەکردن لەسەر بێشەکە، کە لە بەشێکی لادێکاندا تا ئێستاش ئەو دیاردانە ماون، بەڵام بەپێی رای چاودێرانی کۆمەڵایەتی کەمتربوونەتەوە.

بەپێی هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی فرەژنی قەدەخەنەکرا، بەڵام گەورە بە بچووک و مارەکردنی کچ لەسەر بێشکە، بەزۆر بە شودان، بەپێی ئەو هەموارکردنەی پەرلەمانی کوردستان سەرەتای ئەم مانگە لەیاسای باری کەسێتی عێراقیدا کردی، ئیدی ئەو جۆرە مامەڵەکردنانە لەگەڵ کچان سزای یاساییان لەسەرە و کاری رێ پێنەدراون.

ئەوکاتەی مریەم تەمەنی 8 ساڵان بوو و لەکاتێکدا لە کۆڵان لە گەڵ هاوڕێکانیدا خەریکی یاریکردن دەبێت، کە دەگەڕێتەوە ماڵ، ئاگادار دەکرێتەوە کە دراوەتە کوڕێک و کە گەورە بوو دەبێتە هاوسەری تاوەکو ماڵی ئەو کوڕە دراوسێیەیان ژنێک بدەنە باوکی مریەم. مریەم دەڵێ "کە هاتمە ماڵەوە پێیانگوتم تۆ لەو کوڕە دراوسێیەمان مارەکراوی، لەکاتێکدا هەرنەمدەزانی شووکردن ومارەکردن چییە".

مریەم، دانیشتووی یەکێک ل گوندەکانی سەر بەناحیەی عەربەتەو ئێستا خاوەنی پێنج منداڵە و لەگەڵ ئەو پیاوەدا دەژیت، کە بەمنداڵی لەلایەن باوکییەوە لێی مارەکراوە.مریەم ئێستاش وەک یەکێک لە قوربانییەکانی ئەونەریتە دواکەوتووانە دەڵێ "ژن دەکرێتە قوربانی کێشەی خوێنداری و نەریتی دواکەوتووی مارە کردنی کچ لەسەر بێشکە".

ماوەیەکە پرۆژەی هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی ژمارە 188 ی ساڵی 1959ی عێراق، لە پەرلەمانی کوردستانە بە مەبەستی گفتوگۆ لەسەرکردن و پەسەندکردنی ئەو هەموارکردنانە کە لیژنەیەک ئامادەی کردووە بەبەشداریی چەند ژنێک، لە دوو هەفتەی رابردوودا بڕیار لەسەر چەند هەموارکردنێکی درا.

رۆژی 2007/3/27 بە ئیمزای 40 ئەندام پەرلەمان، ئەو پرۆژە یاسایە درایە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دوای ناردنی بۆ سەرۆکایەتی حکومەت و دراسە کردنی جارێکیتر گەڕایەوە پەرلەمان بەمەبەستی هەموار کردنی پرۆژە یاساکەو پەسەند کردنی. پرۆژە یاسای باری کەسێتی لە 94 مادە پێکهاتووە و ئەوەی بەر هەموار کردن دەکەوێت 27 مادەیە تا ئێستا نزیکەی 15 مادەی لێ هەموار کراوە.

بەشێک لەمادە هەموارکراوەکان تا ئێستا لەبەرژەوەندی ژنانن، وەکو دیاریکردنی تەمەنی شوو کردن، مافی تەڵاقدان و رازی بوون بەهێنانی ژنی دووەم کە دراوەتە دەست ئافرەت.بەڵام ئەوەی رەخنەیەکی زۆری لێدەگیرێ ئەوەیە کە پەرلەمان قەدەخەکردنی فرەژنی پەسەند نەکرد، بەڵکو مەرجداری کرد.

پەخشان زەنگەنە سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی ئافرەتان و ژنان لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت"لەیاساکەدا وەک مادە باس لە دیاردەی ژن بەژنی و گەورە بەبچووک و مارەکردن لەتەمەنێکی بچووکدا نەکراوە، بەڵام چەند مادەیەکی دیکە هەموار کراوە بەجۆرێکە کە هۆکارێک دەبێت بۆ رێگە گرتن لەو دیاردانە".

پەخشان زەنگەنە ئاماژەی بە یەکێک لە مادە هەموارکراوەکاندا و گوتی "یەکێک لەو مادانەی‌کە هەموارکراوە دەڵێت‌هاوسەرگیری بەزۆر واتە کچ بەزۆر بە شوودان حکومی قورسی بۆ دانراوە"، گوتیشی "بەپێی یاساکە دەبێت هاوسەرگیری لەدادگا تۆمار بکرێت و ئەوەی لە دەرەوەی دادگا بیکات سزا دەدرێ، ئەوەش جۆرێکە لەرێگە گرتن لەدیاردەکە".

پەخشان زەنگەنە، باسی لەوەشکرد کە لە دوای دەچوونی یاساکە بەرنامەی دیکەیان دەبێت بۆ راگەیاندنی یاساکەو هوشیارکردنەوەی ژنان بەتایبەت لە لادێکاندا.

لەکاتێکدا پەرلەمانی کوردستان خەریکی هەموارکردنی پرۆژە یاساکەیە، رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و داکۆکیکردن لەمافەکانی ژنان بەمەبەستی مسۆگەر کردنی مافی یەکسانی بۆ ژن وپیاو لەپرۆژە یاساکەدا یاداشتێکیان ئاراستەی پەرلەمان کردووە.

لە یاداشتەکەدا داوا دەکەن یاساکە بەجۆرێک هەموار بکرێت کە "مافی یەکسانی بۆ ژن و پیاو مسۆگەر بکرێت و ئەو یاسایانەش هەموار بکرێتەوە کە جیاکاری رەگەزی دروست دەکات".

ئەوکاتەی مریەم تەمەنی بووە 16ساڵ، لەلایەن ئەو کوڕە گوێزرایەوە کە بە منداڵیی لێی مارەکرابوو. مریەم گوتی "رۆژ لەدوای رۆژ بیرم لەوە دەکردەوە چۆن بتوانم شووی پێبکەم، نەشمدەوێرا بەباوکم بڵێم شووی پێناکەم، چونکە ئەو ژنەکەی ئەو ماڵەی گواستبووەوە".

مریەم دڵخۆش بوو بەوەی کە یاسایەک هەبێت بۆ رێگەگرتن لەو دیاردانەی کە تا ئێستاش لەبەشێکی گوندەکاندا ماونەتەوەو گوتی "پێویستە حکومەت شتێک بکات ئاستی هۆشیاری دانیشتووانی گوندەکان بەرز بکاتەوە بۆ ئەوەی چیتر ئافرەت نەبنە قوربانی بڕیارەکانی پیاوان".



# هەوڵی کێشانەوەی یاسای باری کەسێتی لەپەرلەمان دەدرێت



پەرلەمانتارێکی ئیسلامی لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی کاروباری ئافرەتان دەدوێت (فۆتۆ:رووداو)

**رووداو-هەولێر**

خەمان زرار ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی سەوز بە (رووداو)ی راگەیاند " چەندین پەرلەمانتار لە لیستە جیاوازەکان ئێستا کار بۆئەوەدەکەن پرۆژەی یاسای هەموارکراوی باری کەسی لە پەرلەمان بکێشرێتەوەو یاسای باری کەسیی عێراق لە کوردستان وەک خۆی بهێڵدرێتەوە".

ئەو هەموارکردنە ، کە مشتوومڕێکی زۆری لەنێو پەرلەمان و رێکخراوەکانی ژنان و مەدەنییەکاندا دروستکردووە ، لە دانیشتنی رۆژی 2008/11/5 تووشی تەگەرەیەکی گەورەبوو بەهۆی دەستەواژەی "نشوز"ەوە . لەو دانیشتنەدا فراکسیۆنەکانی زەرد و کۆمەڵ و یەکگرتوو لەکاتی گفتوگۆکردن لەسەر مادەی 25 بەهۆی بەکارهێنانی دەستەواژەی نشوز بۆ ئافرەتان لەهۆڵی پەرلەمان چوونە دەرەوە.

حەسەن بابەکر، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەفراکسیۆنی کۆمەڵ،گوتی لەکاتی دەنگدان لەسەر ئەو مادەیە دا دەنگەکان 30 دەنگ بە30 بوون "بەڵام لەبەرئەوەی دەنگی سەرۆکی پەرلەمانیش لەگەڵ ئێمەدابوو، بەپێی یاسا ئێمە براوەبووین،بۆیە دەبووایە دەستەواژەکە بمێنێتەوە، کە بڕیاری دووبارەکردنەوەی دەنگدانەکە کرا، هۆڵی پەرلەمانمان بەجێهێشت ".

پاش چوونە دەرەوەی ئەندامانی ئەو سێ فراکسیۆنە، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەبێ پەسەندکردنی مادەکە، بڕیاری دواخستنی دەنگدانەکەی دا بۆ رۆژی 2008/11/6.

لەدانیشتنی 2008/11/6دا دەنگدانەکە سەرەتا لەسەر مانەوە یان نەمانەوە وشەی (نشوز) بوو،مادەی 25 جارێکیتر خرایە دەنگدانەوە، بەڵام دیسان نەتوانرا دەنگدانەکە تەواو بکرێت و بەپەسەند نەکراو ژمێردرا و، پێشنیاری دواخستنی ماددەکە کرا و بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

لەرۆژی 2008/11/6 دا چەندین ئەندامی پەرلەمانی کوردستان کاریان بۆکشانەوەی یاسای باری کەسی لەپەرلەماندا کرد، هەر لەنێو ئەو دانیشتنەدا، پەرلەمانتار محەمەد فەرج، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی داوایکرد گفتوگۆکردنی پرۆژە یاساکە دوابخرێت،پێشنیازەکەش لەلایەن چەند پەرلەمانتارەوە پشتیوانی لێکرا، بەڵام دوای ئەوەی لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە خرایە دەنگدانەوە، پەسەند نەکراو بەزۆرینەی دەنگ بڕیاردرا گفتوگۆکردنی هەموارکردنی یاسای باری کەسی بەردەوام بێت.

بەڵام هەوڵی چەند پەرلەمانتارێک لە فراکسیۆنە جیاوازەکان بەردەوامە بۆ راگرتنی گفتوگۆکردن لەسەر ئەو پرۆژە یاسا هەموارکراوە. خەمان زرار ئەندامی پەرلەمانی کوردستان جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە ئەم هەوڵە پەیوەندی بەهیچ حیزبێکەوە نییە، بەڵکو کۆمەڵێک ئەندام لە هەموو فراکسیۆنەکان بەو هەنگاوەیان دەیانەوێت رێ لە گۆڕان بگرن . هەروەها لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (رووداو) گوتی "ئێستا ئەو دەنگانە دەیانەوێت داوا لەحکومەت بکەن یاساکە لە پەرلەمان بکێشێتەوە و، چەندین جاریش ئەم داوایە لەسەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنەی کاروباری ژنان کراوە بۆکێشانەوەی یاساکە".هەروەها گوتیشی "لەوانەیە ئەو جۆرە کەسانە فشارێک دروستبکەن کە سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش یاساکە پەسەند نەکات".

ڕووداو

# کۆمەڵایەتی

## کێشەی ژاڵەو هۆگر چارەسەر بوو




ڕووداو-هەولێر

◆ دوای ئەوەی (ڕووداو) کێشەی ژاڵە و هۆگری بڵاوکردەوەو، پەرلەمانتار، شوکریە ڕەسوڵ، بەدواداچوونی بۆ کێشەکە کرد، باوکی ژاڵە ڕازی بوو کچەکەی بداتە هۆگر، بەمەش کێشەکەیان چارەسەر بوو. محەممەد حەمەدەمینی باوکی هۆگر بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەگەڵ باوک و دایکی هۆگر ڕێککەوتووین و کێشەکەمان چارەسەر کرد". دوای ئەوەی هۆگر 15 جار دەچێتە خوازبێنی ژاڵە و باوکی ژاڵە ڕازی نابێت، ڕۆژی 2008/10/10 سەری خۆیان هەڵدەگرن و دواتر خۆیان تەسلیمی پۆلیس دەکەن.

# چیرۆکی ئەو دوو کچەی لە سەنتەری نەوا ڕایانکرد

## "بەیانی کە هەستاینەوە نان نەبوو بیخۆین، لەبرسان سکی خۆمان دەگوشی، دەیانگووت جارێ نان نییە"

ڕێبین حەسەن
ڕووداو-هەولێر

دوو کچی هەرزەکار، دوای ئەوەی لەسەر بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن کەسوکارییانەوە هەڕەشەی کوشتنیان لێدەکرێت، پۆلیس لەدەست کەسوکاریان ڕزگاریان دەکات و دەیانباتە سەنتەری نەوا، دوای یەک ڕۆژ مانەوە لەسەنتەرەکە زۆر بەئاسانی ڕادەکەن.

ئەگەر ئاریافۆنەکە وزیرەکییەکەی نەبووایە، ئێستا (خ)یش دەبووە یەکێک لەقوربانیانی بەکارهێنانی مۆبایل لە کوردستان "کە هەڕەشەیان لێکردم ڕامکردە ژوورەوەو دەرگام لەسەر خۆم داخست، باشبوو ئاریافۆنەکە لەژوورەوە بوو، یەکسەر تەلەفۆنم بۆ پۆلیس کرد، زۆری پێنەچوو، 3 ئۆتۆمبێلی پۆلیس هاتن و ڕزگاریان کردم".



(خ.ج)، تەمەن 17 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی تەیراوە، یەکێکە لەو دوو کچانەی، ڕۆژی 2008/11/2 لەلایەن دایکییەوە مۆبایلی پێدەگیرێت، دواتر دایک و باوکی هەڕەشەی کوشتنی لێدەکەن، دوای ئەوەی پەیوەندی بەپۆلیسەوە دەکات، پۆلیس ڕزگاری دەکات و، دەیباتە سەنتەری نەوا.

لەهەمان ئەو ڕۆژەی (خ) هەڕەشەی لێدەکرێت، (ئ.ن)، 18 ساڵ، کە هاوڕێی نزیکی (خ)ە بیستەمین مۆبایلی لێدەگیرێت و ئەویش لەلایەن کەسوکارییەوە هەڕەشەی لێدەکرێت و دواتر لەلایەن پۆلیسەوە ڕزگار دەکرێ و دەبرێتە سەنتەری نەوا.

### 20 مۆبایلی لێگیراوە

بەهۆی ئەو سانسۆرەی لەسەریانە، هەندێک لەکچان بەدزی ماڵەوە مۆبایل بەکاردەهێنن، کە هەندێجار ئەو مۆبایلانە لەلایەن خۆشەویستەکانیانەوە بۆیان دەکڕدرێن. (ئ) و (خ) وەک خۆیان بۆ (ڕووداو) یان باسکرد بەردەوام بەدزی ماڵەوە مۆبایلیان بەکارهێناوە.

(خ) گوتی تا ئێستا 6 جار بەدزی ماڵەوە مۆبایلی کڕیوەو هەر 6 مۆبایلەکەشی لێگیراوە "ڕۆژانە پێنج هەزار دیناریان دەدامێ، پارەکەم کۆدەکردەوە، دوکانێکی مۆبایل لەنزیک ماڵمان بوو، دەچووم مۆبایلێکم پێدەکڕی". گوتیشی جاری واش هەبووە مۆبایلەکەی بۆ کڕدراوە.

هەروەها (ئ)یش ئاماژەی بەوەدا کە تا ئێستا 20 مۆبایلی کڕیوە، بەڵام هەموویان لەلایەن کەسوکارییەوە لێی ئاشکرا بوون، هەموو جارێکیش لەسەر ئەو مۆبایلانە ئەشکەنجە دراوە، دواجاریش باوکی لەقوتابخانە دەریهێناوە.

### "بە سوکر سپانە ئەشکەنجەیان دەدام".

ئەگەر مۆبایل بۆ هەندێک کەس ڕێگای هەزاران کیلۆمەتر کورت بکاتەوە، ئەوا بۆ (خ)و (ئ) جگە لەدەردە سەری هیچی دیکە نەبووە، وەک خۆیان باسیان کرد چەندین جار لەسەر بەکارهێنانی مۆبایل ئەشکەنجە دراون.

بەهۆی بەکارهێنانی مۆبایل بەدزی ماڵەوەیان، چەندین جار ڕووبەڕووی ئەشکەنجەدان و کوشتن بوونەتەوە، لەمانگی ڕەمەزانی ئەمساڵ، دوو کچ بەناوەکانی کانیاو و لافاو مەغدید بەهۆی ئەوەی بەدزی ماڵەوەیان مۆبایلیان بەکارهێنابوو لەلایەن براکەیانەوە درانە بەر گوللەو کوژران. هەروەها بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (گاردیان)ی بەریتانی تائێستا 350 ئافرەت لە هەرێمی کوردستان بەهۆی بەکارهێنانی مۆبایلەوە کوژراون.

(خ) بۆ (ڕووداو) گوتی "هەر جارێک کە مۆبایلم لێ دەگیرا، دایکم و براکەم زۆر ئەشکەنجەیان دەدام". ئەو کچە 17 ساڵییە باسی یەکێک لەو ئەشکەنجەدانانەی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوە و گوتی "لەسەر کورسییەک دایاننام و بە وایەری کارەبا بەستمیانەوەو دەممیان بەپەڕۆیەک بەست تا هاوار نەکەم، پاشان بەسوکر سپانە کەوتنە لێدانم، سێ ڕۆژ بوو نەمدەتوانی هەڵبستمەوە، نازانم چ خێرومەندێک خەبەری دایە پۆلیس و هاتن ڕزگاریان کردم".

هەروەها باسی ئەوەشیکرد لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، 3 جار لەلایەن پۆلیسەوە لەدەست کە سوکاری ڕزگار کراوە "جارێکیان بردمیانە ماڵی خانزاد، دواتر کەسوکارم هاتن بەڵێننامەیان پڕ کردەوە کە ئازارم نەدەن، بەڵام کە بردمیانەوە ماڵەوە تێروپڕیان لێدام".

### "باوکم هەڵسوکەتی نە شیاوی لەگەڵ دەکردم"

(ئ ) جگە لەوەی ئاماژەی بەوەدا کە لەسەر بەکارهێنانی مۆبایل هەڕەشەی زۆری لێکراوە، چونکە سەرجەم مۆبایلەکانی بەدزی ماڵەوە کڕیوە، دواجار هەڕەشەی کوشتنیشی لێکراوە،گوتیشی هەڵسوکەوتی باوکی باش نەبووە لەگەڵی.

(ئ) گوتی "باوکم هەندێک هەڵسوکەوتی نەشیاوی بەرامبەرم دەکرد کە بەدڵم نەبوون، زۆرجار لەباوەشی خۆی دەگرتم و دەستی بۆ سینگم دەهێنا، چەند جارێکیش دایکم ئاگادار کردەوە، بەڵام باوەڕی پێنەدەکردم، تا ڕۆژێکیان بەچاوی خۆی بینی".

ئەو کچە کە لەبەردەم بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر وەستابوو، زۆر بێ باکانە باسی لەچۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو مۆبایلانە دەکرد کە بەدزی ماڵەوە دەیکڕین "بەنهێنی لەگەڵ کوڕان قسەم پێدەکردن".

### پۆلیس گەیشتە فریایان

تا ئێستا چەندین کچ بەهەوڵی پۆلیسی فریاکەوتن و نەهێشتنی توندوتیژی لەهەوڵی کوشتن ڕزگار کراون، کە ئەو دووکچە 17 و 18 ساڵییە دوو لەو کچانەن. (خ) گوتی "تا ئێستا 3 جار پۆلیس لەدەست کەسوکارم ڕزگاری کردووم".

ئەو کە ڕۆژی 2008/11/2 لەلایەن مەفرەزەیەکی پۆلیسی فریاکەوتنەوە ڕزگار کراوە، چۆنیەتی ڕزگار کردنەکەی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوەو گوتی "دایکم مۆبایلەکەی لێگرتم و یەکسەر باوکمی ئاگادار کردەوە، منیش کە زانیم ئەمجارە دەمکوژن، یەکسەر ڕامکردە ژوورەوەو دەرگام لەسەر خۆم داخست، باش بوو ئاریافۆنەکە لەژوورەوە بوو، سەرەتا تەلەفۆنم بۆ ژمارە 106 کرد، گوتم لەسەر مۆبایل هەڕەشەم لێدەکەن، ئەوانیش گوتیان تەلەفۆن بۆ 104 بکە، تەلەفۆنم بۆ ئەوان کرد، زۆری پێنەچوو 3 ئۆتۆمبێلی پۆلیس هاتن ڕزگاریان کردم، باوکمان گرت و منیشیان بردە سەنتەری نەوا".

هەمان ئەو ڕۆژەی کە (خ) لەلایەن پۆلیسەوە ڕزگار دەکرێ، (ئ)یش لەماڵەوە مۆبایلی لێدەگیرێت و هەڕەشەی لێدەکرێت، لەترسی کوشتن لەماڵەوە ڕادەکات و خۆی تەسلیمی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ئافرەتان دەکات، ئەوانیش دەیبەنە سەنتەری نەوا.

### زۆر بەئاسانی لەسەنتەری نەوا ڕادەکەن

دوای ئەوەی ئەو دووکچە، لەسەنتەری نەوا یەکتر دەبیننەوە، پلانی ڕاکردن لەسەنتەرەکە دادەنێن و چونکە وەک خۆیان گوتیان "سەنتەرەکە لە زیندان دەچوو"، هەروەها (خ) گوتی "بەیانی کە هەستاینەوە نان نەبوو بیخۆین، لەبرسان سکی خۆمان دەگوشی، دەیانگووت جارێ نان نییە، درەنگ نانیان بۆ هێناین".

سەبارەت بەچۆنیەتی ڕاکردنیان (خ) گوتی "دوای تەواوبوونی دەوام سەرجەم چاودێرەکان ڕۆیشتنەوە ماڵەوە، ئێمەش لەدیوی پشتەوەی سەنتەرەکە مێزێکی نان خواردنمان دانا، من (ئ)م بەرز کردەوە بۆ سەر دیوارەکە ئەویش لەسەر دیوارەکە دەستی منی گرت و خۆمان فڕێدایە ئەو دیوی سەنتەرەکە کە شوێنەکەی چۆڵایی بوو و یەکسەر ڕامانکرد". ئەوەی ڕاکردنی ئەوانیشی ئاسانکرد ئەوەبوو دوو پۆلیسە پاسەوانەکەی سەنتەرەکە ئاگایان لە ڕاکردنی ئەوان نەبوو.

ئەو دوو کچە وەک خۆیان گوتیان هیچ کاتێک ئامادەنین بچنەوە سەنتەری نەوا، چونکە وەک (خ) گوتی "لەسەنتەرەکە جیاوازی لەنێوان ژنەکان دەکرا، هەندێکیان ئازادبوون مۆبایل بەکاربێنن، بەڵام بۆ هەندێک قەدەخەبوو".

ڕاکردنی ئەودووکچە وا بەئاسانی، سەنتەری نەوا دەخاتە ژێر پرسیار، چونکە ئەو دوو کچە تەنیا شەو و ڕۆژێک لەسەنتەرەکە ماونەتەوەو بەبێ ئەوەی شارەزای سەنتەرەکە ببن، زۆر بەئاسانی لەسەنتەرەکە ڕایانکردووە.

### "ئەنگوستیلەی خۆم فرۆشت خواردن و جلم پێکڕی"

ئەو دوو کچە بەو نیازە لەسەنتەرەکە ڕایانکرد کە بچنە سلێمانی، بەڵام دوای ئەوەی دەزانن پۆلیس بەدوایانەوەیە، ترسی ئەوەیان لێدەنیشێت کە ناویان درابێتە بازگەکان بۆیە هەر لەناو هەولێر دەمێننەوە، دوای سێ ڕۆژ لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر دەکرێن.

بەسەر بردنی 3 ڕۆژ لەدەرەوە بۆ دوو کچی هەرزەکار زۆر قورسە. خ سەبارەت بەسەربردنی ئەو 3 ڕۆژە گوتی "بەڕۆژ لەدەرەوە دەگەڕاین و بەشەویش لەکۆڵان و بن دیوارەکان خۆمان دەشاردەوە، زۆر دەترساین، دەمانزانی پۆلیس بەدوامانەوەیە". ئەو سێ ڕۆژە زۆر بەناخۆشی دەرباز دەکەن خ دەڵێ "باوەڕ بکە، ئەنگوستیلەی دەستی خۆمم فرۆشت بەخواردن و جلوبەرگم دا".

(ئ) کە پێش (خ) دەستگیر کرا، سەبارەت بەچۆنیەتی دەستگیر کردنی گوتی "شەو لەسەر جادە دەڕۆیشتم، ئۆتۆمبێلێکی پۆلیس ڕایگرت، داوای ناسنامەی لێکردم، دواتر دەستگیری کردم".

(ئ) هەرچەندە لەگەڵ (خ) لەسەنتەری نەوا ڕایکرد، بەڵام لەگەڵ ئەونەماوەتەوە، لەبەرئەوەی هەڵسوکەوتەکەی بەدڵ نەبووە.

### "پاراستنی ژنان بەقسەی گەورەی پشت مێز نابێ"

عەمید عەبدولخالق، بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر، کە لەنزیکەوە سەرپەرشتی دەستگیر کردنی ئەو دوو کچەی کردووە، وەک خۆی گوتی "بەپلانێکی تۆکمەی پۆلیس توانیمان هەردووکیان دەستگیر بکەین".

عەمید عەبدولخالق گوتی "دوای ئەوەی لەلایەن پۆلیسی نەهێشتنی توندوتیژیی دژی ئافرەتان ئاگادار کرامەوە، کە ئەو دوو کچەی پۆلیس ڕزگاری کردبوون، لەسەنتەری نەوا هەڵاتوون، پێمخۆشبوو بزانم لەبەر چی هەڵاتوون، دواتر یەکێکیان شەو لەلایەن پۆلیسی فریاکەوتنەوە لەسەر جادە دەبینرێت، دەردەکەوێت یەکێکە لەو کچانەی پۆلیس بەدوایدا دەگەڕێت و لەوێ دەستگیری دەکەن، دوای لێکۆڵینەوە لەگەڵ (ئ) توانرا (خ)یش لەڕێگەی ئەوەوە دەستگیر بکرێ".

بەپێی قسەی بەڕێوەبەری پۆلیس، (خ) دۆسیەی لێکۆڵینەوەی لەپۆلیسەو سکاڵای لەسەر کەسوکارەکەی هەیە. بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ڕەخنەی لەکارمەندانی سەنتەری نەوا گرت و گوتی "ئەوە بەرپرسیارێتییەکی زۆر گەورەیە لە ئەستۆی سەنتەری نەوا کە دوو کچ زۆر بەئاسانی ڕابکەن لەو سەنتەرە، هیچ شوێنێک نییە داڵدەی ئافرەت بدات جگە لەسەنتەری نەوا نەبێت، سەنتەری نەواش بەم شێوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم ئافرەتانە بکات شتێکی خراپە، بەشێوەیەک کە دوو ئافرەت زۆر بەئاسانی بتوانن لەسەنتەرەکە ڕابکەن".

هەروەها عەمید عەبدولخالق ئاماژەی بەوەدا کە پەیوەندی بە د.عارف حیتۆ، بەڕێوەبەری گشتیی چاودێری کۆمەڵایەتی کردووە لەسەر دۆسیەی ئەو دوو کچە "بەڵام ئەو شتەکەی زۆر بەلاوە ئاسایی بوو"، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر دەپرسێت "باشە ئەگەر ئەو دوو کچە لەو 3 ڕۆژە بکوژرابان کێ لێیان بەرپرس دەبوو، بەتایبەتیش کە هەردووکیان هەڕەشەیان لێکرابوو". عەمید عەبدولخالق هەروەها گوتیشی "پاراستنی ژنان تەنیا بەکردنەوەی سەنتەرو قسەی گەورەی پشت مێز ناکرێ، بەڵکو بە واقیعی دەکرێت".

### "ئەو کچانە هەڕەشەیان لێنەکراوە"

نیگار بەکر، توێژەری کۆمەڵایەتی و بەرپرسی سەنتەری نەوا، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەو 2 کچە دەرگای پشتەوەی سەنتەرەکەیان شکاندووەو ڕایانکردووە "ئەو دوو کچە بەدزی تەلەفۆنیان بۆ دەرەوە کردووەو خەڵکێک هەبووە لەدەرەوە چاوەڕێی کردوون، ئێستا ئاگادارین کچەکان براونەتە زیندانی چاکسازی".

ئەو دوو کچە پاساوی ڕاکردن لەوە سەنتەرە بەوە دەهێننەوە کە نان نەبوو بیخۆن، نیگار بەکر لەوبارەیەوە وتی "ئەو دوو کچە ڕۆژی یەکشەممە لەوێ بوون، ڕۆژانی هەینی و شەممەش دەوام نییە، کە من چوومە سەنتەر گوتیان نان نەماوە، یەکسەر شوفێرم نارد نانیان بۆ بێنێ، ئەوە پاساوێکە دەیهێننەوە، ئەگەرنا تا ئێستا کەس لەو سەنتەرە لەبرسان نەمردووە".

ناوبراو گلەیی ئەوەشی هەبوو کە لەرووی ستافەوە کەموکوڕییان هەیە و گوتی "سەنتەرەکە تەنیا 2 پۆلیسی هەیە، یەکێکیان لەبەر دەرگایە و ئەوەی دیکەشیان لەپرسگەیە، ئەوکاتەی ئەو کچانە هەڵاتن پۆلیسەکان لەپێشەوە بوونە"..

بەپرسی سەنتەری نەوا ڕەتیکردەوە ئەو دوو ئافرەتە هەڕەشەیان لێکرابێت "یەکێکیان لەسەر مۆبایل کێشەی لەگەڵ خێزانەکەی هەبوو، ئەوی دیکەشیان تۆمەتی بۆ باوکی دروست کردبوو، کە گوایە واو وای لێکردوە، بەڵام دوایی دەرچوو وانییە".


سەنتەری نەوا لە هەولێر
(فۆتۆ:ڕووداو)

# گەنجێک بە کارەبا ئەشکەنجە دەدرێ و دەکوژرێت

ئامانج کەرکووکی
ڕووداو-کەرکووک

"شتەکان دەربێنە هەی تووتکە سەگ، پێبکەنە" ئەوە ئەو ڕستەیە بوو بکوژەکان لەسەر قۆڵی ڕاستی ئاریان-یان نووسیبوو، کە ڕۆژی 2008/11/6 تەرمەکەی لەنزیک ناوچەی پیشەسازی کەرکووک لەلایەن پۆلیسەوە دۆزرایەوەو دواتر کەسوکارەکەی تەرمەکەیان لەبەشی پزیشکی دادوەری نەخۆشخانەی ئازادی وەرگرتەوە.

ماوەیەکە هەڵگرتنەوەی تەرمی ناسراو و نەناسراو لەلایەن پۆلیسەوە لەشاری کەرکووک ڕووی لەزیادبوون کردووە و بەپێی زیانیاری (ڕووداو) لەو ماوەیەدا 4 تەرم تەنیا لەو شوێنەی ئاریانی لێ فڕێدرابوو دۆزراونەوە، هەروەها تەرمی دوو ژنیش کە لەلایەن کوڕەکانیان کوژرابوون، لەهەمان شوێن دۆزراونەوە.

ئاریان کەمال، 32 ساڵ، کە لەخانوویەکی کرێ لەگەڕەکی ئیمام قاسمی کەرکووک دەژیا، دەرچووی کۆلیژی پەرستارییە و خاوەنی 4 منداڵە، ئەو هەر چەندە پێشتر وەکو پەرستیار دامەزراوە، بەڵام لەبەر کەمی مووچەکەی وازی لەپەرستیاری هێناوەو لەبازاڕی خان خورما کاری سەوزەفرۆشی کردووە. ئەو ڕۆژەی لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە کوژرا، ئاریان بەنیاز بوو خانوو بکڕێ، بەڵام بکوژەکانی نەیانهێشت 4 منداڵەکەی لەکرێچێتی ڕزگاریان ببێت.

ئوسامە کەمال، برای ئاریان، کە لەگەڵ خزم و دراوسێکانی خەریکی ناشتنی تەرمی ئاریان بوون، قسەی بۆ (ڕووداو) کردو گوتی "کاتژمێر 4ی ئێوارە بوو، ئاریان بەمەبەستی کڕینی خانوو لەماڵەوە چووە دەرەوە، 3 ملیۆن دیناریشی بەقەرز لەئامۆزایەکی خۆی وەرگرتبوو، بەڵام دواتر تەرمەکەمان لەپزیشکی دادوەری وەرگرتەوە".

ئوسامە گوتیشی "ئاریان بڕیار بوو لەگەڵ هاوڕێیەکی بچێت بۆ کڕینی خانووەکە، بەڵام کاتێک لەوادەی خۆی دوا دەکەوێت، هاوڕێیەکەی تەلەفۆنی بۆ دەکات، کەچی مۆبایلەکەی داخراوە، بۆیە هاوڕێیەکەی زۆر تەنگەتاو دەبێ".

دوای بێسەروشوێنبوونی ئاریان، کەسوکارەکەی بۆ ماوەی شەو و ڕۆژێک سۆراخی دەکەن، هیچ هەواڵێکیان دەستناکەوێت، دواتر لەلایەن پۆلیسەوە ئاگادار دەکرێنەوە کە تەرمی ئاریان لەبەشی پزیشکی دادوەری نەخۆشخانەی ئازادییە.

عەقید عەدنان محەمەد، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی عەدالە بە (ڕووداوی)ڕاگەیاند "دوای ئاگادار کردنەوەمان لەبوونی تەرمی هاووڵاتیەک لەنزیک ناوچەی پیشەسازی، دەستبەجێ گەیشتینە سەر تەرمەکە و بینیمان لاوێکی تەمەن 32 ساڵەو شوێنەواری ئەشکەنجەدانێکی زۆر لەسەر جەستەی هەبوو".

ناوبراو لەدرێژەی قسەکانیدا گوتیشی "ئاریان لە ئەنجامی لێدانێکی زۆر مێشکی پژا بوو کارەباشیان لەتەواوی جەستەی دابوو، دواتر لەسەر قۆڵی ڕاستی نووسیبوویان (طلع ألاشياء جرو، أضحك - شتەکان دەربێنە هەی تووتکە سەگ، پێبکەنە) دواتر تەرمەکەمان ڕەوانەی نەخۆشخانەکرد".

بکوژانی ئاریان جگە لەئەشکەنجەدان و کوشتنی، سەرجەم ئەو پارانەی ئاریانیان بردبوو کە بەنیاز بوو خانووی پێبکڕێت، وەک کەسوکاری باسیدەکەن، ئاریان زۆر ئەشکەنجەدراوە،شاهین عادل، کە ئامۆزای ئاریانە گوتی "کاتێک چوومە ژوورەوە بۆ بینینی تەرمەکە بڕوام نەدەکرد، ئەوە تەرمی ئاریان بێ، چونکە بەجۆرێک شێوێنرابوو، نەدەناسرایەوە، جگە لەوەش سووکایەتی بەتەرمەکەی کرابوو، کارەبا لەئەندامی نێرینەی درابوو، هیچ شوێنەواری گوللە و چەقۆ لەسەر جەستەی نەبوو، پێدەچێ تەنیا بەئەشکەنجەدان کوشتبێتیان".

ئوسامە باسی لەکەسایەتی ئاریان کردو گوتی "ئاریان تا بڵێی کەسێکی بێدەنگ و بێ کێشە بوو، تەنیا سەرقاڵی کارکردن بوو، دوای دەرچوونی لەکۆلێژ بۆ ماوەیەک یاریدەدەری پزیشک بوو لەنەخۆشخانەی ئازادی، بەڵام لەبەر کەمی مووچەکەی وازی هێناو لەبازاڕی خان خورما دوکانی دانا".

ناوبراو گومانی بۆ هیچ کەسێک ناچێت کە ئاریانی کوشتبێت، چونکە وەک خۆی گوتی "ئەو کێشەی لەگەڵ کەس نەبووە"، ئەوەی ئوسامەی زۆر پەست کردووە، ئەو دێرە عەرەبییە بوو کە لەسەر قۆڵی ڕاستی نووسرابوو "بەڕاستی بەو ڕستەیە زۆر پەست بووین".



## ئاریان لە ئەنجامی لێدانێکی زۆر مێشکی پژا بوو کارەباشیان لەتەواوی جەستەی دابوو

بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی عەدالە



## مستەفا سەید قادر:

# نامانەوێت لە پەیڕەوی ناوخۆ دەربچین

مستەفا سەید قادر وسێ ئەندامەکەی دیکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی (عوسمانی حاجی مەحمود، جەلال جەوهەر و عومەری سەید عەلی) کە بە باڵی ریفۆرم ناسراون، سەرەتای ئەو مانگە یاداشتێکیان پێشکێشی مام جەلال کرد و ئێستاش خەریکی ئامادەکردنی پرۆژەیەکن بۆ چاککرن و ڕێکخستنەوەی دۆخی نێوخۆی یەکێتی. مستەفا سەید قادر وردەکارییەکانی پێشکێشکردنی ئەو یاداشتەو لێکەوتەکانی بۆ (ڕووداو) دەخاتە ڕوو تەواوی هەڤپەیڤینەکە لە (Rudaw.net) بخوێنەوە:

هەڤپەیڤین : عەلی حەمەساڵح

**ڕووداو: ئێوە چوار کەسەکەی باڵی ریفۆرم چوونە بەغداو لەگەڵ مام جەلالدا کۆبوونەوە، ئایا کۆبوونەوەکە لەسەر داوای مام جەلال بوو یان ئێوە؟**

**مستەفا سەید قادر:** ئێمە یاداشتێکمان نووسیبوو دامانە هەڤاڵ مام جەلال و هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی، کە پەیوەندی بە بارودۆخی ناوخۆی یەکێتی و هەرێمی کوردستانەوە هەبوو، کۆمەڵێک پێشنیازی خۆمان بوو، کە زۆرجار لە کۆبونەوەکانی خۆشماندا بە ڕاشکاوانە باسمانکردوون، ڕەنگە هەر بیروبۆچونی ئێمەش نەبووبێت، بەڵام ئێمە ئەو یاداشتەمان دا بە هەڤاڵ مام جەلال، ئەویش یاداشتەکەی لێوەرگرتین و پێشنیازیشمان کرد کۆبوونەوەیەکی لەسەربکەین و پاشان کۆبوونەوە لەگەڵ مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیشدا بکەین، بە خۆشحاڵییەوە هەم کۆبونەوەکە ئەنجامدرا و کۆبوونەوەیەکی باش بوو، هەموو ئەو کاروبارانەی پەیوەندی بەیاداشتەکەوە هەبوو، کەپێوستی کرد دەریببڕین باسکران و گفتوگۆی باشکرا و لەسەر ئەوە ڕێککەوتین زنجیرەیەک کۆبوونەوە لەگەڵ مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیشدا بکرێت و هەنگاو بنرێت بۆ ناوەڕۆکی یاداشتەکەو، پرۆژەیەکیشمان ئامادەکردووەو ئەو پرۆژەیەش پێشکەش دەکەین. بەڵام لەبەر ئەوەی پرۆژەکە پەیوەندی بە کاروباری ناوخۆی یەکێتییەوە هەیە، نێوەڕۆکەکەی ئاشکرا ناکەین و لە کۆبوونەوەدا پێشکەشی دەکەین. پرۆژەکە لە پێشاندا دەدرێ بە هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی، پاشان دەدرێ بە مام جەلال و ئینجا لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی باسی لێوەدەکرێت بۆئەوەی کاری پێبکرێت.

**ڕووداو: ئێوە ئەو چوار کەسە ئامادەتان کردووە؟**

**مستەفا سەید قادر:** بەڵێ، بەڵام پێشانی هەڤاڵانی دیکەی مەکتەبی سیاسی و ڕەنگە پێشانی کەسانی دیکەشی بدەین، بۆ ئەوەی دەوڵەمەندتر بکرێ و لەکۆبوونەوەدا بە ڕوونی و ڕاشکاوی باسی لێوەبکرێت، پێشمانوایە هەموومان دەتوانین کۆکبین لەسەر زۆرخاڵی گرنگی ئەو پرۆژەیە.

**ڕووداو: سەردانەکەی ئێوە هیچ پەیوەندی بەسەردانەکەی پێشتر لە ئێوەی مولازم عومەر و عومەر شێخموسەوە هەبوو بۆ لای مام جەلال بۆ چاککردنەوەی دۆخی ناوخۆی یەکێتی؟**

**مستەفا سەید قادر:** ئەوەندی من بزانم ئەوان زیاتر بۆ پەیوەندی نێوان کاک نەوشیروان و هەڤاڵ مام جەلال چووبون، دەکرێت لەخۆشیان بپرسن. بێگومان ئەوەش هەر پەیوەندی بە کاروباری ناوخۆی یەکێتییەوە بووە، بەڵام ئەوەی ئێمە پەیوەندی نەبوو بەو کاروبارەی کە ئەوان بۆی چووبن، بەڵکو تایبەت بوو بەو یاداشتەی کە پێشکەشمان کرد.

**ڕووداو: وەک بڵاوکرایەوە سەردان و کۆبوونەوەکەتان لەگەڵ مام جەلال سەرکەوتوو نەبوو، بۆچی؟**

**مستەفا سەید قادر:** ئەو هەواڵێکی دووربوو لەراستی و وەڵامیشمان دایەوە،بەڵکو بەپێچەوانەوە سەردانەکەمان زۆر سەرکەوتووبوو،کۆبوونەوەکە زۆر سەرکەوتووبوو، ئینجا چی لێدەکەوێتەوە ئەوە شتێکی دیکەیە.

**ڕووداو: دەڵێن بەباسکردنی تەمەن و نەخۆشی، مام جەلالتان تووڕەکردبوو، بۆچی ئەو باسەتان هێنایە پێشەوە؟**

**مستەفا سەید قادر:** ئەوە دوورە لەهەموو ڕاستییەکەوە، باسی شتی وانەکراوە.

**ڕووداو: ئێوە بۆ ریفۆرمکردن چوون یان بۆ داواکردنی دەست لەکارکێشانەوەی مام جەلال، چونکە باسکردنی خاڵی تەمەن ئەوە دەگەیێنێ؟**

**مستەفا سەید قادر:** وەک باسمکرد ئەوشتانەی بڵاوکراونەتەوە هەمووی دوورن لەراستییەوە، ئێمە بۆ پێشکەشکردنی ئەو یاداشتە چووین و گفتوگۆکانمان بەسەرکەوتوویی کۆتایی پێهێناو گەڕاینەوە.

**ڕووداو: نەوشیروان مستەفا لەدوایین دیداریدا، دەڵێ دەبێ باسی نەخۆشی و تەمەن بکرێت، بۆ ئەوەی ئەندامانی یەکێتی بزانن دوای مام جەلال یەکێتی چۆن دەبێ. واپێدەچێت خاڵێکی سەرەکی ئێوە وەک ڕەوتی ریفۆرم**

**وازهێنانی مام جەلال بێت لەسکرتێرایەتی یەکێتی؟**

**مستەفا سەید قادر:** ئەوە قسەی ئێمە نییە، دەکرێت لەهەرکەسێکی دیکەی بپرسن، کە پێتان وایە ئەو قسەیەی کردبێت.

**ڕووداو: پێتوانییە ئێستا لەکاتی قسەکردن لە سەر یەکخستنەوەی باڵەکانی ناو یەکێتی زۆر پێویستە مام جەلال وەک قاسمی موشتەرەک بە سکرتێری گشتیی یەکێتی بمێنێتەوە؟**

**مستەفا سەید قادر:** بێگومان مام جەلال وەک سکرتێری گشتی پێویستە وەکو یەک سەیری هەموو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بکات و بەرپرسە لەهەموو کاروبارەکانی یەکێتی نیشتیمانی، ئەوەش بەپێی پەیڕەو هەروا وەک شتێکی ئاسایش، چونکە کەسی یەکەم بەرپرسە لە هەموو کاروبارەکانی حیزب.

**ڕووداو: مام ڕۆستەم دەڵێ پێویستە مام جەلال دەست لەکاربکێشێتەوەو نەوشیروان یەکێتی یەکبخاتەوە، پێتوانییە دەست لەکارکێشانەوەی نەوشیروان مستەفاو ڕەخنەلێگرتنی کارگێرو چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی وەک مەلا بەختیارو ئازاد جندیانی، ئیدی نەوشیروان ناتوانێت ببێتە ئەو قاسمە موشتەرەکە کە دۆخی نێو یەکێتی یەکبخاتەوە، هەروەک نەوشیروان خۆیشی دەڵێ، نەمتوانی یەکی بخەمەوە. پێتوانییە ئیدی نەوشیروان ئەو قاسمە موشتەرەکە نییە بەبوونی بەسکرتێری گشتی یەکێتی بتوانێت ئەو کارەبکات؟**

**مستەفا سەید قادر:** من نامەوێت ناوی هیچ کەسێک بێنم و باسی بکەم، چونکە هەموو کەسێک توانای خۆی هەیەو پێموایە یەکێتی کەسی لێ زیاد نییەو هەموومان تەواوکەری ئیشوکارەکانی یەکترین، یەکێتی پێویستی بەوەیە کە سیستەمێکی هەبێت بۆ ئەوەی کاروبارەکانی خۆی لەسەر بەڕێوەببات، چاککردنی یەکێتی لەرووی سیستەم و دامەزراوەییەوەیە دەبێ، نەک گۆڕین و لابردنی ئەم و ئەوی پێویست بێ.

**ڕووداو: ڕاستە دەگوترێ دەسەڵاتی ئێوە وەک چوارکەسەکەی ریفۆرم کەم کراوەتەوەو نیازی دەرکردنیشتان هەبووە؟**

**مستەفا سەید قادر:** لە دوای کۆنگرەی یەکێتییەوە کە مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردراوەو کارەکان دابەشکراون دەستکاری هیچ دەسەڵاتێک و کاروبارێکی یەکێتی نەکراوە،واتە گۆڕانێک نەبووە نە بەکەمکردنەوەو نە بە زیادکردن، ئەو دەسەڵاتانەی هەتبووە هەر ئەوەیە و هیچ گۆڕانێکی تێدا نەکراوەو هەمووی وەک خۆی بەرێگەدا ڕۆیشتووە.

**ڕووداو: ئێوە پێداگیری لەسەر تەمەن و پارەی یەکێتی دەکەن، بۆچی؟**

**مستەفا سەید قادر:** ئێمە باسی تەمەنمان نەکردووە لە پرۆژەکەدا،هەڤاڵ جەلال جەوهەر لە ڕاپۆرتێکی خۆیدا کە ڕای خۆیەتی باسی تەمەن دەکات، ئەویش وەک هەر هەڤاڵێکی دیکە بۆی هەیە ڕای خۆی بنووسێت.

**ڕووداو: ئەی باسی پارەشتان نەکردووە؟**

**مستەفا سەید قادر:** وەک هەر شتێکی دیکە، کە دەڵێین پێویستە یەکێتی بە دامەزراوە بکرێت، لەو چوارچێوەیەدا پارەو کاروباری دارایش پێویستە وای لێبکرێت.

**ڕووداو: وەک ئەوەی خرایەڕوو ئێوە ئاگاداری سەرچاوەی دارایی یەکێتی نین؟**

**مستەفا سەید قادر:** یەکێتی دامەزراوەی خۆی هەیە، بەڵام ئەو دامەزاروانە دەبێت پەیڕەوی ناوخۆی خۆیان هەبێت و هەموو کاروبارەکان بەپێی ئەو پەیڕەوە بەڕێوە بچن، لەوانەش کاروباری دارایی، وەک کاروباری ڕێکخستن و پێشمەرگەو ڕاگەیاندن.

**ڕووداو: ئایا مام جەلال یاداشتەکەی ئێوەی قبوڵ بوو؟**

**مستەفا سەید قادر:** زۆر لە خاڵەکانی یاداشتەکەی ئێمەی پێ قبوڵ و باش بوو، بەگەرمیش پێشوازی لێکردین.

**ڕووداو: دەگوترێ مام جەلال لەوە تووڕە بووە کەباسی نادیاری ڕەوشی دارایی یەکێتی تان کردووە، ئەمە ڕاستە؟**

**مستەفا سەید قادر:** هیچ نیگەرانییەکی پیشان نەدا، نە سەبارەت بەو خاڵە بە هیچ خاڵێک. بەگشتی باسی یاداشتەکەی کرد.

**ڕووداو: نەوشیروان مستەفا دەڵێ گرووپی ریفۆرم باڵ نییە ڕەوتە، ئەو ڕەوتەی ئێوە تاکەی دەتوانێ بەردەوام بێ لەناو یەکێتی دا؟**

**مستەفا سەید قادر:** یەکێتی بیروبۆچوونی جیا جیای تێدایەو هەرواش هاتووە، لەبەر ئەوە بیروبۆچونەکان ئازادبوون و دەکرێت ئەو بیروبۆچونانە ڕای خۆیان لەناو کۆبوونەوەکانی یەکێتیدا دەرببڕن و پێشنیازەکانی خۆیان پێشکەش بکەن و هەوڵبدەن زۆرینە بەدەستبێنن بۆئەوەی بتوانن ئەو بەرنامەی کە هەیانە جێبەجێبکەن، لەبەر ئەوە مەرج نییە بۆچوونێک یان بیروبۆچوونە جیاجیاکان وەک خۆیان بەجێگیری بمێنن، بەڵکو هەمیشە لەگۆڕاندان، جار هەیە بۆچوونێک پێشکەش دەکەی چەند کەسێک پشتیوانی لێدەکات و چەند کەسێک دژی دەبێت، بەڵام لەوانەیە جارێکیتر بۆچوونێکیتر بە پێچەوانەوە بێت. شتی واش روویداوە لەناو کۆبوونەوەکانماندا.

## کاک کۆسرەت و زۆر هەڤاڵی مەکتەبی سیاسی زۆربەی خاڵەکانی یاداشتەکەی ئێمەیان پێ باشە



عوسمانی حاجی مەحموود لەگەڵ د.ئەرسەلان بایز و مەلا بەختیار و د.فوئاد مەعسوم لە پێشوازییەکی مام جەلال دا وەستاون

**ڕووداو: هەست ناکەی دوای دەرکردنی ڕەگ و نەهێشتنی ڕەوتەکەی هەڵۆی ئیبراهیم ئەحمەد، یەکلایی کردنەوەی مەسەلەی گرووپی ریفۆرمیش کەوتووەتە لای مام جەلال؟**

**مستەفا سەید قادر:** دەمانەوێت هەموو کێشەیەک کە لە ناو یەکێتیدا هەیە لە چوارچێوەی یەکێتیدا و بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ و سیستەمی یەکێتی چارەسەربکرێت.

**ڕووداو: وەک ڕای خۆت پێتوایە ئێوەی گرووپی ریفۆرم دەبێ ببنە ڕێکخراوێکی ناو یەکێتی بەسەرکردایەتی نەوشیروان مستەفا؟**

**مستەفا سەید قادر:** ئێمە نامانەوێت لەپەیڕەوی ناوخۆ دەربچین، هەرشتێکمان بوێت بیکەین دەمانەوێ لەناو پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی و یەکێتی ناو یەکێتی و سیستەمی یەکێتیدا بێت.

**ڕووداو: ڕای جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیی، واتە کۆسرەت ڕەسول چییە بەرامبەر یاداشتەکەتان؟**

**مستەفا سەید قادر:** دەکرێت لەخۆی بپرسن، بەڵام پێموایە زۆر لەهەڤاڵانی مەکتەبی سیاسیش بە کاک کۆسرەتیشەوە زۆربەی زۆری ئەو خاڵانەی ئێمە لە یاداشتەکەماندا خستوومانەتە روو پێیان باش بوو. بەپێی تێگەیشتنی ئێمە زۆربەی شتەکانیان پێ باش بوو.

**ڕووداو: هەڵۆی ئیبراهیم ئەحمەد واحیزبی ڕاگەیاند، ئەو چ جیاوازییەکی لەگەڵ ئێوەو نەوشیروان مستەفادا هەیە، بۆچی نەهاتە باڵی ریفۆرم ؟**

**مستەفا سەید قادر:** بەڕاستی ئەو پەیوەندییە توندو تۆڵە لە نێوانمادا نەبووە، هەتاوەکو بزانم بۆچی.

**ڕووداو: محەممەد تۆفیق ڕەحیم دەڵێ ئێوە ئەو چوار کەسە، ریفۆرمخوازی ناو یەکێتین، ئایا ئێوە بڕیارتان داوە وەک گرووپی ریفۆرمخواز کار بکەن؟**

**مستەفا سەید قادر:** لەناو مەکتەبی سیاسیدا زۆر ئاساییە چەند هەڤاڵێک بیروبۆچونێکیان هەبێت و پرۆژەیەک پێشکەش بکەن، ئێمەش کە ئەم چەند هەڤاڵەبووین ڕەنگە زیاد بکەین یان کەمببینەوە و بیروبۆچونەکانمان ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت.

**ڕووداو: واتە ئێوە گرووپی ریفۆرم نین؟**

**مستەفا سەید قادر:** ئێمە لەناو مەکتەبی سیاسیدا ئەو چوار کەسە کە بیروبۆچوونمان لەیەکەوە نزیک بووە یاداشتێکمان پێشکەش کردووە بۆ چاکبوونی دۆخی یەکێتی، دەکرێ زیاد وکەم بکەن و پشتیوانی و دژیشمان هەبێت.

**ڕووداو: دەگوترێ تەنها مام جەلال دەزانێ کەی کۆنگرەی یەکێتی دەبەسترێ، ئایا ئێوەش وەک مەکتەبی سیاسی نازانن کەی کۆنگرەیە؟**

**مستەفا سەید قادر:** بێگومان مام جەلال کەسی یەکەمی ناو یەکێتییەو بڕیاردەریشە، بەڵام پێموایە هەر ڕۆژێک لە ڕۆژان کۆنگرە ببەسترێت بەبێ ئاگاداری مەکتەبی سیاسیش نابەسترێت، ئەوە نییە مەکتەبی سیاسی ئاگای لێنەبێ، بەڵام تائێستا ڕۆژێک دیاری نەکراوە بۆ کۆنگرە، کەی باسی لێوەکرا بێگومان لەکۆبونەوەدا باسدەکرێت، مام جەلالیش وەک کەسی یەکەم زیاتر دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لەدیاریکردنی ڕۆژی بەستنی کۆنگرە.

**ڕووداو: ئێستا پەیوەندیتان لەگەڵ نەوشیروان مستەفادا ماوە؟**

**مستەفا سەید قادر:** زۆر ئاساییە، وەک خۆمان پەیوەندیمان لەگەڵ هەموو هەڤاڵان وەک یەکە.

**ڕووداو: وەک ئەو چوار کەسە؟**

**مستەفا سەید قادر:** خۆی ئەمە ئەوەنییە ئێمە بڵێین گرووپێکین پێکەوە کاردەکەین، ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ هەموو هەڤاڵان وەکو یەکە، کەی پێویستی کرد دەتوانین یەکتر ببینین.

**ڕووداو: ماوەیەک لە ڕۆژنامەکاندا وەڵامدانەوەی چەند بەرپرسێکی یەکێتی بۆ نەوشیروان مستەفاو کۆمپانیای وشە توندییەکی زۆری بەخۆوە بینی، پێتوایە ئەمە تاچەند دروست بوو؟**

**مستەفا سەید قادر:** من لەگەڵ هیچ توندوتیژییەک و هەروەها لەگەڵ باسکردنی کەسیشدا نیم، وەک باسمکرد ئێمە پێویستیمان بەدانانی سیستەمێک هەیەو پێویستە لە چوارچێوەی ئەو سیستەمە نەچینە دەرەوە، بەڵام پێویستمان بەچاککردنی وەزعی ناوخۆی یەکێتی و کاروباری حکومەتەکەمان و خەڵک هەیە.

**ڕووداو: بڕیارە لەنێوەڕاستی ئەم مانگە مام جەلال بگەڕێتەوە سلێمانی و لەگەڵ نەوشیروان مستەفادا دابنیشێت و هەموو شتێکی لەگەڵدا یەکلایی بکاتەوە، بەگەڕانەوەی یاخود بە دەرچوونی تەواوەتی لە یەکێتی، ئێوە لەمەکتەبی سیاسی بەرنامەی ئەم سەردانەتان دەزانن؟**

**مستەفا سەید قادر:** باوەڕ بکە ئێمەش وردەکاییەکە نازانین، بەڵام دەزانین هەڤاڵ مام جەلال لەناوەڕاستی ئەم مانگەدا دێتەوە سلێمانی و زنجیرەیەک کۆبوونەوە دەکرێت، بەتایبەتی ئەوەی لەگەڵ ئێمە باسیکرد، لەسەر ئەو یاداشتەی ئێمە پێشکشمان کرد و ئەو پرۆژەیەی ئێستا ئامادەی دەکەین، زنجیرەیەک کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و ئۆرگانەکانی یەکێتی دەکرێ. بێگومان لەگەڵ کاک نەوشیروانیشدا یەکتر دەبینن، ئیتر چی باسدەکەن و چۆن دەبێت وردەکارییەکانی نازانین.

**ڕووداو: تائێستا مام جەلال و کاک نەوشیروان دانیشتوون باسی هاتنەوەی کاک نەوشیروان بکەن بۆ ناو یەکێتی؟**

**مستەفا سەید قادر:** تائێستا نەمبیستووە، بەڵام دوورنییە لەم دیدارە دووقۆڵیەیاندا هەمووشتێک باس بکەن.بەڵام تا ئێستا نەمبیستووە.

**ڕووداو: پێشبینی دەکەی لەو کۆبوونەوەیەدا مەسەلەی نەوشیروان مستەفا یەکلایی ببێتەوە؟**

**مستەفا سەید قادر:** لەسیاسەتدا هیچ شتێکی موتلەق نییە .

**ڕووداو: ئایندەی یەکێتی چۆن دەبینی؟**

**مستەفا سەید قادر:** یەکێتی خاوەنی رابردوویەکی پڕ سەروەری و قوربانییە، ڕاستە ناتوانین هەموو شتێک لەسەر رابردوو هەڵچنین، بەڵام رابردوو بناخەیەکە بۆ ئێستای یەکێتی و هێزێکی زۆری لەئەندامان و کادیری بەتوانا هەیە، ڕاستە ئێستا کێشە هەیە، بەڵام یەکێتی کە زۆرجار تووشی کێشە بووە ئەمجارەش دەتوانێ بەسەر ئەم کێشەیەدا زاڵبێت و جارێکیتر خۆی ڕێکبخاتەوەو خۆی بەهێزبکاتەوە.

**ڕووداو: دەگوترا ئەو چوارکەسە هەندێک جار بیری دەست لەکارکێشانەوتان لەلا گەڵاڵە بووە، کە پرستان بەکاک نەوشیروان کردووە وتویەتی بمێننەوە، ڕاستە؟**

**مستەفا سەید قادر:** بەشێکی زۆری تەمەن و توانای خۆمان لەیەکێتی دا بەسەر بردووە بۆ وازی لێبێنین، بۆ هەوڵی چاکبوون نەدەین.

**ڕووداو: چیبکرێت بۆباشکردنی ڕەوشی ناوخۆی یەکێتی باشە؟**

**مستەفا سەید قادر:** ئێمە هەوڵی خۆماندوەو پێمانوایە بە هەموو لایەک دەتوانین کاروباری یەکێتی چاکبکەین، ڕەنگە وەڵامی ئەو پرسیارەتان کە چی بکەین ئەمجارە بە ڕاشکاوانە لە کۆبوونەوەکانی خۆمان باسبکەین و بتوانین هەموو لایەکمان ڕاشکاوانە ڕای خۆمان بدەین .

**ڕووداو: پێتوایە لە گەڕانەوەی ئەمجارەی مام جەلالدا بە ڕاشکاوانەتر لە جارانی پێشوو باسی گرفتەکان وچارەسەرییەکانیان بکرێت؟**

## هەڵۆی ئیبراهیم ئەحمەد پەیوەندییەکی توندو تۆڵی لەگەڵ ئێمەدا نەبوو

**مستەفا سەید قادر:** پێموایە لەجاران باشترو ڕاشکانەتر دەبێت و ئێستا زەمینەی باشتر هەیە بۆ ئەوەی هەموو کێشەکان بخەینەڕوو ڕێگە چارەیان بۆدابنێین و بگەینە ئەنجامێکی باش.

**ڕووداو: بۆ ئەم دۆخەی یەکێتی پێویستتان بەگەڕانەوەی کاک نەوشیروان هەیە؟**

**مستەفا سەید قادر:** کەسمان لێ زیادنییە،من هەمیشە کاک نەوشیروان بە یەکێک لەتوانا گەورەو گرنگەکانی یەکێتی دەزانم، کاتی خۆی کە وازیشی هێنا، پێموابوو نەدەبوایە وازبێنێ، پێموایە هەمووماندا بەیەکێتییەوە جوانین و هەمووشمان یەکێتی تەواو دەکەین و هەمووشمان پێویستین بۆیەکێتی بەکاک نەوشیروانیشەوە .

**ڕووداو: پێتوایە دەرکردنی ڕەگ بڕیارێکی ڕاست بوو؟**

**مستەفا سەید قادر:** ئەو کێشانەی پەیوەندی بە پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتییەوە هەیە، پێویستە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ و لە چوارچێوەی سیستەمی یەکێتیدا چارەسەربکرێن. هەمیشە بیروبۆچونی جیا لەناو یەکێتی دا هەبووە و پێویستە لێک تێگەیشتنمان لەگەڵ ئەو بیروبۆچونە جیاوازانەدا هەبێ و گفتوگۆبکەین، پێویستە ئەو کەسانەی لە چوارچێوەی پەیڕەوەی ناوخۆی یەکێتی دەرنەچن،سزادانەکەشیان هەروا.

**ڕووداو: تاچەند لەگەڵ ئەوەی کە ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان یەکێتی و پارتی، دەرگای زیاتر کردەوە بەڕووی ململانێکانی ناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا؟**

**مستەفا سەید قادر:** ئەگەر ئەو ڕێککەوتنە سترتیژیەش نەبوایە ئەو ناکۆکی و کێشانەی ئێستا هەن هەر دەبوون، وای نابینم ئەو کێشانەش بەتەنها پەیوەندی بەیەکێتیەوە هەبێت پەیوەندییان بەهەموو کوردستانەوە هەیە، ئێستا کوردستان ئەم کێشانەی تێدایە، بەڵام لەبەرئەوەی یەکێتی کێشەکانی خۆی دەخاتەروو کراوەترە، بۆیە لەناو یەکێتی دەردەکەون.

**ڕووداو: ئەو چوارکەسە پرۆژەکانتان تەرییە لەگەڵ ستراتیژیەتی کاری نەوشیروان مستەفادا؟**

**مستەفا سەید قادر:** وەک چوار هەڤاڵ بیروبۆچونی خۆمان لەیاداشتێکدا پێشکەش بە هەڤاڵ مام جەلال و مەکتەبی سیاسی یەکێتی کردووەو ئەوانیش بەپیر یاداشتەکەمانەوە هاتوون و ئێستا پرۆژەیەکمان ئامادەکردووە، زۆر ئاساییە پشتیوانی هەموو مەکتەبی سیاسی وچەند هەڤاڵێکی مەکتەبی سیاسیمان هەبێت.

## کۆبونەوەی ئەم جارە لەگەڵ مام جەلالدا لەجاران باشترو ڕاشکانەتر دەبێت

52%ی کوڕان و 48%ی کچانی قوتابی زانکۆ لە هەولێر ئامادەن بە بایسکل هاتووچۆ بکەن

# گەنجێک عەیبە دەشکێنێ






شەقامێکی لێخوڕینی بایسکل لەهەولێر

(فۆتۆ:عەلی زاراوەیی)

**سۆران بەهائەددین**
**رووداو- هەولێر**

3 وەزیرو 9 پەرلەمانتاری کوردستان و چەند مامۆستایەکی زانکۆ بڕیاریانداوە بەلێخوڕینی پایسکل، بەشداری لەکردنەوەی پرۆژەی جیاکردنەوەی شەقامی پایسکل بکەن، بۆ ئەوەی کلتوری شەرمە و عەیبەی پایسکل لێخوڕین بشکێنن و سەرۆکی حکومەتی کوردستانیش بەڵێنیداوە 1500 پایسکل بۆ قوتابیانی زانکۆی سەلاحەددین دابین بکات، تا هاتووچۆی کۆلیژەکانیان پێبکەن.

پڕۆژەی پایسکل سواری لەهەولێر کە بە پرۆژەی جیاکردنەوەی شەقامی پایسکلیش ناو دەبرێت، لەبەشە ناوخۆیی شەهید شەوکەوت شێخ یەزدینەوە تاوەکو بەردەم سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین و، هەروەها لە بەشە ناوخۆیی 18ی شوباتی کچان تاوەکو بەردەم کۆلیژی ئەندازیاری دەستپێدەکات. بەشێوەیەکی ئەندازەیی بەدرێژایی 4،5 کلیۆمەترو پانی 2،5 مەتر شوێن بۆ لێخوڕینی پایسکل لەسەر شۆستە جیا کراوەتەوە.

عەلی ژاراوەیی،تەمەن 30ساڵ،ئەو گەنجەیە کە ئەو پرۆژەیەی پێشکێش کرد. عەلی دەڵێ لە ساڵی 2007ەوە ئەو بیرۆکەیەی هەیە، ئەویش دوای ئەوەی توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر پیسبوونی ژینگەی هەولێر ئەنجامدا و، لەئاکامدا گەیشتە ئەو دەرئەنجامە کە پێویستە بۆ پاراستنی ژینگەی شار رووبکرێتە بەکارهێنانی پایسکیل.

ئێستا لێژنەیەکی پێنج کەسی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا، پارێزگای هەولێر، شارەوانی هەولێر، ئەندازەی هاتووچۆ وخاوەنی بیرۆکەکە پێکهاتووە بۆ سەرپەرشتی کردنی پرۆژەکە.

ئەو گەنجە زۆر بەگەشبینییەوە باس لەپرۆژەکە دەکا و دەڵێ "پرۆژەی پایسکل سواری پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری مۆدێرنە بۆ قوتابیانی زانکۆو پەیمانگاکان، مەبەست لەپرۆژەکەش راهێنانی قوتابییە لەسەر کلتوری لێخوڕینی پایسکل و ئاشناکردنی هاووڵاتییانە بەپایسکل".

جگە لە پاراستنی ژینگە، کە مەبەستی سەرەکی عەلییە لەو پرۆژەیە،دەیەوێت بەو پرۆژەیەی "شەرمەو عەیبە"ی پایسکل لێخوڕین لە کوردستاندا کۆتایی پێ بێنێ "دەمانەوێ بەدەستپێشخەری قوتابیانی زانکۆو مامۆستایانی، ئەو نەریتە بشکێنین".

بەپێی قسەی عەلی جگە لەو 1500 پایسکلەی کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆ پرۆژەکە دابین کراوە وەزارەتی وەرزش و لاوانیش بەڵێنیداوە بە چەند پایسکلێک هاوکاری پرۆژەکە بکات، هەروەها پارێزگاری هەولێریش بەڵێنی هاوکاریکردنی داوە.

لەشارەکانی جیهاندا، هەمووکەس لەسەر پایسکل دەبینرێ، کچ و کوڕ و پیر و گەنج، گەراجی پایسکیلەکانیش هێندە زۆرن لە زۆر شوێن بەرچاو دەکەون. ئەوانەی پایسکل لێدەخوڕن هەستدەکەن بەوکارەیان وەرزشێکی گرنگ دەکەن لەپێناو تەندروستیان و ژینگە دەپارێزن و پارەش پاشەکەوت دەکەن. ئەوە چەند رۆژێکە شۆستەی شەقامەکانی لای

بەگوێرەی ئەوراپرسییەی خاوەنی بیرۆکەکە لەنێو قوتابیانی بەشە نێوخۆییەکانی زانکۆی سەلاحەددیندا ئەنجامیداوە نیوەی قوتابیان ئامادەیی خۆیان نیشانداوە بەپایسکل هاتووچۆ بکەن، بەپێی راپرسییەکە 52%ی کوڕان و 48%ی کچان ئامادەن بەپایسکل بچنە زانکۆ "بەمەرجێک حکومەت هاوکاریان بکات لەبواری هاتوچۆ" هەروەها عەلی ژاراوەیی گوتی "23 قوتابی کچ ئامادەیی خۆیان نیشانداوە لەقۆناخی یەکەم بەشداری پرۆژەکە بکەن و پایسکل لێبخورن".

شەماڵ سەباح، 22 ساڵ، قوتابی قۆناخی چوارەمی کۆلێژی ئەندازیاری،دەڵێ ئەو یەکەم کەس بووە بە پایسکل هاتووچۆی کۆلێژی کردووە "کەسم نەدیووە پێش من بەپایسکل بێت بۆ کۆلێژ،ساڵی رابردوو زیاتر لەمانگێک بە پایسکل چوومە کۆلێژ و کەس توانجی لێ نەداوم".

لێخوڕینی پایسکل لەوڵاتانی رۆژئاوا زۆر ئاساییە تەنانەت زۆرجار وەزیرو پەرلەمانتاران بەسواری پایسکل دەچنە سەر کارەکانیان، بەڵام لەکوردستان لێخوڕینی پایسکل لەلای هەندێک لە خەڵکی ئاساییش شەرمە.

کۆلیژەکانی زانکۆی سەلاحەدین بە هێڵێکی سپی نیشانەی هاتنەکایەی پایسکل سوارییان لە هەولێر لەسەر دراوە.

ریبوار حەسەن، نوێنەری پارێزگای هەولێر بۆ پڕۆژەکە، گوتی پڕۆژەکە لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگای هەولێر لەقۆناخی یەکەم 34ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە، کە ئەو پارەیە لە کێشانی ئەو هێڵە و دانانی هێماکانیدا خەرجکراوە. رێبوار حەسەن دەڵێ "ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر زۆر گرنگی بەپرۆژەکە دەدات و لەهەوڵی فروانکردنیدایە".

نوێنەری پارێزگا، گوتی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت بەڵێنی بە دابینکردنی 1500 پایسکل هاوکاری پرۆژەکە بکات.

لەگەڵ تەواوبوونی رێگای پایسکلەکان، عەلی بەڵێنی داوە پڕۆژەکەی بکاتەوە ئەگەر پایسکلەکان دابەش نەکرێن "لەم رۆژانە بەژمارەیەکی کەمی پایسکلیش بێت پڕۆژەکە دەکەینەوە، پاشان هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە دەست پێدەکەین".

عەلی هەروەها دەڵێ "سێ وەزیر کە بریتین لە د.زریان عوسمان وەزیری تەندروستی،د. ئیدریس هادی وەزیری خوێندنی باڵا و چنار سەعد وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان و د. محەممەد سدیق سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین و چەند کەسایەتییەک ئامادەیی خۆیان نیشانداوە لەرۆژی کردنەوەی پرۆژەکە لەگەڵ قوتابیان بەپایسکل هاتووچۆ بکەن"، هەروەها گوتیشی پەرلەمانتار خەمان زراریش پێیگوتووە کە 9 ئەندام پەرلەمانیش ئامادەیی خۆیان نیشانداوە هەفتەی جارێک لەو شوێنە پایسکل لێبخوڕن بۆ شکاندنی کلتورەکە.

هەرچەندە دەبوایە پرۆژەکە زووتر بکەوێتە واری جێبەجێکردنەوە، بەڵام بەهۆی دروستبوونی چەند گرفتێک دواکەوت، لەوانەش دابینکردنی پایسکلەکان و جیاکردنەوەی رێگاکە.

ئەندازیار دڵدار محەممەد، نوێنەری وەزارەتی خوێندنی باڵا لەو پرۆژەیەدا ئاماژەی بەوەدا وەزارەتی خوێندنی باڵا، ئەو ئەندازیارە بڕوای بە سەرکەوتنی پرۆژەکە هەیە، بەڵام هۆکارەکانی دواکەوتنی پڕۆژەکەی بۆ ئەو کێشانە گەڕاندەوە کە هاتوونەتە سەر

رێیان "بەتایبەتی ئەو پردە تازەیەی لەبەردەم کۆلیژی ئەندازیاری دروستکراوە، چونکە کەوتووەتە سەر شۆستەکە، بۆیە دەمانەوێت رێگەکە بەرێکوپێکی دروستبکرێت بۆ ئەوەی هیچ کارەساتێکی لێنەکەوێتەوە".

پرۆژەکە بەدەر نییە لەکەموکوڕی، ئەویش لەبەر ئەوەی رێگاکە لەسەر شۆستە جیا کراوەتەوە، شوێنی هاتوچۆی هاووڵاتیانی پیادەیە، هەروەها تەنیا لە یەک لای شۆستەکە شوێن جیا کراوەتەوە واتە تەنیا شوێنی هاتن. لەبەر ئەوەی ئەوە یەکەم پرۆژەی لەو شێوەیە لەعێراق و کوردستان،بۆیە هیچ شوێنێک لەشەقامەکان بۆ پایسکل سواری تەرخانەکراوە، بۆیەش ئەندازیار ئاشتی حەمید، بەڕێوەبەری ئەندازەی هاتووچۆی هەولێر، دەڵێ ئەگەر پرۆژەکە بگوازرێتەوە ناوەڕاستی شاری هەولێر سەرکەوتوو نابێت "لە 60مەتری بۆ ناوەوە ناکرێت، چونکە شەقامەکان تەسکن و ئۆتۆمبێل زۆرن، داوامانکردووە لەدیزاینی نوێی شەقامەکان بیر لەرێگەی پایسکلیش بکرێتەوە، کە پێشتر بیری لێ نەکرابووەوە".

ئەو ئەندازیارە باسی ئەوەشیکرد کە ئەوان هەوڵیاندابوو لەسەر شەقام، شوێنی هاتووچۆی پایسکلەکان دیاری بکەن، بەڵام لەبەر قەرەباڵخی رێگاکە نەکرا بۆیە بەناچاری رێگەکەیان لەسەر شۆستەکە دیاریکرد، گوتیشی "هەرچەندە رێگاکە بەشێکی کەمی لەشۆستە داگیر کردووە، بەڵام لەداهاتوو قبوڵ ناکەین رێگەی پیادە بکرێتە شوێنی لێخوڕینی پایسکل".



## پرۆژەی بایسکل سواری

– لەلایەن قوتابی عەلی ژاراوەیی پێشکێش بەپارێزگای هەولێر کراوە.
– سەرۆکی حکومەت 1500 پایسکلی بۆ پرۆژەکە دابین دەکات .
– لەسەر رێگای هەولێر – کەرکووک لە بەشە ناوخۆیی شەهید شەوکەوت شێخ یەزدین تاوەکو بەردەم سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین بۆ لێخوڕینی پایسکیل تەرخانکراوە.
– 52 %ی کوڕان و 48 %ی کچانی زانکۆ ئامادەن بەشداری لەلێخوڕینی پایسکل بکەن.
– 3 وەزیرو سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین لەرۆژی کردنەوەی پرۆژەکە پایسکل لێدەخوڕن.
– 9 پەرلەمانتار بڕیاریان داوە هەفتەی جارێک لەسەر شەقامەکە پایسکل لێبخوڕن.

بەڕای کچانی گەرمیان

# کۆمەڵگەی کوردی کچەکانی فەرامۆش دەکات

**مەهاباد مەحمود**
**رووداو- کەلار**

وەک زۆر لەکچانی کوردستان، رەیان قادر بەسەیرکردنی رەوشی ژیانی کچانی کۆمەڵگەی کوردی بەتایبەتی کچانی گەرمیان پێیوایە کچانی کۆمەڵگەی کوردی زۆر فەرامۆشکراون "بۆیە زۆرجار کچان بەهۆی گوێ لێنەگرتن وقبوڵنەکردنی داخوازییەکانیان خۆیان دەسووتێنن".

رەیان، کە کاری رۆژنامەنووسی دەکات، زۆر داکۆکی لەو رایەی خۆی دەکات کە کچ لەکۆمەڵگەی کوردی پەراوێزخراوە و پێگەی خۆی پێ نەدراوەو دەڵێت "تەنانەت زۆرجار خێزانی کورد بڕوای بەهێزو توانای کچان نییە"، بۆ نەگۆڕینی ئەو بارودۆخەش رەخنەی زۆر لە رێکخراو و سەنتەرەکانی تایبەت بە ژنان دەگرێت "ئەوان تەنها خەریکی مەسەلە لاوەکییەکانن، نەک خزمەتکردنی کچان و پێگەیاندنیان".

زۆر لە کچانی دیکەی گەرمیانیش وەک رەیان بیردەکەنەوە، بەڵام لەو لاشەوە هەندێک پیاو پێیانوایە کچان خۆیان بەهۆی بێ توانایانەوە هۆی پەراوێز کەوتنیانن.بەڵام لەنێو ئەو رەشبینییەدا زۆر کەسی بیانی کە بەراوردی رەوشی کچان و ژنانی کوردستان لەگەڵ وڵاتە عەرەبییەکانی کەنداودا دەکەن، دەڵێن رەوشی کچان و ژنانی کوردستان زۆر باشترە و بەڵگەشیان ئەو بوونە زۆرەیانە لە فەرمانگە و کارە حکومییەکاندا، نەبوونی هیچ رێگرییەکی دەنگدان و خۆپاڵاوتن و ئۆتۆمبێل لێخوڕین، کە لە هەندێ وڵاتدا هێشتا شتێکی رێگە پێنەدراوە بۆیان.رۆل بینینی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان، دوای رووخانی رژێمی سەدام و دانانی رێژەی 25% بۆ ئافرەتان لە پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا رۆلی ئافرەتانی زیاترکرد.

شەیما جەمال،کچێکی دیکەی گەرمیانییە، ئەویش رەخنەی لەو پەراوێزخستنە هەیە کە خۆی بیری لێدەکاتەوە، بەڵام هەندێک گەشبینتر دەڕوانێتە مەسەلەکە و پێیوایە ئێستا کۆمەڵگەی کوردی تاڕادەیەک بەرەو هۆشیاری دەچێت" بە هەوڵ و هیمەتی کچان خۆیان توانیویانە تارادەیەک خۆیان بسەلمێنن لەکۆمەڵگەدا".

لەنێو باسی ئەو پەراوێزبوون و ماف پێشلکردنەی مێیینەدا بەگشتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا، زۆرباسی رۆلی ئایین دەکرێ وەک هۆکارێکی ئەو پەراوێزخستنە.بەڵام مەلا ئارام فەریق،دەڵێ کچ وەک کچ و وەک گەنج دەتوانێ رۆڵی خۆی ببینێ، بۆ دیاربوونی کوڕان و نادیاری کچانیش لە کۆمەڵگەی کوردیدا مەلا ئارام رەخنە لەکچان دەگرێت بەوەی "کچان بە فیکرێکی مەعریفی کارناکەن و زوو دەکەونە ژێر کاریگەری دروشمە بریقەدارەکانی وەک مافی ئافرەت و ئازادی تاک". مەلا ئارام هەروەها دەڵێ "کچان لەزۆر لایەنەوە لەکوڕان لەپێشترن، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئەو هەوڵ و ماندووبونەی ئەوان لەباخەڵی پیاواندا خۆی دەبینێتەوە".

محەمەد عەلی وەلی، بەپێچەوانەوە پێیوایە ئێستا ئەو رۆل و دەرفەتەی بە مێینە دەدرێ لە کوردستاندا بە نێرینە نادرێ. بەڵام ئەو دژی ئەوەش نییە چونکە وەک خۆی دەڵێ " تا پێگەی کچ لە کۆمەڵگەدا بەرزتر بکرێتەوە ئەوەندە زیاتر کۆمەڵگە بەختیارتر دەبێ، هەست نەکردن بە رۆلیشیان نەک تەنها مێینە لەناو دەبات، بەڵکو سەراپای کۆمەڵگەش سڕ دەکات".



چەند کچێک لە گوندێکی دەڤەری گەرمیان

(فۆتۆ: رووداو)

# ئەفسەر نەبێ نایانەوێ

**نیوزماتیک -تکریت**

هەندێ لە کچانی پارێزگای سەلاحەدین، کە تکریت سەنتەرەکەیەتی حەزدەکەن مێرد بە ئەفسەرانی پۆلیس و سوپا بکەن، لەبەر ئەوەی مووچەیان باشە سەربازی ئەوەش کە وەک پیاوی ئازا و بەجەرگیش دەناسرێن. شەیمای تەمەن 20 ساڵ حەز دەکا شوو بە کەسێک بکات کە یان پۆلیس بێت یان لە سوپادا کار بکات، چونکە "مووچەیەکی مفت وەردەگرن و ژیانێکی تێر و پڕ بۆ خانمانیان دەستەبەر دەکەن".

شەیما دەڵێ"باری ئارامی پارێزگای سەلاحەدین وام لێدەکات بیر لەوە بکەمەوە شوو بە کارمەندانی سوپا و پۆلیس بکەم چونکە ئاسایشی پارێزگاکەیان پاراست و ئەو کەسانەشیان دەرکرد کە دەیانویست تێکی بدەن". ئیناسی تەمەن 19 ساڵیش دەڵێ"ئەگەر شوو بە ئەمنێک بکەم دەتوانم خۆم لە نێو هاوڕێیانمدا هەڵکێشم کە شووم بە پیاوێکی ئازا کردووە".

عەلیا، تەمەن 31 ساڵ، شووی بە ئەفسەرێکی سوپای عیراق کردووە لە تکریت، دەڵێ سەرەتا قرەقڕ دەکەوتە نێوانیان لەبەرئەوەی کتوپڕ لە ماڵ دەردەچوو" بەڵام دواتر لەگەڵ کارەکەی ڕاهاتم".

سەعد مەحموود، کە لە دەزگایەکی ئەمنیدا کار دەکات دەڵێ کاتێک چوونەتە خوازبێنی کچێکی گەڕەکەکەیان، ماڵە باوکی کچەکە یەکسەر بێ دوودڵی پێی رازیبوون.سەعد باسی بە رەواج کەوتنی ئەفسەرانی سوپا و پۆلیس لای کچان دەکات و دەڵێ"سێ چوار ساڵ بەر لەئێستا خەڵک کچی خۆی نەدەدایە ئەو کەسانەی کارمەندی پۆلیس و سوپا بوون، چونکە ئەم جۆرە کارەیان بە مەترسیدار دەزانی، سەربارى ئەوەی بە یارمەتیدەر و هاوکاری داگیرکەر تۆمەتباریان دەکرد"،بەڵام دەڵێ ئێستا ئەوە گۆڕاوە. بەڵام سەعد سامی کە دەرچووی کۆلیژی ئەندازیارییە گلەیی ئەوە دەکات کە تا ئێستا چووەتە داوای چەندان کچ و کەسوکاری هیچیان رازینەبوونە کچەکەیان بدەنێ.

مەنال عەلی، کە لە بواری راگەیاندن دا کار دەکات دەڵێ "زۆر لەوانەی شوویان بە کارمەندانی دەزگا ئەمنییەکان کردووە کەوتوونەتە ناو ژیانێکی بەختەوەر و فێری پشووێژی بوون".

کامیل ئیبراهیم، کە توێژەرێکی کۆمەڵایەتییە، پێیوایە ئارەزووی کچان بۆ شووکردن بە ئەفسەرانی سوپا و پۆلیس دەگەڕێتەوە بۆ شانازیکردنیان بە ئەرکی پاراستنی وڵاتەوەو، دەڵێ"رەنگە هەر لەبەر ئەوەش بووبێت کە زۆربەی پیاوانی پارێزگاکە لە سەردەمی رژێمی پێشوودا لە دەزگا ئەمنییەکاندا کاریان دەکرد، کە لە روانگەی خانمانەوە بە قارەمان لەقەڵەم دەدران".

بەڵام سەوسەن ئەحمەد، تەمەن 24ساڵ، لەو بڕوایەدایە کە زۆری مووچەی پۆلیس و سەربازەکان ئەوانی لای کچان خۆشەویست کردووە "مووچەی کارمەندانی سوپا و پۆلیس لە هی ئەندازیار و پزیشک زیاترە، بۆیە کچان پێیان خۆشە شوو بە کەسێک بکەن کە ژیانێکی مفت و تێر و پڕیان بۆ دابین دەکات".



شەیما — سەعد مەحموود — مەنال عەلی

# ژیان لەگەڵ مردوواندا

## "ئەوە ئێمەین ئەو کارە دەکەین، هەموو کەس ئامادە نییە بێتە ناو مردووان و رەنگی مردووان هەڵبگرێت"

رزگار کۆچەر
رووداو-هەولێر

بۆ (م.س) هیچ کاتێک لەو کاتە ناخۆشتر نەبووە، کە بۆ یەکەمجار تەرمێکی خنکاوی دەدەنە بەر دەست بۆ ئەوەی ورگی تەرمەکە هەڵدڕێت و توێکاری (تشریح)ی بۆ بکات "ئەو رۆژە لەلای من رۆژێکی ئاسایی نەبوو، چونکە یەکەمجارم بوو جەستەی مرۆڤ بەو شێوەیە ببینم، بۆیە نانم بۆ نەخورا، تووشی خەمۆکی هاتم، تا هەفتەیەک وێنەی ئەو کەسە لەبەر چاوم ون نەدەبوو".

(م.س) وەک خۆی باسیکرد ماوەی 38 ساڵ لەنەخۆشخانەکانی کوردستان کاری برینپێچی کردووە، یەک ساڵ و نیویشە وەکو کارمەندی توێکاری کردن لەپەیمانگای پزیشکی دادوەری کوردستان، کاری توێکاریکردنی مردووان دەکات، وەک خۆی گوتی لەو ماوەیەدا 20 تەرمی توێکاریکردووە. ئەو دەستێکی بەنێوچەوانی داهێناو هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو گوتی "پێموانییە کەسێک هەبێت زۆربەی زۆری کاتەکانی لەنێو مردووەکان بەسەرببات و نان و خواردنەوەشی هەر لەناو لاشەکان بێت".

ئەو هەر چەندە وەکو کەسێکی ئاسایی خۆی نیشاندەدات، بەڵام بەهۆی ئەوەی زۆربەی کاتەکانی لەنێو مردووانی ناو ساردکەرەوەکانی پەیمانگای پزیشکییە، بۆیە بەردەوام هەست بەخەمۆکی دەکات.

تراژیدیترین دیمەن بەلای (م.س)ەوە خنکانی خێزانەکەی کەمپی کاوە بوو، کە لەناوەڕاستی مانگی شوباتی ئەمساڵ بەهۆی غازی سوپای ماڵەکەیانەوە 7 کەسیان گیانیان لەدەستدا، (م) دەڵێت "سەرجەم لاشەکانیان هێنرانە لای ئێمە، روخساری لاوازی منداڵەکانی ئەو خێزانە زۆر کاریان تێکردم، تا ماوەیەک لەخەیاڵم رەش نەدەبوونەوە". ئەو پیاوە بیر لەرۆژی مەرگی خۆی دەکاتەوەو دەڵێت "رەنگە رۆژێک بێت منیش وەک ئەو کەسانە بهێنرێمە ئێرە بۆ تەشریحکردن".

بەشی پزیشکی دادوەری لەساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوو لەنەخۆشخانەی کۆماری کراوەتەوە، دوای دروستکردنی نەخۆشخانەی رزگاری، ئەو بەشە گواستراوەتەوە بۆ نەخۆشخانەی رزگاری، لەساڵی 2002 بەبڕیاری پەرلەمانی کوردستان کراوەتە پەیمانگای پزیشکی دادوەری کوردستان.

پەیمانگاکە تەنیا دوو کارمەندی تەشریحکردنی هەیە، لەگەڵ سێ کارمەندی دیکە کە وەک راهێنراو لەبەر دەستی ئەو دوو کارمەندە کاردەکەن، هەروەها بەبەڕێوەبەری پەیمانگاکەشەوە 7 پزیشکی هەیە کە 2 لەپزیشکەکان ئافرەتن، کە کاریان لێکۆڵینەوەیە لەدەستنیشانکردنی هۆکاری کوشتن و مردنی ئەو ئافرەتانەی تەرمەکانیان بۆ تەشریحکردن دەهێنرێتە پەیمانگاکە.

کارمەندانی تەشریحکردن، ئاماژە بەوە دەدەن، کە سەرەڕای مەترسی کارەکەیان، بەڵام تا ئێستا دەرماڵەی مەترسییان نییە، وەک کارمەندێکی تەشریحکردن بە (رووداو)ی راگەیاند "کارەکەی ئێمە زۆر مەترسیدارە، چونکە هەندێک تەرم کە دەهێنرێنە ئێرە ماوەیەکی زۆریان بەسەردا تێپەڕیوەو بۆگەن بوون، یان ئەگەری ئەوە هەیە، کە تەرمەکە تووشی ڤایرۆس هاتبێت".

پەیمانگاکە جگە لەکاری تەشریحکردنی لاشەکان، کاری پشکنین بۆ کەسانی زیندووش ئەنجامدەدات، بەتایبەتی ئەو کەسانەی رووبەرووی دەستدرێژی دەبنەوەو دۆسیەکەیان دەچێتە دادگا لەوێ بەبڕیاری دادوەر بەمەبەستی پشکنین رەوانەی پەیمانگاکە دەکرێن.



تەرمێک لە پزیشکی دادوەری هەولێر

(فۆتۆ: رووداو)

بەپێی ئەو ئامارەی دەست (رووداو) کەوتووە ساڵی رابردوو 1285 کەس لەهەرسێ پارێزگای هەولێر ودهۆک وسلێمانی بەهۆکاری جۆراو جۆری وەک: پەردەی کچێنی، پاشبازی، سکپڕی، نێربازی، مادەی هۆشبەر، ژەهراوییبوون، سەرخۆشی، پشکنینیان بۆ ئەنجامدراوە.

هەر بەپێی ئەو ئامارەی لە پەیمانگای ناوبراوەوە دەست (رووداو) کەوتووە، لە 2008/1/1 تاوەکو 2008/10/11، 699 تەرم هێنراونەتە پەیمانگاکە و تەشریحیان بۆ کراوە، کە 39 تەرمیان سەرجەم جەستەیان توێکاری کراوە.

(م.س) بە بێزارییەوە باس لەکارەکەی دەکات، بەتایبەتی دوای ئەوەی لەناو خەڵک بیستوویەتییەوە کە ئەوان مرۆڤێکی بێ رەحمن و سکی مردوو هەڵدەدڕن و هەناوی دەردەهێنن، ئەو هەر چەندە ئەو قسەیەی خەڵک بە ناراست ناو دەبات، لەهەمانکاتدا دەڵێت "ئەگەر کارێکی دیکە هەبێت لەنەخۆشخانە ئەو کارە ناکەم، چونکە وا هەست دەکەم، لەو کارە تەمەنم کورتەو خەم دایگرتووم".

(ب.ک)، کە پیاوێکی کەمێک قەڵەوەو 25 ساڵە لەپەیمانگای پزیشکی دادوەری کاری تەشریحکردن دەکات و تا ئێستا بەدروستی نازانێت چەند تەرمی توێکاری کردووە، بەڵام بەقسەی خۆی لە هەزاری تێپەڕاندوە. ئەوەی هەرگیز (ب) بیری لێنەکردبوووەوە بینینی تەرمی برا بچوکەکەی خۆی بوو کە بەقسەی خۆی لەیەکەم تەقینەوەی هەولێر لەساڵی 1993 گیانی لەدەستداوە، بۆیە دوای ئەو رووداوە بینینی تەرمی مرۆڤی بەلاوە زۆر ئاسایی بووە "قەت لەو باوەڕەدا نەبووم رۆژێک لەرۆژان تەرمی برا بچوکەکەم بێتە بەردەستم، دوای ئەو رووداوە کارەکەم زۆر بەلاوە ئاسایی بوو".

هەر چەندە پەیمانگاکە ماوەیەکی زۆرە دامەزراوە، بەڵام ژمارەیەکی کەم کارمەندی هەیە، ئەوانەی بەشێوەیەکی رەسمی کاری توێکاری دەکەن و تەنیا 2 کارمەندن، (ب) گوتی "ئەوە ئێمەین ئەو کارە دەکەین، هەموو کەسێک ئامادە نییە، بێتە ناو مردووان و رەنگی مردووان هەڵبگرێت". گوتیشی " ئەو کارەی ئێمە دەیکەین زۆر پیرۆزە، بەڵام لەم وڵاتە کەس قەدری نازانێت، چونکە کەس نازانێ تەشریحکردن چەند پێویستە بۆ زانینی راستیەکان".

جگە لەکاری تەشریکردنی ئەو لاشانەی دەهێنرێنە ئەو پەیمانگایە، زۆرجار ئەو کارمەندانە لاشەی مردوو لەگۆڕ دەردەهێنن بۆ تەشریکحردن. هەروەها ئەو کارمەندانە ئاماژە بەوە دەدەن کە زۆر تەرم هەیە کە دەهێنرێنە پەیمانگاکە کەس خۆی لێ بەخاوەن ناکات، بەتایبەتی ئەو ئافرەتانەی لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی دەکوژرێن.



م.س کارمەندێکی توێکاری

سەبارەت بەو تەرمانەی خاوەنیان نییە (ب) گوتی "ئێمە بۆ ماوەیەک تەرمەکە دەهێڵینەوە، پاشان بەهاوکاری شارەوانی لەشوێنێکی تایبەت بەرێورەسمێکی ئیسلامی دەینێژین".

هەر چەندە پێشتر شارەوانی هەولێر 3800 مەتر زەوی بۆ ناشتنی ئەو تەرمانە تەرخانکردووە کە خاوەنیان نییە، بەڵام وەک (ب) گوتی "خەریکە شارەوانی ئەو زەوییەمان لێوەردەگرێتەوە، بۆ ئەوەی بیکەن بەشوێنێکی بازرگانی.

کارمەندانی ئەو پەیمانگایە زۆر بەرەشبینییەوە لەئایندەی خۆیان دەڕوانن، پێیانوایە تەمەنیان زۆر کورت دەبێت "چونکە هەموو جۆرە مردنێک بەچاوی خۆمان دەبینین، (ب) کە 25 ساڵە کاری تەشریحکردنی مردوان دەکات گوتی "جیاوازی کاری ئێمە لەگەڵ کارەکانی شێخ زانا ئەوەیە، کە کارەکەی ئێمە زانستی، یاسایی و پزیشکییە".

# "منداڵەکەم بوو بەژێر ئۆتۆمبێلی پاسەوانەکانی سەرۆکەوەو شەهیدانەکەشیان بڕی"



نەوزاد مەحمود
رووداو-سلێمانی

ساڵی 1992، کاتێک کاک مەسعود بارزانی سەردانی چەمچەماڵ دەکات، منداڵێکی تەمەن 13ساڵ، بۆئەوەی بارزانی ببینێت، خۆی دەکات بەناو ئۆتۆمبیلی حیمایەکانیداو دەبێت بەژێر ئۆتۆمبیلی حیمایەکانەوە. دایکی ئەومنداڵە، ئێستا گلەیی لە وەزیری شەهیدان دەکات، کە مووچەی شەهیدانەی کوڕەکەی بڕیوەو پێیگوتووە "تۆ کاتی خۆی پێنج هەزار دینارت لەبری خوێنی کوڕەکەت وەرگرتووە". دایکی ئەو کوڕەش بەچاوی پڕ لە گریانەوە دەڵێ "ئاخر کەی پێنج هەزار دینار، کە کاک فرەنسۆ هەریری لەبەر هەتیوی منداڵەکانم پێیداوم، دەبێتە خوێنی ئینسانێک؟".

لەرۆژی 2002/3/18 مەکتەبی شەهیدانی لقی چواری پارتی، بە نووسراوێک داوا لەدەزگای شەهید دەکات، مووچەی فوئاد رەحیم نەبڕدرێت و لەنووسراوەکەشدا، وەزارەت لەوە ئاگادار دەکاتەوە، کە فوئاد رەحیم لەئەنجامی ئاهەنگگێڕانی پێشوازیکردن لە بارزانی، بەکارەساتێکی دڵتەزێن گیانی لەدەستداوە و نووسیوشیەتی "ئەگەر بەژێر سەیارەی حیمایەکانی سەرۆکیشەوە نەبووبێ، ئەوا هەر لە ئاهەنگی پارتیدا گیانی لە دەستداوە".

سەبریە فەتاح، بەهەمان ئەو ماکسیەوە کە لە ماڵەوە لەبەری دەکات، بەدوای چارەنووسی کورەکەیدا دەگەڕێت، دوای تێپەڕبوونی16 ساڵ بەسەرگیان لەدەستدانی کوڕە تەمەن 13ساڵەکەی هێشتا فرمێسک لەچاوەکانی وشک نەبوونەتەوە. ئەو کە لە ساڵی 1984ەوە ناچار بووە، ببێتە دایک و باوکی پێنج منداڵ، بەهۆی لەدەستدانی هاوسەرەکەیەوە، ماوەی ساڵێکە مووچەی کوڕەکەی لەلایەن وەزارەتی شەهیدانەوە بڕدراو، کە یەکێک بوو لەسەرچاوەکانی ژیاندنی منداڵە هەتیوەکانی ئێستا ئەو لە گەڕەکی بەهار لەشاری کەرکووک، لەخانوویەکی کرێدا دەژی.

فوئاد رەحیم رەزا، تەمەن 13ساڵ، لە ساڵی 1992لە شارۆچکەی چەمچەماڵ، بە شەیداییەکی زۆرەوە دەیەوێت سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان مەسعود بارزانی ببینێت کە ئەوکات بەسەردانێک چووەتە چەمچەماڵ، کاتێک دەچێتە نێو ئاپۆرەی خەڵک و ئۆتۆمبیلی پاسەوانەکانی بارزانییەوە، دەبێت بەژێر ئۆتۆمبیلی یەکێک لەپاسەوانەکانییەوەو دوای ماوەیەکی کەم گیان لەدەستدەدات. سەبریە فەتاحی دایکی فوئاد، دەڵێ "لەساڵی 1997کاتێک مولازم کەریم کوژرا، چوومە هەولێر و لەپرسەی ئەو فرەنسۆ هەریریم بینی، کاتێک چوومە لای و عەریزەکەم پێدا، پێنج هەزار دیناری پێدام". وتیشی "دواتر کاک سیدادم بینی و دوای ماوەیەکتر مووچەیەکی شەهیدانەیان بۆ بڕیمەوە پاشان کردیانە شەهیدی هاوڵاتی و دواتر لە ساڵی 2007وەزیری شەهیدان ئەو مووچەیەشی بڕی".

ئێستا سەبریە تەنها لەوە بەداخ نییە کە وەزیری شەهیدان مووچەکەی بڕیوە، بەڵکو زیاتر داخباری ئەوەیە، وەزیری شەهیدان پێی گوتووە "تۆ پێنج هەزار دینارت لەبەرامبەر خوێنی کوڕەکەت وەرگرتووە". سەبریە دەڵێ "توخوا خوێنی ئینسانێک پێنج هەزار دینارە؟!". وتیشی "وادەزانم کە وەزیری شەهیدان سووکایەتی پێکردووم و گلەییم لەپارتی و وەزیری شەهیدانیش هەیە".

ئەو ژنە، بە بنەماڵە پارتین، کوڕێکی ئێستا ئاسایشی پارتییە لە کەرکووک. بەڵام هیوادارە کە کاک مەسعود بارزانی حەقەکەی بۆ وەربگرێتەوە. وتیشی "گوناهی کوڕەکەم هەر ئەوەبوو حەزی دەکرد کاک مەسعود ببینێ، چونکە زۆر زۆر خۆشیدەویست".

ئەو بەدڵێکی خەمبارانەوە گێڕایەوە، کاتێک کوڕەکەی کەوتووەتە ژێر ئۆتۆمبێلەوە، خۆی نەیبینیوە "کاتێک هێنایانەوە بۆماڵەوە، رۆحی تێدانەمابوو، چونکە بردبوویانە خەستەخانە و هێنابوویانەوە". سەبریە دەڵێ "هەرگیز باوەڕم نەدەکرد مووچەکەی ببڕێت و وەزیری شەهیدانیش ئاوا وەڵامم بداتەوە". وتیشی "ئەو خانمە بۆخۆی کچی شەهیدەو باوکی نەماوە، دەبووایە لە مەینەتیەکانی هەتیو بەخێوکردن تێبگەیشتایە، نەک بەمن بڵێ برۆ لەکوێ گلەیی دەکەی بیکە".

rudaw@rudaw.net

وەڵام و بە دواداچوونی خوێنەران

# پێمان گوتن لەبازاڕ قژیان بتاشن

دوای بلاوبوونەوەی راپۆرتێک لە ژمارە (30) لە بەرواری 2008/11/3 لاپەڕە (15)ی رۆژی دووشەممە لە رۆژنامەی رووداو بە ناوونیشانی (پۆلیس پرچی شەش گەنج دەتاشێ)، ئێمە وەک راگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی رزگاری پاش لێکولینەوەی تەواو لەسەر ئەم بابەتە بە پێویستمان زانی کەوا وەڵامی راست و روونکردنەوەی بابەتەکەتان بۆ بنێرین بۆ ئەوەی لە ژمارەی داهاتووی رۆژنامەکەتان بڵاویبکەنەوە، ئەویش ئەوەیە چەند کوڕێکی هەرزەکار رۆژانە چوونەتە بەردەم قوتابخانەکان بە گشتی و قوتابخانەی کچان بەتایبەتی کە بۆتە هۆی بێزاریەکی زۆری قوتابیان بەگشتی و بەتایبەتیش قوتابیانی کچ، دایکان و باوکانی قوتابیەکان سکاڵایان بردۆتە بەردەم بەڕێوەبەری قوتابخاکان.

بۆ زیاتر زانیاریتان قوتابخانەی ناسکی بنەڕەتی تێکەلاو بە نووسراویان ژمارە (82) لە 2008/10/9و قوتابخانەی بڵندی بنەڕەتی تێکەلاو بە نووسراویان ژمارە (19) لە 2008/10/2وە قوتابخانەی هەناسەی بنەڕەتی تێکەلاو بە نووسراویان ژمارە (ت) لە 2008/10/7وە قوتابخانەی دواناوەندی تۆبزاوەی کچان بە نووسراویان ژمارە (36) لە 2008/10/5وە قوتابخانەی تۆبزاوەی هاوچەرخی بنەڕەتی تێکەلاو بە نووسراویان ژمارە (162) لە 2008/10/8وە ئامادەیی ئایندی کوڕان بە نووسراویان ژمارە (7) لە 2008/11/3 کە هەرهەموو نووسراوەکانیان ئاراستەی بنکەی پۆلیسی رزگاری کردووە بۆ ئەوەی ئیجرائاتی یاسایی بکرێت لەگەڵ ئەو کورە هەرزەکارانە چونکە هەڕەشەی ئەوەی لێدەکرێت قوتابییە کچەکان قوتابخانە جێ بهێڵن و بێ بەش بن لە خوێندن ئەوەبوو بنکەی پۆلیسی رزگاریش لە رێگای مەفرەزەیەکی پۆلیس کورە هەرزەکارەکان دەستگیر دەکات و لە بنکەی پۆلیس بەڵیننامەی لێ وەردەگرن بۆ ئەوەی جارێکی تر نەچن بۆ بەردەم قوتابخانەکان. هەروەها لە شوێن دایک و باوکی کوڕە هەرزەکارەکان دەنێرن بۆ ئەوەی ئەوانیش لە هەڵسوکەوتی کوڕەکانیان ئاگاداربن، هەندێک لە دایک و باوکی کوڕەکان پێیان باش دەبێت و پێشنیاز دەکەن قژی کوڕەکان بتاشن لە بنکەی پۆلیس بەڵام ئەفسەری بنکەی پۆلیسی رزگاری بەڕێز نەقیبی پۆلیس (کمال سابر مولود) پێشنیازەکەیان رەت دەکاتەوەو پێیان دەڵێت ئەوەی کاری ئێمە نیە بۆ خۆتان بیانبەن لە بازاڕ قژیان بتاشن نەک لە ناو بنکەی پۆلیس بۆ زانیاریتان و بڵاوکردنەوەی راستییەکان.

لەگەڵ رێزماندا
راگەیاندنی ناحیەی رزگاری
2008/11/6



بەهۆی چوونە بەر دەرگای قوتابخانەی کچان
پۆلیس پرچی شەش گەنج دەتاشێت

# وەرتی بەخشندەن نەک خەتەر!

لە دوالاپەڕەی ژمارە 30 رۆژی 2008/11/3ی رۆژنامەی رووداودا، مانشێتێکی ترسناک کراوەتە سەردێڕی بابەت یان کێشەیەکی کۆمەڵایەتی. بە پێویستی دەزانین راستی و جوامێری و بەخشندەیی خەڵکی وەرتێ بۆ هەموو لایەک ئاشکرا بکەین کە وەرتییەکان نەک هەر خەتەر نەبوونە و نینە، بەڵکو هەمیشە دەست لە سەرسنگ و دڵگەورەو خاوەن مێژوویەکی پڕ لە سەروەرین بۆ گەلەکەیان و خەڵکی ناوچەکە و بە پێچەوانەی مانشێتی رۆژنامەی رووداویش هەردەم نەرم و خاوەن هەڵوێستی جوامێرانەی خۆیان بوونە لە هەموو قۆناغەکاندا.

مانشێتی دوالاپەڕەی رووداو بە داخەوە دەچێتە خانەی ناوزڕاندنی بە کۆمەڵ و لەکەدارکردنی ناوبانگی زیاتر لە 1200 ماڵ و بێ نرخ کردنی زیاتر لە 180 شەهیدی سەنگەر کە لە پێناو گەلەکەیاندا گیانی خۆیان بەخشیوە.

ئەو رووداوەی رۆژنامەی رووداویش باسی لێوە دەکات لە ناحیەی قەسرێ لە نێوان دوو دراوسێدا روویداوە و نەدەبوایە رۆژنامەی رووداو ئەو بەکۆمەڵ لەکەدارکردنە بخاتە ئەستۆی خۆی و بە مافی خۆمانی دەزانین رۆژنامەکەتان بە شێوەیەکی فەرمی داوای لێبوردن لە دانیشتوانی شارۆچکەی وەرتێ بکات و بەهای رۆژنامەگەری خۆی بپارێزێ و پابەندی یاسای رۆژنامەگەریش بن لە کوردستاندا.

**ژمارەیەک لە کەسایەتییەکانی ناحیەی وەرتێ**
**2008/11/5**



وەرتیی خەتەرن



## (ئەمرۆ) زەکەریا خەڵات دەکات

ڕووداو- xewn

◆ سەنتەری عێراقی (ئەمرۆ) بۆ کاروباری ڕووناکبیری و هونەری و ڕاگەیاندن، بەمزووانە خەڵاتی باشترین هونەرمەندی کوردستان لەهەولێر بە(زەکەریا عەبدوڵڵا) دەبەخشێت و بروانامەی ڕێزلێنانی پێشکەش دەکا. بەپێی زانیارییەکان بەم بۆنەیەشەوە هونەرمەند زەکەریا عەبدوڵڵا کۆنسێرتێک لە شاری هەولێر سازدەکات، سەنتەری عێراقی (ئەمرۆ) پێشتر ڕایانگەیاندبوو ئەو دەستنیشانکردنە لە ئەنجامی ڕاپرسی لیژنەی هەڵسەنگاندنی هونەری سەنتەرەکەیان بووە. زەکەریا لە 2008/10/5 بە گرووپێکی میوزیکی کوردستان وەک نوێنەری کورد بەشداری لە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی (ڕیئۆرێنت) کرد لەستۆکهۆڵمی پایتەختی سوێد.

# "کچانی عەرەب زۆرگەرمن"

**ڕووداو- ئینروزا**

لەمرۆژانە لەڕێوڕەسمێکیدا، ئەکتەری تورک کیفانج تاتلیتوچ (موهەنەد)، ئەڵقەی هاوسەری لەگەڵ ئەزرا ئاکینی شاجوانی جیهان بۆ ساڵی 2002 گۆڕییەوە.

لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەموهەنەدی پاڵەوانی زنجیرەی (نور)یان پرسی ڕات چییە بەرامبەر بەکچانی عەرەب؟ ئایا دەکرێ بکەویتە داوی خۆشەویستی کچە عەرەبێک؟ موهەنەد گوتی "ناوبانگی کچانانی عەرەبم بەدڵسۆزی بیستووە، هەستیشیان گەرموگوڕو ناسکە، هەرکاتێک هەستو سۆزم بۆ هەر کچە عەرەبێکیش جوولا بێ یەکو دوو پێیدەڵێم، چو نکە من زۆر بڕوام بەخۆشەویستی لەیەکەم بینیندا هەیە".

بەڵام لەوانەیە ئەو خەونەی کچە عەرەبەکان تەنیا خەونێک بێت چونکە لەمرۆژانە لەڕێوڕەسمێکیدا، کیفانج تاتلیتوچ، ئەڵقەی هاوسەری لەگەڵ ئەزرا ئاکینی شاجوانی جیهان بۆ ساڵی 2002 گۆڕییەوە.

موهەنەد دوای 6 ساڵ پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ ئەزرای بەڕەگەز تورک، کە بۆ شاجوانی ساڵی 2002ی جیهان هەڵبژێردرا، چوونە ژیانی هاوسەرێتییەوە، ئەزرا بەتەمەن 2 ساڵ لەموهەنەد گەورەترە. موهەند لەدایکبووی 1983ی ئەنکەرەیە و زیاتر حەز لەیاری باسکە، مەلەوانیو وێنەکێشان دەکات.



رایس:

# بوش زۆر هەست ناسکە

**ڕووداو-شپیگل**

وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ گۆڤاری (شپیگل)ی ئەڵمانی ڕایگەیاند، کە ئەو وەک ژەنیارێکی پیانۆ هیچ بە بوونی بە وەزیری دەرەوەو مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی جیهان دڵتەنگ نەبووە، چونکە" جۆرج بوش کەسێکی هەست ناسک و بلیمەت و بێ فیزە و حەزی لە هونەرە".

کۆندالیزا رایس ئاشکرایکرد کە لە ساڵی 1995ەوە لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا جۆرج دەبلیو بوشدا یەکتر دەناسن، هەروەها زۆرجار بەدەم وەرزشکردنیشەوە باسی کاروباری دەرەوەی ئەمریکاشیان کردووە.

رایس زیاتر هەستی خۆی بەرامبەر بە بوش دەربڕی و گوتی" بوش کەسێکی زۆر ڕووخۆشە، خۆی و هاوسەرەکەی ئێمەیان داوەتی کامپ دێڤد کرد، پێکەوە جەژنی سوپاسگوزاریمان گێڕا Thanksgiving، لەگەڵ پووره تەمەن 72 ساڵییەکەی مندا دانیشت و پوورم بە دیتنی بوش زۆر خۆشحاڵ بوو". هەروا لەو هەڤپەیڤینەدا رایس زۆر سوپاسی دایک و باوکی خۆی دەکات و دەڵێ "ئەوان منیان بە جوانترین شێوە پەروەردە کرد و، پێیاندەگوتم مەسەلەی نەژادپەرستی و ڕەنگ پەرستی گرفتی ئەوانی دیکەیە نەک گرفتی ئێمەی ڕەش پێست".



# میشال ئۆباما ڕێکپۆشترین 10 ژنی جیهان

## دوای ئەوەی ئۆباما بەڵێنی جگەرە تەرککردنی پێدا بەهەموو شێوەیەک پشتیوانیکرد

**ڕووداو-ئاژانسەکان**

میشال ئۆباما، هاوسەری ئۆباما کە بە یەکێک لە 25 ژنە بەهێزەکەی جیهان دادەنرێ، لە هەڵبژاردنی جلوبەرگدا زەوقێکی زۆر بەرزی هەیە لە ڕیزبەندییەکی ئەم دواییەدا بە یەکێک لە 10 ژنە هەرە ڕێکپۆشەکەی جیهان دەستنیشانکرا.

لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری تازەی ئەمریکادا میشالی هاوسەری ئۆباما و سیندی مەککەینی هاوسەری جۆن مەککەین بەدوو هەڵوێست بەشێک لە خەڵکی ئەمریکایان تووڕەکرد. ئەو هەڵمەتەی ڕۆژی 2008/11/4 بە بەبردنەوەی باراک حسێن ئۆبامای، بەرەچەڵەک باوک کینیایی کۆتایی هات، خانمی یەکەمی وڵاتیش دیاربوو. سیندی مەککەینی قژ زەرد وسەرۆکی ئەنجوومەنی کارگێڕی گەورەترین کۆمپانیاکانی ئەریزۆنا، کە ڕازی نەبوو فۆرمی باجەکەی ئاشکرا بکات، نارەزاییەکی زۆری خەڵکی بەرامبەر پەیدابوو، (میشال ئۆباما)ی پارێزەری زیرەک و ڕەش پێست، کە کچی خێزانێکی ئاسایی شیکاگۆی بە بنەچە ئەفریکاییە، خەڵکانێکی زۆری لە خۆی تووڕە کرد چونکە لە کاتی هەڵبژاردنی بەراییدا کە ئۆبامای مێردی لە چەند ویلایەتێکی گرنگدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، گوتی "ئەوە یەکەمین جارە لە ژیانمدا هەستی شانازی کردن بە وڵاتەکەم دامدەگرێت".

میشال ئۆباما، کە لە گەڕەکێکی کرێکارنشینی باشووری شاری شیکاگۆدا گەورە بووە، باوکی کرێکارێکی فەرمانگەی ئاو بووە، کە بە کەسێکی زۆر سەرکەوتوو ناسراوە. ئەو دایکی دوو کچەکەی ئۆبامایە (مالیای تەمەن 10 ساڵ و ساشای تەمەن 8 ساڵ)، میشال دەڵێ دوای سەرکەوتنی ئۆباما ئیدی ئەو دووکچەی گرنگترین شتی ژیانی ئەو دەبن. میشال دەڵێ " هەوڵدەدەم هاوسەنگییەک لە نێوان ئیشی ماڵەوە و کارەکەمدا دروست بکەم، ڕەنگە وەک ڕاوێژکارێکی نافەرمیش خزمەتی مێردەکەم بکەم ".

میشال ئۆباما، کە دوای ئەوەی بەڵێنی جگەرە تەرککردنی لە مێردەکەی وەرگرت، بەوپەڕی هێزەوە هەوڵی سەرکەوتنی ئۆبامای دا .ئەو کە لە کۆمپانیایەکی پارێزەری سەر بە نووسینگەی سەرۆکی شارەوانیی شیکاگۆدا کار دەکرد و، دوایین کاریشی جێگری سەرۆکی نەخۆشخانەی شیکاگۆ بوو، زۆر یارمەتیدەری پێشکەوتنی ئۆباما بووەو هەمیشە ڕاوێژکارێکی باشی ئەو بووە.

خانمی ئۆباما، لەبارەی سەرەتای پێکەوەنانی ژیانی هاوسەرییانەوە دەڵێ" وێڕای ئەوەی ناوەکەی سەیر بوو بۆمن، ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ئەوەبوو خێزانەکەی ئەویش زۆر بە خێزانەکەی من دەچوو". خانمی ئۆباما درێژەی دەداتێ و دەڵێ"ئەو لەسەر دەست نەنک و باپیری پەروەردە بووە، کە ئەوانیش وەک باوکی من کرێکار بوون، هەروەها دایکێکی تەنیا باڵیشی هەبووە کە ڕەنجی زۆری وەک ئێمە کێشاوە تا بتوانێ پارەی باج و پسوولەی جۆراوجۆر بدات".



# بەختی ڕووداو

### کاوڕ
Mar 21-Apr 19

ئەگەری ئەوە دەکرێت گەشتێک ئەنجامبدەن یان پرۆگرام و ڕێڕەوەکانتان بگۆڕن، هەندێک چارەسەر دەدۆزنەوە بۆ کێشەی تەندروستیتان یان دەگەڕێن بە دوای یەکلاییکەرەوەی بارێکدا یان لەسەرەتای سۆزدارییەکی تازەدا دەژین.

### تەرازوو
Sep 23-Oct 23

لەم ماوەیە نزیک دەکەونەوە لەو کەسە گرنگانەی کە ماوەیەکی زۆرە لێیان دوور بوون، وریا بن لە دوو دڵی و گومان لەو ڕووەوە. لەم ماوەیەدا هەست بە ئارامی دەکەن لەو زانیاری و گۆڕانکارییانەی کە ڕوو دەدات و پێتان دەگات.

### گا
Apr 20-May 20

لە کۆتایی هەفتەدا باری سۆزدارییتان جێگیریی بەخۆوە دەبینێت و ئارەزووی هێمنی دەکەن و هەوڵی لێک تێگەیشتن دەدەن لەگەڵ هاورێکانتداو بەشداری گروپێک دەکەن بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بابەتێک.

### دووپشک
Oct 24-Nov 21

لایەنی سۆزدارییتان زۆرباش دەبێت و پەیوەندیتان بە خۆشەویستەکانتانەوە بەرەوپێش دەبەن و ئەوەی پەیوەندی سۆزداریی نییە ئەوا ماوەیەکی گونجاو و هەلی گەورەی تێدایە بۆ دۆزینەوەی خۆشەویستێکی شەیدا.

### جمک
May 21-Jun 21

ژیانت بارێکی تازە وەردەگرێت و زیاتر جۆش و خرۆش دەبن، لەنێوەڕاستی هەفتەدا بەسەر ویست و ئارەزووەکانتاندا زاڵ دەبن و کێشەکان خۆت چارەسەریان دەکەی، کەسێکی نزیکتان ڕۆڵی دەبێت لەهەندێک ڕووداودا.

### کەوان
Nov 22-Dec 21

ڕێگەی تازە دێتە پێشتان لەلایەنی کارتانەوە لەگەڵ ئەوەدا دوو دڵی و ناجێگیری دروست دەبێت لە ژیانی تایبەتیتاندا، دوور بکەونەوە لە شەڕەنگێزی، لەم ماوەیەدا کێشەیەکی خێزانی چارەسەر دەکەن.

### قرژاڵ
Jun 22-Jul 22

کارێکی گەورەی سەرکەوتوو ئەنجامدەدەن و باری داراییتان بەرەو باشی دەڕوات و، وزەیەکی زۆرتان دەستدەکەوێت، هەوڵ بدەن هاوکاری کەسانی دیکە بکەن و بڕیاری بەپەلە نەدەن بە تایبەتی لەلایەنی سۆزدارییەوە.

### کارژۆلە
Dec 22-Jan 19

بە شێوەیەکی زیاتر هەوڵبدەن لە کاروبارەکانتاندا بۆ بەدەستهێنانی ویست و ئارەزووەکانتان. ئاگاداری تەندروستیتان بن. ئەگەر دەتانەوێ کەسێک ببینن و پرۆژەکانی خۆتی پێ بڵێیت، ئێستا کاتێکی باش و گونجاوە، چونکە شانست هەیە.

### شێر
Jul 23-Aug 22

لەم ماوەیەدا هەلی گرنگ بەدەست دەهێنن لەباری داراییەوە، بەدوای کارێکی تازەدا دەگەڕێی، هەوڵبدەن لەم ماوەیەدا پارەکانتان نەخەنە کارێکی نادیار. بارەکان کەمێک ئاڵۆز دەبێت، لەبارێکی ناجێگیردا دەژین بە هەر هۆیەک بێت.

### سەتڵ
Jan 20– Feb 18

ئەگەر بیر لە هاوسەرگیری بکەنەوە لەم ماوەیەدا هاوسەرگیریەکی پڕ بەرژەوەندیتان دەبێت. لە دوو ڕۆژی کۆتایی هەفتەدا لەبارێکی باشدا دەژین و دەسکەوتی گەورەتان دەبێت.

### گوڵەگەنم
Aug 23-Sep 22

ئەگەری ئەوە هەیە بڕیارێکت لەلایەنی سۆزدارییەوە دابێت و بەرەو ئاڕاستەیەکی دیکەت ببات کە پێشتر بیرتان لێ نەکردووەتەوە، چەند زانیارییەکتان پێ دەگات کە پێویستە بە شێوەیەکی نهێنی بیپارێزن.

### نەهەنگ
Feb 19-Mar 20

هەندێکتان بەشداری لەبۆنەی کۆمەڵایەتی نایابدا دەکەن، ئەم ماوەیە گونجاوە بۆئەوەی دەیەوێت گەشت ئەنجامبدات. چارەسەری هەندێک کێشەی خێزانیتان دەکەن. لەم ماوەیەدا کارێکی ئەنجامنەدراوی یاسایی یەکلایی دەکەنەوە.

# لە پیاوان بدەن

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

بۆ ئەوەی ژنان بتوانن بەرگری لەخۆیان بکەن، فتوایەک لە لیژنەی باڵای فتوای میسر دەرچوو کە ڕێگە بەژنان دەدات کە هەر کاتێک پیاوەکەی لێیی تووڕە بوو، ئەویش بەپێی ئەو فتوایە دەتوانی تێیهەڵبدات.

ئەو فتوایە کە پێشتر لە عەرەبستانی سعودی کاری پێدەکرا وفتوایەکە لەلایەن (شێخ عەبدولحوسێن عەبیکان ) کە مەلایەکی ناسراوی سعودییە دەرچووبوو، بەڵام بەهۆی نارەزایەتییەکی زۆرەوە فتواکە هەڵوەشایەوە، بەڵام ئەمجارە لەمیسر لەلایەن عەبدولحەمید ئەلئەترەش کە سەرۆکی لیژنەی باڵای فتوای ئەزهەرە دەرچووە، بۆ ئەوەی ژنان بتوانن بەرگری لەخۆیان بکەن.

هەرچەندە ئەوفتوایە لەمیسرنارەزایەتی لێکەوتەوە بەڵام حکومەت پشتگیری لەو فتوایە دەکات.

# مەلایەک منداڵێکی 12 ساڵی مارە دەکات

**ڕووداو- ئیرنا**

مەلایەکی ئەندەنووسی لەهەرێمی جاوا، منداڵێکی 12 ساڵانی مارە کرد.

ئەو مەلایە لەسەردانێکی بۆ سەنگاپوورە لەگەڵ ژنی یەکەمیدا ئەو کچە تەمەن 12 ساڵەی هەڵبژاردووە. بەپێی قسەی یەکێک لەدراوسێیەکانی ئەو مەلایە، نازانرێ ئەوهاوسەرگیرییە تەواو ئەنجامدراوە یان نا، ئەگەر تەواو بووبێ ئەوا تاوان دەخرێتە پاڵ ئەو مەلایە و ڕێکخراوەکانی مافی منداڵان لێی بێدەنگ نابن.

بەپێی زانیارییەکان تائێستا 11 حاڵەتی لەو شێوەیە لە ئەندەنووسیا ڕوویانداوەو ڕێکخراوەکانی منداڵان چەند مەلایەکیان لەسەر ئەوە داوەتە دادگا.

# بەیت و حەیران دەبنە جیهانی

**ڕووداو- سەردەشت**

سێیەمین فێستیڤاڵی بەیت و حەیرانی کوردی کۆتاییهات و بڕیارە لەساڵی داهاتوودا ئەو فێستیڤاڵە لەئاستی نێودەوڵەتیدا ڕێکبخرێت لەپێناو زیندوو هێشتنەوەی فەرهەنگ و کولتوری کوردی.

ڕۆژی 2008/11/6 کارو چالاکییەکانی سێیەمین فیستیڤاڵی بەیت و حەیران کە ماوەی چەند ڕۆژێک بوو لەشارۆچکەی سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستپێکردبوو، کۆتاییهات.

لەو فیستیڤاڵەدا لەکۆی 87 بەرهەمی فۆلکلۆری کە لە 12 پارێزگای ئێرانەوە داوای بەشداریکردنیان کرابوو، 32 بەرهەمیان لەلایەن لیژنەی سەرپەرشتیاری فیستیڤاڵەوە پەسەندکران.

لەدواین ڕۆژی فیستیڤاڵەکەدا ناوی 15 هونەرمەند وەک یەکەم و دووەم و سێیەمی بەشەکانی فیستیڤاڵ ڕاگەیێنرا، لەبەشی حەیراندا هونەرمەند ئەبوبەکر ئازادپوور خەڵکی پیرانشارو لەبەشی بەیتیش محەمەد فەتاحی خەڵکی سەقزو لەبەشی لاوک ساڵح ئەحمەد پەیڕەوانی خەڵکی شنۆو لەبەشی ئامێرە مۆزیکەکانیش هیمەت عەلی توانیان پلەی یەکەمی فیستیڤاڵەکە بەدەستبهێنن.

لەکۆتایی فێستیڤاڵەکەدا ڕاگەیێنرا کە لەپێناو زیندوو هێشتنەوەی فەرهەنگ و کولتوری کوردیدا. چوارەمین فیستیڤاڵی بەیت و حەیران لەساڵی داهاتوودا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ڕێکدەخرێت

# فاشیل مرد

**سابیر زەنگەنە**

**ڕووداو — موسڵ**

بەهۆی نەخۆشییەکی کوشندەوە حەسەن فاشیل گیانی لەدەستدا.

هونەرمەندی نێوداری شاری موسڵ، حەسەن فاشیل، لەنەخۆشخانەی گشتی موسڵ بە هۆی نەخۆشییەکی کوشندە گیانی لەدەستدا، ناوبراو یەکیک لە ئەکتەرە بەنێوبانگەکانی شاری موسڵ بوو کە زیاتر لە 30ساڵە لەبواری هونەری شانۆو فیلمی سینەمایی کاری دەکردو لەنێو موسڵ جەماوەرێکی زۆری هەبوو.

# ڕۆژانە مۆزێک بخۆ

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

بەپێی لێکۆڵینەوەیەی نوێ، مۆز دەبێتە هۆی ئەوەی فشاری خوێنی مرۆڤ لەئاستی مامناوەندی بمێنێتەوەو، هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی هۆرمۆنی سێکسی مرۆڤ بەهێز بکات بەتایبەتی بۆ پیاوان ئەگەر ڕۆژانە مۆزێک بخۆن.

لەلێکۆڵینەوەو ڕاپرسییەکی زانکۆی Sandiagoی کالیفۆرنیا و زانکۆی کامبریج بەریتانیا، کە لەسەر 859 پیاوو ژن ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە کەوا خواردنی مۆز دەبێتە هۆی ئەوەی فشاری خوێنی مرۆڤ لەئاستی مامناوەندی بمێنێتەوەو، بەتایبەتی بۆ پیاوانیش دەبێتە هۆی ئەوەی هۆرمۆنی سێکسیان بەهێز بکات ئەگەر ڕۆژانە مۆزێک بخۆن.



# دەستی ژنان پیسترە

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

لێکۆڵینەوەیەکی زانستی ئەمەریکایی ئاشکرایکرد، لە دەستی هەموو مرۆڤێکدا چەندین میکرۆب و بەکتریا هەیە و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکەش جیاوازی هەیە.

گۆڤاری "بروسیدنگز ئۆف زە ناشونال ئەکادیمی ئۆف ساینسیز" بڵاویکردووەتەوە، زانایان دوای لێکۆڵینەوە گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی نزیکەی 150 جۆر بەکتریای زیندووی جیاواز لە لەپی دەستی مرۆڤدا هەن. هەروەها لێکۆڵینەوەکە دەریخستووە، بەکتریا و میکرۆبەکان لە دەستی کەسێکەوە بۆ دەستی کەسێکی دیکە جیاوازن و لەیەک ناچن و تەنانەت میکرۆبەکانی دەستی ڕاست لەگەڵ دەستی چەپ لە یەکتر جیاوازن.

لەمبارەیەوە دکتۆر نوا فایر لە زانکۆی کۆلۆرادۆ ئات بۆڵدەر ڕوونیکردووەتەوە، دەرکەوتنی جیاوازی لە میکرۆبەکانی هەر دوو دەستدا چاوەڕوان نەکراو بوون.

لە لێکۆڵینەوەکەدا هاتووە، زیاتر لە 4هەزار و 700 جۆری بەکتریا لە دەستی 102 کەسی بەشداربووی لێکۆڵینەوەکە دەرکەوتووە، لێکۆڵینەوەکە هۆکاری ئەو ژمارە زۆرەی میکرۆبی لە مرۆڤدا بۆ پەیوەندی بە ئارەق و جۆری لەشی و غودەی زەیتی و دەرهاویشتە هۆرمۆناتەکان دەگەڕێنێتەوە. هەروەها دەرکەوتووە دەستی ئافرەت زۆرترین ژمارەی بەکتریای هەڵگرتووە بە بەراورد لەگەڵ دەستی پیاودا.

# ئایا تورک کوردێک بە سەرۆک هەڵدەبژێرن؟



**ئرتوگرول ئۆزکۆک***

بەرەبەیانی 2008/11/5 ئەو پرسیارەم لە خۆم کرد:" ئایا بۆ تورکێک هەڵبژاردنی کوردێک بە سەرۆک کۆمار زەحمەتترە لە هەڵبژاردنی ڕەشپێستێک لەلایەن ئەمەریکییەکانەوە بۆ سەرۆکایەتی وڵاتەکەیان"؟

بۆ هەندێکمان یان بۆ زۆربەمان ئەوە پرسیارێکی بێ مانایە، تەنانەت پرسیارێکی مەترسیداریشە. هەر چۆنێک بێت دوێنێ ئەم پرسیارەم بەمێشکداهات، کاتێکیش بە دوایدا چووم وەڵامەکەم دۆزیەوە. ئەوانەی ئەو پرسیارە بە بێ مانا دەزانن، بیانووشیان بۆ ئەمە ئەوەیە:

ئایا لە تورکیا تاوەکو ئەمڕۆ هیچ سەرۆک وەزیر و سەرۆک کۆمارێکی کورد نە هاتووەتە سەر کار؟ وەڵامەکەشی ئەوەیە بەڵێ هاتوونەتە سەرکار. بەڵام هیچ کامیان کوردبوونی خۆیان ئاشکرا نەکردووە. بۆیە باشترە پرسیارەکە بەم شێوەیە بکەین:

" ئایا هاووڵاتییەکی تورک دەنگ بە کەسێک دەدات بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری ئەگەر بەئاشکرا بڵێت: من کوردم" ؟ئەمە تاقیکرنەوەیەکی ڕاستی دیموکراسییە.

بەڕاست ئێوە چۆن وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە؟ ئایا لە ناخەوە و بەباوەڕەوە بە "بەڵێ"وەڵام دەدەنەوە؟ وای بۆ دەچم، بەشێکی زۆرمان بۆ ئەوەی بە "بەڵێ" وەڵامبدەینەوە ڕووبەڕووی زەحمەتی دەبینەوە.

بەمانایەکی دیکە وەکو ئەو مانشێتەی ئەمڕۆ بۆ (حورییەت) مان هەڵبژاردووە: "شۆڕشێکی ئەمەریکی"، کارێکی ئاسان نییە شتێکی وا لە تورکیا ڕوو بدات.

ئەگەر ئەم لێکدانەوەیە گوزارشت لە واقیعی وڵاتەکەمان دەکات، ئەوکات پێویستە بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارەدا بگەڕێین: بۆ ئێمە بەم شێوەیەین؟ ئایا دیموکراسیی ئێمە هێشتا پێنەگەیشتووە؟من خۆم باوەڕم بەوە نییە ئەوە کێشەکە بێت.

دیموکراسیی تورکیا ئەمڕۆ لە ئاستێکدایە کە زۆر نموونەی کۆنی دیموکراسی دنیا ئیرەیی وحەسوودی پێدەبەن.

ئەگەر تاوەکو ئەمڕۆ زۆر بە دڵنیاییی نەتوانین بە "بەڵێ" وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، هۆکارەکەی تەنها پەیوەست نییە بەو هەڵانەی بەدرێژایی 25 ساڵی ڕابردوو لە ژێر ناوی" تورک"ئەنجامدراون، بەڵکو ئەو هەڵانەی لە ژێر ناوی "کورد" یش ئەنجامدراون ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە هێنانە کایەی ئەمە.

15 تا 20 ساڵ لەمەوبەر خەڵکی ئەمەریکا نموونەی هەرە دواکەتووی ڕەگەزپەرستی بوو، بەڵام ئەمڕۆ دەنگ بەکەسێکی ڕەشپێستی ئەمەریکی دەدەن کە لە نەوەی دووەمی پەنابەرانە و دەیکەنە سەرۆک. ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەمەریکا ڕێکخراوێکی تیرۆریستی وەک PKK ی نییە، لەبەر ئەوەیە چونکە لە ئەمەریکا ڕێکخراوی Ku Klux Klan (ڕێکخراوێکی توندڕەوی دژ بە ڕەشپێستەکان بوو ) نەماوە. بۆیە سەرۆک لە وتارەکەیدا هیچ ئاماژەیەکی بە پرسی پێست ورەنگ نەکرد چونکە کێشەیەکی بەوجۆرە نییە. بۆیەش کۆمارییەکان لەو ویلایەتانە دۆڕان کە بە ڕەگەزپەرستی ناسرابوون.

کاژێر 5 بەیانی ئەو پرسیارەم لە خۆم کرد، بۆ وەڵامدانەوەشی کەوتمە بیرکردنەوە.

سیاسەتکردن لەسەربنەمای ئایین و ئەتنیک چۆن لەسەرمان دەوەستێت؟

لە سەرەتای ساڵی داهاتوو بەرەو هەڵبژاردنەکان هەنگاو دەنێین، ڕێکخراوی تێرۆریستی PKK و DTPی لایەنگری کوردان لەوبارەیەوە چی دەڵێن؟ دەڵێن " پێویستە کورد دەنگ بە کورد بدات "، لەوەش زیاتر دەڵێن پێویستە دەنگ بۆ کوردێک بدات کە لایەنگری PKK بێت.

باشە ئەم بیرکردنەوەیە ئەنجامەکەی چی دەبێت ؟ " تورکیش پێویستە دەنگ بۆ تورک بدات "

ئەی ئەو جادەو ناوچانەی کە پڕن لە پیسایی وزبڵدان، ئەوەیان هیچ بەلاوە گرنگ نییە وگۆڕانکاریش بۆ دوارۆژ دوادەخرێت.

ئەمەریکا وڵاتی ئەو خەڵکانەیە کە " خەونییان هەیە " ودەتوانن خەونەکانیشیان بێننەدی، بەڵام وڵاتی ئێمە وڵاتی ئەو هەزارانەیە کەهەموو شەوێک دێوەزمەو خەونی ترسناک دەبینن و لەناو ئارەقکردنەوە هەڵدەستنەوە .

**•لە ڕۆژنامەی ( Hurriyet )ی تورکییەوە 2008/11/6**

# ئەی هەڤالێن شەهید !

**ڕزگار کیستەیی**

بیرا وە تێ مە هەر ڕۆژ سۆز د دا هەڤ کو ئەگەر کی ژ مە شەهید ببە یێ دی چ جارا وی ژبیر ناکە و دێ هەردەم وەفادار و دلسۆز بە ل هەمبەر مال و زارۆک و مرۆڤێن وی. پشتی شەهیدبوونا وە ژی مە چەند جارا ل سەر گۆڕا وە ب خوینا وە یا سۆر سووند خوار کو ئەم ڕێبازا وە یا پیرۆز بەرنەدن و چ جارا ژی خوینا وە یا گەش ژبیرنەکەین.

لێ ئەز نزانم چما هوون هەرشەڤ تێنە خەونا مە و گازندە و پتپتێ ب سەرێ مە دا دکن ؟!ما گەلۆ مە سۆزا خوە بەرامبەر وە و زارۆکێن وە بجی نە ئانیە، یان هوون زێدەتر چ ژمە دخوازن گەلی هەڤالێن شەهید؟

ئەگەر ئەم بێسۆز و بێوەفا و نانکۆربین ل هەمبەر وە و زارۆکێن وە، پا ئەڤە کینە ڕۆژانە ب دەهان جاران ل پشت میکرفۆنان، ل بەر کامیران، ل سەر رادیۆ و تەلەڤیزیۆن و ڕۆژنامان ناڤێ وە دئینن و دبێژن: ئەڤ ئازادییە بەرێ خوینا شەهیدا و خوهو خەباتا شەهیدانە؟ ما نە ئەمین وەدبێژین؟

خوزی هوون نوها ئەگەر بۆ دەمژمێرەکێ ژی با ساخ ببانەڤە و وە گوهداری کربا کا ئەم چەند بەحسا وە دکەین و شانازیێ ب وە دکەین ؟!

لێ مخابن د سەرێ ڤێ هەموویێ ژی را هێشتا هوون دەڤ گازندەنە. گەر گازندا وە ل سەر هندێ بیت کو خانیێن مە هەموو سێ چار و پێنج قاتن و وەک کەلهێن ڕۆمانیان دمەزن و بلندن و خانیێن زارۆکێن وە ژی د بچووک و نزم و وەکی کۆلکێن مریشکانە، ئەڤە نە چ گازندەیە هوون ژ مە دکەن، ژ بەر کو هندی زارۆکێن وە ل بەر دلێ مە د خۆشتڤی و نازدارن و ئەو ئێمانەتن د ستۆیێ مەدا، ژ بەر هندێ ئەگەر خانیێن وان ژی وەکی یێن مە د بلند و مەزنبان، ئەو دا تێدا کەڤن و ئەگەر نەمربان ژی دا سەقەت بن. ئەڤە ژی دابیتە گونەهەک بۆ مە هەڤالینۆ.

دیسا بەلکی هوون نزانن کو هێشتا ل ڤی وەلاتێ مە یێ نازدار ئەدرێس و ناڤێن جادە و کۆلانان و نومرێن خانیان نەهاتنە دانان، ڤێجا ئەگەر مێڤانەک بۆ مالەکێ بێت گەلەک ب زەحمەتە ب وێ مالێ بکەڤیت ژ بەر کو هەموو خانی دمدمن و وەکی کەلهانە و هەموو ژی وەک هەڤن، بتنێ خانیێن زارۆکێن وە نەبن کو د بچووک و بێسەروبەرن و دناڤ وان هەموو دمدمان دا د دیارن و ژ دوورڤە گازی دکەن و دبێژن:"ئەم خانیێن شەهیدانن". هۆسا ژی هەر مێڤانەکێ بۆ مالێن وە بهێت، بێ زەحمەت و بێ پرسیار و راستە ڕاست دێ ب مالێن وە کەڤیت و ئەڤە ژی خێرەکا مەزنە بۆ وە کو مێڤانێن وە بێ زەحمەت ب مالێن وە دکەڤن. ژ خوە ئەگەر خانیێن وە ژی وەکی یێن هەموو خەلکێ دی دمەزن و بلند بانە وی دەمی مێڤانێن وە دا گەلەک زەحمەتێ بینن هەتا ب مالێن وە دکەتن و ئەڤە ژی دا بیتە گونەهەکا مەزن ژ بۆ وە و هەلبەت مە ژی نەڤێت ژ خێرێ پێڤەتر تشتەکی بگەهیتە وە.

ئەز باوەر دکەم هەڤالێن نەمر هوون نوها تێگەهەشتن کا بۆچی خانیێن زارۆکێن وە دبچووکن و نە وەکی یێن خەلکێ دی نە و ئێدی هوون ناهێنە بەر خەونا مە و گازندا ژمە بکەن.

هەڤالێن نەمر !

ئەگەر هوون بێژن: باشە پا بۆچی زارۆکێن مە ژی وەکی خەلکێ دی پارە نینن و بەرووکا وان هەرا ڤالایە؟

ئەم ژی دێ بێژین: هەڤالینۆ هوون ژ مە باشتر دزانن کو " پارە قرێژا دەستانە" و وەل مرۆڤی دکەن کو مرۆڤ د سەر پێ خۆدا بچیت و دفن بلند ببیت. ئەڤە ژی سیفەتەکە کو نە ژ هەژی زارۆکێن وەیە، ژ بەر کو ئەو زارۆکێن شەهیدانە و گەلەک ژ پارە و خانیان مەزنترن.

ئەگەر هوون بێژن: پا بۆچی خەلکەکێ دی ب شەڤێ دنڤن و سپێدێ رادبن دەولەمەند؟ ئەم دبێژین: بارا پترا وان کەسان ب ڕێکێن " هێرڤە و وێڤە" وێ قرێژێ پەیدا دکەن. ڤێجا هەڤالنۆ ئەو ڕێک ژی نە ژ هەژی ناڤێ وە و مالباتێن وەنە. ژ بەر هندێ ژی خەلکێ دی زەنگینە و زارۆکێن وە دهەژارن.

هوون ژی وەک شەهید گەلەک ژ پارە و خانی و ترومبێلان مەزنتر و پیرۆزترن، ژبەر هندێ ژی هیڤیدارم ئێدی بەس بێنە بەر خەونا مە و گازندان ژمە بکەن.

ئەم ژی پەیمانێ ددەین کو دێ هەر ل سەر سۆزا خوە ژ بۆ گیانێ وە بەردەوام بین و ل بەر میکرفۆن و کامیرا و ل سەر تەلەڤزیۆن و رادیۆ و ڕۆژنامان ب ناڤێ وە باخڤین و سووندێ ب خوینا سۆر و گەشا وە بخۆین. لێ مەسەلا خانی و پارە و دەولەمەندیێ، مە بۆ وە ڕوونکر کا بۆچی ئەو نەژ هەژی وەنە !!

ڤێجا هەڤالینۆ ! ما کی ژمە ب سۆز و وەفادارترە بەرامبەر خوینا شەهیدێن خوە و ژیانا مال و زارۆکێن وان ؟

# هاندانی تورکیا بۆ ئاشتیی ناوخۆیی



**ستێڤن کینزەر**

لە بەرزاییە سەرسەختەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، پیرە شوانێکی حەفتاساڵی کورد ڕاچڵەکی کە زانی من ئەمریکیم.

" بۆ هاوکاریی تورکیا دەکەن تا کوڕەکانمان بکوژن؟"، ئەو بە کوڵەگرییەوە پرسیی " کورد بێگوناهن، ئاشتیخوازن، خەڵکی باشن، هەر شتێکی دیکە کە لەبارەی ئێمەوە دەیبیستن درۆیە، ئەوان وادەزانن کە دەتوانن قڕانمان تێخەن، بەڵام ئەوە هەرگیز نایێتەدی ".

هەرای درێژخایەنی کوردان، کە لە چەند هەفتەی ڕابردوودا بووە هۆی مردنی حەڤدە سەربازی تورکی و بۆمبارانکردنی تۆڵەستێنەوانەی بنکەکانی یاخیبووان لە باکووری عێراقدا، برینی قەتماخە نەبەستووی تورکیایە.

لە وەتەی لە نێوەڕاستی هەشتاکاندا PKK شەڕی یاخیبووانەی دەستپێکردووە سی هەزار کەس کوژراون. دەوڵەتی تورکیا، بە پێی زانیارییە فەرمییەکانی خۆی، سەدان ملیار دۆلاری بۆ کپکردنەوەی کێشەکە خەرج کردووە.

تا ئەو شەڕە درێژەی هەبێت، تورکیا، سەرەڕای هەموو پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانی، بە تایبەتیش وەرگیرانی لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکاندا، ناتوانێ مەزنێتیی خۆی وەدەستبێنێ . لێ ئاشتیی ناوخۆیی وادەکات کە ئەو وڵاتە گەشەیەک بەخۆیەوە ببینێ کە لەوەوپێش نەیبینیوە و شانبەشانی ڕووسیا و بەرازیل و هیندستان پێگەی خۆی وەک هێزێکی مەزنی هەرێمایەتی بچەسپێنێت.

هەرچەندە هەڵمەتی درێژخایێنی دژ بە ناسیۆنالیزمی کوردی هەموو جارێک شکستی هێناوە، بەڵام دەوڵەت هێشتا بەردەوامە لە درێژەپێدانی.

هۆیەکەیشی ڕوونە: ژەنەڕاڵە تورکەکان ناتوانن دەستبەرداری ترسە ئاگرینەکەیان بن و قبوڵبکەن کە داننان بە ناسنامەی کوردیدا تورکیا لە شەپۆلی یاخیبوونی جیاخوازانە دەپارێزێت، ئەوان ڕەتیدەکەنەوە کە تورکیا وەکو وڵاتێکی فرە فەرهەنگ، وەک ئەوەی کە هەیە، ببینن. تا ئەوکاتەش کە ئەوانە وا بکەن، یانیش تا ئەو کاتەی کە قسەی کۆتایی دەربارەی دۆزی کورد نەدرێتە کاربەدەستە مەدەنییەکان، ئەو شەڕە هەر بەردەوام دەبێت.

ماوەیەک لەمەوپێش بۆ ماوەی دە ڕۆژ بە پارێزگاکانی باشووری ڕۆژهەڵاتدا کە وڵاتی باووباپیرانی کوردانە گەڕام. لەو ماوەیەدا کاژێرێکیش تێنەپەڕی بە بێ بیرخەرەوەیەک . سەرۆکی شارەوانی، سەرتاش، قوتابی یاسا، ژنە بازرگان و دیرۆکناس هەموویان پێیانگوتم کە ئەو کێشەیە کاتێک چارەسەر دەبێت کە تورکیا مافە زمانەوانی و فەرهەنگییەکانی کوردستان بدات.

هیچ کەسێک پێینەگوتم کە کوردەکان خۆیان لە تورکیا جیادەکەنەوە و لەگەڵ گەلی خۆیاندا و لە گەڵ کوردەکانی باکووری عێراقدا یەکدەگرن . ئەوەی ئەوان دەیانەوێت، شتێکە کە زۆرتر لە جارێک بیستم، ئەوەیە کە مافیان هەبێ وەک کورد بژین، خۆیان سەرکردە بەرپرسە هەرێمییەکان هەڵبژێرن و لە چوارچێوەی تورکیایەکی لێبووردەتردا چارەنووسیان دیاریبکەن.

زۆر لە کوردان سوپاسگوزاری ئەمریکان بەرامبەر بەو ڕۆڵەی دەیگێڕێت بۆ دروستکردنی نیمچە دەوڵەتۆکەیەکی کوردی لە باکووری عێراقدا . تووڕەشن لە ئەمریکا بە هۆی ئەو هاوکارییە سەربازییەی کە دەیداتە تورکیا. هەرچەندە ئەو هاوکارییە بۆ ئەوە نییە تا پشتیوانیی تورکیا بکرێت لە دژی کوردە یاخیبووەکان، بەڵام لەوەتەی تورکیا بووەتە ئەندامی ناتۆ، سوپاکەی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتدا خزمەتگوزارییە ڕۆژئاواییەکانی وەک مەشق و کەرەستەی سەربازی و هەواڵگری بەکاردێنێ.

ئەوەی کە ئەم کێشەیەی وا تراژێدی کردووە ئەوەیە کە هەموو کەسێکی تێگەیشتوو دەزانێت کە چارەسەرەکەی چییە. چارەسەرەکە سێ شتی سادەیە: PKK چەکەکانی بەدەستەوە بدات و بەڵێن بدات کە تەنیا چالاکیی سیاسیی هەبێت. لێبووردنێکی گشتی دەربکرێ بۆ جەنگاوەرەکانی گەرەنتی ئەوە بکرێت کە کوردەکان مافە فەرهەنگییەکانیان وەردەگرن و مافی بڕیاردانی چارەنووسیشیان دەبێت.

لێ ئەوەی کە کەس نایزانێ ئەوەیە کە دەوڵەت نەک ساڵێک بەڵکو دەساڵ و تەنانەت نیوسەدەی دیکەش ئەو چارەسەرە قبوڵ ناکات. گوشاری جەماوەریش بۆ ئەوەی تورکیا ناچاربکرێ کە ڕۆژێک زووتر ئەو چارەسەرە جێبەجێبکا، کاردانەوەی توندی ناسیۆنالیستەکانی بەدوادا دێت.

لە ڕاستیدا ئەمریکا دەیتوانی سوود لە پەیوەندییە بەهێزەکانی لەگەڵ سوپای تورکیادا وەربگرێ بۆ ئەوەی ئەو سیاسەتەی کە دوو دەیەیە پەیڕەویان کردووە بگۆڕن. دەبوایە ڕێبەرە ئەمریکییەکان ئەوە ڕوونبکەنەوە کە کێشەی کورد هەرگیز بە ڕێگەی سەربازی چارەسەر نابێت، چونکە نێوەڕۆکی کێشەکە شەڕی ناسنامەیە.

بەڵام ڕەنگە ئەوڕۆ هەر ژەنەڕاڵێک لە دنیادا بە سەرکردەیەکی ئەمریکی قاقا پێبکەنێ ئەگەر بڵێت: گفتوگۆ و ڕێککەوتن ڕێگەیەکی چاکترە لە کردەوەی سەربازی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. چونکە لە ماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا ئەمریکا بۆ خۆی تەواو بە پێچەوانەی ئەو پرەنسیپەوە ڕەفتاری کردووە. ئەمریکا لەو بوارەدا زۆر ڕاستگۆ نایێتە پێشچاو، لە کاتێکدا خۆی سیاسەتی بۆمب و داگیرکردنی لە عیراقدا پیادەکردبێ. ئەوەش وادەکات کە کێشەی کورد بەو شێوەیە بمێنێتەوە کە هەیە: بە دەستی خودی تورکەکانەوە.

" کێشەی گەورە لە پێکهاتەی دەوڵەتی تورکیادا"، وەک داغستان تۆپارکی بازرگان و جێگری پێشووی سەرۆک شارەوانیی دیاربەکر بەیانییەک پێیگوتم ئەوەیە کە :"دەبێ دێموکراتیزە بکرێت. تەنانەت ئەگەر لە شەوێکدا هەموو کوردەکانیش لەبەرچاوان بزر بن، ئەوا ئەو گۆڕانکارییە هەر پێویست دەمێنێتەوە".

کەمال ئەتاتورکی بونیادنەری کۆماری تورکیا دروشمێکی گەشاوەی بۆ گەلەکەی بە جێهێشتووە:" ئاشتی لە ناوماڵدا، ئاشتییە لە هەموو دنیادا". ئەمڕۆژانە تورکیا هەوڵدەدات بەشی دووەمی پەیامەکە بەجێبێنێ. بۆیەش لە پاکستان دەبێت بە ناوبژیکار. ئیسرائیل و سوریا لەیەک نزیکدەکاتەوە و واشدەکات کە ئەمریکا و ئێران پێکەوە گفتوگۆ بکەن. ئەوەی کە ماوە ئەوەیە کە بەشی یەکەمی پەیامەکەیش بەجێبێنێ کە بریتییە لە ئاشتی لە ناوماڵدا.

***ئەو وتارەی کینزەر لە ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی ڕۆژی 2008/10/24 دا بڵاوکرایەوەو،هەرایەکی زۆری لە ئەورووپا و تورکیادا نایەوە، چونکە ڕایەکانی ئەو نووسەرە حیساب بۆ کراون.**

---

**گۆران محەممەد**



goransalih@hotmail.com

# کوردی شەپڕێو

لە نێوانی قەڵا و پارێزگای هەولێردا،بە دیوارێکی زلەوە، وێنەی شەڕێکی مێژوویی کێشراوە و لە بنی نووسراوە "جەنگی ئەربێلا"، گوایە ئەمە داستانی جەنگی ئەربێلا لە نێوان ئەسکەندەری مەکەدۆنی و داریوش پاشای هاخامەنشی دەگێڕێتەوە، کە لە نزیک هەولێر ڕوویداوە و بە شکستی داریوش تەواو بووە.

پێدەچێ ئەوانەی ئەو نیگارەیان کێشاوە و ئەوانەشی لەسەری ڕازیبوون، سەرەداوێکیان لە بارەی مێژووەوە لە هەناودا نەبێت، ئاخر شەڕی ئەربێلا نە لە ساڵی 331ی پ.ز بووە و نە لە نێوان ئەسکەندەر و داریوشدا بووە وەک لەوێ نووسراوە، شەڕی ئەربێلا لە نێوان خوسرەو خان و برایەکەی بووە لە ساڵی 401ی پ.ز، هەرکەسێ خوازیارە زانیاریی زۆرتر بزانێ با کتێبی ئاناباسیس بخوێنێتەوە.

جەنگی نێوان ئەسکەندەری مەکەدۆنی و داریوش پاشا ناوی ئەربێلا نەبوو، ناوی جەنگی (گۆگامیلا)یە Battle of Gaugamela، ئەو جەنگە بە گوێرەی زۆر سەرچاوەی مێژوویی لە نزیک شاخی (زەردەکۆ) بووە لە نێوانی هەولێر و مووسڵ، ئەسکەندەر چونکە سەرکردەیەکی سەربازیی بلیمەت بووە سوودی لەو شاخە وەرگرتووە و (داریوش)ی بەزاندووە، ئەمەیان لە 331ی پ.ز بووە.

تۆ لەوە گەڕێ جێگری پارێزگاری هەولێر کە لە ژێر چاودێریی ئەودا ئەم دیوارە نەخشێنراوە، ئاگای لەم کەین و بەینەیە یان نا. سەیر ئەوەیە لە هەردوو جەنگدا، کە وەک چێشتی مجێور تێکەڵاوکراوە، نە لە دوور، نە لە نزیک، ناوی کوردی تێدا نییە، یانی کورد لەو ڕووداوە مێژووییەدا لە کوولەکەی تەریشدا ناوی نەهاتووە، تێناگەم کە ئێستا پەیکەر و نیگار بۆ ئەم جەنگانە دەکرێن، بە کورد چی؟.

پرسیارەکە ئەوەیە، ئاخۆ بۆچی کورد بە زۆری زۆرداری لووتی خۆی لەم مەسەلە مێژووییانە هەڵدەقورتێنێ؟ لەوانەیە لەبەر ئەوە بێت کە کورد بە درێژایی مێژووی بەر لە زایین و چەند سەدساڵێکی دیکەی دواتریش، پیاوێکی سیاسی، سەرکردەیەکی سەربازیی یان ڕۆشنبیرێکی بلیمەتی نەبووە تا بەشێک لە کەسێتیی مێژوویی کورد دروست بکات و بیگێڕێتەوە، هەربۆیە کوردی (لەمیش) خۆی بە داستان و مێژووی خەڵکی دیکەوە دەبەستێتەوە، ئەوە عەیب نییە کورد میللەتێکی بێ مێژوو، بێناسنامە و زەین کوێرە، ئەوە شوورەییە هیچت نەبێت و خۆت بە خەڵکییەوە هەڵبواسیت. هەستکردن بە کەمییە وای لە کورد کردووە شانازی بە گێڕانەوەی چیرۆکەکانی ئەسکەندەر و مەسکەندەرەوە بکات.

یان دەڵێن هەولێری هۆلاکۆ بەزێن، ئەمەیان ڕێک قەشمەرییکردنە بە خۆمان، ئاخر کامە سەرچاوەی مێژوویی باسی ئەوە دەکات هۆلاکۆ لە هەولێر بەزیوە؟ خۆ چەندبارەکردنەوەی ناڕاستی، نایکاتە ڕاست. هەیە و نییە (زەینەفوون)ە Xenophon کە زەکەرییای گۆرانیبێژ پێیدەڵێ (زەینەفوول) ، هەندێک باسی کوردی کردووە کە چۆن لە نزیک گەلی زاخۆ وەک چەتە و ڕێگر هەڵیانکوتاوەتە سەر سوپا شکاوەکەی. شەرمی ناوێ، ئێمە میللەتێکی بێ مێژووین، پرسیار ئەوەیە، ئەگەر پشتمان بە درۆ بەستبێ، دوارۆژمان چۆن دەبێ؟ ئەگەر هەبێ.




پەیامی رووداو

# ئۆبامای سووپەرمان

دواجار وەک پێشبینی دەکرا باراک ئۆباما زۆرترینی دەنگی ئەمێرکاییەکانی بەدەستهێناو بەسەرۆک کۆمار هەڵبژێردرا. هەڵبژاردنی ئۆباما لەبەر زۆر هۆ نەک هەر بە هەڵبژاردنێکی مێژوویی بەڵکو بە رووداوێکی نائاساییش دادەنرێت.

یەکەمجارە خەڵک لەسەرتاسەری دنیادا بەجیاوازی بیروبۆچوون و رەگەزو ئایینەوە بەهەڵبژاردنی سەرۆکێک نەخاسمە سەرۆکی ئەمێرکا شادمان وکەیفخۆش ببن هەر لە کوباوە بگرە تائەوروپاوپاکستان وهیندستان وچین و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست . تەنانەت ئێران وحەماس وحیزبوڵڵا وPKKش کە ئەمێرکا بە تیرۆریستیان دەزانێت بەجۆرێک لە جۆرەکان خۆشحاڵی خۆیان لەبەرامبەر سەرکەوتنی ئۆبامادا نەشاردەوە.

هاتنی ئۆباما بەومانایە رووداوێکی نائاسایی و دەکرێ بڵێین بێوێنەیە چونکە ئومێدی گۆڕانکارییەکی چاوەڕوانکراوی لە زەین ومێشکی خەڵکی بیروبۆچوون جیاوازدا چاندووە، هەریەکەشیان ئەو گۆڕانکاریەی بەپێی پێوەرو خواست و بەرژەوەندییەکانی خۆی دەوێ . بەمانایەکی دیکە ئۆباما کراوە بەو سوپەرمانەی کە لەیەک کاتدا کۆنسەرڤەتیڤ و لیبرال، کۆنەخوازو نوێخواز، ئیسلامی و سیکیولەر چاوەڕێی هێنانەدی گۆڕانکارییین لێی!

راستە بوونی کەسێکی بە بنەچە ئەفریکایی یا "رەشپێست" بە سەرۆکی ئەو ئەمریکایەی کە تا 40 ساڵێک لەمەوبەر لە رێستورانتەکانیدا دەنووسرا " سەگ وجوولەکە و رەشپێست قەدەخەیە بێنە ژوورەوە" و "رەشپێستەکان" بۆیان نەبوو سواری باس بن، رووداوێکی کەم نییەو شایانی ئەو دڵخۆشی وشادمانییە گشتییەیە کە ئەمڕۆ لەدنیادا دەیبینین. بەڵام زۆریش نابا خەڵک تێدەگەن کە ئۆباما ناتوانێت لە یەککاتدا لە ئاست چاوەڕوانیی ئەو هەموو لایەنە دژ بە یەکانە بێت، ئەوە نییە هەر دوای دەستنیشانکردنی رام ئیمانوێل بە بەرپرسی فەرمانبەران و سەرۆکی دیوانی کۆشکی سپی کە کەسێکی جوولەکەیەو گوایا وەڵاتینامەی ئیسرائیلیشی هەیە،عەرەبەکان کەوتوونەتە نیشاندانی نارەزایی وبێ ئومێدی لە ئۆباما.

ئەگەرچی ئۆباما هەر لەسەرەتاوە دژی هێرشی ئەمەریکا بووە بۆسەر عێراق و بەبەراورد لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی بوش هەڵوێستی نەرمترە بەرامبەر سوریا وئێران، بەڵام بوونی کەسێکی وەک جۆ و بایدن خاوەنی پڕۆژەی دابەشکردنی عێراق بۆ سێ ناوچەی فیدراڵ، وەک جێگری سەرۆک و راوێژکاری یەکەمی کاروباری دەرەوەی ئۆباما، بۆ کورد جێی سەرنج و لەسەر وەستانە، بەڵام لە هەمووی گرنگتر هەڵوێستی سەرکردایەتی سیاسی کوردستانە کە ئایا بەهەمان شێوەی جاران مامەڵە لەگەڵ ئەمەریکا دەکەن وبەبێ مەرج وچاوبەستانە دەچنە ژێرباری داواکارییەکانیان یان ئەوانیش وەک هەموو وڵاتانی دنیا،بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان دەکەنە پێوەری پێوەندی لەگەڵ ئەمەریکاو بێجگەی ئەمەریکا ؟

نوورەدین وەیسی
nuradinwaisi@rudaw.net

# ئۆباما و نەژادپەرستی ناوخۆی کوردستان



عارف زێرەڤان-سوێد
zerevan@nefel.com

بە هەڵبژاردنی باراک حوسێن ئۆباما وەکو سەرۆکی نوێی ئەمەریکا، خەڵکی ئەمەریکا سەلماندیان کە کەسێکی رەنگ جیاوازیش دەتوانێت بە شیان و لێهاتوویی خۆی بگاتە لووتکەی دەسەڵات، کە ئەویش سەرۆکایەتیکردنی ئەمەریکا و تا رادەیەکیش سەرۆکایەتیکردنی جیهانیشە.

کینیا و خەڵکی ئەو وڵاتە لەم رۆژانەدا ئاهەنگ دەگێڕن، چونکە باراک ئۆباما بە رەچەڵەک خەڵکی کینیایە و ئەمڕۆ بووەتە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. لە سەرانسەری جیهان توێژەر و نووسەران باس لە سەرکەوتنی باراک ئۆباما دەکەن، ئەمە وەکو دەسکەوتێک بۆ دیموکراسیی ئەمەریکا و سەرکەوتنی مرۆڤی رەش پێست لێک دەدەنەوە.

فوئاد حوسێن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی کوردستانیش، باسی سەرکەوتنەکەی باراک ئۆبامای کرد و گوتی: "لە راستیدا سەرکەوتنی باراک ئۆباما سەرکەوتنی دیموکراسییە لەو وڵاتەدا. ئۆباما کەسێکە رەگ و ریشەی دەگەڕێتەوە بۆ جێگایەکی دی، بەڵام خەڵکی ئەمەریکایە هەرچەندە رەنگیشی جودا بێت، ئەو سەرکەوتنە لەسەر بنەمای رەگ و ریشە نەبوو، بەڵکو لەسەر بنەمای لێهاتوویی شەخسی ئۆباما بوو".

تاوەکو ئێرە قسەکان خۆشن و هەموو شتێک لە ئەمەریکا گوڵ و گوڵستانە. بەڵام ئەگەر ئێمە ئاوڕێک لە وڵاتەکەمان بدەینەوە و سەیری دەسەڵاتەکەمان بکەین، ئەوسا ئێمەی کوردیش دەبینین لە بەرامبەر کەسانی سەر بە نەژادی خۆمان، واتە لە بەرامبەر کوردان، چەند نەژادپەرستین و چەند لە هەمەڕەنگی و فرەدەنگییەوە دوورین و چۆن دەرگامان بەسەر کوردانی پارچەکانی دیکەدا داخستووە.

ئێمەی کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان دەڵێین ئێمە یەک نەتەوەین و یەک وڵاتمان هەیە کە ناوی کوردستانە. لە کام بەرپرسی سیاسی و ئیداریی کوردستان بپرسی، بە پێچەوانەی ئەمە قسە ناکات و باس لە برایەتی کوردان لە سەرانسەری کوردستاندا دەکات.بەڵام ئەمە هەر تەنیا قسەیە و زۆر جار قسە هیچ بەهایەکی نییە.

دەباشە با بەکردەوە سەیری بکەین. لە باشووری کوردستان حکومەتێکی فیدرالی کوردی هەیە. لە ناو 42 وەزیری حکوومەتی کوردستاندا یەک تاکە وەزیری کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان نابینی. لە هەموو دەزگا حکوومییەکانیدا یەک بەڕێوەبەری گشتیی خەڵکی پارچەکانی دیکەی کوردستان نییە. لە هەموو دەزگا مەدەنی و کولتوورییەکانی کوردستانیشدا تەنیا یەک بەڕێوەبەری گشتیی لە پارچەکانی دیکەی کوردستان نییە.

کاتێک ئەم بیر و بۆچوونانەی خۆم دەخەمە ڕوو، مەبەستم لەو کوردانە نییە کە 100تا 400 ساڵ لەمەو بەر لە باکووری کوردستانەوە چوونەتە باشووری کوردستان، چونکە ئەوان ئیدی وەک خەڵکی باشوور هەژمار دەکرێن. بەڵکو باس لەو کوردانە دەکەم کە لە ماوەی ئەو 20 ساڵەی دواییدا چوونەتە باشوور و بوونەتە هاووڵاتیی عێراقی، باس لە کوردی پارچەکانی دیکە دەکەم.

هەندێک کەس دەتوانن نارەزایی بەرامبەر ئەو بۆچوونەی من دەرببڕن و بڵێن بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت لە باشووری کوردستان ببێتە وەزیر یان بەڕێوەبەر، پێویستە هاووڵاتیی عێراق بێت. بەڵام ئەو نارازیبوونە هیچ نرخێکی نییە، چونکە هەندێ کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان هەن لە باشووری کوردستان، کە ئەمڕۆ هاووڵاتیی عێراقن و تواناشیان لە کوردی باشوور زیاترە، ئەمە یەک .

ئەگەر دەسەڵاتی باشووری کوردستان وەکو هەموو وڵاتانی جیهان

خوازیار بێت دەتوانێت کوردانی لێهاتوو لە پارچەکانی دیکەی کوردستان بە بڕیاری حکوومەتی کوردستان بکاتە هاووڵاتی عێراق و پاشانیش بەرپرسیارێتی بەرزیان پێ بسپێرێت بۆ ئەوەی خزمەتی وڵاتەکەیان بکەن. بۆ نموونە ئەگەر سوێد خوازیار بێت وەرزشوانێکی رووس لە تیپی هەڵبژاردەی نیشتیمانیی خۆیدا یاری بکات، یەکسەر بە بڕیاری حکوومەتی سوێد دەیکاتە هاووڵاتیی سوێد . لەو لایەنەوە کوردستان دەتوانێت وەکو نموونە سوود لە ئیسرائیل وەرگرێت کە چۆن دەرگای بۆ هەموو جووی جیهان کردووەتەوە.

بەڵام باشووری کوردستان بەدەرە لەوە، هەست و پەیوەندییەکی هەرێمی عێراقچێتیانە هەیە، ئەمەش وادەکات هەموو دەرگاکان لە بەردەم کوردی پارچەکانی دی دابخرێن. ئەگەر کوردێکی باکوور لە باشوور بازرگانی بکات خراپی بەسەر دێت و ئیفلاس دەکات، چونکە بیرۆکراسیی ئیداری لە باشوور و ئەو ئێرەیی و دژایەتییەی بەرامبەر کوردی پارچەکانی دی، کە لە کۆمەڵگا و سیستەمدا هەیە،وادەکات کە قەت بازرگانانی باکوور سەرنەکەون.

ئەگەر کوردێکی لێهاتووی باکووری کوردستان پرۆژەیەکی کولتووریی زۆر باش بداتە حکوومەت یان سەرۆکایەتیی کوردستان بکات و شیمانەی پەسندکردنی هەبێت، هەر یەکسەر دە کوردی باشوور دە راپۆرت لەدژی پرۆژەکە دەنووسن وەک ئەوەی بودجەکەی لە باخەڵی ئەو عێرقچیانە بچێتە دەرەوە.

ئەگەر بەراوردێک لە نێوان کوردستان و سوێد بکەین، زۆر بە ئاسانی دەتوانین بڵێین ئەو یارمەتییە داراییەی حکوومەتی سوێد بە کولتووری کوردی و کرمانجیی بەخشیوە زۆر لە یارمەتیی حکومەتی فیدڕالی باشووری کوردستان زیاترە.

بەڵێ باراک ئۆبامای رەش پێست و بە رەچەڵەک کینی دەتوانێت لە ئەمەریکا بە لێهاتوویی و کارامەیی خۆی ببێتە سەرۆکی ئەمەریکا، بەڵام لە باشووری کوردستاندا کوردێکی پارچەیەکی دیکەی کوردستان ناتوانێت ببێتە وەزیر، یان بەڕێوەبەری دەزگایەکی حکومی و کەلتووری.

هەرچەندە نەژادی ئەتنیکی هەمووشمان کورد بێت، مرۆڤ بە ئاسانی دەتوانێت ئەو جیاوازیکردنە لە باشووری کوردستان بە نەژادپەرستی ناوبنێت. لەبەر ئەوەی ئێمە وەکو کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان، نەک بە قسە بەڵکو بۆ ئەوەی بە کردار وەکو میللەتێک خۆمان بسەلمێنین، هێشتا زۆرمان ماوە.

# کورد لە ململانێی فرەژنی و تاک هاوسەریدا



حەکیم کاکەوەیس
kakaways@hotmail.com

پەرلەمانی کوردستان فرەژنی لە یاسادا هێشتەوە، ئەگەرچی جیاوازی نێوان ژمارەی رازیبوون و نارازیبوونی ئەندامانیش ئەوەندە زۆر نەبوو. کە پەرلەمان نوێنەری خەڵک بێ، ئیدی بۆچی نارازی بین؟! چما خۆمان ئەندامانی پەرلەمانمان بە لیست هەڵنەبژاردووە؟ ئەگەر دژی فرەژنیی بووین، دەبوو دەنگ بە ناموسوڵمانە یەکژنەکان بدەین کە لای ئەوان فرەژنی ناجایزە، نەک بە حەق و ناحەق دەنگ بەو لایەنانە بدەین کە هۆشمان، لە سەر بێشکەوە لێیان مارە براوە!

ئەوەی بوو، بە لای منەوە کێشە نییە. ئەوەی کێشەیە، هەڵوێستی خوێندەواران و نووسەران و فەیلەسووفەکانە بەرانبەر ئەو بڕیارە. یەکێک، لە سەدا سەد دژێتی و فرەژنی بە تاوان دەزانێ و پیاو دەکا بە کەڵەشێر. یەکێکیتر لە سەدا سەد لەگەڵیدایە چونکە شەرعییە. یەکێک بە ساردییەوە لەگەڵیدایە چونکە یاسای ئیسلام بە ساردەوە جێگیر کراوە. هۆی ئەو لەگەڵدابوون و نەبوونە چییە؟! توێژینەوە لەسەر کۆمەڵگاکەمان کراوە تا بزانین بڕیاری ئاوها باشە یا خراپ؟! کوا سەرژمێری و پلاندانان و پلانی پێنج ساڵە و دە ساڵەمان لە سەر کۆمەڵگە؟! کوا راپۆرتی دەزگاکانی حکوومەت لە سەر ژمارەی لەدایکبوون و مردنی نێر و مێ و کوا ئاوڕدانەوە لەو ژنانەی کە ئەنفال و شۆڕش و راپەڕین و کۆڕەو و شەڕی ناوخۆ بێوەژنی کردن؟ کە دژی بڕیارێک دەبین، پشت بە چی دەبەستین، قسەی فەیلەسووفەکانی ئەوروپا نەبێ؟ کە لایەنگریشی دەبین پشت بە چی دەبەستین دەقەکانی قورئان نەبێ؟! کوا شیکردنەوەی خۆمان بۆ بارودۆخی کۆمەڵگاکەمان؟ کێ پرسیاری کرد فرەژنی چ سەرهێشە و زووخاوێکی لێ دەکەوێتەوە و قەیرەیی چ دەردێکی گرانە بە تایبەتی بۆ تەمەنی بە ساڵداچوون، لە وڵاتێکدا کە هیچ شتێکی هیچ کەسێک (بەرپرسان نەبێ) تا سبەینێ مسۆگەر نییە؟ کێ لەوەی کۆڵیوەتەوە کە قوربانیانی جیابوونەوەی ژن و مێرد لە ئەوروپادا کەوتوونەتە شێتخانە و بەندیخانەوە و لە وڵاتی ئێمەدا بوونی باوەژن و باوەپیێرە چ نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتییان لێ شین دەبێ؟! گردەبڕ، هەر ئەوەندەیە: فرەژنی کۆنەپەرستییە و بڕووخێ کۆنەپەرستی! کە پەرلەمان چارەنووسی نەتەوەیەک لە داهاتوویەکی تاریک مارە دەکا و بە کۆیلەیی دەیهێڵێتەوە، یان ئەو نەوانەی جارێ لەدایکیش نەبوونە لە بەندیخانەی عیراق مارە دەکا، ئەو خوێندەوار و رۆشنبیر و پێشکەوتنخوازانە نارازی نابن چونکە ئاگاداری (زرووفی مەوزووعی و زاتی)ن، بەڵام بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان، کەس ئاگای لەو هەرای (مەوزووعی و زاتی)یە نییە کە بە بەرنامە بۆ خۆسووتاندن و ژنکوشتن و کۆچکردن دەکرێ و خۆراکی ژەهراوی وڵاتانی دەوروبەریش نە لە سنووری مەوزووعیدایە نە زاتی. مەلا دەڵێ حەڵاڵە و مارکس دەڵێ حەرامە!

ئەگەر، بە مەزەندە، 60%ی کۆمەڵگە ئافرەت بن (کە رێی تێدەچێ رێژەکە لەوەش زیاتر بێ) و 40% پیاو بن، چۆن ژمارەی نێرینەکان بۆ 50% بەرز بکەینەوە و چۆن ژمارەی مێیینەکان بۆ 50% دابەزێنین؟! کە نە ئەمیان کەم بکەینەوە و نە ئەویان زیاد بکەین، چۆن چارەسەری ئەو جیاوازییە دەکرێ؟! کام کۆمەڵناس، پشتی بە داتاکانی ئەم وڵاتە نارِوونە بێ داتایە بەستوە تا پەرلەمان زات بکا بڕیاری وا چارەنووسساز بە سەر نەوەکانی داهاتووشماندا بسەپێنێ؟! چۆنە پەرلەمان بڕیار بدا: هەر ژنێکی خوێندەوار و تێگەیشتوو و پێگەیشتووی پشتئەستوور بە بڕیاری لیژنەیەکی پزیشکی، ئەگەر ویستی سەر بە هەوێ مێرد بکا، بۆی هەیە سەر بە هەوێ مێرد بکا، بە مەرجێک ژنی یەکەم، یا ژنەی یەکەم و دووەم.. تا دەگاتە ژنی ژمارە (س)ەم رازی بێ (بن). هەر ژنێکی نەخوێندەواریش ئەگەر ویستی ئاوها سەر بە هەوێ مێرد بکا، دەبێ لە پێشدا ببێتە خوێندەوار، تا ئەو ئەندازەیەی بڕیارەکانی پەرلەمان بخوێنێتەوە و تێیان بگا!

ئەگەر پیاوێک خۆی بیەوێ ژنی دووەم بێنێ و ژنەکەی رازی بێ و ژنێکیتریش رازی بێ مێردی پێ بکا، بۆ لە بەردەمیاندا بەربەست هەبێ؟. چما سێ بە گایی لەو چەشنە لە ئەوروپادا نییە؟!

تۆ لە لایەکەوە، بە کلیپی گۆرانی و پیشاندانی ژیانی مکیاجکراوی کوردی ئەوروپا لاوانی وڵات هاندەدەی عەشقی ئەوروپا بن و بۆی بچن، ئەگەرچی لە ئیجەشدا بخنکێن، لە لایەکی دیکەوە بەربەست بۆ ژنهێنان دادەنێیت و رێی (کوردایەتی!)یان پیشاندەدەی، کەچی مافیشت بە خۆت داوە کێ لە یەک ژن زیاتری هەبێ یا نەبێ! تۆ، کاکی تێری پەرلەمانتێر، یا نازانی بۆچی و چۆن بڕیار دەدەی، یا بە ئانقەست گەرەکتە کۆمەڵگا هەڵوەشاوەکەمان ئەوەندەیتر داوەشێنی! بە چیش پشتئەستووریت؟!.. پێشکەوتنخوازی!!.. قورئانی پیرۆز!! شارستانێتی.

بڕیاردانی فرەژنی، وەک بڕیاری تەکفیر قورسە. چۆن پەرلەمان توانی بڕیاری وا بدا، کام ئەندامی پەرلەمان دوو راوێژکاری کۆمەڵایەتی هەن تا داتا و زانیاری لەو بارەیەوە بدەنێ و بچن بەندیخانەی هەرزەکاران ببینن تا بزانن لە سەدا چەندیان قوربانی دووژنین و چەندیان قوربانی چاولێکەرین لە منداڵانی پەرلەمانتێرەکان و چەندیان قوربانیی قەیرەیی و بێهیواییین؟! کێ لێکۆڵینەوەی لە سەر خۆسووتاندنی کیژی کورد کرد، ئاخۆ قوربانی فرەژنین یا بەرنامەی بی سەروبەری کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکان!

بە پەرلەمان و حکوومەت و دەزگا راگەیاندنەکان و مۆبایلەوە خەریکی لە خشتەبرنی خەڵکی کوردستانن، کەچی دەشوێرن بڕیار بدەن، فرەژنی ببێ یا نەبێ!

هەی لە بەرت مرم، پەرلەمان! دەوەن بە ئاشێکی باشتر نەبوو پێمانی بکەن تا چاومان لەشکری تورک نەبینێ و ئاگامان لە چارەنووسی گەرمیان نەمێنێ؟!

# ژنکوژی شەرمەزارییە بۆ کورد



سەنا بەتلیسی- ئەڵمانیا

هیشتان هەواڵی خۆکوشتن و تاوانی کوشتنی ئافرەتان لە کوردستان بەردەوامن، ئامارە ساڵانەییەکانیش زۆر ترسناکن. لەگەڵ ئەوەشدا چارەسەری پلانکراو و بەکردەوەو کاریگەر تائێستا دیارنین، بەرزی ژمارەی ئەو ئامارانەش هەر بەڵگەی ئەوەیە .ئەمەش نەبوونی پەرۆشی حیزب و رێکخراو و دەسەڵاتی کوردی لە ئاست ئەو دیاردە کارەساتبارەدا دەگەیێنێ، لەکاتێکدا بەردەوامبوونی ئەم دیاردەیە کێشەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردستان زیاتر و کاردانەوەی نەرێنیشی بۆ دەسەڵاتی کوردستان دەبێت لە دەرەوە.

لە نێوەڕۆکدا یەکێک لە ئامانجە هەرە سەرەکییەکانی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان، پێشخستنی کۆمەڵگەی کوردستان و رزگارکردنیەتی لە پاشماوەکانی سەدەی نێوەڕاست،کە یەکێکیان چۆنیەتی مامەڵەکردنە لەگەڵ ئافرەت. سەیرکردنی ئافرەت بە سووکی و پلە دوویی بۆ ئافرەت عەیبێکی گەورەبوو بۆ مرۆڤایەتی،بەڵام مخابن ئەم کەلتوورە هێشتا لە تەواوی کۆمەڵگەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا زاڵە، کەیەکێک لەو کۆمەڵگانە کۆمەڵگەی ئێمەیە و کاریگەری لەسەر دەسەڵاتی ئێمەش هەیە.کۆمەڵگە و دەسەڵاتی سیاسی کوردستان دەبێ بەردەوامی دیاردەی ناچاربوونی خۆکوشتنی ئافرەتان و کوشتنی ئافرەتان و پیادەنەکردنی هیچ چارەسەریەکی کاریگەرانە دەبێ بە بەشەرمەزاریەکی گەورە بزانێت. ئەگەر ئێمە ئەو کەسانەی دەبنە قوربانی بە مرۆڤ دابنێین ئەوکات دەبێ مرۆڤ بپرسێ لە وڵاتی ئێمەدا بۆچی ئەوەندە مرۆڤ هەرزان بوونە؟ بۆچی هێندە بەئاسانی ژیانی مرۆڤ دەبێتە قوربانی بۆچوونی نامرۆڤانە؟.

ئەگەر بڕوامان بە دیموکراسی و چارەسەری دیموکراسیانەی کێشەکان هەبێت، ئەوا دەبێ بڕوامان بەوەش هەبێ کە بێ چارەیی و بێ چارەسەری لە سیستەمی دیموکراسیدا نییە .بەوپێوەرەش ئەگەر ئەمڕۆ کێشەیەکی گەورەی واهەیە کە چارەسەری نییە لای ئێمە و چارەسەر ناکرێت، ئەوا دەبێ بۆ ئەوە بگەڕێین کە هەڵە لە سیستەمی ئێمەدا هەیە و پێویستە ئەو ناتەواوییە چارەسەر بکەین. ئەگەرنا ناتوانین هەروا بەمشێوەیە تاسەر بەردەوامبین و هەر پرسە بۆ قوربانیانی ئەم کەلتوورە بۆگەنە دابنێین. ئەگەر دۆخەکە بەم شێوەیە بەردەوامبێ زیانێکی گەورە بەر جەستەی دیموکراسیی کوردی دەکەوێت، کە لە ئاستی جیهانیدا بۆ کورد دەبێتە مایەی شەرمەزاری . دەبێ ئەوەش لە بیرنەکەین کە هەر لە ئێستاوە هەندێک ناوەندی مافی مرۆڤ و راگەیاندنی بیانی پەنجە دەخەنە سەر ئەم مەسەلەیە، ئەگەر دەستپێشخەریەک نەکرێت و رێگە لەم دیاردەیە نەگیرێت رەنگە سبەینێ درەنگ بکەوین .

بێگومان ئەم کێشەو کێشە کۆمەڵایەتییە هاوشێوەکانی سەرچاوە لە زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی خراپەوە وەردەگرن، تا ئەم زەمینەیە لەنێو نەبرێت، سەختە دیاردەکە بنبڕبکرێت، وشککردن و نەهێشتنی ئەو زەمینانەش کە بنەمای مێژوویی قووڵیان هەیە ئاسان نییە و پرۆسەیەکی تۆکمەو فرەلایەنیان پێویستە ئەمەش بوێری بڕیاردانی پێویستە .بەڵام ئەگەر هەر پاساو بە دواکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردستان بێنینەوە بۆ هۆکاری مردنی ئەم مرۆڤانە و بەوە خۆمان لە ئاسات ئەو دیاردە کارەساتاوییە بدزینەوە، مسۆگەر کیشەکان ئاڵۆزتر دەبن، ئەمیش هەر بۆ دەسەڵات نا بەڵکو بۆ هەموو لایەک شەرمەزارییە. سڕینەوەی ئەم شەرمەزارییە بە ئەندازەی دەسەڵاتیش ئەرکی هەر مرۆڤیکە کە دەخوازێت لە کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخدا بژیت. هەرچەند زووتر بەخۆمان ئەم شەرمەزارییە لەماڵی خۆماندا بسڕینەوە باشترە لەوەی خەڵک پێمانی بسڕێتەوە.

# مەلا سەعید کەس ناگرێت

**رووداو-گەرمیان**



مەلا سەعید، بەرپرسی ئیدارەی گەرمیان، گرووپی جل رەشەکانی لەگەرمیان بەکۆمەڵێک خەڵکی "ئاژاوەگێرو بێکەڵک" وەسفکردن و گوتی "ئەوانە تەنیا پەلاماری خەڵکی بێدەسەڵات و ژنان دەدەن، پەلاماری کەسێک نادەن دەمانچەی پێبێت، باپەلاماری بەرپرسانی گەندەڵ بدەن". ئەو گرووپە ماوەیەک بوو دروشمی جۆراو جۆریان لەسەر دیوارەکان دژی بەرپرسانی گەرمیان دەنووسی، مەلا سەعید ئەوەی بەکاری خەڵکی نەفام دانا و دەڵێت "ئەوەی لەگەرمیان لەسەر دیوارێک دەنووسێت بێتە بەردەمم و هاوارکات مەلا سەعید برووخێت و پەلاماریشمان بدات نایگرم، ئێستا وایلێهاتووە خۆت بدەرە پاڵ ئەم و جنێو بەو بدە، خۆت بدەرە پاڵ ئەو حیزب و جنێو بە ئەم بدە". گرووپی جل رەشەکان کەساڵی رابردوو لەگەرمیان پەیدا بوون، بەبڕیاری وەزارەتی ناوخۆ زۆربەیان دەستگیر کران و بۆ ماوەیەک زیندانیکران، پاشان بەپێی بەڵێننامەیەک ئازاد کران.

# کورد پشیلە بۆ ئۆباما دەنێرن

**رووداو-هەولێر**

بەبۆنەی هەڵبژاردنی باراک ئۆباما بە چلوچوارەمین سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، دانیشتووانی گوندی چەوشی تەپەی سەر بەشاری (وان)ی باکووری کوردستان 44 مەڕیان سەربڕی وبڕیارە پشیلەیەکی سپیشی بەدیاری بۆ بنێرن.



ئۆباما لەیەکەم وتاری دوای دەرچوونی لە هەڵبژاردنەکاندا بەڵێنی بە مالیای کچەکەیدا کە تووتکە سەگێکی بۆ بکڕێت وگوتی "بەو بردنەوەیەم مالیا مستەهەقی کڕینی ئەوسەگە بچووکە بوو کە بەڵێنمدابوو ئەگەر دەربچم بۆی بکڕم".

# ڕێکا ستێرا غەدرێ نەکە

**تایبەت ب رووداو**



هونەرمەند بلند ئیبراهیم، هەبوونا بەرنامەیێ ( ڕێکا ستێرا ) هەلسەنگاند کو ل ڤین تیڤی دهێت پێشکێشکرن و، تەماشەڤان ب ڕێکا نامان، هونەرمەندێن حەز ژێکرێین خوە دەستنیشاندکەن. بلند ل سەر (ڕێکا سترانا) گۆت " ئەڤە خۆش پێنگاڤە ڤین تی ڤی هاڤێتی، لێ لایەنێن ئەرێنی و نەرێنییێن خوە هەنە، وەک ئەز دبینم گەلەک ژ ڤان گەنجان دەنگێ وان یێ خۆشە و نامە بۆ ناچن و غەدر لێ دهێتە کرن"، بلند دبێژی وان گەنجان پێتڤی ب پشتەڤانیێ هەیە " لەوما ئەگەر پتر خال ل دەف لیژنەیا برێڤەبرنا بەرنامەی بان ب من باشتربوو".

لاپەرێ 10

Rûdaw
Rudaw readers know more
**خاوەنی ئیمتیاز** : کۆمپانیای رووداو
**سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن** : نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net
**سەرنووسەر** : ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com
**بەڕێوبەری نووسین** : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
**نوێنەری ئەوروپا** : هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net
**نووسینگەی سلێمانی** : شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07501130997
www.rudaw.net rudaw@rudaw.net
هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات ناونیشان: هەولێر- بەرامبەر نیوستی

# 3 وەزیرو 9 پەرلەمانتاری کوردستان بڕیاریانداوە بایسکل لێبخوڕن

**رووداو-هەولێر**

3 وەزیرو 9 پەرلەمانتار و سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین و چەند کەسایەتییەک بڕیاریانداوە بەلێخوڕینی بایسکل بەشداری لەکردنەوەی پرۆژەی جیاکردنەوەی شەقامی بایسکل بکەن، سەرۆکی حکومەتی کوردستانیش بەڵێنیداوە 1500 بایسکل پێشکێش بەقوتابیانی زانکۆی سەلاحەددین بکات، تا هاتووچۆی کۆ لیژە کا نیا ن پێبکەن وەک بەشدارییەک لەو پرۆژەیەدا.



پرۆژەی جیاکردنەوەی شەقامی بایسکل، کە لەلایەن گەنجێکی تەمەن 30 ساڵ، بەناوی عەلی ژاراوەیی ئاراستەی پارێزگای هەولێر کراوە، وا بڕیارە لەئایندەیەکی نزیکدا بکرێتەوەو پارێزگای هەولێریش 34 ملیۆن دیناری بۆ جیاکردنەوەی شەقامەکە تەرخانکردووە.

بەپێی راپرسییەک 48%ی قوتابیانی کچ و 52%ی قوتابیانی کوڕی زانکۆ ئامادەن بەپایسکل هاتووچۆ بکەن، ئەگەر حکومەت لەرووی هاتوچۆوە ئاسانکاریان بۆ بکات.

هەروەها عەلی ژاراوەیی رایگەیاند " کە 3 وەزیر بەشداری پرۆژەکە دەکەن بەلێخوڕینی بایسکل لە رۆژی یەکەمدا و 9 پەرلەمانتاریش بڕیاریانداوە هەفتەی جارێک لەسەر شەقام بایسکل لێبخوڕن".

دکتۆر زریان عوسمان وەزیری تەندروستی، یەکێکە لەو سێ وەزیرەی بەنیازە لەرۆژی کردنەوەی پرۆژەکە بایسکل لێبخورێت "لەیەکەم رۆژەوە ئامادەم لەگەڵیاندا بایسکل لێبخورم، چونکە بایسکل هەم وەرزشێکی باشە بۆ مرۆڤ و هەمیش زیان بەژینگە ناگەیێنێت". گوتیشی "لەکوردستان خەڵک زۆر کەم وەرزش دەکات، وای لێهاتووە 10 مەتر لەئۆتۆمبێلەکەی دوورنا کەوێتەوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی زۆرترین هۆکارەکانی مردن لەکوردستاندا جەڵتەو نەخۆشی دڵ و فشاری خوێن و قەڵەوی بێت". گوتیشی لەزۆر شاری جیهان لە هەندێ شەقامدا تەنیا رێگە بەهاتووچۆی بایسکل دەدرێ.

خەمان زرار، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان ئامادەیی خۆی دەربڕی بەهەموو شێوەیەک هاوکاری پرۆژەی بایسکل سوارییەکە بکات و گوتی "ئامادەم لەگەڵیاندا بایسکل لێبخوڕم، ئێستاش ئەگەر شوێن هەبێت بایسکل لێدەخوڕم".

چنار سەعد وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانیش دەڵێ "هاتنە لام داوای هاوکاریان کرد تا بایسکلیان بۆ بکڕین، ئێمەش پێمانگوتن بایسکلتان بۆ دەکڕین، بەڵام بۆ خۆم شتێکی ئاساییە بایسکل لێبخوڕم، هیچ عەیبی تێدا نییە،بەڵام بۆ بەشدارییەکە دەبێت بزانم چۆنەو لە کوێیەو کەیە" .هەروەها چنار سەعد باسی لەوە کرد کە زۆر جار بایسکل لێدەخوڕێت، بەڵام نەک لە شوێنە گشتییەکاندا. عەلی ژاراوەیی ئەوەشی گوت کە د.ئیدریس هادی وەزیری خوێندنی باڵاش بڕیاریداوە بایسکل لێبخوڕێت لە رۆژی یەکەمی دەستپێکردنی پرۆژەکەدا.

خەمان زرار، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان ئامادەیی خۆی دەربڕی بەهەموو شێوەیەک هاوکاری پرۆژەی بایسکل سوارییەکە بکات و گوتی "ئامادەم لەگەڵیاندا بایسکل لێبخوڕم ئێستاش ئەگەر شوێن هەبێت بایسکل لێدەخوڕم".

**وردەکاری زیاتر لەلاپەڕە 15 دا بخوێنەوە**

# حکومەت لەدەرەوەی بازنەیە

**رووداو-هەولێر**

ئارێز عەبدوڵڵا، بەرپرسی لیژنەی پەیوەندییەکان لەپەرلەمانی کوردستان رایگەیاند کە زۆرجار بۆ بەدواداچوونی کێشەی هاووڵاتییان تەلەفۆن بۆ وەزیرەکان و بەرپرسانی وەزارەتەکان دەکەن، بەڵام ئەوان وەڵامی بەدالەی پەرلەمان نادەنەوە.

ئارێز، پێیوایە ئەوە خۆ دزینەوەیە لەئەرکی سەرشانیان و کەمتەرخەمییە لەکارەکانیان "چەندین جار ئەمە دووبارە دەبێتەوە، چەندین وەزیرو وەزارەت هەیە بەهیچ شێوەیەک وەڵامی تەلەفۆنی پەرلەمان نادەنەوە".

بەشێکی زۆری بەرپرسان ئێستا بۆ راپەڕاندنی کارەکانیان مۆبایل بەکار دەهێنن، بەڵام ئەو پەرلەمانتارە دەڵێت"ژمارەیەکیان بڵاوکردووەتەوە ئەو ژمارە دادەخەن و بەژمارەیەکی دیکە کاردەکەن".

ئێستا پەرلەمان سەرقاڵی تۆمارکردنی ناوی ئەوبەرپرسانەیە کە وەڵامی تەلەفۆنی پەرلەمان نادەنەوە و، بەپێی گوتەی ئارێز عەبدوڵڵا، ئەم ناو تۆمارکردنە بۆ ئەوەیە"ببێتە بەڵگە لەکاتی بانگکردن و پرسیار لێکردنیان و سەرۆکایەتی پەرلەمانیشمان لێ ئاگادار کردووەتەوە".



# شێخ بە مەلا رازی نییە

**رووداو-هەولێر**

لەکاتی گفتوگۆکردنی پەرلەماندا لەبارەی هەموارکردنی یاسای باری کەسی، پەرلەمانتاران پێشنیازی ئەوەیان کرد کە ئەو مەلایەی پێش دادوەر کچ و کوڕێک لەیەکتر ماربکات 3ساڵ تا 5 ساڵ زیندانی بکرێت و بەشێک لەپەرلەمانتارانیش رەخنەیان لەو مەلایانە گرت کە لەدەرەوەی دادگە ژن مارە دەکەن.

شێخ فەتاح عەبدوڵڵا نەقشبەندی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، لەناو دانیشتنی پەرلەماندا، گوتی"زۆربەداخەوە لەناو پەرلەماندا زۆر بێڕێزی بەرامبەر مەلا دەبینین، بۆچی بەوشێوەیە ناوی ئەو پیاوە موقەدەسە بهێنین".

شێخ فەتاح، رەخنەی لەوەگرت کە "بۆچی بەمامۆستایەکی سەرەتایی دەوترێت مامۆستا، بەڵام بەمامۆستایەکی عالمی زانا دەگوترێت مەلا".

پاش وتەکەی شێخ فەتاح ژمارەیەک لە پەرلەمانتاران بەتووندی وەڵامیان دایەوەو ئەوەیان رەتکردەوە کەئیهانەی مەلا کرابێت. نازناز محەممەد، گوتی"کەی ئێمە ئیهانەی مەلامان کردووە؟، باسی یاسایەک دەکەین کەپیاوانی سەرپێچیکار بەپلەی یەک پیاوانی ئاینی و مەلایان و دایکان و باوکان گرێبەستی هاوسەرگیری لەدەرەوەی یاسا دەکەن و دەبێت سزا بدرێن".

# باپیر ئیهانەی ژنان دەکا



**رووداو-هەولێر**

باپیر کامەلای پەرلەمانتار لەکاتی گفتوگۆکردن لەسەر یاسای باری کەسی رەخنەی لەرێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان گرت و، پەرلەمانتارێکی ئافرەتیش بەتووندی وەڵامی دایەوەو گوتی باپیر ئیهانەی رێکخراوەکانی ژنان دەکات.

رۆژی 2008/11/4، لەکاتی گفتوگۆکردن لەسەر یاسای باری کەسێتی، باپیر کامەلا، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان رەخنەی لەرێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان گرت و گوتی"هەرحیزبێک چوار رێکخراوی ئافرەتان و ژنانی هەیەو ئەم رێکخراوانەش نەسرییەیەکی زۆریان هەیە، بەڵام وەک پێویست کارناکەن".

پاش رەخنەگرتنەکانی باپیر، سۆزان شەهابی پەرلەمانتار ئەمەی بەئیهانە کردن دانا و گوتی" کاک باپیر لەناو هۆڵی پەرلەماندا ئیهانەی رێکخراوەکانی ژنان دەکات".

# هەزار کەس پیاوەو بادینیش نازانێ

**رووداو- هەولێر**

لەفێستیڤاڵی مەلامەحمودی بایەزیدیدا کە هەفتەی رابردوو لە دهۆک بەڕێوەچوو،د. فەرهاد پیربال لەدانیشتنێکی لەگەڵ دۆستانیدا گوتی ئەو رۆشنبیرەی بادینی نەزانێت نەک هەر رۆشنبیر نییە بەڵکو پیاویش نییە.

فەرهاد پیربال،گوتی ئەو قسەیەی بەسوعبەت لە دانیشتنێکی دۆستانەدا کردووە "ئەوەم لەچوارچێوەی سوعبەتدا گوتووە ئەگینا هەزار کەس پیاوەو بادینی و هەورامیش نازانێت" .بەڵام لەهەمانکاتداگوتی"هەربەڕاستی لەو بڕوایەدام ئەکادیمی و زانستکارانی کورد،کە مێژووی ئەدەبی کوردی دەنووسنەوە، ناکرێت شێوەزاری کرمانجی ژووروو نەزانن".

پیربال، ئاماژە بەوە دەدات کە بەشێکی زۆری تێکستەکانی ئەدەبی کوردی، یەکەم رۆژنامە و پەخشانی کوردی بەدیالێکتی کرمانجی ژووروو نووسراون، "بۆیە پێویستە بڕوانامەی دکتۆرا نەدرێتە هیچ ئەکادیمییەک کە مێژووی ئەدەبی کوردی بنووسێتەوە، ئەگەر کرمانجی ژوورو نەزانێت".

د.فەرهاد پیربال، کەخۆی لەبواری مێژوی ئەدەبی کوردیدا چەندین لێکۆڵینەوەی هەیە دەڵێت" بادینییەکەم باشە تا ئەو ئاستەی کارم لەسەر چەند تێکستێکی نووسراو بە کرمانجی ژووروو کردووە و ساخم کردوونەتەوە".

# پەڵەی داو نەجاتمان بوو

**رووداو-هەولێر**

بەڕێوەبەری کەشناسی سلێمانی رایگەیاند ئەمساڵ بارانێکی زۆر باریوە و ئەگەری وشکەساڵیش زۆر کەمە و پەڵەی داوە.

دارا حەسەن، گوتیشی "ئەمساڵ بڕێکی باش باران باریوە بەتایبەت لەناوچەی گەرمیاندا کە چاوەڕوانکراو نییە، ئەمەش ئەگەری وشکەساڵی کەمدەکاتەوە".

لە ئامارەکەی بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی هەولێر و سلێمانی کە تایبەت دراوەتە (رووداو) هاتووە، رێژەی باران بارینی ئەمساڵ لەهەولێر لەسفرە وە گەیشتووەتە 83.2 ملم، لە سلێمانیش بە هەمان شێوە لەسفرەوە ئەمساڵ گەیشتووەتە 103 ملم.

# وارێم سەفین بە تلفریکەوە خۆشە

**رووداو- هەولێر**

پارێزگاری هەولێر رایگەیاند پرۆژەیەکیان بۆ دروستکردنی تەلفریک لەنێوان چیای سەفین و سۆراندا پێشکەشکردووەو کۆمپانیایەکی ناوخۆی لەگەڵ دوو کۆمپانیای فەرەنسی و ئیتاڵی کاری تێدادەکەن.

نەوزارد هادی، پارێزگاری هەولێر، ئاماژە بەپرۆژەیەکی گەورەی گەشتیاری دەکات لەچیای سەفین"داوا لە کۆمپانیای خەتیب و عەلەمێنی لوبنانی کراوە ماستەرپلان بۆ چیای سەفین دابنێ، کە پرۆژەیەکی گەورەی گەشتیاری تێدا بکرێت و و پێشبینی دەکرێت، کێبڕکێ لەگەڵ ئەو پرۆژە گەشتیاریانەدا بکات کە لەتورکیادا هەیە، دارستان و دەریاچە و تەلفریکی تێدا دەبێت".

نەوزاد هادی، ئەوەشی بۆ (رووداو)خستەڕوو کە پرۆژەیەکی دیکەیان پێشکەش کراوە بۆ دروستکرنی تەلفریک لە چیای سەفین و سۆران و، یەکێک لەکۆمپانیا ناوخۆییەکانی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیای فەرەنسی وئیتاڵی کاریان تێدا دەکەن"ئێمەش پشتگیرییان لێدەکەین".



هەلی کار لە ...

دلتا بۆ گەیاندن

کۆمپانیای دلتا بۆ گەیاندن پێوستی بەکارمەند هەیە لە هەردوو ڕەگەز و بەدەوامی تەواو لەم بوارانەی خوارەوە:

١- ژمێریاری ٢- فرۆشیاری ٣- ووردبینی ٤- کۆگا

بەمەرجێ شارەزاییان لە دوو ساڵ کەمتر نەبێت، هەرکەسێك مەبەستێتی (C.V) کەی بۆ ئەم ئیمەیلە بنێرێت :

job_delta@yahoo.com

فرصة عمل في ...

دلتا للإتصالات

تعلن شركة دلتا للإتصالات عن حاجتها لموظفين من كلا الجنسين وبدوام كامل وبالإختصاصات التالية:

١- محاسبين ٢- مبيعات ٣- مدققين ٤- مخازن

و بخبرة لاتقل عن سنتين والرواتب مجزية حسب الخبرة فعلى من يرغب في التقديم إرسال سيرته الذاتية مرفقة بصورة على العنوان البريدي التالي:

job_delta@yahoo.com